# چیرۆکی منداڵان
# لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ - ٢٠٠٥)

ڕازاو ڕەشید صبری

- ناوی کتێب: چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا
- دانانی:  ڕازاو ڕەشید صبری
- سەرپەرشتی هونەری و بەرگ: عبدالحمید عزیز
- بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٧٤)
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- لەکتێبخانەی گشتی هەولێر، ژمارەی سپاردنی (٧)ی ساڵی (٢٠١٠)ی دراوەتێ
- چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر


**تێبینی:**

ئـــەم کتێبـــە، نامەیەکـــە.. پێـــشکەشی ئەنجومـــەنی کۆلێـــژی پـــەروەردە بـــۆ زانـــستە مرۆڤایەتییەکان کراوە لە زانکۆی سەلاحەددین ـ هەولێر وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا.

**پێشکەشە بە:**

- هەموو منداڵانی جیهان بەگشتی و منداڵە بێنازەکانی کوردستان بە تایبەتی.
- هەردوو جگەر گۆشەکانم.

**رابون و راهی**

- دایك و باوكی دڵسۆز و لەدڵا شیرینم.
- دایبـاب و پـەروەردیاران، ئـەو نوسـەرانەی قەڵەمـەکانیان لـەم بوارە خستۆتەر کار.
- هاوسەر و خۆشەویستم (د. رێدار).

## ناوەرۆك


| بـــابـــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| **پێشەکی** | ٧ |
| بەشی یەکەم | ١١ - ٧٥ |
| باسی یەکەم: چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبیاتی جیهانی و عەرەبیدا | ١٢ - ٣٤ |
| مێژووی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبیاتی جیهاندا | ١٢ - ٢٦ |
| ئێران | ١٦ - ١٨ |
| تورکیا | ١٨ |
| هیندستان | ١٩ |
| فرەنسا | ١٩ - ٢١ |
| ئینگلتەرا | ٢١ - ٢٣ |
| ئەڵمانیا | ٢٣ - ٢٤ |
| دانیمارك | ٢٥ - ٢٦ |
| مێژووی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی عەرەبیدا | ٢٦ - ٢٨ |
| میسر | ٢٨ - ٣١ |
| سوریا | ٣٢ |
| عێراق | ٣٢ - ٣٤ |
| باسی دووەم: سەرهەڵدان و پەرەسەندنی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا | ٣٥ - ٧٥ |
| ١. فۆلکلۆری کوردی | ٣٥ - ٣٦ |
| ٢. ڕۆڵی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە پێشخستنی ئەدەب و چیرۆکی منداڵاندا | ٣٧ - ٤٧ |
| ٣. چیرۆکی منداڵان لە شێوەی نامیلکەیان کتێبی لەسەرەتاوە تا ساڵی ١٩٩١. | ٤٧ - ٥٩ |
| - چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا لە دوای راپەرینی ١٩٩١ | ٥٩ - ٧٥ |

| لاپەڕە | بـــابـــەت |
| --- | --- |
| ٧٧ - ١٤٨ | **بەشی دووەم:** |
| ٧٧ - ١٢٤ | **باسی یەکەم: چەمك و رەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان** |
| ٧٨ - ٨١ | - چەمکی چیرۆکی منداڵان. |
| ٨١ - ٨٣ | - رەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان |
| ٨٣ - ٩٠ | ١. بابەت |
| ٩٠ - ٩٤ | ٢. رووداو |
| ٩٤ - ٩٩ | ٣. گرێچن (تەون) |
| ١٠٠ | - نەخشەی روون کردنەوەی گرێچن و رووداوەکان |
| ١٠١ - ١٠٥ | ٤. کەسایەتی |
| ١٠٥ - ١١٢ | ٥. کات و شوێن |
| ١١٢ - ١١٧ | ٦. گێرانەوەو گفتوگۆ ووەسف |
| ١١٧ - ١١٩ | ٧. شێوازی خستنە ڕوو |
| ١١٩ - ١٢٣ | - چەند رەگەزێکی تری تەکنیکی لە کتێبی یان نامیلکەی چیرۆکی منداڵان |
| ١١٩ - ١٢٠ | أ- ناونیشان |
| ١٢١ | ب- فۆنت |
| ١٢١ - ١٢٢ | ج- وێنە و نیگار |
| ١٢٣ | د- رەنگ |
| ١٢٣ - ١٢٤ | هـ- شێوەو قەبارەی کتێبی چیرۆکی منداڵان |
| ١٢٥ - ١٤٨ | **باسی دووەم: جۆرەکانی چیرۆك لە رووی ناوەرۆکەوە** |
| ١٢٥ - ١٣٠ | ١. چیرۆکی ئەفسانەیی |
| ١٣٠ - ١٣٢ | ٢. چیرۆکی فۆلکلۆری |
| ١٣٢ - ١٣٤ | ٣. چیرۆکی ئاژەڵان |
| ١٣٤ - ١٣٧ | ٤. چیرۆکی خەیاڵی |
| ١٣٧ - ١٣٩ | ٥. چیرۆکی پاڵەوانی و سەرچڵی |
| ١٣٩ - ١٤١ | ٦. چیرۆکی ریالستی |
| ١٤١ - ١٤٢ | ٧. چیرۆکی ئایینی |

| بــابـــەت | لاپەڕە |
|---|---|
| ٨. چیرۆکی زانستی | ١٤٢ - ١٤٤ |
| ٩.چیرۆکی گاڵتەوگەپ | ١٤٤ - ١٤٥ |
| ١٠. چیرۆکی مێژوویی | ١٤٦ - ١٤٨ |
| بەشی سێیەم | ١٤٩ - ١٨٩ |
| باسی یەکەم: چیرۆك و سایکۆلۆژیای منداڵ | ١٥٠ - ١٧٢ |
| - گەشەی منداڵ و قۆناغەکانی | ١٥٠ - ١٥٣ |
| - دیاردەو لایەنەکانی گەشەی منداڵ. | ١٥٤ |
| ١. گەشەی ژیری و قۆناغەکانی لەلای منداڵدا | ١٥٤ - ١٥٥ |
| أ- گەشەی ژیری منداڵانی قۆناغی باخچەی ساوایان | ١٥٥ - ١٦٠ |
| ب- گەشەی ژیری منداڵانی قۆناغی قوتابخانەی سەرەتایی | ١٦٠ - ١٦٢ |
| جـ- گەشەی ژیری لەلای هەرزەکاردا | ١٦٢ - ١٦٣ |
| ٢. گەشەی زمان و قۆناغەکانی لەلای منداڵدا | ١٦٣ - ١٦٥ |
| أ- قۆناغی بەر لە نووسین (نزیکەی (٣ - ٦)ساڵان) | ١٦٥ - ١٦٧ |
| ب- قۆناغی نووسینی زوو (نزیکەی (٦ - ٨) ساڵان) | ١٦٧ - ١٦٩ |
| جـ- قۆناغی نووسینی ناوەراست (نزیکەی (٨ - ١٠) ساڵان) | ١٦٩ - ١٧٠ |
| د- قۆناغی نووسینی پێشکەوتوو (نزیکەی (١٠ - ١٢) ساڵان) | ١٧٠ |
| هـ- قۆناغی نووسینی پێگەیشتوو (نزیکەی (١٢ - ١٥) ساڵان) | ١٧١ - ١٧٢ |
| باسی دووەم: سیماکانی چیرۆکی منداڵانی کورد لە (١٩٩١- ٢٠٠٥) | ١٧٣ - ١٨٩ |
| ئەنجام | ١٩٠ - ١٩٢ |
| سەرچاوەکان | ١٩٣ - ٢٠٤ |

# پێشـەکی

قۆناغی منداڵی، ناسکترین و گرنگترین قۆناغی ژیانی ئـادەمیزادە، زۆربـەی زانایـانی دەروونناسـی و پـەروەردەیی جـەخت لەسـەر ئـەم قۆناغـە دەکەنـەوە، چونکە دروسـتی ئـەم قۆناغـە بـەردی بناغـەی دروسـتکردنی نـەوەی دوارۆژە، هەر بۆیەش ئەمڕۆکە لە هەموو جیهاندا بایەخێکی زۆر بەم قۆناغە دەدرێت.

ئەدەبی منداڵیش، یەکێکە لەو شێوازە گرنگانەی پـەروەردە و پێگەیانـدنی منداڵ، چونکە لەرێگای ئەم ئەدەبەوە ژیـان بـە هـەموو رەهەنـدەکانی ئێـستاو رابردوو و داهاتوو دەبەسترێتەوە. منداڵ لـە نـاو ئەدەبـدا ژیانـە فانتازیەکـەی خـۆی دەدۆزێتـەوە، لـەناو ئەدەبـدا هەسـت وتێگەیـشتن و پـەیبردنی زیـاتر دەبێت. بۆیە هەر میللەتێك گرنگی بەم بوارە نەدا یان لەنرخی کەم بکاتـەوە، رابردووی خۆی لەیاد دەکات و داهاتوی خۆی دەشێوێنێت.

وەنـەبێت ئـەدەبی منـداڵان بەگێرانـەوەی یـەك دوو چـیرۆکی بـەرئاگردان تەواو بێت، بە ڵکو نووسین وداهێنانی ئەم ئەدەبە هونەر و تەکنیکی ئەو تۆی دەوێت، کە هیچی لەهی گەوران کـەمتر نیـە، منـداڵ رۆبـۆتێکی پرۆگرامکـراو نیە هەرچی تۆ بتەوێت بۆی بگێریتەوە بێ گوێداتە هەست و نەسـتی، بـەڵکو منداڵیش جیهانێکی پڕ لە سۆزو ئەندێشەو تێرامانـە، دەسـتکاری کردنـی ئـەم هەستانە یان بەهەڵە مامەڵەکردن لەگەڵیاندا، شێواندنی منداڵە.

بێگومان بواری ئەدەبی منـداڵان بەرفراوانـە، بـەڵام (چـیرۆك) گـرنگترین و کاریگەرترین جۆری ئەدەبە لەجیهانی پڕ لە سەراسیمەی منداڵانـدا، هـەروەك شـارەزا و لێکۆڵـەرانی ئـەم بـوارە وای بۆدەچـن. لـە نێـو ئـەدەبیاتی کوردیـشدا لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەم رووەوە یـەکجار کەمـە و، کتێبخانـەی منـداڵانمان لەم بوارەدا هەژارە، لەلایەکی تریشەوە ئارەزووی بـێ پایـانی خـۆم لـە چـوونە نێو جیهانی منداڵان و ئەدەبەکەیان هۆیەکی تری هەڵبژاردنی ئەم بابەتەبوو، بۆیـە بڕیارمانـدا لەرێگـەی ئـەم کتێبـەدا توێژینەوەیـەك لەسـەر (چـیرۆکی منداڵان) بکەین لەئەدەبی کوردی لە ماوەی نێوان (١٩٩١ _ ٢٠٠٥).

دەستنیشانکردنی کات و شوێنی ناونیشانەکەش، لەلایەکدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوەی، تـا ئێـستا لێکۆڵینەوەیـەکی ئـەکادیمی و زانـستی ورد و فـراوان لـەم

بارەیەوە ئەنجام نەدراوە، لەکاتێکدا ئەو ماوەیە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لەپەرەسەندنی چیرۆکی منداڵان و، لەلایەکی تریشدا لەبەر هۆی گۆڕانی باری سیاسی، رۆشنبیری، ئابوری، کۆمەڵایەتی... تاد، لەوماوەیەدا، کەبوونە مایەی دروستکردن و جیاکردنەوەی ئەم قۆناغە لەگەڵ قۆناغەکانی پێش خۆی تارادەیەك.

**ئامانجی من لە نووسینی ئەم کتێبەدا:**

١- باسکردنێکی گشتی چیرۆکی منداڵانە لەڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە، دەستنیشانکردنی گرنگترین ئەو رەگەزو بنەمایانەیە، کەبوونەتە بناغەیەك بۆ چیرۆکی منداڵان و، پێویستە لەسەر چیرۆکنوس لەکاتی نووسینی چیرۆکەکەیدا رەچاویان بکات، لەگەڵ بایەخدان و رەچاوکردنی ئەو هونەرە تەکنیکیانەی، کەدەبێت لەکتێب و نامیلکەی چیرۆکی منداڵانداهەبێت، بۆیە لەم نکتێبەدا تەنها نموونەی ئەو چیرۆکانەم وەرگرتون کەوا بەشێوەی نامیلکە و کتێب بلاْوکراونەتەوە و بەچاپ گەینراون لەدوای راپەرینی (١٩٩١ _ ٢٠٠٥) دا. هەروەها دەرخستنی لایەنی چاکی وکەموکورتیان و، چۆنیەتی دارشتنیان لەلایەن چیرۆکنوسانی کورد، لەرووی هەرسێ لایەنی (ئەدەبی، تەکنیکی، سایکۆلۆژی)، رادەی پەرەسەندن وپێشکەوتنی رەوتی چیرۆکی منداڵان لەماوەی (١٩٩١ - ٢٠٠٥) دا.

٢- ئاشناکردنی نوسەر و ئارەزوومەندانی بواری چیرۆك و ئەدەبی منداڵانە، بەمێژووی سەرهەڵدان و چۆنیەتی پەرەسەندنی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لەئەدەبیاتی جیهانی و عەرەبیدا، ناساندنی نوسەرە ناودارەکانی جیهان لەبواری چیرۆکی منداڵان وتیشك خستنەسەر گرنگترین بەرهەمەکانیان.

چیرۆکی منداڵان بابەتێکی بەرفراوانە، کۆمەڵێك لایەن و رەهەند لەخۆ دەگرێت، کەناکرێت لە کتێبێکی بەم قەبارەیە بەوردی باسی هەر هەموویان بکەین، بەلاْم هەوڵمان داوە وەکو پێویست لەرووی هەرسێ لایەنی (ئەدەبی، هونەری و تەکنیکی، سایکۆلۆژی) لەروانگەیەکی رەخنەیی تیۆری پراکتیکیدا

بڕوانینــه چــیرۆکەکان. پرۆگرامــی کتێبەکەشــم بــەم شــێوەیەی خــوارەوە لــە پێشەکیەك وسێ بەش پێك دێت:

**بەشی یەکەم:** لە دوو باس پێك هاتووە، **لەباسی یەکەم** دا هەوڵمانداوە باس لە چۆنیەتی سەرهەڵدان و پەرەسەندنی چیرۆك و ئەدەبی منـداڵان لەئـەدەبیاتی عەرەبی و جیهانیدا بکەین، کەتیایـدا نموونـەی چـەند وڵاتێکمـان وەرگرتـووە، بەتایبــەتیش زیــاتر ئــەو وڵاتانــەی، کەلــەبواری چــیرۆك و ئــەدەبی منداڵانــدا پێشەنگ بوونە و نوسەری ناوداریان تیـادا دەرکـەوتوون. **لەباسـی دووەمیـشدا** بەشـێوەیەکی تێـرو تەسـەل باسمـان لەمێـژووی سـەرهەڵدان و پەرەسـەندنی ئــەدەب و چــیرۆکی منــداڵان کــردووە لــەنێو ئــەدەبیاتی کوردیــدا لەســەرەتاوە تــاوەکو ســاڵی (٢٠٠٥)، تیشکیـشمان خـستۆتە سـەر گـرنگترین ئـەو نووسـین و لێکۆڵینەوانــەی، کەبەشـێوەی نامیلکـە وکتێـب، یـان لـەرۆژ نامـەو گۆڤارەکـان، یاخود لەشێوەی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەکادیمی لەم بوارەدا ئەنجام دراون.

**بەشی دووەم:** دابەشی سەردوو باس کراون:

**لەباسـی یەکەمـدا:** باسمـان لەچـەمکی چـیرۆکی منـداڵان کـردووە، لەگـەڵ گرنگترین ئەو رەگەزو بنەمایانـەی، کەپێویـستە بـەپێی قۆناغـەکانی تەمـەنی منداڵ لەم جۆرەی ئەدەبدا رەچاوبکرێن، هاوکات لە گەڵیانـدا لـەژێر رۆشـنایی ئــەم رەگەزانــە، چــەند نموونەیــەکی چــیرۆکیمان لــە ئــەدەبی کــوردی لــەدوای راپـــەرینی (١٩٩١ - ٢٠٠٥) هێناوەتـــەوە و بـــەپێی ئـــەو رەگـــەز و بنەمایانـــە رەچاومان کـردوون. ئەمەجگـە لـەوەی ئاماژەشمـان بەچـەند رەگـەزێکی تـری تەکنیکی وەك (رەنگ، وێنەونیگار، فۆنت....تاد)کـردووە، کەپێویـستە لـەکتێب و نامیلکەی کۆ چیرۆکی منداڵاندا رەچاوبکرێت.

**لەباسی دووەمیشدا:** باسمان لە جۆرەکـانی چـیرۆکی منـداڵان کـردووە لـەڕووی ناوەرۆکەوە، هەوڵمانداوە، لـە هـەرجۆرێك نموونەیـەکی کـوردی دوای راپـەرین وەربگرین.

**بەشی سێیەم:**- ئەمیش دووباس بەخۆوە دەگرێت:

**باسـی یەکـەم:**- تـەرخان کـراوە بـۆ چـیرۆك و سـایکۆلۆژیای منـداڵ، کەتیایـدا باس لە پەیوەنـدی چـیرۆك بـە قۆناغـەکانی گەشـەی منـداڵ کـراوە لەهـەردوو لایەنی گەشەی ژیری و زمانی.

**باسی دووەم:-** لەم باسەدا تیشك خراوەتە سەر گرنگترین ئەو سیمایانەی، کەچیرۆکی منداڵان لەئەدەبی کوردی لەدوای راپەرین (١٩٩١ - ٢٠٠٥) بە خۆوە دەگرێت، هەوڵماندا وە لەو ماوەیەدا لایەنی چاکەو کەمو کورتی لەژێر تیشکی، بەشەکانی پێشەوە لەم جۆرە ئەدەبەدا دیاری بکەین.

## بەشی یەکەم

### باسی یەکەم

– مێژووی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبیاتی جیهانیدا.
– مێژووی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی عەرەبیدا

### باسی دووەم

سەرهەڵدان و پەرەسەندنی ئەدەب و چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا.

## باسی یەکەم

### مێژووی چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبیاتی جیهانیدا

دەتوانین بڵێین چیرۆك کۆنترین جۆرەکانی دەربڕینی هونەرییە، کەوا مرۆڤ لەسەرەتادا پەنای بۆ بردووە، مرۆڤی کۆن بۆ شیکردنەوەی ئەو دیاردانەی کە لە سروشتدا بەدی دەکرد، واتاو سیمبولی جیاجیای بۆ دادەنا، هەمیشە وێنەی خۆی و ئاژەڵانی کردووە، وەك چیرۆك باسی لێوە کردوون، لەمەشدا ئەفسانە سەری هەڵداوەو، ئەوە بە ئەوە بۆ یەکتریان گێڕاوەتەوە، هەروەها کاتێك گەورەی ماڵ، لە ئێوارانـدا بۆ ماڵ دەگەڕایەوە، لەگەڵ خێزانـدا دادەنیشت، تاوەکو سەرگوزشتەی ئەو رۆژەیان بۆ بگێڕێتەوە، کەوا پڕبوو لە رووداوی سەیرو سەرنج راکێش، بەم جۆرە گێڕانەوەی ئەم دیاردەو رووداوانە هەر لە کۆنەوە فاکتەرێك بوونە بۆ لەدایك بوونی چیرۆك.

**"چیرۆك لەلای مرۆڤی بەرایی دا دەستی پێکردو گەشەی کرد، کاتێك دەستی کرد بە بیرکردنەوە لە دیاردەکانی دەورووبەری، وەك: مردن، نەخۆشی، سروشت و ئاکارەکانی هەوڵی دا بگەڕێت بە دوای هۆکار و چارەسەریەکانی هەموو ئەو دیاردانەی کە دەیبینی. ئا لێرەدا ئەفسانە سەری هەڵدا".** { ١٤٦: ١٢ }

ئەو ئەفسانە و خورافیاتانەی کەوا لەسەر زاری خەڵکی دەگێڕدرانەوە، لە چاخە سەرەتاییەکانی ژیانی مرۆڤ، بریتین لە تێڕوانینی ئەو (مرۆڤ) بۆ ژیان، کورتەی ئەزموونە سنووردارەکانی، دەتوانین بڵێین دەربڕینێك بوو بۆ هەست و خەیاڵ و هەڵچوونەکانی، بێگومان ناشتواندرێ ئەم هەقایەت و خورافیاتانە بە ئەدەبێکی راستەقینەی منداڵان دابنێین، تەنانەت ئەو کاتەش، کە منداڵان لەگەڵ گەوران گوێبیستی دەبوون، ئەگینا **"(ئەدەبی منداڵان) لەو کاتەوە بووە کە داپیرەکان لە گوێ ئاگردانی شەوانی زستان دەستیان دەکردە گێڕانەوەی چیرۆك و هەقایەتی سەرنجراکێشەر... چونکە لەهەر جێیە دایك و منداڵی ئادەمی بووبێ ئەدەبی منداڵانیش پێویستی**

**بـووە و هـەبووە بـە چـیرۆك و هەقایـەت و لای لایـە و گـۆرانی و ئەفـسانە و نوکتە و پێکەنینەوە".** {٨٢: ٥ - ٦}

بـەڵام مـرۆڤ لـەکاتی هۆنینـەوە و داڕشـتنی ئـەم چـیرۆك و هەقایەتانـەدا، ڕەچـاوی تایبەتمەنـدی و جیاکـەرەوەکانی ژیـانی منـداڵی نـەدەکرد. ئـەدەبی منـداڵان لـە سـەرەتای سـەرهەڵدانیدا پـشتی بـەو خورافیـات و هەقایەتانـە دەبەست و هەر لەمانەشەوە فێر بـوو چۆن یاسا ئەخلاقیـەکان بـچەسپێنێ و پەنـد و ئامۆژگارییـەکان بخاتـە ڕوو. کەواتـە دەتـوانین بلـێین ئـەم چـیرۆك و ئەفسانانە ئەدەبی منداڵان نەبوون، بەلام هەوێنێك بوون بۆی.

**"بە هۆی زاڵی چەمکە پەروەردەییە هەڵەکان و زاڵی هەندێ لە بیروباوەڕە ئایینیەکان بە تایبـەتی لـە مـاوەی ریفـۆرمی ئیتالیـدا ئـەدەبێکی تایبـەت بـە منداڵان لە رۆژ ئاوا لە سەدەی حەڤدەهەمدا سەری هەڵدا، کەوا بنەماکانی لە هەقایەتە میللیەباوەکان وەرگرتبوو، ئەمانەش زۆربەیان خورافی بوون کـەوا پاڵەوانـەکانیان جنۆکـە و شـەیتان و مۆتەکـە و ئەفـسوون بازەکـان بـوون، ڕووداوەکـانیش بـە هـۆی هێـزی سـەرووی سروشـت (خـارق) بـەڕێوەدەبران و قەدەری جیاجیا، یان بەختی سپی و ڕەش کۆڵەکەی ڕووداوەکان بـوون"** {١٧٩: ٧٤ - ٧٥}

واتە هەقایەتەکان بە ئەنجامی ناخۆشی و توند و تیژی کۆتاییان دەهات.

یـەکێك لـەو پاشمـاوە ئەدەبییـە میللییانـەی، کـە کاریگەرییـەکی گـەورەی بەسەر ژیانی خەڵك و ئەدەبیاتی جیهانییەوە هەبوو و هەنـدێ لـە نووسـەران هەوڵیانـداوە کـە لەسـەر ئـەو شـێوازەدا چـیرۆك و هەقایەتـەکانیان دابرێـژن، هەقایەتـەکانی (بانجـاتنترا)[1] یـە، کـە **(گەنجینـەی پێـنج بەنـد)**یـشی پـێ

[1] هەقایەتەکانی (بانجتنترا)، بەراهیمێکی دانای بەناوبانگ داینابوو لەسەر داوای پاشایەك کە سێ کوڕی هەبووەو، ویستوویەتی کوڕەکانی فێری هونـەری سیاسـەت بکات، بۆیـە ئـەم کارەی بەو زانایـە سپارد، کـەوا چـەند هەقایـەتێکی گیانـدارانی دانـا، تـاوەکو گوزارشـت لـە بیروبۆچوونەکانی خۆی بکات بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا.

دەگۆترێت یان (**ئەسفاری پێنجی**)[٢] .. کە چەند هەقایەتێکی کۆنی هیندین و لەلایەن بەڕاهیمێکی[٣] دانای بەناوبانگ بە زمانی سانسکریتی نووسراوە، دوایی وەرگێڕدراوەتە سەر ژمارەیەکی زۆر لە زمانانی جیهان، بۆیەکەمین جار گواستراوەتە سەر زمانی پەهلەوی. {١٨٠: ١٥٩ }

هەروەها جگە لە (**بانجاتنترا**) هەقایەتەکانی (**کەلیلەودیمنە**) سەرچاوەیەکی تری نووسەرانی ئەدەب و چیرۆکی منداڵان بوون لە زۆربەی وڵاتانی جیهان. ئەم بەرهەمە پڕە لە چیرۆکی بە پێزو قسەی خۆش و نەستەق و، زانیاری و ئامۆژگاری جۆراوجۆر، کە مرۆڤ دەتوانێت بۆ زۆربەی لایەنەکانی ژیانی خۆی سوودی لێ وەربگرێت. (بەیدەبا)ی نووسەری ئەم بەرهەمە ئەم چیرۆکانەی لەسەر زمانی باڵندەو ئاژەڵان نووسیوە، ڕەنگە ئەمەش هۆیەکەی بۆ نەبوونی ئازادی بگەڕێتەوە.

**"ئەم کتێبە شوێنی شانازی پادشای هیند (دەبشەلیم) بووە، بە جۆرێك گەورەیی و سوودی گەیشتە گوێی کیسرا (نەوشیروان)ی پادشای ئێران، ئەویش پزیشك و زانای گەورەی خۆی، کە برزەوی ناوبوو نارد بۆ هیند بۆ هینانی ئەو پەڕاوە، ئەویش بە چەند سزا و ناخۆشی هەتا لەوێ بە نهێنی دەریهێنا وەری گێڕایە سەر زمانی فارسی. وە لەسەردەمی عەبباسی بوێژی بەناوبانگ (عەبدوللا ی ئیبنو موقەففەع) کردی بە عەرەبی، کە هەتا ئێستا جێگای سەرسوڕمانی ڕەخنەگرانی عەرەبە. لە پاشا بوێژە بێگانەکانی گەلێ وڵات ئەم کتێبەیان وەرگێڕایە سەر زمانی نەتەوایەتی خۆیان لەبەر زۆری سوود و کەڵکی"** {١٤: ٣}

هەر لە ڕێگەی ئەم شاکارە بەرزەوە بوو، ئەوروپییەکان توانیان لە بڵاوکردنەوە و بەخشینی پەند و ئامۆژگاری و ڕەفتاری جوان ئاشنای جۆرێکی ئەدەبی نوێ بن.

---

[٢] (ئەسفاری پێنجی) عەرەبیەکەی (الاسفار الخمسه)یە، ئەسفار کۆی (سفر)ە، واتە کتێبی گەورە بڕوانە: (لسان العرب)، ابن منظور - طبعة جديدة منقحة، دار البحار، المجلد السلبع، ص ١٩٧.

[٣] بەراهیمە: نەتەوەیەکن باوەڕ بە ناردنی پێغەمبەران ناکەن لە لایەن خواوە.

جگە لەمانەی باس کران کۆمەڵە نووسینە ئەفساناوییەکانی (ئیسۆب) بە یەکێك لە کۆنترین بەرهەمە ئەدەبیەکانی ئەوروپا دەژمێردرێت، کە یەکێکە لە یەکەمین ئەو کتێبانەی کە منداڵان چێژێکی گەورەی لێ وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەی کە بۆ گەوران بە چاپ گەیێنراوە لە نێوان ساڵانی ١٤٧٥ز - ١٤٨٠ز، ئەم ئەفسانانە یارمەتی دەرێکی باش بوون بۆ نووسەرە یەکەمینەکانی منداڵان کە هەندێکیان لە شێوەی چیرۆك داڕێژرانەوە و هەندێکیشیان کەوتنە نێو پەرتووکەکانی خوێندن لە قوتابخانەدا، لەبەر زۆر گرنگی و بایەخی (ئیسۆب) هەندێ کەس پێیان وابوو، کە هیچ رۆشنبیرێك نییە لە جیهانی ئەمڕۆدا کاریگەر نەبووبێت بە ئەفسانەکانی (ئیسۆب) لەمنداڵێتی دا. {١٨٠: ١٥٩}

لە زمانی کوردیشدا رۆشنبیرو ڕۆناکبیرانی کورد ئەم شاکارەیان فەرامۆش نەکردووەو ئاگایان لێ بووە و سوودیان لێ بینیوە، ئەوەتا عەزیز گەردی[٤]، هەمان کۆمەڵە چیرۆکی واتە (چیرۆکەکانی ئیسۆب)ی لە ئینگلیزیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی ئەمەش بێگومان لەبەر زۆر گرنگی و بایەخی ئەم بەرهەمەوە بووە.

عەزیز گەردی لە پێشەکی ئەم کتێبەدا ئاماژە بە لایەنێك دەکات و دەڵێ: **"ئێستا کە ئەم هەقایەتانەی مام ئیزۆب دەخوێنینەوە، دەبینین زۆربەی هەرە زۆریان لە کوردەواری خۆمان هەن و نەوە بە نەوە لە گوێ ئاگردان بە یەکتری دەگێرنەوە. بەڵام ئەم رێککەوتنە چۆن هاتووە"** {٧٨: ٣}

ئەوەی لێرەدا جێی سەرنجە ئەوەیە، کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسانە و هەقایەت و کەسایەتی جۆراو جۆری چیرۆك و، کلتووری ڕۆژ هەڵاتی وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی جۆراو جۆری بیانی لە جیهاندا و بە شێوازێکی زۆر جوان و سەرنج راکێش لەلایەن گەورە نووسەرانەوە پێشکەش کراون، بە بێ ئەوەی ئاماژە بەسەر چاوە بنەڕەتیەکە بکرێت. ڕەنگە چیرۆکەکانی (ئیسۆب)یش هەربەم شێوەیە بووبن. بۆ زیاتر سەلماندنی قسەکانیشمان دەتوانین چیرۆکی (هەزار و یەك شەوە) بە نموونە بهێنینەوە، بێگومان

---

[٤] عەزیز گەردی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی بەناونیشانی (چیرۆکەکانی ئیسۆب) یان (لەناو گیاندارانداا) وەرگێراوەتە سەر زمانی کوردی و لە چاپخانەی (الحوادث) لە بەغدا ساڵی ١٩٨٢ بە چاپ گەێنراوە.

سەرچاوەکەی رۆژهەڵاتییـە، هـەروەك هەنـدێ لـە گـەورە رەخنـەگرانی ئـەو رووپـاش ئاماژەیـان بـەم راسـتییە کـردووە، کاریگەرییـەکی زۆری بـە سـەر ئـەدەبیاتی جیهانـدا نوانـدووە، توێـژەرانی ئـەدەبی بـەراوردکاریش وای بـۆ دەچـن، کـە (پۆکاشـیۆ) لـە نووسـنی (دیکـامیرون) دا زۆر کاریگـەر بـووە بـە (هەزار و یەك شەوە).

کەواتـە **"گۆڕینی (هـەزار و یـەك شـەوە) بـۆ زمانـە ئەوروپییـەکانی دوای سـاڵی ١٧١٧ ز، دەورێکـی باڵـای هـەبووە لـە بڵاوبوونـەوەی چـیرۆکە ئەفسانەییەکان"** {١٠٥: ٣٢}

دوای ئەمە بایەخ دان بە چیرۆکی منداڵان لـە زۆر لـە وڵاتـانی جیهانـدا بـە شـێوەیەکی ڕوون و ئاشـکرا دەسـتی پێکـرد، بـە تایبـەتی لـە وڵاتـانی جیهـانی رۆژئاوا لە هەردوو سـەدەی (١٨ و ١٩)ی رابـردوودا، هەنـدێ نـاو دەرکـەوتن کـە گرنگییەکی زۆریان دا بە ئەدەبی منداڵان بە گشتی و چیرۆك بە تایبەتی، من لێـرەدا بـە پێویـستی دەزانم بـۆ ئاشـنابوونمان بـە چـۆنیەتی سـەرهەڵدان و پەرەسـەندنی چـیرۆك و ئـەدەبیاتی منـداڵانی جیهـانی، جگـە لـەو وڵاتانـەی جیهـانی رۆژئـاوا، کـە نووسـەری نـاوداری چـیرۆك و ئـەدەبی منـداڵانیان تیـا دەرکەوت و، لێرەدا ئێمە باسیان لێوە دەکـەین، ئامـاژەش بـە هەنـدێ وڵاتـانی دراوسێ دەکەین لەوانە:

**ئـــێران:**

لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و پیـشەسازی جیهـانی لـە سـەدەی نۆزدەهـەم و سەرەتایی سەدەی بیستەمدا، گرنگی دان بە ئەدەبی منداڵان دەستی پێکـرد و، گۆڕەپانی ئێران لەم کاتانەدا زیاتر گونجاو بوو بۆ ئەو ئاڕاستە نوێیانە.

لەگەڵ ئـەوەی رۆشـنبیری ئیـسلامی چـەند نموونـە و پەنـدێکی تێدایـە لـە بـواری ئـایینی و لایەنـەکانی تـر کـەوا جـەخت لەسـەر گرنگـی پێـدان بـە پـەروەردەی منـداڵ دەکەنـەوە بـۆ نموونـە، **"چـیرۆکخوانان لـە چـیرۆکەکانی قورئانی پیرۆزدا چەند مادده و کەرەسەیەکیان دۆزیوەتەوە بۆ منداڵان، کە بە شێوازێکی سادە و ساکار بۆیان دەگێردرێتەوە، هـەروەها هەنـدێ لـەو پەنـد و ئامۆژگاریانەی کە لە فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) هاتوون، غەزەواتـەکانی پێغەمبـەر، هـەوڵ و تێکۆشـانی زانـا و چاکەکار و یـاوەرانی پێغەمبـەر، بـۆ بڵاوکردنـەوەی ئـایینی پـیرۆزی ئیـسلام و...تـاد، ئەمانـە هـەموویان وەك**

**سەرچاوەیەك بوونــە مایــەی دەوڵەمەنــد كردنــی ئــەو چیرۆكانەی، كــە بــۆ منداڵان دەگێڕدرێنەوەو"** {١٧٧: ٢٧}،

بەڵام پرۆگرامە پەروەردەییەكان ئەم پرسانەیان بەهەنـد وەرنـەگرت وەك تــەوەرێك بــۆ ئــەدەبی منــداڵان، رەنگــە هۆیەكــەی بگەڕێتــەوە بــۆ نەشــارەزایی گەوران بە گرنگی قۆناغەكانی منداڵی و سەیركردنی وەك قۆناغێكی تایبـەت، كەوا پێویستی خۆی هەیە، ئەمەش وای كرد، ئـەدەبی منـداڵان لـەم قۆناغـەدا، شێوازیكی هونەری ئەكادیمی لە خۆوە نەگرێت.

دەكــرێ داب ونەریتــە میللییــەكان و هەڵسوكەوتی رۆژانــە بــە هــەموو ئەوانەی، كە تیایاندایە وەك هەڤایەتە خۆش و راستـەڤینەكان یـان هەڤایەتـە تەمسیلیەكان بەسەرچاوەیەكی دەوڵەمەند بۆ پەروەردەی سـۆز و بیركردنـەوە لای منـــداڵ دابنرێـــت، ئەمانـــە شـــایەنی ئـــەوەن دووبـــارە بنووســـرێن و دابڕێژرێنەوە بە شێوەیەك، كە بۆ ئەدەبی منداڵان بگونجێت.

**فـەزلوڵلای سـوبحی**، یەكێكـە لەسـەرەتاكانی ئەوكەسـانەی گرنگیـان بـەو بەرهەمانــە دەدا كــە بــۆ منــداڵان دەگونجێـت و، لــە ئــەدەبی میللــی وەری دەگـرتن و دووبـارە داڕشتنەوەی بـۆ دەكـردن. بەرلـەویش **(سـادق هیدایـەت)** ئامـاژەی بـە گرنگـی ئـەدەبی میللـی و حەتمییـەتی گرنگـی پێـدانی دا، بـەڵام (سوبحی) یەكەم كەس بوو، كە ئەم ئەدەبە میللییەی لەپێناو بەرهەم هێنـانی ئــەدەبی منــداڵان (بــە تایبــەتی چــیرۆك) بــەكار هێنــا. (ســوبحی) هــەموو بەیانییـەكی هـەینی بەرنامەیـەكی تایبـەت بـە منـداڵانی لـە رێگـەی رادیـۆوە پێشكەش دەكرد، چەند چیرۆكێكی بە تام و لەزەتی بـۆ دەگێڕانـەوە بۆیـە بـە باوكی منداڵان ناسرابوو. هەر لەو ماوەیـەدا (عـەبباس یـەمین شـەریف) هاتـە مەیدان و چەند شیعر و پەخشانی جیا جیای خستەروو، بەمەش ناوبـانگێكی زۆری پەیـدا كـرد، شـیعرەكانی (یـەمین شـەریف) بـۆ سـاڵانێكی زۆر ببوونـە بابــەتی كتێبــەكانی قوتابخانــە، (یــەمین شــەریف) بەمــە نەوەســتا و چــەند گۆڤـارێكی تایبـەت بـە منـداڵانی بڵاوكـردەوە. هـەروەها بـووە بەڕێوەبـەری هـەردوو گۆڤـاری (قوتـابی) و (كـەیهان) كـەوا تایبـەت بـوون بـە منـداڵان. زۆر لەبەرهــەمی ئــەدەبی منداڵانیــشی وەرگێڕایــە ســەر زمــانی فارســی، ئــەم وەرگێڕدراوانەش لە دیارترین بابەتـەكان بـوون لـەبواری ئـەدەبی منـداڵان لـە ســەدەی رابــردوودا، بۆیــە دەزگاكــانی چــاپ و پەخــشیش گرنگیــان بــەو وەرگێڕانانە دا. {١٩٢، ١٨٨}

یەکەمین گۆڤاری تایبەت بە منداڵانیش لە ئێراندا (گۆڤاری ئـەدەب) بـوو، کە بە زمانی فارسی لەلایەن خوێندکارانی دواناوەنـدیی تـەورێز بڵاوکرایـەوە، بەڕێوەبـەری گۆڤارەکـەش لـە سـەرەتادا (عبـدالله زاده فریـور) بـوو، دواتـر گۆڤارەکە لە لایەن (**اسماعیل امیر خیزی**) و (**یحیی ارین پور**) بـەڕێوەبردرا. {۱۹۳، ۲۹۹}

لـە ئێـران لـە کۆتـایی سـییەکانی سـەدەی رابـردوودا، یـەکێك لـە دیـاردە گرنگەکان لە بواری ئەدەبی منداڵاندا (**کتێبـە وێنـەدارەکان**) بـوون، لەمانـەش کتێبی (**گوڵە نێرگز**) و (**بووکە شووشـە قـژ زێڕینەکە**). هـەر لـە ئێرانـدا بـۆ زیاتر بایەخ دان بە ئەدەبی منداڵان، چەند بەشێك لـە زانکـۆ و پـەیمانگاکانی خوێندنی باڵا لە تەهراندا، بە مەبەسـتی دەرچـوونی مامۆسـتایانی پـسپۆڕ لـە بواری منداڵان و هەرزەکاراندا کرایەوە. لەو ساتەوەش بابەتی ئەدەبی منداڵان وەك بابەتێکی گرنگ جێگیربوو. {۱۹۲: ۱۸۸ }

**تـورکیا:**

بـە پێـی توێژینـەوەکانی (کـەمال دیمـیرای) لـە بـارەی ئـەدەبی منـداڵان لـە تورکیـا، ئـەم ئەدەبـە لەسـەدەی هەژدەهـەم سـەری هەڵـداوە، لـەو کاتـەدا کـە دیوانی (نابی) بڵاوبووەوە پاش ئەویش دیوانی (**سمبـولزاد فـەهمی**)، ئـەم دوو دیوانە چەند هەڵبەستێکی تیا بوو، کەوا بایەخی بە لایەنی ئایینی و ڕەوشتی دەدا. پاش دروست بوونی کۆمـاری تورکیـا، ئـەدەبی منـداڵان گەشەسـەندنێکی گەورەی بەخۆوە بینی، بەڵام لەم سەردەمەدا شیعر زیاتر لە بوارەکانی تـر لـە ئـەدەبی منداڵانـدا ڕەنگـی دایـەوە، شـاعیری بـە ناوبـانگ (**توفیـق فیکـرەت**) گاریگـەری خـۆی لـە فێـر کردنـی منداڵانـدا هـەبوو، بـە تایبـەتی لـە دیـوانی (**سرمین**)دا، لە ساڵی ۱۹٤۰ز زۆر لە شـاعیران بـۆ منـداڵانیان دەنووسـی، لەوانـە شاعیرانی ناودار (نازم حکمت و ساباهاتین عەلی و عـەزیز نەسـین و ئیـبراهیم بـەکیر)، لـە سـاڵی ۱۹٥۰ز بـە دواوە ڕێـژەی کتێبـی منـداڵان، هـەر لـە گەشـە و پێشکەوتن دابوو بە هـۆی ئەودەزگایانـەی چـاپکردن، کـەوا گەیـشتە زیـاتر لـە ۲۰۸٤ دەزگـا. لەوانـە ۱۰۰ دەزگـا تـەنها لـە ئەسـتەمبوڵ بـوون، لـە سـاڵی ۱۹۷۸ز نزیکـەی ٦۰۰ کتێبـی تایبـەت بـە منـداڵان دەرچـوو، تائێـستاش لـە پێنـاو ئامادەکردنی کتێبی منداڵان و خستنە نێو بازار و بڵاوکردنەوەی لەبەرزترین ئاست لە تورکیا هەوڵ بەردەوامە {۱۳۷: ۹٥ - ۹٦}

**هيندستان:**

هەر وەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا، یەكێك لەو پاشماوە ئەدەبییە میللیانەی، كە گاریگەرییەكی گەورەی بەسەر ژیانی خەڵك و ئەدەبیاتی جیهانییەوە هەبووە و هەندێ لە نووسەران هەوڵیانداوە لەسەر ئەو شێوازەدا چیرۆك و هەقایەتەكانیان دابڕێژن، هەقایەتەكانی (بانجاتنترا)یە. كە چەند هەقایەتێكی كۆنی هیندین بەراهیمێكی دانا داینواوە.

**" لە هیندستاندا، هەقایەتەكانی (بانجاتنترا) بە چەند شێوازێكی جۆرا و جۆر پێشكەشی منداڵانی هیند كرا، جگە لەمەش كۆمەڵە چیرۆكە ئەفساناوییەكانی (ئیسۆب) هەبوو، كەبە یەكەمین پەرتووكی لەچاپ دراوی منداڵان دەژمێردرێت"** {١٣٧: ٨٢}

هیندستانیش وەك وڵاتانی تری جیهان سوودێكی زۆری لە ئەفساناوییەكانی ئیزۆپ وەرگرتووە، چونكە **"(ئیسۆب) لەرێگەی چیرۆكە ئەفساناوییەكانی سەرزاری ئاژەڵاندا، چەند پەند و ئامۆژگارییەكی مۆراڵی پێشكەشی منداڵان دەكرد"** {٩٩: ١٦٣} بەم شێوەیە لە هیندستاندا گرنگییەكی زۆر بەمنداڵان و ئەدەبەكەی درا.

لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەكی گشتی ئەمرۆ هیندستان بەحەوتەم دەوڵەتی دونیا لە بڵاوكردنەوەی كتێب دەژمێردرێت، بەڵام هێشتا لەبەرهەمهێنانی كتێبی منداڵاندا زۆر پاشكەوتووە. ئەدەبی منداڵان لە هیندستان لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم لەسەر دەستی (ئەسوارشاند رافید یاساجار)ەوە دەستی پێكرد، لەكۆتایی هەمان سەدەشدا وەرچەرخانێكی گرنگ و كتوپڕ بەسەرهەڵدانی شاعیری مەزن (تاگور) روویدا، كەوا گرنگییەكی تایبەتی بە گۆرانی و هەقایەتە میللیەكان داوە. {١٣٧: ٨٢}

ئەمە جگە لەوەی **"بڵاوبوونەوەی كتێبی منداڵان بە زمانی ئینگلیزی و زمانی خۆماڵی بەرەو زۆر بوون دەرۆیشت، لە بەناوبانگترینیان كتێبی (حەكایەتەكانی جنۆكە هیندیەكە) كە لە ساڵی ١٩٤٦ز لە چاپ دراوە"** {١٩١: ٣٩١}

**فەرەنسا:**

لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمدا فەیلەسوفی فەرەنسی **جان جاك رۆسۆ** (١٧١٢ - ١٧٧٨)، شۆرشێكی گەورەی بەرپاكرد، لە كتێبی (ئیمیل)دا گرنگیدا بە

لێکۆڵینەوەی منداڵ وەك کەسیەتییەکی سەربەخۆ. (رۆسۆ) بانگەشەی ئـەوەی کرد، کـەوا ئامـانجی پـەروەردە بریتیـە لـەوەی، مـرۆڤ فێـر بێـت چۆن بـژێت، هەروەها دەرفەت بە منداڵیش بدرێت بەهرە سروشـتیەکانی خـۆی گەشـە پـێ بـدات و تـەنها ئـەو زانیاریانەشـی پێـشکەش بکرێـت، کـە پێویـستی پێیـەتی. لەمەشدا لەگەڵ فەیلەسوفی ئینگلیـزی **جۆن لۆك** _ **john locke** (١٦٣٥ز _ ١٧٠٤ز)دا هاوڕابوو.

زۆریش لە پەروەردکاران وەڵامی بانگەشـەکەی (رۆسـۆ) یـان دایـەوە، بـەڵام بـە تێکـەڵاو کردنـی بیروڕاکـانی جـۆن لـۆك، بانگەوازەکـەی ڕۆسـۆیان شـێواند بەوەی کۆمەڵێکی زۆر لە چیرۆکیان نووسی، کە زیاتر لە زانیاری و راستیەکان پێك هاتبوون، واتە چیرۆکی منـداڵانیان لـە شـتە ئەفسانەیی و خەیاڵییـەکان دوور خستەوە، بەمەش هەست و بیرکردنەوەی منداڵانیان پـشتگوێ خـستبوو، لەبەرئـەوە منـداڵان لـەم جـۆرە چـیرۆکانە دوورکەوتنـەوە، هـەر چـەند لـەم قۆناغەشـدا ئـەدەبی منـداڵان گەشـەی نـەکردبوو، بـەڵام سـەرەتایەك بـوو بـۆ چـوونەوە نێـو ئـەدەبیاتی جیهـانی منـداڵان {١٧٩: ٧٥} هـەر بۆیەشـە وتـراوە فرەنسیەکان یەکەم کەس بـوون، کـە لـە سـەدەی حەڤدەهەمـدا بـۆ منـداڵانیان نووسیووە.

شـاعیری فرەنـسی **چـارلز پـیرۆ**[٥] **Chrles Perrant** (١٦٢٨ز - ١٧٠٣ز)، یەکێکـە لـە پێـشەواکانی نووسـەرە بەناوبانگـەکان، بەرهـەمی بـۆ منـداڵان نووسیبێت، یەکەم چیرۆکیشی (دایکە قازەکە)یە، کەوا ناوی منداڵەکـەی خـۆی لـە ژێـرەوە نووسـیبوو، وەك نووسـەری چـیرۆکەکە لـە شـوێن نـاوی خـۆی، لـە ترسـی ئـەوەی لـە بـەهای ئـەدەبی خـۆی کـەم نەکاتـەوە، چـونکە ئـەو کاتـە وا سەیری ئەدەبی منداڵان دەکـرا، کـەوا داهێنـانێکی هونـەری نییـە، بـەڵام پـاش ئەوە کۆمەڵێك چیرۆکی تری منداڵانی لە ساڵی ١٦٩٧ز بڵاوکـردەوە. کـە بریتـی بوون لە خوارفیاتەکانی سەردەمی کۆن و ناوی خۆشی لەسەر نووسی، چـونکە ئەو کاتە خـەڵك تـا رادەیـەك گـرنگی ئـەدەبی منـداڵانی بـۆ ڕوون بـووەوە، لـە گـرنگترین ئـەو چـیرۆکانەش: هەقایـەتی (سـەندریلا، خـاوەن کـڵاوە سـورەکە، جوانی نووستوو) و چەندێکی تر. {١٧٨: ٨}

---

[٥] زۆر لە فرەنساییەکان پێیان وایە، کـە سـەرەتای ئـەدەبی منـداڵان لەسـەر دەسـتی شـاعیر (بیرۆ)وە بوو، زیاتریش لەسەر دەستی (لاڤۆنتین) هەنگاوی بەرەو پێشەوە برد.

**"لـــە ســـەدەی هەشـــدەهەمدا هەقایەتـــەکانی (هـــەزار و یـــەك شـــەوە) وەرگێردرایە سەر زمانی فرەنـسی وبـڵاو بـووەوە، دواتـر یەکـەمین رۆژنامـەی منداڵان لە ژێر ناوی (هاورێی منداڵان)"** دەرکرا. {١٥٧: ٢٩}

**د. هادی نعمان الهیتی** یەکەمین رۆژنامەی منداڵان لـە جیهانـدا بـۆ فرەنـسا دەگەڕێنێتـەوە هـەر وەك دەڵێـت: **"یەکـەم رۆژنامـەی گشتی بـۆ منـداڵان لـە ساڵانی نێوان ١٧٤٧-١٧٩١ ز دابوو، لە فرنسا دەرکرا لەلایەن ئـەدیبێك کـە نـاوی دروستی خۆی نەنووسیوە، بەڵام ناوی لە خۆی ناوە (هاوڕێی منداڵان) و هەر ئەو ناوەی بۆ رۆژنامەکەش هەڵبژاردووە."** {١٨١: ٢٢}

دوا بە دوای ئـەمە شاعیری بـەناوبانگ **"لافۆنتین ـ Lafontain (١٦٢١ - ١٦٩٥ز) هاتە میدان، کە بەناوبانگترین نووسەری منداڵان بوو لە فرەنساداو، بە میری هەقایەتی ئەفسانەیی ناوی دەرکرد لە ئەدەبی جیهاندا و ئەفسانەکانی خرانە نێو ئەدەبی منداڵان لە توێی (٣٢٠) ئەفسانەدا، کـە دابـەش کـرا بـوون بەسەر (١٢) کتێب دا"** {١٧٩: ٧٦}

جگـە لەوانـەی باسـکران چـەند چـیرۆکخوانێکی تـر لـە بـواری چـیرۆك و ئەدەبی منـداڵانی فرەنسیدا، ناوبانگیان دەرکرد لەوانە: لیونس بورلیاگیـە، کـە چەند چیرۆك و هەقایـەتێکی بـۆ منـداڵان بڵاوکـردەوە وەکو: (هەقایەتـەکانی باوکە لۆگار)، (چوار قوتابی). پەرتوکەکانی ئەم نووسەرە کاتێك کە لە ژیانـدا بوو چەندین جار بە چاپ گەیێنران، تەنانەت دوای مردنیشی لە ساڵی ١٩٦٥دا، هەروەها نووسەر (ڕینیە گیۆ) ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆکی بـۆ منـداڵان دانـاو، چەند خەڵاتێکی جیهانی بە دەست هێنـا، لەوانـە: خـەڵاتی هـانس کریـستیان ئەندرسـن، کـە هـەموو دوو سـاڵ جارێـك پێـشکەش بـە باشـترین نووسـەری منداڵان دەکرێت. هەروەها نووسەر (تومی ئوبخریر)، لـە گـرنگترین چـیرۆکە ناودارەکانی (سێ دزەکە)، (جادوکەری بـەکرێگیراو)، (ئـاژەڵی راسـینی گـەورە) بـوو، ئـەم کۆمەڵـە چـیرۆکانەش بـۆ مـاوەی کۆتـایی پەنجایـەکان و سـەرەتای حەفتاکان دەگەڕێنەوە. {١٥٢: ٧٥}.

**ئینگلتەرا:**

**"یەکێك لەو وڵاتانەی، لە دوای فرەنسا ناوبگیان دەرکرد لە بورای ئەدەبی منداڵانـدا، ئینگلتـەرا بـوو"** {١٥٧: ٢٩}. بـەڵام لەسـەرەتادا لـە مـاوەی سـەدەی حەڤدەهـەم و هەژدەهەمـدا، نـاوەڕۆکی نووسـینەکان ئامـانجی ئامۆژگـاری و

ڕێنمایی کردن بوو، بە بێ ئەوەی بایەخ بە عەقلیەت و لایەنی دەروونی منداڵ بدرێت، بۆ نموونە پەرتووکی (ڕاسپێرییەك بۆ کوڕێك) لەلایەن فرانسیس ئۆزبۆرن. نووسینەکان بەم شێوەیە مانەوە تاوەکو پرۆسەی وەرگێران هاتەکایەوە و ژمارەیەکی زۆری چیرۆك و بەرهەمی فرەنسی وەرگێردرانە سەر زمانی ئینگلیزی. ئەوەبوو ساڵی ١٧١٩ وەرگێری بەناوبانگی ئینگلیزی (ڕۆبرت سامبر) هەقایەتی (دایکە قازەکە)ی تشارلز بیرۆی، بە مەبەستی کات بەسەر بردن و ڕابواردن وەرگێڕا. {١٤٦: ١٠}

بەڵام **"چیرۆکی (ڕۆبنسون کرۆسۆ)ی دانیال دیفۆ Danial Defoe (١٦٦٠ - ١٧٣١ ز)، کە لە ساڵی ١٧١٩ی زایینی بڵاویکردەوە، بە سەرەتای هونەری چیرۆکی لە ئینگلتەرادا دادەنرێت. ئامانجی ئەم چیرۆکەش ئارام گرتنە بەرامبەر ناخۆشی و توندوتیژی و چەرمەسەریەکانیی ژیان."** {١٠٥: ٣٢} ئەمەو **"دانیال زۆر سەرسام بووە بە هەقایەتەکانی (هەزار و یەك شەوە) و (حەی کوڕی یەقزان) کە (ئیبنو توفەیل) نووسیویەتی و ساڵی ١٦٨٦ کراوە بە ئینگلیزی."** {١٠٤: ١٢٥}

دوا بە دوای ڕۆبەرت، **"(جۆن نیوبری) هاتە مەیدان کە خاوەنی یەکەمین پەرتوکخانەی منداڵان بوو لە جیهانداو، داوای لەدانەرو ونووسەران کرد شت بۆ منداڵان بنووسن یان کتێبی گەورەکان بچوك بکەنەوە بە شێوەی ساکار دایبڕێژن، کە لەگەڵ منداڵان بگونجێت بە پێی قۆناغەکانی گەشەی عەقڵیان، بۆیە (جۆن نیوبری) بە باوکی ڕاستەقینەی ئەدەبی منداڵان ناوبرا لە ئینگلترادا، کە ئێستاش لە جیهاندا باس لە ڕۆڵی دەکرێت، هەندێ لەو بەرهەمە تایبەتییانەی خۆی لە بواری ئەدەبی منداڵاندا بڵاوی کردەوە، (کتێبی قەشەنگی گیرفان) ساڵی ١٧٤٤، کتێبی (منداڵە باشە خاوەن دوو پێڵاوە جوانەکە)"** و چەندێکی تریش {١٥٧: ٢٩}، {١٨٠: ١٦٨}

لێرەدا هەرگیز نابێ ڕۆڵی نووسەری بەناوبانگی ئینگلیزی (لویس کارول) لە بورای چیرۆکی منداڵاندا پشت گوێ بخەین، چونکە **"(لویس کارول، خاوەنی بەناوبانگترین چیرۆکی منداڵانە لە زمانی ئینگلیزیدا، ە ئەویش چیرۆکی (سەرەرۆیەکانی ئەلیس لە وڵاتی سەیروسەمەرەکاندا)، کە ناوەرۆکێکی خەیاڵی لە خۆوە دەگرن)"** {١٩١: ٣٨٧}

ئینجا سەدەی بیستەم هاتە پێش، کە سەبارەت بە ئەدەبی منداڵان سەردەمێکی زێڕین بوو، نووسەری گەورە و ناودار دەرکەوتن، لەم بوارەدا

دەیان نووسی، لەوانە: "(ئینید بلایتون)، کە سەدان چیرۆکی پۆلیسی دانا، بۆ منداڵان و هەرزوەکاران شیاو بوون. هەروەها چیرۆکخوان (ئارسەر رانسوم) ژمارەیەك چیرۆکی دانا، لەوانە (سوالۆو وئەمازون)، کە وەرگێردرایە سەر زمانی جۆراو جۆر. هەروەها نووسەر (کینیپ گراهام) و (کلیف ستابل لویس)، کە چالاکییە ئەدەبیەکانی لە سالانی پەنجاکانەوە دەستی پێکردووە و خەڵاتی (کارنیجی) بەدەست هێناوە، (کلیف ستابل لویس) زۆربەی قارەمانی چیرۆکەکانی بریتین لە ئاژەڵان، ساڵی ١٩٦٣ز کۆچی دوایی کردووە." {١٥٢: ٧٥ - ٧٦}

**ئەڵمانیا:**

لە ئەلمانیادا "برایان (یەعقوب و ولیەم) گریم، دەستیان بە کۆکردنەوەی هەقایەتە میللییەکانی ئەڵمانیا کرد و وەك سەرچاوەیەك بەکاریان دەهێنا بۆ دارشتنی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان، ئەمەش لە پێناو پاراستنی ئەم سەرچاوەیە لەسەرچاوەکانی کەلەپوری میللی. ئەوەبوو یەکەمین بەش لەو هەقایەتانەی کە برایانی گریم کۆیان کردەوە، لە ژێر ناونیشانی (هەقایەتی منداڵان و ماڵەکان) بوو، لەساڵی ١٨١٢ز دادەرکەوتن. لە کۆتایی ساڵی ١٨١٤ز شدا بەشی دووەمی ئەم کتێبە دەرکەوت." {١٧٥: ١٠٠}

هەوڵ و تێکۆشانی برایانی گریم لە کۆکردنەوە و دارشتنی ئەدەب و کەلەپوری میللی بە هەوڵ و ماندووبونێکی گرنگ و بەناوبانگ لە جیهاندا لە بواری چیرۆك و ئەدەبی منداڵاندا دادەنرێت، هەر ئەوەش بوو، کە لە دواتردا بووە مایەی هاتنە کایەوەی جوانترین بەرهەم و نووسین بۆ منداڵان لە ئەدەبی ئەوروپیدا. بۆیە دەتوانین بڵێین ئەو هەقایەتە بە چێژانەی، کە منداڵانیان بەخەبەر هێناو، تا ئێستاش منداڵانی جیهان وشیار دەکەنەوە و سەرنجیان رادەکێشن، زۆربەیان لەلایەن برایانی گریم نووسراون، وەکو هەقایەتی (لەیلاو گورگ)، (سپی وەك بەفر)، (سیحربازی شەرانگێز). هەروەها (شازادەی خەوتوو)، ئەو شازادەیەی کە لە خەوەکەیدا بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی هەزار ساڵ و هەڵناستێت، تەنها دوای ئەوە نەبێت، کە شایەکی جوان رووبەرووی دەبێتەوە و ماچی دەکات {١٤٦: ١٠}، ئەم هەقایەتەش لە ئەدەبی منداڵانی کوردیدا بە هەقایەتی (دەنکە هەنارە)

ناوبانگی دەرکردووە، بە شێوەی فیلمی کارتۆنی خراوەتە سەر (CD) و لە بازارەکاندا بڵاو بۆتەوە.

لەبەر ئەوەی بەرهەمەکانی برایانی گریم ناوبانگێکی زۆریان دەرکردو بە شێوەیەکی فراوان بڵاو بوونەوە لە زۆر وڵاتانی دونیادا، بوونە مایەی دڵخۆشکەر و قایلکاری منداڵانی جیهان، بۆیە برایان **"(یەعقوب و ولیەم) گریم، بە یەکێك لە ناودارترین نووسەری منداڵانی جیهان لە قەڵەم درێن لە جیهاندا."** {١٨٩: ٢}

**شێرزاد نانەکەلی**، باس لە چۆنیەتی بایەخدانی ئەدەبی منداڵان لەلایەن ولاتە پێشکەوتووەکاندا دەکات، ئەڵمانیا بە نموونە دێنیتەوە و دەڵێت: **"هەمیشە مامۆستاکانیان زیاتر لە هەموو شتێك، دوارۆژی منداڵانیان لەبەر چاوە و بایەخی پێ دەدەن، لە هەموو شار و لادێکاندا، کتێبخانەی گشتی تایبەتی بۆ منداڵان هەیە، کتێب بە هەرزانترین نرخ دەست دەکەوێت، لە کتێبخانەکانا بەلایەنی کەمەوە (١٢,٠٠٠) کتێب تەرخان کراوە، بۆ خوێندنەوەی منالْ، جگە لە گۆڤار و رۆژنامەکان، دەیان دەزگای تایبەتی کراوەتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو کتێب و گۆڤارانە. هەر مانگێ میهرەجانێ ساز دەکرێ لەلایەن منالْانەوە، لەمەڕ بزوتنەوەی ڕۆشنبیری لەو مانگەدا. بەمەش منداڵ زیاتر هەست بە بوونی خۆی دەکات، بۆیەش سەدان رۆشنبیری منالْ. سەدان گوڵی تازە پشکوتوو دەمی خۆی دەکاتەوە. گرنگترین نووسەرانی منداڵان ئەمانەن: (ئەرمێنش شیتر) (بینو تیوراس) (ئارکاری جایرار)...هتد."** {١٢٦: ٧}

ڕۆژنامەو گۆڤاری منداڵانیش لە ئەڵمانیادا بەلێشاو دەردەچێت، کە چیرۆك و ئەدەبی منداڵانیش بابەتێکی بایەخداری نێو لاپەڕەکانە. دەتوانین بڵێین **"ژمارەی گۆڤار و رۆژنامەکانی تایبەت بە منداڵان لە ئەڵمانیادا بەر لە یەکگرتنەوە، گەیشتوتە ١٥٧٠ گۆڤار و ڕۆژنامە، ژمارەی دابەش کردنەکانیشیان لە ساڵی ١٩٦٩ز دا گەیشتە سەدو پەنجا ملیۆن دانە، کە لەلایەن چواردە ملیۆن منداڵی کوڕ و کچەوە دەخوێندرایەوە. ئەمە جگە لەوەی ١٣٨٧ ڕۆژنامەی تایبەت بە قوتابخانەکانیش دەردەچوو، کە منداڵان و لاوان خۆیان سەرپەرشتیان دەکرد و دەریاندەکرد، ئەمانەش ساڵانە (٦) ملیۆن دانەیان لێ بڵاو دەکرایەوە")** {١٤٨: ٥٥}

**دانیمارك:**

یەکێك لەو نووسەرانەی، لە بورای چیرۆکی منداڵاندا ناوبانگی دەرکرد لە دانیمارکدا نووسەری ناودار (هانس کریستیان ئەندرسن ـ **Hans Christion Andersen**) بوو، ناوبراو کۆمەڵێك چیرۆك و هەقایەتی بلاو کردەوە، بوونە مایەی رازی بوونی منداڵان لە زۆر لە ولاتانی جیهاندا، بۆیە دەبینین چیرۆکەکانی وەرگێردرانە سەر زۆر لە زمانی جیهان.

لە ساڵی ١٨٣٥زدا بەشی یەکەمی هەقایەتەکانی دەرکەوت، کە بۆ منداڵان ناونیشانی **Fairy tales told for chirldreen**، نووسیبووی. ئەم بەشەش ژمارەیەك لە چیرۆك و هەقایەتی بەخۆوە گرتووە، لە ناویاندا چیرۆکی (شازادەو دەنکۆڵەی بازللا) و چیرۆکی (گوڵە بچکۆڵەکانی ئایدا) و هەقایەتی (تارا) و چیرۆکی (کلاوسی بچووك و کلاوسی گەورە). هانس بیرۆکەی ئەو هەقایەتانەی لەو چیرۆکە کەلەپوورییە میللییانە وەرگرتبوو، کە لەو سەردەمەدا باوبوون، لە کاتی نووسین و دارشتنی ئەو هەقایەت و چیرۆکانەشدا ناو و شتوومەکی راستەقینە و هەست پێکراوی بەکار دەهێنا لە جیاتی ئەو جنۆکە و ئەفسونبازانەی، کە لە هەقایەت و ئەفسانە میللییەکاندا هەبوون. {١٧٥: ٩٨}، وەنەبیت هانس لە دارشتنی چیرۆکەکانیدا هەردەم جنۆکە و دێو و درنج و مۆتەکەی فەرامۆش کرد بێت، بەڵکو "**هەندێ لەو شیعر و چیرۆکانەی کە هانس دەینوسی، لە دەوروبەری جنۆکە و خێوەکاندا دەسورایەوە، کە بە هۆیەوە منداڵ فێری ئەوە دەبێت، ژیان بە هەردوو دیوی شیرینی و تاڵیەوە وەربگرێت، نموونە لەسەر ئەمە، چیرۆکی (مراویە ناشیرینەکە)**" {١٤٦: ١٠ - ١١}.

هەندێ لە چیرۆکەکانی هانس گەشبینیان تێدا دەبینرێت، بەسەرکەوتنی خێر و خۆشی و چاکە، وەك چیرۆکی (شاژنی بەفر)، هەندێکی تریش لە چیرۆکەکانی رەش بینن و بەناخۆشی و دڵتەنگی کۆتاییان دێت. رەنگە هۆی ئەمەش بگەرێتەوە بۆ ئەوەی ئەزموونەکانی ژیانی ئەندرسن و چۆنیەتی گوزەرانی، سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی چیرۆك و ئەفسانەکانی بوون. {١٧٥: ٩٩}.

زۆر لە زانایان و نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان پێیان وایە، کە لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهانیدا ماوەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵان، لە نێوان ساڵانی ١٨٩٠ز - ١٩٢٠ز بە سەردەمێکی زێرین دادەنرێت، چونکە زۆر لە نووسەرانی

ئەدەبی منداڵان لەم سەردەمە سەریان هەڵدا، یەكێكیش لەوانە (ئەندرسن) بوو، دەتوانین بڵێین كە بە باشترین چیرۆكنووسی منداڵان دادەنرێت لەم سەردەمەدا.) بۆیە دەبینین هەقایەت و چیرۆكەكانی لە هەموو ولاتانی دونیا ناوبانگیان دەركرد.

## مێژووی چیرۆكی منداڵان لە ئەدەبی عەرەبیدا

سەبارەت بە ئەدەبی عەرەبی دەتوانین بڵێین تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەم، شتێكی وا نەبووە كە ناوی لێ بنێین (ئەدەبی منداڵان)، وەك ئەوەی ئێستا ناسراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لەنێو لاپەڕەكانی ئەدەبی عەرەبیدا هەست بەم جۆرەی ئەدەب دەكرێت، كەوا بۆ هەندێ قۆناغی منداڵان دەشێت، چونكە ڕووداو و ئەزموونەكانی بە شێوەی چیرۆك وێناكراون، یان بە مەبەستی ڕابواردن و خۆشی یان مەبەستیان سەرنجڕاكێشانی خەڵكی بوو، بۆیە لە زۆربەی بارەكاندا بەبێ مەبەست لە گێڕانەوەیاندا بۆ منداڵان دەشێن.

**"ئەو تەوەرەی ئەدەبی منداڵانی لەسەر بنیات نرابوو لە كۆنەوە بریتی بوو لە ئەفسانە، كە بە شێوەی سەر زارەكی دەگێڕدرایەوە، لە پاشاندا چیرۆك پێشكەوت و كاریگەری خۆی لەسەر كۆمەڵدا نواند وەك وەفاو خۆشەویستی بۆ تیرە و پاراستنی داب و نەریتەكان، ئامانجیش لەمەدا، پاراستنی ڕەوشتی تیرەگەری بوو لە دەروونی منداڵاندا."** {٣٠ :١٥٧}.

هەر لە كۆنەوە دایكان و داپیران چیرۆكی ئەفسانە و خورافیاتیان بۆمنداڵان دەگێڕایەوە و بە تایبەتی بەر لە نووستندا، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی شارستانیەتە كۆنەكان و نەتەوەكانی پێشوو زۆر گرنگیان بە تۆماری ژیانی منداڵ و ئەدەبەكەی نەدەدا، بۆیە ئەوەی لێرە و لەوێ دەستمان كەوتووە، كە ئەویش بڕێكی كەمە، زیاتر پەیوەستە بە ئەدەبی گەوران.

**"یەكەمین هەقایەتی نووسراو، كە مرۆڤایەتی ناسیویەتی، بریتیە لە چیرۆكەكانی میسر، كە لەسەر تاشەبەرد نووسرا بوون، وەكو ئەفسانەی (ئیزیس)، كە پیاوەكەی (ئۆزۆریس) جێی هێشتبوو، ئەویش لە هەموو وڵاتدا**

**دەستی کرد بە گەڕان بە دوایدا تاوەکو بـە شـێوەی پارچـە پارچـە دۆزییـەوە هەر پارچەیەکیشی لە شـوێنێکدا کۆکردەوە وەك وەفـاداری و دڵـسۆزیەك بـۆ هاوسەرەکەی."** {١٤٦: ١٢}.

هەقایەتەکان هەر بەم شێوەیە مانەوە تاوەکو هاتنی ئایینی ئیسلام، دواتـر هەقایەتی ئایینی سەری هەڵدا، کـەوا خـۆی لـە هـەواڵ و کارەکـانی پێغەمبـەر (د.خ) و هـەواڵی موسـوڵمانان و غـەزا و سـەرکەوتنەکانیان دەنوانـد. کەواتـە هەقایەتی پێغەمبەران و ئـەو میللـەت و نەتەوانـەی کـەوا لـەقورئانی پـیرۆزدا باسی لێوە کراوە ناوەڕۆکی سەرەکی چیرۆکەکان بوون.

هەنـدێ لـە چـیرۆکەکانی قورئـانیش رۆلێکـی گرنگیـان لـە رێنمـایی و ئامۆژگاری کردنی منداڵاندا هـەبووە بـۆ نموونـە، ئامۆژگارییـەکانی حـەزرەتی لوقمـان بـۆ کوڕەکـەی هەڵوێـستەیەکمان لەسـەر سـۆزی باوکایـەتی لـە چـوار چـێوەیەکی مرۆڤایـەتی دا دەداتـێ، کـە تیایـدا خـۆی لـە گرنگـی بـاوك بـە مناڵـەکانی دەنـوێنێ، ئـەویش بـە پێـشکەشکردنی ئـەو ئامۆژگاریانـەی، کـە بەختەوەری کوڕو دروستی دەروونـی ئـەوی تێدایـە، تیایـدا بونیـاتی دروسـتی مرۆڤـی لـە کەسـایەتی ڕۆڵـەی گوێڕایـەل لـەم ئامۆژگاریانـە دەردەکـەێ، ئامۆژگاریەکانی لوقمانی دانا بۆ کوڕەکەی، بە چوار چێوەیەکی پـەروەردەیی سۆزی باوکێك بەرامبەر منداڵەکانیان دادەنرێت. گـەر سـۆزی دایکـی موسـا لـە تـــرس و هەســـتیاری و خۆشەویـــستی سەرچـــاوە بگـــرێ، ئـــەوا لەگـــەل ئامۆژگارییـــەکانی لوقمـــان بـــۆ کوڕەکـــەی لەســـەر بنەمایـــەکی عـــەقڵانی دادەرێــژرێن و، لـە شـارەزایی و ئەزمونەگەرییـەوە بەرهـەم دێـن هـەردوو سۆزەکەش گرنگی دانن بە منداڵ. {١٥٤: ٧٠ - ٧١}

فتوحاتـە ئیـسلامیەکان بوونـە هـۆی ئـەوەی، ژمارەیـەکی زۆر لـە چـیرۆکی نەتـــەوە و میللەتـــەکانی غـــەیرە عـــەرەبی وەکـــو فـــارس و ڕۆم و یۆنـــانی و هینـدی و ئیـسپانی بێنـە نـاو ئـەدەبیاتی عـەرەبی، کـە زۆربـەیان ئەفسانە و چیرۆکی خورافی و چیرۆکی ئاژەڵان بوون. ئینجا پرۆسـەی وەرگێـران دەسـتی پێکرد و پەرتووکی (کەلیلە ودیمنە) چەندانێکی تر وەرگێڕدرانە سـەر زمـانی عەرەبی و لەگەڵ چەند خستنە سەرێکی تـری هـەڵقوڵاو لـە خـەیاڵی عـەرەبی وەکو چیرۆکی (حەی کوڕی یەقزان)، چیرۆکی (سەیفی کـوڕی یـەزن) داسـتانی (عەنتەرەی کوڕی شەدداد). کاتێکیش عەرەب دەستیان کـرد بـە نووسـینەوەی چـیرۆك و سـەربردەکانیان لـە کۆتـایی سـەردەمی ئەمـەوی و سـەرەتاکانی

سـەردەمی عەبباسـی، هـەموو شـتێکیان نووسـیەوە، کـە بوونـە مایـەی دەوڵەمەندترین سەرچاوەی ئەدەبی منداڵانی عەرەبی. {١٥٧: ٣١}.

ئەگەر چی ئەوانەی باسکران تایبەت نەبوونە بە منداڵ، بەڵام شتی تیابووە کە سەرنجی منداڵانی ڕاکێشاوە و چێژیان لێ بینیووە، بۆیە منداڵانیش وەکو گەوران گوێیان لێ گرتووە و دایکان و باوکانیش بۆ پەروەردە کردن و ڕێنمایی کردنی منداڵەکانیان سوودیان لێ بینیون.

لە سەدەی حەڤدەهەمدا بەهۆی دەرکەوتنی ئەدەبی منداڵان لە ئەوروپا و فرەنسادا بە شێوەیەکی گشتی، کاری کردە سەر دەرکەوتنی ئەدەبی منداڵان لە وڵاتانی عەرەبیدا، کە لە سەرەتاکانیدا لە شێوەی وەرگێڕاو یان دەستکاریکراو بوو وەکو ئەوەی، کە لە ئەوروپا ناسراوبوو. وەرگێڕانی هەندێ لە چیرۆك و هەڤایەتی بیانی لەسەر دەستی (ڕەفاعەی تەهتاوی) کاریگەریەکی گەورەی کردە سەر گەشە کردن و بوژانەوەی ئەدەبی منداڵان لە جیهانی عەرەبی بە گشتی و میسر بە تایبەتی. {١٥٢: ٧١}.

کەواتە لەسەردەمی نوێدا، لە وڵاتە عەرەبیەکانیشدا، وەکو وڵاتانی تری جیهان ئەدەبی تایبەت بە منداڵان پەیدا بوو، ئەوە بوو نووسەران بیریان لەوە کردەوە کە نابێ تەنیا گەورە خاوەن ئەدەب بن، بەڵکو منداڵانیش هەروەك چۆن پێویستیان بە خواردن و خواردنەوە هەیە، لە هەمان کاتدا پێویستیان بە خۆراکی ئەدەبیش هەیە، بۆیە بایەخیان دا بە منداڵ وبەرهەمی تایبەت بە ئەوانیان نووسی لە پاڵ نووسینی بەرهەمە ئەدەبیەکانی تریاندا.

**میسر:**

دەتوانین بڵێین سەرەتای ئەدەبی منداڵان بە گشتی و چیرۆك بە تایبەتی لە وڵاتانی عەرەبیدا یەکەم جار لە (میسر)ەوە دەستی پێکرد. لەم بارەیەشەوە وەرگێڕان سەرچاوەیەکی گرنگی ئەم ئەدەبە بوو.

لەسەدەی حەڤدەهەمدا بەهۆی کاریگەری دەرکەوتنی ئەدەبی منداڵان لە فرەنسا و ئەوروپادا بە شێوەیەکی گشتی، ئەدەبی منداڵان لە وڵاتانی عەرەبیدا بڵاو بووەوە. ئەمەش بە شێوەیەکی تایبەتی لە میسر لەسەر دەستی (ڕەفاعە رافع تەهتاوی) لە ڕێگەی وەرگێڕان و لە ئەنجامی تێکەڵاو بوونی بە وڵاتانی ڕۆژئاوا و فرەنسا. بە تایبەتیش دوای ئەوەی کە بینی نووسەرانی فرەنسا چۆن بایەخیان بە منداڵانیان داوە و ئەدەبێکی تایبەتیان

بۆ تەرخان کردوون لەپێناو پەروەردەکردن و چێژ لێ وەرگرتنیان. هەر لەم ڕووەوەش (تەهتاوی) لە پاش گەڕانەوەی بۆ وڵات، ڕۆڵێکی گرنگی گێڕا و یەکەمین کەس بوو لە میسر، کە کتێبی لە زمانی ئینگلیزیەوە وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. دواتر دەستی دایە وەرگێڕانی ژمارەیەکی زۆر لە چیرۆك و هەقایەتی بیانی و ڕۆژئاوایی بۆ سەر زمانی عەرەبی، لە گرنگترین چیرۆکە وەرگێڕدراوەکانی بە شێوەی کتێب (چیرۆکی منداڵان). {١٦٢: ٢٤١}

دوای مەرگی (تەهتاوی) کەسێك نەبوو بیر لە منداڵ و جیهانی منداڵان بکاتەوە، تاوەکو هاتنی ئەمیری شاعیرانی میسر (ئەحمەد شەوقی)، ئەویش بە هەمان شێوە کاتێك کە لە فەرەنسا بوو ئەدەبی منداڵانی ناسی، (ئەحمەد شەوقی) یەکەم کتێبی دەربارەی ئەدەبی منداڵان دانا و چەند چیرۆکێکی لەسەر زاری ئاژەڵ و باڵندەوە نووسی، لەوانەش: ڕاوچی و چۆلەکە، بولبول، ڕێوی و کەڵەشێر... و چەندانی تر.

(ئەحمەد شوقی) لە بارەی ئەو هەقایەت و گۆرانیانەی کە نووسیویەتی، لە پێشەکی (شەوقیات)یدا (١٨٩٨)، دەڵێ: "**چیرۆکەکانم لەسەر شێوازی لافۆنتین دارشتووە، بە شێوەیەك، کە لەگەڵ میسرییەکاندا بگونجێ و لە کاتی خوێندنەوە و گوێگرتنیان دا لێیتێبکەن و پێی دڵخۆش بن**" {١٥١: ٧٧} واتا شەوقی ئەندێشەی خۆی لە نووسینی هەقایەتدا، لەسەر شێوازە بەناوبانگەکەی (لافۆنتین) تاقیکردۆتەوەو تیایدا سەرکەوتوو بووە.

هەروەها (محمد عثمان جلال) (١٨٣٨ - ١٨٩٨) لە بواری ئەدەبی منداڵانی عەرەبیدا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە، ناوبراو کۆمەڵێ چیرۆکی لافۆنتینی وەرگێڕاو لەگەڵ هەندێ چیرۆکی تری عەرەبیدا لە کتێبێکدا بڵاویکردنەوە بە ناوی (العیون الیواقظ من الامثال و المواعظ _ چاوە بە ئاگاکان لە پەند و ئامۆژگاری). عوسمان جەلال بەو شێوازەی کە بەکاری هێناوە لەم کتێبەدا، بەو چیرۆکە خورافیاتانەی، کە لەسەر زاری گیاندار و بێ گیانەکان و شتەکاندایە، ڕۆڵیکی پێشەنگ لە داهێنانی ئەدەبی چیرۆك بۆ منداڵان دەنوێنێ، چیرۆکەکانی ئەو کەرەستەیەکی بە پیت بوون بۆ کتێبەکانی خوێندنەوە لە قوتابخانەکاندا، چ بە شێوەی هەڵبەست بن یان پەخشان. ئەم کتێبەش وەرگێڕانێکی دەستکاری کراوی هەقایەتەکانی (ئیسۆب)ە لە زمانی فەرەنسیەوە، کە لە بنچینەدا ئەم بیرۆکانە ناوبانگێکی جیهانیان هەیە، ئەگەر چی لە ڕاستیدا ئەم چیرۆکانە هیچ بنەمایەکیان بۆ منداڵان تێدا نەبوو، بەڵام

ڕێگەیان خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵان لە زۆربەی زۆری وڵاتانی جیهانـدا. ئینجا عوسمـان جـەلال ئـەم چـیرۆکانەی بـۆ سـەر زمـانی عـەرەبی وەرگێڕا، کەوا ژمارەیـان (٢٠٠) چـیرۆك بـوو، هەنـدێ لـەو چیرۆکانەشـی کـردە هەڵبەست بـە شـێوازی میـسری. چیرۆکەکانیش دەربـارەی (خـەڵك، مێروولـە، سەگ، مێش، بەرخ، ڕێـوی، گوێدرێـژ، ئەسـپ، کەروێـشك و... هتـد) چـەندین جـۆری تـر لـە ئـاژەڵ و زینـدەوەران دەتـوانین لـە نێـوان ئـەم چـیرۆکانەو هەقایەتەکانی (کەلیلە و دیمنە) و، هەندێك لەو چیرۆکانەی کـە لەسـەر زاری گیاندارانەوە هاتبوون لـە (هـەزار و یـەك شـەو)ە و هەنـدێك لـە چیرۆکەکانی ئەدەبی عەرەبی کۆن لێکچواندنێك بدۆزینەوە: {١٥٦: ١٣}.

ئەگـەر هەنـدێ کـەس (ئەحمـەد شـەوقی) بـە پێـشەنگ لـە بـورای شـیعری منداڵاندا دادەنێن، ئەوا لە بواری چیرۆکیشدا. "**ڕەخنـەگران (کامـل گـەیلانی) (١٨٩٧ز - ١٩٥٩ز) بە باوکی چیرۆکی منـداڵانی عـەرەبی ناودەبـەن**" {١٦٤: ٩٦} چـونکە گـەیلانی کاریگەرییـەکی زۆری لەسـەر ئـەدەبی منـداڵانی عەرەبیـدا هـەبوو، بـە هـۆی پێـشەنگی لـە پەخـشاندا، کتێبخانـەی عـەرەبیی بۆئـەدەبی منــداڵان دەوڵەمەنــد کــرد، ئــەویش بەنووســینی دەیــان کتێبــی نووســراو و وەرگێــڕدراو و وەرگــێڕاو لــە چــەندین ئــەدەب و زمانــدا، لــە گــرنگترین ئــەو کتێبانەی کە بە شێوەی کۆمەڵە چیرۆك پێشکەشی منداڵانی کـردووە، وەك: (چیرۆکی باخچەی منـداڵان، چیرۆکی منـداڵان، چیرۆکەکانی مـەلای مەشـهور، ئەفسانەکانی ئـاژەڵان، چیرۆکە سەیروسـەمەرەکان، شـەهرەزاد وتـی، چیرۆکی جـوگرافی، ئەفـسانە ئەفریقییــەکان، چــیرۆکەکانی هــەزارو یــەك شــەوە... چەندانی تر. {١٨٠: ٢٢٩}

(گەیلانی) بایەخێکی تایبەتی بە ئاسانکردنی هەندێك کتێبی عـەرەبی بـۆ لاوان و منـداڵانی تازەپێکەیـشتوو دا، لەوانـە (حـەی بـن یـەقزان) و (گەشـتی ئیبنو وجوبەیر)، هەندێك هەقایەتی (هەزار و یەك شەوە)، کە هەندێکیان لە زمـانی ئینگلیزییـەوە وەرگێڕدرابـوون، وەك چیرۆکی (عـەلی بابـا) و چیرۆکی (عەلائـەدین) هـەروەها (گـەیلانی) گرنگـی بـە کەسـایەتی جوحـای عـەرەبی (مـەلای مەشـهور) دا، چـەنکە ئـەم پەیوەنـدی بـە جیهـانی قۆشمـەبازی و منداڵانـەوە هـەبوو. ڕۆڵـی (گـەیلانی) لـە جـەخت کـردن لـە گرنگـی ئـەدەبی منـداڵان زۆر گـەورە بـوو، لـە چیرۆکە بەناوبانگـەکانی (سـندیبادی دەریـایی)

جگە لەمانەش، چەند چیرۆکێکیشی لەسەر ئایین و مێژوو و ژیانی پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵەکانی نووسیوە. {١٥٦: ١٨ - ١٩}

جگە لەوانەی، کە باسکران (محەمەد سەعید ئەلعوریان)یش یەکێکە لە نووسەرانی ئەدەبی منداڵانی عەرەبی، کە ئەدەبی منداڵانی عەرەبی گەیاندە بە پلەیەکی بەرز و، نرخ و بەهایەکی هونەری پێ بەخشی، ژمارەیەکی زۆر چیرۆکی پێشکەش بە منداڵان کرد، بە شێوازێك، کە گونجاو بوو لەگەڵ تەمەنی عەقڵ و زمانیان، زۆربەی چیرۆکەکانیشی لە بازنەیەکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و مۆراڵی (ئەخلاقی) دەخولانەوە و گیانی چاکەیان لەلای منداڵ خۆشەویست دەکرد و دەڕازاندەوە، دووری دەخستنەوە لە خراپەکاری و شتی نابوت. (محەمەد ئەلعوریان) بۆ ماوەی (٧) ساڵ، بوو بە سەرنووسەری گۆڤاری (سندیباد)ی منداڵان، لەم گۆڤارەدا بە زنجیرە چیرۆکەکانی (رحلات سندباد)[٦]ی بڵاو کردەوە. {١٦٢: ٢٧٠}

بەم جۆرە ئەدەبی منداڵان لە جیهانی عەرەبیدا پەرەی سەند و چەندین کتێب و گۆڤاری تایبەت بە منداڵان دەرکەوت، کە چیرۆکی ڕازاوە و بەپێزیان گرتبووە باوەش، لەلایەن نووسەرانی شارەزا لە بواری ئەدەبی منداڵاندا پێشکەش کرا بوون.

**"لە گرنگترین ئەو گۆڤارانەش، کە بۆ منداڵان لە میسر دەردەچون وەك گۆڤاری (سندباد، سمیر، میکی ماوس، ... هتد)"** {١٥٢: ٧٢}

**" گۆڤاری (عەلائەدین) دەنگدارترین گۆڤاری منداڵانە لە میسر، کە منداڵان بە پەرۆشەوە بەرەو ڕووی دەچن و ئەوانەش، کە کاری تێدا دەکەن لە کاری منداڵان پسپۆڕن، بابەتەکانی زیاتر چیرۆکی بەش بەش و بابەتی زانستییە، لەگەڵ بابەتەکانی تریشدا چیرۆکێکی بەش بەشی (گرزان) بڵاودەبێتەوە"** {١٠٠: ٨٢}

---

[٦] (رحلات سندباد): کۆمەڵە چیرۆکێکی بەپێزی (محەمەد سەعید ئەلعوریان)ە، کە لە چوار بەش پێك هاتووە، نووسەر بە هۆیەوە لە ساڵی ١٩٦٢ خەڵاتی هاندانی دەوڵەتی (جائزة الدولة التشجيعية)ی پێ بەخشراوە.

**سوريا:**

چاپەمەنی منداڵان لە سوریا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و بە تیراژی زۆرتر بڵاو دەبێتەوە، بەناوبانگترین نووسەری منداڵانیش (زەکەریا تامر) بوو، **"یەکێکە لەو نووسەرانەی، کە بایەخی زۆری بە ئەدەبی منداڵان بە گشتی و چیرۆك بە تایبەتی لە وڵاتی سوریا داوە، زەکەریا باس لە ئەزموونە نوێیەکەی لە نووسین بۆ منداڵان دەکات و دەڵێت: زیاتر لە ١٠٠ چیرۆکم بۆ منداڵان نووسیوە و پێم وایە چەندین بابەتی جیاوازم باسکردووە، هەوڵم داوە ئەو بەهایانە باس بکەم، کەوا پێویستە هەموو منداڵێك بگرێتە خۆی، هەوڵم داوە پارچە زەویەکی ڕەقی بچووك ببەخشمە منداڵ تاکو لەسەری بوەستێت و بە دوو چاو توانای سەیر کردنی دەوروبەری خۆی هەبێت، بۆ ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت بزانن، کێ دوژمنە و کێ دۆستە. دوایین کۆمەڵە چیرۆکی ئەو نووسەرە بریتیە لە (بۆچی ڕووبار بێدەنگ بوو)."** {١٥٦: ٣١}

هەروەها لە سوریا **"گۆڤاری ئوسامە، بۆیەکەمین جار لە ساڵی ١٩٦٩ز دا بڵاوبۆوە، (٥٧٨) ژمارەی لێ دەرچوو، سەرنووسەرەکەی خاتوو (دەلال حاتەم)ە، کە چەندین چیرۆك و بابەتی تایبەتی منداڵانی تیایدا بڵاودەکرایەوە"** {١٠٤: ١٢٧}

**عێراق:**

سەرەتاکانی چیرۆکی منداڵان لە عێراق لە باوەشی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەدا لە دایکبوون، کە بۆ منداڵان دەردەچوون، بە تایبەت گۆڤاری (التلمیذ العراقي) کە لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە، هەروەك هادی نعمان ئەلهیتی دەڵێت: **"گۆڤاری (التلمیذ العراقي) یەکەم گۆڤارە کە (سەعید فەهیم)[٧] لە ٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢ز دا لە بەغداد بڵاوی کردەوە. دوای**

---

[٧] **سعید فهیم**: ناوی سەعیدی کوری سەلیمی ئەمین ئاغای حەوێزی شاعیری ناودار (ئەختەر)ە. نازناوەکەی (فەهیم)ە و لە شاری کۆیە لە دایك بووە و مرۆڤێکی کورد پەروەر بووە، یەکەمین دامەزراندنی بە مامۆستایەتی لە ڕواندوز بووە، لە گۆڤاری (زاری کرمانجی) دا نووسینی بڵاوکردۆتەوە، یەکەمین کۆبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان

**چەند ساڵێك لەسەر وەستانی ئەم گۆڤارەش، دیسانەوە (سەعید فەهیم) دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی تر بۆ منداڵان، کە گۆڤاری (التلمیذ) بوو، لە شوباتی ١٩٢٩."** {١٨١: ٢٣، ٣٦}

**گۆڤاری (التلمیذ العراقي) چەند چیرۆك و هەقایەتێکی بە پێزی بۆ منداڵان بڵاوکردەوە، لەوانە هەقایەتی (ابن الدلال) و چیرۆکی (شعور الاطفال) و چیرۆکی (سلوی المحبوبة) و چەندین چیرۆکی تر. دوای داخستنی ئەم گۆڤارە و لە دایك بوونی گۆڤاری (الکشاف العراقی)، چیرۆکی منداڵانیش بەرەو سستی رۆیشت، چونکە ئەو گۆڤارە زیاتر تایبەت بوو بە کار و رێکخستنەکانی ئەو لاوانەی سەر بە رێکخستنەکانی (دێدەوانی) بوون، بۆیە بایەخ دان بە چیرۆك لەم گۆڤارەدا تەنها بۆ ئامانجی پیویستی گۆڤارەکە بوو، وەك ئەوەی گۆڤارێکی زانستی، ئەدەبی، پەروەردەییە و، هەموو ئەو شتانەی دەگرێتەخۆ، کە مایەی بایەخ پێدانی دێدەوانەکان بوون. ئەگەر چی ئەم گۆڤارە زۆر بایەخی بە چیرۆك نەدەدا، بەڵام پەرتوکێکی چیرۆك ئامێزی بە شێوەی سەربەخۆو جیا لە گۆڤارەکە پێشکەشی منداڵان کردووەو لەژێر ناونیشانی (الکشاف العراقی)، کە دانەرەکەی (محەمەد نەدیم) بوو. نووسەر لە پێشەکیەکەیدا باسی گرنگی چیرۆك بۆ منداڵان و مێرمنداڵان دەکات و پێی وایە چیرۆك گەورەترین کاریگەری خۆی لەسەر دەروونی منداڵان دەنوێنێ و، باشترین رێگایە بۆئەوەی هەست و بیریان بە لایەنی پەروەردەیی و رەوشتی چاك و جوان ببات.** {١٤١: ٣٩ - ٤٤}

**هەرچەندە دوای ئەوانە چەندین رۆژنامە و گۆڤاری تری تایبەت بە منداڵان دەرچوون، لەوانە: (دنیا الاطفال، روضة الاطفال، الظریف، الف لیلة، الطلبة، صندوق الدنیا...)** {١٨١: ٢٣ - ٥٧}

**بەڵام ئەو گۆڤارانە بە گشتی زیاتر ئامانجیان ئامۆژگاری و رێنمایی کردن بوو، بۆیە دەتوانین بڵێین، یەکێ لە باشترین ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی، کە خزمەتی ئەدەب و چیرۆکی منداڵانی کردبێ لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمی و**

---

**لە ماڵی ئەوان لە بەغدا کراوە، لە بەرێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی لە بەغدا فەرمانبەر بووە، دوایی بۆتە بەرێوەبەری بەشی ناوخۆیی قوتابیانی کۆلێژی ئەندازە لە بەغدا. بڕوانە: د. هیمدادی حوسێن، گۆڤاری گرۆگاڵی منداڵانی کوردستان سەرەتای...، ل ١٠.**

زانستیانەدا، گۆڤاری (مجلتی)یە، کە یەکەم ژمارەی لە ساڵی ۱۹٦۹زدا دەرچوو، هەروەها رۆژنامەی (المزمار)، کە لە ساڵی ۱۹۷۰ز دا یەکەمین ژمارەی لێ دەرچوو، دواتر لە هەشتاکاندا بوو بە گۆڤار لەبەر ئەوەی ئەم دوو گۆڤارە بەرێکی دەردەچوون و لە ئاستی هونەریدا بەرزبوون، بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە نووسەرانیان بۆلای خۆیان راکێشا، کە شارەزا و پسپۆڕ بوون لە نووسین لە هونەرەکانی ئەدەبی منداڵان، لە چیرۆك، شیعر، وتار...، تاد...، بەهۆی ئەو نووسەرانەوە جیهانی ئەدەبی منداڵان پەرەی سەند و چیرۆك و شیعر لە قاڵبە کۆنەکەی رزگاری بوو، چیرۆك لە هەقایەتە کلاسیکیەکەیەوە بەرەو تەکنیکی نووسینی نوێ هەنگاوی ناو، ڕەگەزەکانی چێژ بەخشین و سەرنجڕاکێشان جێگای رەگەزەکانی رێنماییکردن و ئامۆژگاری راستەوخۆی گرتەوە. {۱۷۸: ۱٤}.

ئەمە خستنەڕوویەکی کورت و چڕی هەوڵەکانی ئەدەبی منداڵان بە گشتی و چیرۆك بەتایبەتی بوو لە جیهانی ئەورووپاو ئاسیا و ئەدەبیاتی عەرەبیدا.

## باسی دووەم

### سەرهەڵدان و پەرەسەندنی
### چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا

باسکردن لە بارەی ئەو نووسین و چاپەمەنیانەی، کە لە بارەی چیرۆکی منداڵانەوە لە ئەدەبی کوردیدا نووسراون، دەمانباتەوە بۆ سەرەتاکانی چیرۆك و ئەدەبی منداڵانی کوردی، بۆیە وام بە پێویست زانی هاوکات لەگەڵ هونەری چیرۆکدا بە شێوەیەکی کورت و خێرا باس لە سەرەتاکانی ئەدەبی منداڵانی کوردیش بکەم.

**١- فۆلکلۆری کوردی.**

میللەتانی جیهان لە بواری ئەدەبی منداڵاندا، سەرەتا لە فۆلکلۆرەوە دەستیان پێکردووە، نەتەوەی کوردیش لە فۆلکلۆردا یەکێکە لە نەتەوە دەوڵەمەندەکانی جیهان.

سەرەرای بارودۆخە ئاڵۆز و ناهەموارەکەی، سەرنجی زانایان و رۆژهەڵاتناسانی بەلای خۆیدا راکێشاوە، **"مینۆرسکی لە گەشتێکدا بۆ کوردستان (١٩١٤ز) لە بارەی کوردەوە دەڵێ: کورد خاوەنی ئەدەبێکی میللی هێندە دەوڵەمەندە، کە گەلێك هەقایەت و داستانی میللی و ستران دەگرێتە خۆ. رۆژهەڵاتناسی سۆڤیەتی (ی. و. فاریزۆف)یش لە پێشەکی کتێبەکەی (نیکیتین)ی کوردناسدا نووسیویەتی: فۆلکلۆری کورد لە رووی هونەری هەمەچەشنە و بابەتەکانیەوە شوێن و پلە و پایەی لە ریزەکانی پێشەوەی فۆلکلۆری رۆژهەڵاتی ناوین و نزیکدا دیارە."** {٧٣: ٩}

ئێمە کۆمەڵێك بەرهەمی جۆراو جۆری فۆلکلۆریمان هەیە، کە دەتوانین بە سەرچاوەی سەرەتاکانی ئەدەبی منداڵانی لە قەڵەم بدەین، وەك شیعری لیریکی بە هەموو جۆرەکانیەوە، هەر لە لای لایەو هەڵبەستی دایك بۆ ساواکەی بگرە تاوەکو دەگاتە ئەو شیعرە گۆرانیانەی، کە منداڵان لە کاتی یاریکردندا حەز بە گوتنیان دەکەن و چێژی لێوەردەگرن، هەروەها ئەو چیرۆك و هەقایەتە ئەفسانەیی و فۆلکلۆریانەی، کە داپیرە و باپیرەکان بۆ

کوڕەزاو کچەزاکانیان دەگێڕایەوە بە مەبەستی ئامۆژگاری و ڕێنمایی کردنیان یان بۆ کات بەسەر بردن و رابواردنی شەوانی سارد و سەرمای زستانی کوردستان، ئەمە جگە لەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و مەتەڵی فۆلکلۆری هەمەجۆرەمان بۆ منداڵان هەیە، ئەم بەرهەمانەش بە شێوەیەکی سەرەکی لە ڕێگەی گێڕانەوە لە نەوەیەك بۆ نەوەکانی تر پارێزراون. ئەم بەرهەم و چیرۆك و هەقایەتە فۆلکلۆریانەی، کە ئاماژەمان پێکردن، یان ئەوانەی پاشتر، کە سەرچاوە لە جیهانی فۆلکلۆرەوە وەردەگرن و باسی خێرو شەڕ و خۆشەویستی نیشتیمان و ڕەوشت پاکی... هتد دەکەن، بوونەتە زەمینەیەکی دەوڵەمەند بۆ ئەدەبی منداڵانی کورد. {٧٣: ٧، ١٠٠}

زۆر لەوانەی لەم بوارەدا کاریان کردووە بۆ ئەوە دەچن، کە منداڵ لە لای ئێمەدا وەك پێویست ئاوڕی لێ نەدراوتەوە و بایەخ بە ئەدەبەکەی نەدراوە، هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە نالەبارەی، کە لە بوارە جیاجیاکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی باڵی بەسەر میللەتی کورددا کێشاوە، کە ئەمانە گشتیان ڕێگر بوون لە پەرەسەندنی حەز و زانست و ئەدەبیاتی نەتەوەی کورد، چ جای ئەدەبی منداڵان.

بۆیە لەم بوارەدا منداڵان بۆ پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە ئەدەبیەو تێرکردنی چێژی ئەدەبییان ئارەزووی گوێڕاگرتنی چیرۆك و داستانە ئەفسانەیی و فۆلکلۆرییەکان بوون، یان ئەو هەقایەت و چیرۆکانەی، کە لە شەوانی بەر ئاگردانەدا لە کۆڕ و دیوەخانەکانەدا دەگێڕدرایەوە و لەگەڵ گەورەکانەدا ئەوانیش گوێیان بۆ شل دەکرد. کەواتە ئەو کاتە ئەو هەقایەت و بەرهەمانەی، کە پێشکەش دەکران لە گۆرانی و شیعری جۆراو جۆر و مەتەڵ و قسەی نەستەق، تایبەت بە منداڵان نەبووەو ئاراستەی ئەوان نەکراون، بۆیە ئێمە ناتوانین بیانخەینە ناو خانەی ئەدەبی منداڵان، هەروەها شێوازێکی زانستیانەی بەخۆوە نەگرتووە، کە لەگەڵ فەرهەنگی زمان و حەز و خەیاڵی منداڵاندا بگونجێت و تایبەت بۆ ئەوان بێت، ئەگینا ئەدەبی منداڵانی کورد ئەوەندە کۆنە بە کۆنی بوونی کورد، بەڵام لێرەدا ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە نووسەرانی ئەدەبی منداڵان هەمیشە لە کۆن و ئێستاشی لەگەڵدا بێت بۆ ناوەڕۆکی چیرۆکەکانیان وەك سەرچاوەیەکی گرنگ سوودیان لە فۆلکلۆر و ئەفسانەکان بینیوە.

**٢- رۆڵی رۆژنامە و گۆڤارەکان لە پێشخستنی ئەدەب و چیرۆکی منداڵاندا:**

ئەگەر ئێمە بە پێی ئەو قاڵب و چۆنیەتە زانستییانەی، کە ئەمڕۆ بۆی دانراوە و ئەو تایبەتی و خاسیەتانەی، کە لێی داوا دەکرێ، بە شێوازێکی هاوچەرخانە بڕوانینە ئەدەبی منداڵانی کوردی ئەوا زۆر ساوایە و تەمەنی هێشتا کەمە.

دوا بە دوای (خانی) و (شێخ مارف) لە ئەدەبی نووسراوی کوردیدا بابەتێکی وانابینرێت، کە شایەنی ئەوە بێت بیخەینە ئەم خانەیە، بەڵام کاروانی رۆژنامەوانیی کوردی لەم ڕووەوە ڕۆڵێکی گرنگی گێراوە، هەر چەندە لەبەر ئەو بارودۆخە نەگونجاوییەی، کە باڵی بەسەر میللەتی کورددا کێشاوە لەهەموو بوارەکانی ژیاندا و ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتوونەتە ڕێی نووسەر و رۆناکبیرانمان، نەتواندراوە رۆژنامە یاخود گۆڤارێکی تایبەتی بۆ منداڵانی کورد بێتە ئاراوە و چاوەکانیان بە وێنەی رەنگا و رەنگ بگەشێتەوە، جگە لە دوو گۆڤاری **(گڕوگاڵی منداڵانی کورد)** و (ئەستێرە) زیاتر، کە ئەوانیش تەمەنیان کورت بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەر و رابەرانی رۆژنامەوانی کورد هەر کاتێك، کە بۆیان کرابێت، لە لاپەڕەی رۆژنامە و گۆڤارەکانیاندا دڵ و دەروونی منداڵانی بێ نازی کوردیان بە شیعر و چیرۆکی بە پێز فێنك کردۆتەوە و وتار و ئامۆژگاری جۆراو جۆریان پێشکەش بە مامۆستا و خێزانی منداڵان کردووە بە مەبەستی رێنمایی پەروەردەیی و زانستی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی.

ئەم دیاردەیەش هەر لە مێژووی دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی **(کوردستان)**، لە ٢٢ی نیسان ١٨٩٨ دادەبینرێت. **"ئەم رۆژنامەیە هەر لەسەر و تاری ژمارە (١) یدا، (میقداد مەدحەت بەدرخان)ی خاوەنی ئەم رۆژنامەیە... ئاماژەی بەوە داوە، کە زانست و زانیاری زۆر پێویستن بۆ کورد و... هانی منداڵ و لاوانی کورد دەدات بۆ چوونە قوتابخانە. (کوردستان)، لەسەر وتاری ژمارە (٢) یشدا زەقتر دێتە سەر هاندانی دایکان و باوکان، بۆ هەناردنە بەر خوێندنی منداڵەکانیان و بە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ)، کە هانی موسوڵمانان دەدات بۆ بەدەستهێنانی زانست و زانیاری، ئەویش پاڵپشتی بۆ ئەو داوایەی خۆی دروست دەکات، بە هێنانەوەی ئەم فەرموودەیە، کە دەڵێت :اگلبوالاعلم من المهد الی اللحد"** {١١: ٢٦ - ٢٧}

هەروەها وتارێکی دی لە گۆڤاری (**رۆژی کورد**)ی ئەستەمبوڵ (١٩١٣)، لە ژێر ناونیشانی (**منداڵ بۆ چ زوو فێری خوێندن نابێ..؟**)، لەلایەن عەبدولکەریم ناوێکەوە نووسراوە، کە تیایدا نووسەرەکەی دژی لێدانی منداڵان دەوەستێ لە قوتابخانەو حوجرەکاندا و، باسی خراپی باری خوێندن دەکات لەلای کوردەکاندا، هەروەك دەڵێت: **"لە شاری کوردە بەدبەختەکان منداڵ بۆ چی زوو فێری خوێندن نابێ؟ منداڵی فەرەنگ بۆ چی بە شەش، بە حەوت رۆژ فێری خوێندن ونووسین دەبێ؟ منداڵی ئێمە لەبەر چی لە مەکتەب را دەکا و مەیلی تەحسیلی نیە... چونکە لە مەکتەب و لە حوجرە فەلەقە هەیە، لێدان هەیە شەق و زللەی موعەلیم ئیش دەکا، موعەلیم نازانێکە لە دونیادا مەسئولە، چونکە قانون مەساعی شەق و زللەی نەداوە،... تاد."** { ١٠٧: ٢١ - ٢٢ }

لە رۆژنامەی (**بانگی کوردستان**) یش (١٩٢٢ _ ١٩٢٦) یەکێك لەو بابەتانەی، کە بۆ منداڵ نووسراوە، وتارێکی(**عەلی کەمال**)ە، بە ناونیشانی (**تەربیەی ئەولاد**)، نووسەر تیایدا باسی دواکەوتوویی و خراپی پەروەردە و فێرکردنی منداڵ دەکات لەلای خۆماندا، لە توند و تیژی و هەڵسوکەوت و شێوازی مامۆستایان لە حوجرە و قوتابخانەکان بەرامبەر قوتابیانی بەردەستیان و، خراپی ماددەکانی خوێندن لە کۆنیان و دوورودرێژیان، چونکە چەند ساڵێك دەخایێنن، ئەمە سەرباری کەم تەرخەمی کەس وکاری منداڵ و قوتابیان و گوێ پێنەدانیان و، پارە خەرج نەکردن بۆیان بۆ تەواوکردنی خوێندنەکانیان، هەروەك نووسەر دەڵێ: **"لەمەمالیکی موتەمەددینەدا عادەتە هەر کەسە منداڵی خۆی لەگەڵ خۆی دەگێرێ، مەجلسی عیلم و مەعارفی پێ نیشان ئەدا و... حیکایەتی حیکەمی پێ دەڵێ، یەعنی دائیر بە مەوجودات و مەسنوعات مەعلوماتی موختەسەرەی پێ دەڵێت، لە دە دوانزە ساڵیدا بۆ سییاحەت بە ئەترافدا دەیگێرێ... لە جیاتی ئەمە، ئێمە منداڵەکانمان کە گەیشت بە سێ چوار ساڵ بەرەڵلای دەکەین لە کۆڵانان... یاخود ئەینێرینە لای مامۆستایەك کە لە حوجرەکەیدا منداڵ دڵتەنگ دەبێ و، ناتوانێت تیای دانشێت... ئەو منداڵانەش کە نەچنە مزگەوت بۆ خوێندن، بچنە مەکتەب، سێ چوار ساڵ ئەخوێنن، لە پاشان کە تەرفیعیان کرد، باوك و دایکی بۆ تەحصیلی دڵی نایە میقدارێکی کافی پارەی بۆ سەرف بکا و، بینێرێتە**

**مەملەكەتێك تەحصیلێكی موفید بێنێ، پێی دەڵێ: ئەوا خوێندنت تەواو كرد، ئیتر چیت لێ بكەین؟... تاد"** {١٣٧: ٢}

هەروەها ڕۆژنامەی **(ڕۆژی كوردستان)** یش لە ژمارە (١١) دا، نووسینێكی درێژی لە لایەن **(م. قادری سەعید زەكی)** یەوە بلاوكردۆتەوە بە ناوی **(تەربیە و تدریسی منداڵان)**، كە تیایدا ڕەخنە لە چۆنیەتی پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵان دەگرێ لەلای خۆمان و بەراوردی گەلێ جۆری پەروەردە كردنی میللەتە پێشكەووتووەكانی ئەم سەردەمە دەكات و دێتە سەر ئەوەی، كە ئەم وڵاتانە ڕێگاكانی پەروەردە و ڕۆشنبیركردنی منداڵەكانیان بە شێوازێكی زانستانە و نوێیە و زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ئێمەی كورد. {١٢٩: ٣}

ئەو وتارانە و چەندێكی تری هاوشێوەی ئەوانە، كە نووسەر و شاعیرانی كورد لە لاپەڕەی گۆڤار و ڕۆژنامە كوردییەكاندا پێشكەشی منداڵانیان كردووە، ناتوانرێ بخرێتە ناوخانەی ئەدەبی منداڵانەوە، بەڵام دەتوانین بلێین سەرەتایەكە بۆ چوونە ناو ئەو ئەدەبە و دڵسۆزی و خەمخۆری نووسەر و ڕۆناكبیرانمان نیشان دەدات بۆ منداڵانی كورد، بەرزی ڕادەی ڕۆشنبیری ئەو نووسەرانە و هوشیاریان لە ئەدەبیانی میللەتانی تر. بۆیە ئێمە دەتوانین یەكەم بەرهەمی نووسراو بۆ منداڵان، كە شایەنی ئەوە بێت بیخەینە ژێر خانەی ئەم ئەدەبەوە، لەگەڵ دەرچوونی گۆڤاری كوردستان بێت لە ئەستەمبۆڵ لە ساڵانی ١٩١٩ - ١٩٢٠ز دا، لە ژمارە (٦)ی ئەم كۆڤارەدا بۆ یەكەمین جار پارچە شیعرێك بۆ منداڵان بلاو بووەوە لە ژێر ناوی **(دەلالیا زارۆكان)** لە لایەن **(زینۆ)** ناوێكەوە.لەبەر گرنگی و بایەخی ئەم پارچە شیعرە بۆ جاری دووەم لە ساڵی ١٩٣٢ز لە ژمارە (٥) ی گۆڤاری هاواردا دیسان بلاو كراوەتەوە و بۆ گۆڤارەكە دەركەوتووە، كە خاوەنەكەی (ئەمین عالی بەدرخان)ە. {٥٦: ١٠٢}.

**گۆڤاری (زاری كرمانجی)** ش، كە لە (سالانی نێوان ١٩٢٥ز _ ١٩٣٢ز لە ڕەواندوز دەرچووە، بایەخی تایبەتی خۆی بە منداڵ داوەو، لە هەندێ ژمارەكانی دا، وتار و بابەت و چیرۆكی تایبەت بە منداڵان بلاو كراوەتەوە، بۆ نموونە:

لە ژمارە (١٠)ی ئەم گۆڤارەدا، چیرۆکێك بۆ منداڵان لە ژێر ناونیشانی **(بە میوەی داروبەرانی تێدەگەن)**بڵاو کراوەتەوە، کە نووسەر تیایدا باس لە پیاوێك دەکات، بە پێنج هەرمێ کە دەستچنی خۆی بوو، لە داری کردنەوە و بۆ ماڵەو بردنیەوە، دەیەوێت چوار کوڕی خۆی تاقی بکاتەوە، ڕێگەی پیاوەتی و خێر و چاکەیان پێ بناسێنێ. {٩٥: ١٩}

هەروەها لە ژمارە (١٩)دا لە بەشی پەروەردە، بابەتێك لە ژێر ناونیشانی **(منداڵی ئەمڕۆ پیاوی سبەینێیە لازمە ئامادە بکرێ)** بڵاو کراوەتەوە، کە گفتوگۆی نێوان (باوك و کوڕێکە)، نووسەر لەم بابەتەدا باس لە کوڕە کوردێکی ئەم وڵاتە دەکات، کە لەگەڵ باوکەدا گفتوگۆیێکی درێژ لەسەر خوێندن و گرنگییەکانی دەکات و دەیەوێت باوکی تێ بگەیێنێت کەوا خوێندن و زانیاری وەرگرتن لەلای خودادا خۆشەویست و ئیتر بە رقەوە سەیری نەکات، بایەخی پێ بدات و بیهێڵێت بخوێنێت، کوڕەکە هەوڵ دەدات بۆ باوکی بسەلمێنێت کە جیاوازی ئەو لەگەڵ منداڵانی دنیا لەم هەموو پێشکەوتنەیاندا، تەنها هۆکارێکە ئەویش خوێندنە. {٩٧: ١١}

لە ژمارە (٢٠)یشدا، گۆڤاری زاری کرمانجی وتارێکی لە ژێر ناونیشانی (فائیدەی فوتابخانە )بڵاو کردۆتەوە، کە نووسەر تیایدا باسی گرنگی زانست وزانیاری دەکات و لەگەڵ جەهل و نەزانیندا بەراوردی دەکات، هانی بەدئەخلاقی و بێ دینی نیە، بەڵکو جێگای وەرگرتنی دین و زانست وزانینە. {٩٦: ٢}

یەکێکی تریش لەو گۆڤارانەی، کە بایەخی تایبەتی خۆی بە ئەدەبی منداڵان داوە، گۆڤاری **(هاوار)** (١٩٣٢ز - ١٩٤٣ز) بووە، لە هەندێ ژمارەی (هاوار)دا ستونێك هەبووە لە ژێر ناونیشانی **(ستونازارۆکان)**، کە بۆ منداڵان تەرخان کراوە و شیعر و سروود و چیرۆکی جۆراو جۆری تیادا بڵاو کراوەتەوە، جگە لەمەش (هاوار) بایەخی بە نامە نووسینیش داوە، وەك هونەرێکی تری پەخشان، لەم گۆڤارەدا دوو جۆرە نامەی منداڵان بە دی دەکرێت، نامە لە منداڵانەوە و نامە بۆ منداڵان.

سەبارەت بە هونەری چیرۆکیش، (هاوار) بایەخی تایبەتی خۆی بە چیرۆك داوە بۆ نموونە: **"لە {ژمارە (٣٠)، ل ١٣}دا، نووسەرێك بە ناز ناوی (دەرکەتیکی دێرسمی)، کە بە لای (فرات جەوەری)ەوە ئەمە نورەدین زازایە،**

**چیرۆکێکی بڵاوکردۆتەوە بە ناوی (کورد یەکن) و لە ژێر ناونیشانەکەیەوە نووسیویە (شاگردین سنفەکێ وەك زاروێین مالەکێنە). هەروەها نووسیویەتی (ژبۆ بچوکێن کوردان)، واتە بۆ منداڵانی کورد. هەر نورەدین زازا، لە {ژ٣٢، ل ٢}دا چیرۆکێکی بە ناوی (شێرەتێن ئەحمەدێ خانی) بلاوکردۆتەوە... هەر لە بواری چیرۆکدا، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ، کە چەندین چیرۆك لەسەر زمانی گیاندران (فابل) لەسەر لاپەڕەکانی (هاوار) بڵاوکراونەتەوە.دیارە پاڵەوانی ئەم جۆرە چیرۆکانە ئاژەڵ و زیاتر لەگەڵ سروشتی دەروونی منداڵان دەگونجێن، بۆیە ئەم جۆرە چیرۆکانە دەچنە خانەی چیرۆکی منداڵانیشەوە.** {٣: ١٤٣ - ١٤٤}

ساڵانی چلەکانیش لەگەڵ بەرەو پێشچوونی بزاڤی رۆژنامەوانی و تێپەر بوونی ساڵێك بەسەر دەرچوونی گۆڤاری **(گەلاوێژ)**، کە لە ساڵی ١٩٣٩ز دا یەکەم ژمارەی لێ دەرچوو، ئەدەبی منداڵانیش هەنگاوێك بەرەو پێشەوە چوو، لە گۆڤارەکەدا ئەدەبی منداڵان بە شیعر و چیرۆك و وتاری جۆراوجۆر تا رادەیەك گرنگی پێدراوە، بە تایبەتی لە دوا ژمارەکانی ساڵی نۆیەمی (گەلاوێژ)دا گۆشەیەکی تایبەت لە ژێر ناونیشانی **(بەشی منداڵان)** کراوەتەوە و، لە زۆربەی ژمارەکاندا ئەم گۆشەیە هەر هەبووە، کە تیایدا چەند چیرۆکێك بۆ منداڵان بڵاوکراوەتەوە، لە هەندێکیاندا ئاماژە بە ناوی نووسەرەکە نەکراوە و، هەندێکیشیان لە لایەن (ر) ناوێکەوە بڵاوکراونەتەوە. هەندێ نموونەی ئەم چیرۆکانەش:

چیرۆکی **(داڵە سوورە)**[٩]، چیرۆکی **(مارەکەی شێخ هۆمەر)**[١٠]، چیرۆکی **(بزن ومیمون)**[١١]، چیرۆکی **(رێویەکەی قەمچۆغە!)**[١٢]،... تاد. مەبەستی نووسەریش لە دانانی ئەم چیرۆکانەدا، پەروەردە و ئامۆژگاری کردنی منداڵان بووە.

---

(٩) بڕوانە: گ (گەلاوێژ)، ژ (١١)، ساڵی نۆیەم، تشرینی دووەمی ١٩٤٨ز، ل ٥٤ - ٥٦.

(١٠) بڕوانە: گ (گەلاوێژ)، ژ (٢)، ساڵی دەیییەم، شوباتی ١٩٤٩ز، ل ٥٣ - ٥٤.

(١١) بڕوانە: گ (گەلاوێژ)، ژ (٥)، ساڵی دەییەم، مایسی ١٩٤٩ز، ل ٤١ - ٤٦.

(١٢) بڕوانە: گ (گەلاوێژ)، ژ (٦)، ساڵی دەییەم، حوزەیرانی ١٩٤٩ز، ل ٤١ - ٤٨.

ئەم چیرۆکانەی کە لە گۆڤاری گەلاوێژ بۆ منداڵان بڵاوکراونەتەوە، بە رای (د. **محەمەد دلێر**) لەلایەن **عەلائەدین سەجادی** یەوە نووسراوە، بەڵگەشی بۆ ئەمە، کتێبی (**هەمیشە بەهار**)ە[١٣]، کە دانەرەکەی ئەم چیرۆکانەو چەند چیرۆکێکی تریشی تیادا بڵاو کردۆتەوە. {٥: ٤٦}

دەتوانین بڵێین لە ساڵانی چلەکاندا زیاتر رێڕەوەکە باشتر بوو، ئەویش لە سایەی هەردوو گوڤار (گەلاوێژ) و (دەنگی گێتی تازە)دا، هەروەك پرۆفیسۆر د. شوکریە رەسول دەڵێت: **"ساڵانی چل لە مێژووی رۆژنامە نووسی کوردیدا بە ساڵی گەشەسەندن و پەرەپێدانی چیرۆکی هونەری کوردی دادەنرێ، بە هۆی گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەوە، کە گۆڤاری گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە رۆڵێکی چاکیان لە پێگەیاندنی چیرۆکنووسانی بەناوبانگ وەك (عەلائەدین سجادی، رەشید نجیب، حوسێن حوزنی موکریانی، شاکر فەتاح، برایم ئەحمەد، پیرەمێرد... و چەندانێکی تر. گۆڤاری دەنگی گێتی تازە لە رووی بایەخدان و بڵاوکردنەوەی چیرۆکی منداڵاندا، کە زیاتر شوێنێکی دیار و شیاوی هەبێ، بەرهەمەکانی خەم خۆر و دڵسۆزی کورد (حوزنی موکریانی) یە، نموونەی چیرۆکەکانی، کە بۆ منداڵانی نووسیوە (ورچ و رێوی) و (خاوەن دارستان و پشیلە) و (گورگ و رێوی)ە، کە زیاتر سوود کردنە لە فۆلکلۆری کوردی لە پێناوی پەروەردەکردن و فێرکردنی وە چەیەکی نوێی منداڵانی کورد لە رێگەی پەند و ئامۆژگاری بە زمانی ئاژەڵانەوە"** {٤٢: ١٤٤ - ١٤٥}

هەر لە ساڵانی چلەکان لە کوردستانی ئێران بۆیەکەمین جار لە مێژووی ئەدەبی منداڵانی کوردی یەکەمین گۆڤاری تایبەت بە منداڵان لەلایەن کاربەدەستانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد هاتە دەرکردن، کە ساڵەهای ساڵ بوو منداڵانی کورد بە هیوای لە دایك بوونی گۆڤارێك بوون بە زمانی زگماکی خۆیان، ئەویش گۆڤاری (گرو گاڵی منداڵانی کورد) بوو، کە یەکەمین ژمارەی لە (٢١ی نیسانی ١٩٤٦ز لە ١٥ لاپەڕەدا دەرچوو).

**"گرنگی ئەم گۆڤارە لەوەیدایە، کە لە دوای دەرچوونی رۆژنامەی (کوردستان) لە قاهیرە (١٨٩٨ز)، بە ماوەی (٤٨) ساڵ واتە نزیك بە نیو سەدە،**

---

[١٣] بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی ئەم چیرۆکانە، بڕوانە: عەلائەدین سەجادی، هەمیشە بەهار، چاپخانەی مەعارف، بەغدا، ١٩٦٠.

**ئەمە یەکەمین گۆڤاری تایبەت بە منداڵان بووە لە زمانی کوردیدا هەر چەند بە هەڵسەنگاندنی ئەمڕۆ، چوار چێوە و شێوازێك، کە گۆڤارێکی منداڵان دەبێ هەیبێ لە (گڕ و گاڵی منداڵانی کورد)دا وە بەرچاو نەگیراوە، بەلام بۆ ئەم سەردەم بۆ یەکەم جار هەنگاو لەم ڕێیەدا کارێکی سەرکەوتوو بووە جگە لە بابەتگەلی کێبەرکێ و کایە و ڕابواردن، بە زمانێکی سادە کەڵکی بەم بابەتانەی خوارەوەش بینیوە وتاری بلاوکردۆتەوە: شیعر، مێژوو، جوگرافی، ناساندنی گەورە پیاوانی کورد، حەکایەت و داستانی کورد، وەرگێردارو، بابەتی پزیشکی و تەندروستی، بابەتی زانستی وریزمانی کوردی"** {١٠١: ٢١٦}

**(گڕوگاڵی منداڵانی کورد)**[١٤] نرخ و بەهای تایبەتی خۆی لە مێژووی ئەدەبی منداڵاندا هەبووە، ئاواتی منداڵانی هێناوەتە دی، چیرۆکیش یەکێك بووە لەو بابەتانەی، کە بایەخی پێدراوە لەم گۆڤارەدا، بەلام تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچووە، لەگەڵ کوژانەوەی چرای کۆماری کوردستاندا، ئەم گۆڤارەش کۆتایی پێ هاتووە.

هەر لە بارەی بایەخدان بە ئەدەب و چیرۆکی منداڵان، مامۆستا **(نەجمەدین مەلا)** لە ڕۆژنامەی(ژین)[١٥] دا ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووەو، خزمەتێکی چاکی منداڵانی کوردی کردووە، بەوەی هەفتانە لەم ڕۆژنامەیەدا چیرۆکێکی بە پێزی بۆ منداڵان دەنووسی و بلاوی دەکردەوە. {٦٨: ٣٨}

کەواتە دەتوانین بلێین لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم و بە تایبەتیش لە ساڵانی سیەکان بەولاوە، لە ژێر کاریگەری ئەدەبیات و ڕۆشنبیریی ولاتانی دراوسێ و بێگانەدا، هەروەها شۆڕشەکانی شێخ مەحموود و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و ئاستی ڕۆشنبیریی خەڵکی کوردستان بە گشتی و هونەرمەندان بە تایبەتی، لەم رووەوە ئەدەبیاتیش هەنگاوێکی تری بەرەو پێشەوە ناو ژمارەیەکی زۆر لە شاعیر و نووسەران هاتنە مەیدان و لە بواری

---

[١٤] بۆ ئەوەی زانیاری زیاتر لە ئاست هونەرە ئەدەبیەکانی ناو گۆڤارەکەو نووسەرە دیارەکانی وەربگیرێت، بڕوانە: د. همیدادی حوسێن، گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد و سەرەتای ڕۆژنامەنووسی پەروەردەیی، ل٢٣

[١٥] ڕۆژنامەی (ژین) یەکێك بوو لەو ڕۆژنامانەی، کە لاپەرەیێکی بۆ (بەشی منداڵان) تەرخان کردبوو.

ئەدەبی منداڵانیشدا رۆڵی خۆیان بینی، زۆربەی ئەو نووسەر و شاعیرانەش بەرهەمەکانیان لە شیعر و چیرۆك لە باوەشی رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاودەکردەوە، بە تایبەتی دوای ئەوەی، کاروانی رۆژنامەوانی بەرەو پێشەوە چوو و ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامە و گۆڤار کەوتنە مەیدان و بلاوکرانەوە. رادەی رۆشنبیریی و خوێندەواریش بە کردنەوەی قوتابخانە و خوێندنگا لە زۆربەی شارەکاندا و ناردنی کوڕ و کچ بۆ خوێندن بەرزبووەوە.

ئەو نووسەر و شاعیرانە دەستیان بە دانانی سروود بۆ منداڵان و قوتابیان کرد، دواتر چەندین شیعری بە پێزیان بۆ منداڵان نووسی، کە لەگەڵ چێژ و دنیا و فەرهەنگی زمانی ئەواندا دەگونجان و بوونە مایەی دڵخۆشکەری منداڵان. لەوانە(بەرخەکەم، گۆرانی کەو، بەفر، جگەرتانین... و چەندێکی تری شاعیر (**گۆران**)[١٦]، هەروا چەند شیعرێکی بە پێزی تری شاعیرانی کورد **(بێ کەس، زێوەر، پیرەمێرد، ع.ع. شەونم، عومەر عەبدولرەحیم... تاد).**

بەم شێوەیە ئەدەبی منداڵان لەلای شاعیرو نووسەراندا بایەخی پێدراوەو هەر لە دوای قۆناغی فەرهەنگ دانان بۆ منداڵان بە شێوەی شیعر و نووسین و بلاوکردنەوەی وتار لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا، ئینجا قۆناغی نووسین و هۆنینەوەی شیعر و سروودی بە پێز بۆ منداڵان لەلایەن ئەو شاعیرانەوە هاتە کایەوە.ساڵانی شەستەکان، واتە دوای تەمموزی ١٩٥٨ز، رۆژنامە و گۆڤارەکان ژینگەی بلاوبوونەوەی ئەو شیعر و سروودانە بوون، کەواتە دەتوانین سەرەتای شەستەکان بەوە دانێین، کە شیعر دانان بۆ منداڵان زۆرتر بلاوبووەوە، هەر لەم ساڵانەشدا بوو، کە چەند کتێبێکی تایبەت بە شیعری منداڵان بلاوکرایەوە وەکو: (چرۆ، شێری ساختە ـی کاکەی فەللاح) و (جریوەی ـ ع. ع. شەونم) و (پاڵەانی دوارۆژ)، لە نووسینی عومەر عەبدولرەحیم و فەرەیدون عەلی ئەمین). {١٢١: ١٠٧}

حەمە ساڵح فەرهادی لە بارەی ئەو شاعیرانە و شیعری منداڵان نووسیویەتی: **"ئەو رێبازە ئەدەبیەی زێوەر دەربارەی شیعری منداڵان تا ئێستاش بەردەوامە و کەم شاعیری کورد هەیە شیعری بۆ منداڵان نەگوتبێ، بەڵام لە نێوان ئەو شاعیراندا، بێکەس و پیرەمێرد و گۆران و دوای ئەمانیش**

---

[١٦] بڕوانە: گۆران (دیوان)، محەمەد مەلا کەریم، ل ٤٢١ ـ ٤٣٣.

**کاکەی فەللاح و فەرەیدون عەلی ئەمین و عەلی شەونم و لەتیف هەڵمەت و ڕۆستەم باجەلان، چەند شاعیرێکی دیکەش شوێن پەنجەیان لە شیعری منداڵاندا دیارە و باسکردنی ئەدەبی منداڵان بێ ناوهێنانی ئەمانە ناتەواو دەبێت."** {۲۱: ۵۸ - ۵۹}

زۆربەی ئەو نووسەر و ڕۆناکبیرانەی، کە لەم بوارەدا (**ئەدەبی منداڵانی کورد**)دا کاریان کردووە، ساڵانی حەفتاکان بە سەردەمی زێڕینی ئەدەبی منداڵانی کورد دادەنێن، بە تایبەتی دوای یانزەی ئازاری ۱۹۷۰ز چاپەمەنی منداڵان زیاتر بایەخی پێدرا، بۆ یەکەمین جار گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵان بە ناوی (ئەستێرە) بڵاوکرایەوە، جاری یەکەم لە سلێمانی وەکو پاشکۆییێکی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، کە لە نێوان ساڵانی(۱۹۷۲ز - ۱۹۷٤ز)دا دەرچوو، سێ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.

ژمارە(یەك)ی (ئەستێرە) لە ساڵی ۱۹۷۲ز دا دەرچووە و (۲٦) لاپەڕەیە، تیایدا لاپەڕە (۱۲ و ۱۳) چیرۆکێکی (کاوەی ئاسنگەر)ی تیایە، لاپەڕە (۱۹)ەش هەڵبەستێکی (کاکەی فەللاح)ە بە ناونیشانی (عەبە خەو خۆش). لەگەڵ چەند ئامۆژگاری و چیرۆك و هەلبەستێکی تر. ژمارە (۲)ی ئەم گۆڤارە لە (ئەیلولی ۱۹۷۲ز)دا دەرچوو بە(۳۰) لاپەڕە و، چەند چیرۆك و هەڵبەست و بابەتی تری ڕەنگاوڕەنگی منداڵانی بە خۆوە گرتووە، بۆ نموونە لە لاپەڕە (سێ) چیرۆکێکی سیناریۆداری تیایە لە ژێر ناونیشانی (ئەنجامی لاساری) لە نووسینی (ڕزگار شەوقی)، لاپەڕە (٤)ی چیرۆکێکی وەرگێڕدراوی تیایە بە ناوی (ڕاوکەری ئەستێران) لە وەرگێڕانی (شاکر فەتاح). ژمارە (سێ)ی گۆڤاری ئەستێرە، کە دوایین ژمارەی ئەستێرەی یەکەمە، لە (شوباتی ۱۹۷٤ز) دادەچووەو بە هەمان شێوەی ژمارە (۱) و (۲)، بایەخی بە ئەدەب و چیرۆکی منداڵان داوە. ئەم گۆڤارە (ئەستێرە) بۆ جاری دووەم گواسترایەوە بەغدا و وەك پاشکۆیەکی گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) ساڵی ۱۹۷۵ز، ئەم جارە دوو ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە.بەڵام ژمارە (۲)ی لەلایەن میرییەوە، دەستی بەسەر داگیرا. ئەم دوو ژمارەیەش بایەخێکی زۆری داوە بە چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لە بڵاوکردنەوەی چەند چیرۆك و هەڵبەستێکی بە پێز. {۱۰۸: ۲٤۳ - ۲۵۰}

گۆڤار و رۆژنامەکانی ئەو سەردەمە (سالانی شەست و حەفتاکان)، وەکو (برایی - برایەتی، ژین، هاوکاری، بیری نوێ، بەیان، پەروەردەو زانست...تاد)، کە هەمیشە لە پەرەسەندن و خزمەتکردنی ئەدەبی کوردیدا بەشداریان کردووە، ئەم خزمەتکردنە ئەدەبی منداڵانیشی گرتۆتەوە. هەرچەندە بە تەواوی حەز وئارەزووی منداڵانیان تێر نەکردووە، بەڵام کەم یان زۆر بە هەڵبەست و چیرۆکی بە پێز و وتار و ئامۆژگاری رۆڵێکی گرنگیان لە چاوکردنەوەو رۆشنبیر کردنی منداڵاندا هەبووە.

لەوانە رۆژنامەی (برای - برایەتی) بابەتی منداڵانی جارجارە بە جیا، جاروباریش لەگەڵ بابەتەکانی ئافرەتان لە گۆشەی (ئافرەت و منداڵ)دا باس کردووە.سەبارەت بە چیرۆك، ئەم گۆڤارە لە چەندین ژمارەدا بابەتی چیرۆکی خۆماڵی و وەرگێرداروی بە ناوەرۆکی جۆراوجۆر بۆ منداڵان بڵاو کردۆتەوە، هەر بۆ نموونە:

چیرۆکی (مەترسن) یەکێکە لەو چیرۆکانەی، کە نووسەرەکەی لەسەر زمانی ئاژەڵان باس لە دیاردەی ترس دەکات و، چەند ئامۆژگارییەك بۆ منداڵان دەخاتە روو. {١٢٤: ١٠}

هەروەها (ئیبراهیم قادر جاف)چەند چیرۆکێکی بۆ منداڵان لە برایەتی دا نووسیوە، لە وانە چیرۆکی (بۆربۆرێن) کە نووسەر تیایدا باس لە سیفەتی خۆ بە زل زانین و لەخۆ بایی دەکات و کەسایەتیەکانی نێو چیرۆکەکە بریتین لە کەسایەتی ئاژەڵ. {١٢٢: ٨}

جگە لە چیرۆکی خۆماڵی، زۆر جار لە رۆژنامەی برایەتی چیرۆکی وەرگێردراویش لەلایەن نووسەرانەوە بڵاوکراوەتەوە، شوکور مستەفا چەند چیرۆکێکی نووسەری بولغاری (ئەنگیل کرالیچیف)ی لە تورکیەوە بۆ کوردی وەرگێراوە. هەروەها کوردستان موکریانی چەند چیرۆکێکی نووسەری رووسی (تۆڵستۆی) بۆ کوردی وەرگێراوە و لە (برایەتی)دا بڵاوکردۆتەوە.

گۆڤاری (بەیان)یش گۆشەیەکی تایبەتی لە ژێر ناوی (چیرۆك بۆ منداڵان) هەبوو، کە نووسەری ئەم بەشە مامۆستا (ن.ع)ەولە زۆربەی ژمارەکاندا چیرۆکێکی جوان و بەکەڵکی لە زمانێکی بێگانەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێراوە. {٦٨: ٢٩}

ڕۆژنامەی (هاوکاری)یش لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠ز - ١٩٧٤ز)دا، تیشکی خستۆتە سەرچەند بابەتێکی هەمەڕەنگی ئەدەبی منداڵان، لە وتار و لێکۆڵینەوە و شیعر و نیگار و شانۆ و چیرۆك. بۆ نموونە کوردستانی موکریانی، یەکێکە لەو نووسەرانەی، کە لەو ماوەیەدا، نزیکەی (هەشت) چیرۆکی لە (هاوکاری)دا بڵاوکردۆتەوە، لەوانە (دەنکە نۆك، شێر و ڕێوی، چیرۆکێك، بازنە و ملوانکە، قەلەڕەشە، کووپەڵە ئاو، مریشکە قووڵە، هەڵۆ و تاوس) {٧٥: ٧٩ - ٨١}

دەتوانین بڵێین شیعر و چیرۆکی منداڵان لە ساڵانی حەفتاکاندا، هەنگاوێکی چاکیان هاویشت و زیاتر لەویست و ئارەزووی منداڵانی کورد نزیك بووەوەو چەند کۆمەڵە شیعرێکیش هەر لەم ساڵانەدا بۆ منداڵان بڵاوبوونەوە لەوانە (شاهۆ ـ عوسمان هەورامی)، (ورشە ـ جەمال نوری)، (پیاوە بچکۆڵەکە شیعر و چیرۆکە ـ فەرەیدون عەلی ئەمین)، (کارژۆڵە ـ فەرەیدون عەلی ئەمین)، (جگەرگۆشەکان ـ کاکەی فەللاح)، (جوانترین دێ ـ لەتیف هەڵمەت).. هتد. کاروانی نووسینی ئەدەبیاتی منداڵان لە هەشتاکانەوە زیاتر برەوی سەند... لێرەدا هەندێ لەو کتێبانە دەست نیشان دەکەین، کە لەم ماوەیەدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە: (سۆلین - ڕۆستەم باجەلان)، (بەهەشتی منداڵان ـ دایکی سۆلاڤ)، (چۆلەکە پاساری ـ کاکەی فلاح)، (ئارەزوو ـ وتار و شیعر و چیرۆکە بۆ منداڵان ـ سروە و مەریوان نوری دزەیی)، (دەنگخۆشترین مەل ـ لەتیف هەڵمەت)، (باخچەی منداڵان ـ ڕۆستەم باجەلان)، (پیرێکی ڕیش درێژ بوو ـ فەرەیدون عەلی ئەمین)، (خەرمانلۆغە ـ ئیبراهیم شوان)، (پشکۆ ـ ئەحمەد ڕێبوار)... هتد {١٢١: ١٠٨}

### ٣- چیرۆکی منداڵان لە شێوەی نامیلکە یان کتێب لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٩٩١:

پێشتر بە شێوەیەکی گشتی و خێرا باسی ئەدەبی منداڵانی کوردی و هەندێ نموونەی چیرۆکمان کرد، کە لەلای نووسەرانمان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکرابوونەوە. ئێستاش ئاماژە بەو چیرۆکانە دەکەین، کە بە

شـێوەی نامیلکـە یـان کتێـب (لـە سـەرەتاوە تـاوەکو دوای راپـەڕینی[١٧] ١٩٩١ز) بڵاوکراونەتەوە و بە چاپ گەیێنراون.

ئەگـەر چـی تـا ئێـستا نووسـەر و لێکۆڵـەرانی بـواری چیرۆك بـە گـشتی و چـیرۆکی منـداڵان بـە تایبـەتی، لەسـەر ئـەوە رێـك نەکـەوتوون، کـە یەکـەم چیرۆکی کوردی، کە بۆ منداڵان نووسـرابێت کامەیـە و کـەی نووسـراوە، بـەڵام نووسـەر (نـەوزاد عـەلی ئەحمـەد) پێـی وایـە لـە رووی مێژوویيـەوە کـۆنترین چـیرۆك، کـە بـۆ منـداڵان نووسـرابێت بریتیـە لـە چـیرۆکی (کەڵـەکۆك)[١٨] لـە نووسینی (عیسا عەلی)، ئەم چیرۆکە لە ساڵی ١٣٤٥ی کۆچی لـە یـەکی شـەعبان لـە چـاپخانەی (زاری کرمـانجی) بـە شـێوەی کرمـانجی ژوورو چـاپ کـراوە. {٧٦: ٣٦}.

ناوەرۆکی چـیرۆکەکە کۆمیدیـە و بـەم شـێوەیە دەست پـێ دەکات: هـەبوو نەبوو چ لە خوای گـەورەتر و چ لـە مرۆیـان درۆزنـتر نـەبوو، سـاڵێکی لـە نێـو ساڵاندا ماڵی ئێمە و هەموو دراوسێکانمان تێکـرا رەشماڵیـان لـە (مێرگـەمیرێ) هەڵدا بوو، دەوار و ئاژەڵی ئێمە زۆر قەڵە و ببوون، چونکە ئێمە بـەهارێ زوو سەرکەوتبووینە زۆزانان (کوێستانان) بەبێ سەر ئێشە و تەشقەڵە لـە دەرگـای رەوانـدزێ تێپـەریی بـووین. (گەلاوێـژ) هـەڵات و هـاوین دوایـی هـات و هـەوا

---

[١٧] (دوای راپەڕین) قۆناغێکی جیاوازە لەگەڵ ساڵانی پێش خۆی و ژمـارەی چیرۆك تیایـدا سـنووردار نییـە. ئەمـە لـە لایـەك، لـە لایـەکی تریـشەوە، ئـەو بـارودۆخ و هۆکارانـەی کـە رێخۆشـکەرو گونجـاو بـوون بـۆ بڵاوکردنـەوەو پەرەسـەندنی (چـیرۆکی منـداڵان)، هۆکـار و ژینگەیـەك بـوون جیـا لەگـەڵ سـاڵانی پـێش راپـەڕین. بۆیـە ئێمـە چـیرۆکەکانی (دوای راپەڕینی ١٩٩١ز) لە بابەتێکی سەربەخۆ بە جیاواز لەگەڵ ساڵانی تر ئاماژە پێ دەکەین.

[١٨] چـیرۆکی (کەڵـەکۆك) سـەرەرای یەکـەم چـاپی، هـەروەك لەسـەرەوە دا ئاماژەمـان پێـدا، لەبەر گرنگی و بایەخی دوو جاری تـر لـە چاپ دراوە لەلایـەن (گیـوی موکریـانی)، چاپی دووەمی ئەم چیرۆکە، گیوی موکریانی خستۆتە سەر دیالێکتی کرمانجی خـواروو و لـە ژێـر ناونیشانی (کەلەباب) لە ساڵی ١٩٦٢ز لە هەولێر چاپی کردووە، چاپخانەی کوردستان، چاپی سـێیەمی ئـەم چـیرۆکە، لەسـەر ئـەرکی (گیـوی مۆکریـانی) دیـسانەوە لـە ژێـر ناونیـشانی (کەلەباب) لە سـاڵی ١٩٧٣ز لـە هـەولێر لـە چاپخانەی کوردسـتان لـە چـاپ دراوە. بـۆ ئەمـە بڕوانە: مستەفا نەریمان، بیبلۆگرافیای کتێبی کوردی ١٧٨٧ز ـ ١٩٧٥ز، ل ٢٢٤.

فێنك بوو، ڕۆژێكی لە پێش ڕەشمالآن چەند ڕیش سپییێك كۆببونەوە كردیانـە باس و خواسی كاروانی خوویێیە و بڕیاریانـدا لەسـەر ئـەوەی، كـە ڕۆژی پێـنج شەممە لە ماڵێ وەڕێ بكەون. هـەموویان سـەروبەری كاروبـاریی خۆیـان كـرد، ئەویی ئەسپی هەبوو ئەسپ، ئەویی كەری هەبوو كەر، ئەویی ئێـستری هـەبوو ئێـستر ئـەویی گـای هـەبوو گـا، منـیش بـۆپێڕۆ (بارەبـەر) تـەنها كەڵـەبابێكم هەبوو بەناو ماڵی دەرواسێیاندا گەڕام، یـەكێك تەنگـە، یـەكێك پـاڵوو، یـەكێك هەوسـاریی دامـێ بارەبـەری منـیش دروسـت بـوو، دەمـێ بـاركردنێ داهـات، هەركەسەی لە ماڵی خۆی دەركەوت و غاری دا منیش هێنـدێكم دان (چـیینە) لە گیرفانی خۆم كرد بە قد قد بانگی كەڵەشـێرەكەی خـۆم كـردە بـەر دەركـی ماڵێ و جل و جۆڕم كرد و خۆم هاویشتە سەر ملی...، بـەم شـێوەیە نووسـەر لە گێرانەوەی چیرۆكەكەیدا بەردەوام دەبێت و دوایی باس لـەوەی دەكـات، كـە كەڵەبابەكەی چی كردووە و چی بەسەرهێناوە، لە جێگایەكی تردا بـاس لـەوە دەكـات كاتێـك، كـە دەگەڕێتـەوە ماڵـەوە، سـەیری پـشتی كەڵەبابەكـەی دەكـا و دەبینێ برینـدار بووە. گوایە بە گوێزی هیندی چاك دەبێتـەوە، بۆیـە بـۆ ئـەم مەبەستە دەچێتە مـاڵی ئاغـا و لـە ئاغـا ژنـی پرسـی: لـە ڕێگـای خـودادا هـیچ كاكڵە گوێزی هینـدی هەیـە كـەمێكم بـدەنێ بـۆ دەرمـان؟ ئاغـا ژن گـوتی: بـە خودا پێرار پسپۆڕانی ئێمە بۆ كاوڕ فرۆشـتنێ چـوو بوونـە موصـلێ شـتێكیان لەگـەڵ خۆیـان هێنـابۆوە وەكـو سـەركی مـەیمونی وابـوو، ئێمـە هـەموومان سەرسام بووین لە پاشان گوتیان ئەوە گوێزی هیندیە و شكاندیان هەركەسـەی هێندێكی لێ خوارد كەمێكیشیان دا بەمن، دابـزانم لـە بـن ددانم مایـە؟... بـە هەر جۆرێ بێ لە نێو ددانەكانی دا هێندەی لەپەیەكی كاكڵە گوێز هاتە دەرێ شـایانی سوپاسـە، كـە خـودا كـەس لـەبیر ناكـات... بـەم جـۆرە بـە شـێوازێكی كۆمیدیانە و بەشتی سەیر سەیر لەسەر چیرۆكەكەی بەردەوام دەبێت و دواتر پشتی كەڵەبابەكەی بەو گوێزی هیندییە دەرمان دەكـات و بـەرەڵلای دەرەوەی مـاڵێی دەكـات، سـبەینێ، كـە تەماشـا دەكـات، دار گوێزێـك لەسـەر پـشتی كەڵەبابەكەی ڕوواوە حەوت لقیشی لێ پەیدا بووە. لە كۆتاییدا نووسەر دەڵێت (خوا ماڵی درۆزنی كاول كات)[١٩].

---

[١٩] بڕوانە: عیسا عەلی، كەڵـەباب، وەرگێرانـی بـۆ سـەر دیـالێكتی كرمـانجی خـواروو، گیـوی

ئەگەر چی ناوەرۆکی ئەم چیرۆکە واقیعی نییە و زیاتر خەیاڵییە، بەڵام منداڵان ئارەزووی ئەم چیرۆکانە دەکەن، بە تایبەتی منداڵانی قۆناغی یەکەم، کە لە تەمەنی ٣ - ٥ساڵی دان، هەروەك ئازاد عەبدولواحد دەڵێ: **"نووسەری ئەدەبی منداڵان بە خەیاڵە خولقێنەرەکەی خۆی، ڕووداوەکانی چیرۆك دروست دەکات، مەرج نییە ئەو ڕووداوانەی دەیانخاتە بەردەمیان واقیعی بن، واتە تەنیا لە ڕێگەی عەقڵ و مەنتیقەوە ناچێتە ناو دنیای سەراسیمەی منداڵ، بەڵکو لە زۆربەی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵدا خەیاڵ دەکاتە ڕەگەزە سەرەکیەکە."** {٨٠: ٩٨}

دووەم چیرۆکی منداڵان، کە لە ئەدەبی کوردیدا نووسرابێت، لە ڕووی مێژووییەوە بریتیە لە چیرۆکی (خۆشی و ترشی)، کە لە ساڵی ١٣٤٦ی کۆچی، کە دەکاتە ١٩٢٧ی زایینی لە لایەن حوسێن حوزنی موکریانی لە چاپخانەی ڕەواندوز چاپکراوە، کە چیرۆکێکی فۆلکلۆریە و لەسەر زمانی گیانداران بۆ منداڵان نووسراوە، گفتوگۆیەك لە نێوان گورگ و مەڕ و بزنێك پێشان دەدات[٢٠].

بۆ زیاتر سەلماندنی قسەکانمان، عومەر مەعروف بەرزنجی لە بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی دا، کە باس لەسەرەتاکانی چیرۆکی کوردی دەکات دواتر دەڵێت: **"چەند بابەتێکی سادەی تریش بڵاوکراونەتەوە لەسەر شێوەیەکی کۆن و بەچەشنی چیرۆکێکی گوێ ئاگردان، کە (بزنۆکە و مرۆکەی)ی (حسین حوزنی موکریانی) (١٨٩٣ز ـ ١٩٤٧ز) لە پێش هەموویانەوە لە بنەڕەتا بۆ منداڵان ڕێك خراوە، نووسەر هاتووە لەم چیرۆکەیدا گورگ و مەڕ و بزنی کردووە بە پاڵەوانی چیرۆکەکە و لەسەر ئەم پێوەدانە باسێك بۆ منداڵانی کورد دەگێڕێتەوە، کە سەرتاپا پەند و عیبرەت و ئامۆژگاری بەجێیە، لەلایێکی ترەوە پێویستە ئەو ڕاستییەش بدرکێنین، کە فۆلکلۆری کورد لەم قۆناغەدا کەرەستەی زۆربەی بابەتەکان بووە"** {٥٢: ٤٠ - ٤١}

---

مۆکریانی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر ـ ١٩٦٢ز.

[٢٠] بڕوانە: حسین حوزنی موکریانی، (خۆشی و ترشی) یان (بزنۆکە و مەڕۆکە)، زاری کرمانجی، ڕەواندوز، ١٩٢٧ ز.

له سالانی سییەکاندا "**شاکر فەتاح چیرۆکی (خانووی تازە)ی کردووە بە کوردی، کە چیرۆکێکی کامل گەیلانییە بۆ منداڵان. هەم دیسان شاکر فەتاح یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی منداڵانی بە ناوی (چیرۆك بۆ منداڵان) لە ساڵی ١٩٣٥ز دا لە بەغدا بە چاپ گەیاندووە، کە ئەم کۆمەڵە (٨) چیرۆکن، کە لەسەر زمانی گیانداران نووسراون و سەردەمێك لە پەراوە کوردییەکانی قوتابخانەکاندا خوێندراون.**" {٦٨: ٢٨}، {٥٧: ٦٧}

ساڵانی چلەکان لەگەڵ بەرەو پێشچوونی بزاڤی رۆژنامەوانی و لەسایەی هەردوو گۆڤاری (گەلاوێژ) و (دەنگی گێتی تازە) هەروەك لە پێشتردا باسمان لێوە کرد، چیرۆکیش هەنگاوێك بەرەو پێشەوە چوو، بەلام چیرۆك لەشێوەی کتێب تەنها یەك کتێبمان بەرچاو دەکەوێت لەو ساڵەدا ئەویش، (هاورێی منداڵ)ی شاکر فەتاحە، کە چیرۆکێکی بۆ منداڵان تیایە ئەویش (شاگردی سەرکەوتوو)ە[٢١].

ساڵانی پەنجاکان، دوو کتێب لە شێوەی چیرۆك بە چاپ گەیەنراون، ئەوانیش یەکێکیان (ئەهمەدێ عەگیت)ی کارلین چەچانییە، کە پێك هاتووە لە چەند پارچە هەڵبەست و چیرۆکی کورت کورت بۆ منالان، بە وێنەی رەنگا و رەنگ رازاوەتەوە لە ساڵی ١٩٥٨ز. هی دووەمیشیان، نامیلکەی (ئاشتی)، کە نیقابەی مامۆستایانی سلیمانی بلاویان کردۆتەوە لە ساڵی ١٩٥٩ز، ئەم نامیلکەیە لەچەشنی چیرۆککدایە و باسی ئاشتی و خراپی شەڕ دەردەبرێ. {٧٤: ١٠٣، ١٠٨}

لە شێستەکانیشدا گرنگیەکی زیاتر بە چیرۆك دراوە، لەوانە چیرۆکی منداڵانیش، ئەو چیرۆکانەی لەو ماوەیەدا بە شێوەی کتێب و نامیلکە دەرچوون ئەمانەی خوارەوەن، کە لەم خشتەیەدا ریزم کردوون:

---

[٢١] شاکر فەتاح، هاورێ ی منداڵ، چاپخانەی مەعاریف، بەغدا، ١٩٤٨ز.

| نووسەر | کتێب/ ناميلکە | شوێن و ساڵی چاپ | تێبینی |
|---|---|---|---|
| رەمزی قەزار | گۆرنە تەڵە | سەلمان ئەعزەمی، بەغدا، ١٩٦٧ز | ئەم ناميلکەيە تەنها لە يەك چيرۆك پێك دێت و قەوارەکەی درێژە و فۆلکلۆرييە، (٢٢) لاپەڕەيە {٦٧: ٧٥} |
| عومەر عەلی ئەمين | مام رێوی | سەلمان ئەعزەمی، بەغدا، ١٩٦٧ز | شەش وردە چيرۆکە بۆ منداڵان و لە (١٦) لاپەڕە پێك دێت. {٧٤: ١٤٩} |
| فازل محمد عزيز قەفتان | چالاك | کامەران، سلێمانی، ١٩٦٧ز | لە چوار چيرۆك پێك هاتووە و بە زمانی گياندارن نووسراوە، (٢٤) لاپەڕەيە {٦٧: ٧٧} |
| رەمزی قەزاز[٢٢] | راستی و ئازايی | سەلمان ئەعزەمی، بەغدا، ١٩٦٧ز | چيرۆکەکە بۆ منداڵان و باس لە راستی و ئازايەتی دەکات و (٢٤) لاپەڕەيە. |
| فازل قەفتان | من کێم؟ | کامەران، سلێمانی، ١٩٦٩ز | چەند کورتە چيرۆکێکە بۆ منداڵان، (٢٤) لاپەڕەيە {٧٤: ١٧٢} |
| (ئەنگيل کراليچيف) لە تورکيەوە شوکر مستەفا کردويەتی بە کوردی | دنيا و چيرۆك بۆ منداڵان | سەلمان ئەعزەمی، بەغدا، ١٩٦٩ز | کۆمەڵە چيرۆکێکی بولغاريە، کە (١١) چيرۆکە و (٨٦) لاپەڕەيە، دەقا و دەق وەرگێڕدراوە بۆ کوردی {٦٧: ٧٨ - ٧٩} |

[٢٢] رەمزی قەزاز، راستی و ئازايی، چاپخانەی سەلمان ئەعزەمی، بەغدا، ١٩٦٧ز.

سالآنی حەفتاکان **"چیرۆکی منداڵان، جووڵانەوەیەکی چاکی بەخۆی بینی، هەنگاوەکانی ئەم قۆناغە پڕ سوودترین لە رووی جۆری بابەت و تەکنیکی چیرۆك و زمان و دەروونی منداڵ و لایەنی پەروەردەیی، چەند کتێبێکیش وەکو کۆمەڵە چیرۆك بۆ منداڵان بڵاوکرانەوە"** {٧٦: ٤٠}

**ئەم کتێب و نامیلکانەش، لە خشتەی خوارەوەدا دەخەینە پێش چاو:**

| نووسەر | کتێب/ نامیلکە | شوێن و ساڵی چاپ | تێبینی |
|---|---|---|---|
| رەزا شوان | هەڵەشەیی | ئەعزەمی، بەغدا، ١٩٧٠ز | چیرۆکێکە بۆ منداڵان (٣٢) لاپەڕەیە. |
| فەرەیدون عەلی ئەمین | پیاوە بچکۆڵەکە | ئەعزەمی، بەغدا، ١٩٧٢ | (٧) چیرۆکی بۆ منداڵان تێدایە، (٤٨) لاپەڕەیە، {٢٤: ٢٧٩} |
| بەشی هۆی فێرکردن لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی | پاکژی | المؤسسة العراقية للطباعة، بەغدا ١٩٧٤ز | چیرۆکێکە بۆ منالان، لەسەر سوودی خۆ پاك گرتن دەدوێ، وێنەی رەنگا ورەنگی تیایە، ١٢ لاپەڕەیە {٧٤: ٢٣٧} |
| محەمەد عەبدە | شێرکۆی نەبەز | دار الحرية، بةغدا، ١٩٧٥ز | چیرۆکێکە بۆ منداڵان، وێنەکانی رەنگا ورەنگ و سەرنج ڕاکیشن، ٢٢ لاپەڕەیە {٦٧: ٨٠} |
| عەبدوڵڵا کەریم مەحموود | سروودی شادمانی | کوردستان، هەولێر، ١٩٧٨ز | لە نۆ چیرۆکی پڕ بەهای منداڵان پێك دێت |

| تێبینی | شوێن و ساڵی چاپ | کتێب/ ناميلكه | نووسەر |
| --- | --- | --- | --- |
| له دوو چيرۆك پێك دێت، (دڵ لەگوڵ ناسكتره)، (رێوی فێلباز)٠ | دار الحرية، بەغدا ١٩٧٨ز | دڵ له گوڵ ناسكتره | عومەر عەبدولرەحیم[٢٣] |
| له (٧) چيرۆكی منداڵان و كۆمەڵە شيعرێك پێكهاتووه | الحوادث، بەغدا، ١٩٧٩ز | جوانترين دێ | لەتيف هەڵمەت[٢٤] |
| {٧٦: ٤٠} | زانكۆی سلێمانی، ١٩٧٩ز | گوڵه باخ | كەمال ميراودەلی |
| {٧٦: ٤٠} | چاپخانەی كاكەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٧٩ز | كاروان و ئەستێره | گاهر صالح سەعيد |

سالانی هەشتاكان، ڕەوتی ئەدەبی منداڵان بەردەوام بوو، ژمارەی ئەو چيرۆكانەی لەم قۆناغە دا بۆ منداڵان نووسراون و چاپ كراون لە شێوەی ناميلكه وكتێب له زياد بووندا بوو، لەوانەش:

| تێبینی | شوێن و ساڵی چاپ | کتێب/ ناميلكه | نووسەر |
| --- | --- | --- | --- |
| كۆمەڵە چيرۆكێكی منداڵانه (١١) چيرۆك دەگرێته خۆی. | راپەرين، سليمانی، ١٩٨٠ز | قوڵەمەيتەر | عەزيزی مەلا ئەحمەدی ڕەش[٢٥] |
| لە (٦) كورتە چيرۆكی فۆلكلۆری پێك دێت، {٢٤: ٣٤١} | دەزگای رۆشنبيری، بەغدا، ١٩٨١ز | زێرين و كاڵی | جەمال نوری |
| (١١) چيرۆك دەگرێته خۆی | علاو، بەغدا، ١٩٨١ز | گوڵەبەرۆژه | مەم و ئافەرين[٢٦] |

---

[٢٣] عومەر عەبدولرەحیم، دڵ لەگوڵ ناسكتره، چ. دار الحرية، بەغدا ١٩٧٨.

[٢٤] لەتيف هەڵمەت، جوانترين دێ، چ. الحوادث، بەغدا ١٩٧٩.

[٢٥] عەزيزی مەلا ئەحمەدی رەش، قوڵەمەيتەر، چاپخانەی راپەرين، سلێمانی، ١٩٨٠.

| | | | |
|---|---|---|---|
| مەولود ئیبراهیم حەسەن | وریـــابن خـــەوتان لێ نەكەوێ | بەغدا، ۱۹۸۱ز | كورتـــە چـــیرۆك بـــۆ مێرمندالآن، له (٦) كورته چیرۆك پێك دێت {٢٤: ٣٤٤} |
| لەتیف هەڵمەت | دەنگ خۆشترین مەل | نەورەس، ۱۹۸۳ز | لـه (٦) چیرۆكی منـدالآن پێك دێت، {٧٦: ٤٠} |
| صدیق خالـد هروری | هێلینك | رۆشنبیری، هەولێر، ۱۹۸٤ز | كۆمەلـــە چـــیرۆكێكی مندالآنه ژمارەیان دەگاتـه (١٢) بـه شـێوەی كرمـانجی ژوورو بـــه دەســـت نووســراوەتەوە، دواتـــر دەستنووســـەكه كـــۆپی كـــــراوە {٢٤: ٣٣٢} |
| تایـەر سـالح سەعید | گوندەكەمان | علاء، بەغدا، ۱۹۸۷ز | (٨) چیرۆكی مندالآن بـه خۆوە دەگرێت {٢٤: ٣١٢} |
| ئیسماعیل رۆژبەیانی[٢٧] | شەمشەمە كوێرە | چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ۱۹۸۸ز | كۆمەڵە چیرۆكێكی مندالآنه له (٣٠) چیرۆك پێك دێ. |
| نوری سەعید قادر | گوڵ و هەنگ | الـــشركة العراقیـــة للطباعـــة الفنیـــة المحدوده، ۱۹۸۹ز | له(٨) چیرۆك بۆ مندالآن پێك دێ، (ئیسماعیل تەنیا) له گۆڤاری كاروان بەسەری كردوونەتەوە و له چەند لایەنێك باسی كردوون. {٨٣: ٥٥ - ٥٩} |
| جـەزا عـەلی ئەمین | پەپوولە | بەغدا، ۱۹۸۹ز | {٧٦: ٤٠} |

دەتوانین بڵێین هیچ یـەكێك لـەم نووسـەرانە، نووسـەری تایبـەتی منـدالآن نەبوون، بڵێین تـەنها بـۆ ئـەوانیان نووسـیبێ، بەشـێوازێكی پـەروەردەیی و لـه تایبەتمەنـدێتی و بـیرو بۆچـوونی ئـەوان لایـان نـەدابێ و پـسپۆری دەروونـی

[٢٦] مەم و ئافەرین (محەمەد مەولود مەم و ئافەرینی خیزانی)، گولەبەرۆژە، مطبعة علاء الدین، بەغدا، ۱۹۸۱.

[٢٧] ئیـسماعیل رۆژبـەیانی، شەمـشەمە كـوێرە، چـاپخانەی بەرێوەبەرایـەتی رۆشـنبیری و لاوان، هەولێر، ۱۹۸۸.

منداڵ بووبن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا منداڵانیان لەیاد نەکردووە و هەستیان بەوە کردووە، کە منداڵان لەو وڵاتەی ئێمەدا هەتیوی ئەدەبن، ئەمەش نەك هەر ئەو کات، بەڵکو تا ئەو ساڵانەی دواییش کورد نووسەرێکی تایبەتی نەبووە، کە هەموو بەرهەمەکانی بۆ منداڵ و جیهانەکەی تەرخان کردبێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نووسەرانمان ڕۆڵێکی باشیان هەبووە و تا رادەیەك ئەم کەلێنەیان پڕ کردۆتەوە.

ئەم نووسەر و شاعیرانەش، کە لێرەدا ئاماژەمان پێکردن دەتوانین بڵێین **"لە داهێنانەکانیاندا سەرەتای ئەدەبی تازەی منداڵان دەستی پێکردووە و لەم بوارەدا کاریان کردووە، کەڵکێکی تەواویشیان لە فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە و پاش ڕێك و پێك تر کردن و داهێنانی هونەری بەهرەدارانە دایانڕشتۆتەوە."** {٧٣: ٦٦، ١٠٧}

بێگومان ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە فۆلکلۆر کەرەسەیەکی فراوان و دەوڵەمەندە بۆ لێکۆڵینەوەی ژیان و زمان و مێژووی هەموو میللەتێك و ئەدەبیاتناسانیش بایەخێکی گەورەیان داوە بە فۆلکلۆر، هەروەك گۆرکی دەڵێت: **"لە ڕووی بەرهەمەوە یەکەم فەیلەسوف و شاعیر میللەت خۆیەتی، هەر ئەویش بەرهەم هێنەر و خولقێنەری ئەو هەموو هۆنراوە و داستانەیە، کە لە کەڵچەری جیهاندا هەیە و بناغەی ئەدەبیش لە فۆلکلۆر واتە لە ئەدەبی خەڵك دایە. فۆلکلۆر کەرەسەیەکی خاوەی مەزن و سەرچاوەیەکە بۆ هەموو شاعیران و نووسەران."** {٥٣: ٩}

ئەو چیرۆکنووسانەی، کە باسمانکردن ئەگەرچی ئەوانە بوون، کە بەردی بناغەی ئەم ژانرە ئەدەبییەیان دامەزراند و بە قەڵەمی ئەوان چیرۆکی منداڵانی کوردی سەری هەڵدا، بەڵام لەرووی ژمارەوە دەتوانین بڵێین لە خانەی دەیان دەرناچن، ئەمە جگە لەوەی ئەم چیرۆکانە لە رووی ناوەڕۆك و تەکنیکیەوە چەند کەموکوڕی و ناتەواوییەکیان تێدا بەدی دەکرێت، ئێمە لێرەدا مەبەستمان هەموو چیرۆکەکان نییە، چونکە هەندێك چیرۆك رەنگە بەر ئەم کەموکورپانە نەکەون و لە ئاستێکی سەرکەوتووبن، بەڵام لەهەندێکیاندا زمانێکی ئاڵوز و قورس لە وشەی داتاشراو بەکار هاتووە، وەکو ئەوەی بۆ گەوران نووسرابێت وایە و لە فەرهەنگی زمانی منداڵەوە دوورە، چونکە منداڵانیش وەکو چین و توێژەکانی تری کۆمەڵ فەرهەنگی تایبەت بە

خۆیان هەیە، بۆیە دەبێت نووسەری منداڵان هەوڵ بدەن وشەو زاراوەکان لە فەرهەنگی ئەوانەوە وەربگرن، ئەمە جگە لەوەی چیرۆکەکان ئاماژەیان پێ نەکراوە ئاخۆ بۆ چ قۆناغێکی تەمەنی منداڵ دەست دەدات و بابەتەکانیش هەمەجۆر نین و نووسەران بە چەند بابەتێکی دیاری کراوەوە نووساون. هیچ یەکێك لەم چیرۆکانەی ئاماژەم پێکردن جۆرەکەی دیاری نەکراوە، ئا خۆ چ جۆرێکی چیرۆکی منداڵانە، چونکە چیرۆکی منداڵان چەند جۆرێکی هەیە، بەڵام ئەمانە جۆرەکانیان تێکەڵاو کردووە، یان زۆربەی چیرۆکەکان بە شێوەیەکی وشك و بێ وێنە و ئاڵا و والا بە چاپ گەیێنراون و لایەنی دەروونی و ئارەزوو و چێژی منداڵ تیایاندا فەرامۆش کراوە، بەڵام گومان لەوەدانییە لەگەڵ ئەوکەموکوڕیانەی، کە ئێستاش لە هەندێ نموونەی چیرۆك و ئەدەبی منداڵاندا بە دی دەکرێت، کە چی چیرۆك و ئەدەبی منداڵانی کوردی بە پلە و ئاستێکی چاك گەیشتووە، بەرەچاوکردنی ئەو بارودۆخە نالەبارەی، کە میللەتەکەمان تێی کەوتووە، کە ڕەنگە ئەم بارودۆخە هۆکارێکی گەورەی ئەو کەموکوڕیانە بێت، بە تایبەتی کەموکوڕییە تەکنیکییەکان.

ئێستا ئەوەی ماوە بڵێین ئەوەیە، ئێمە جگە لەو کتێب و نامیلکانەی، کە باسمان لێوەکردن، دوو کتێبی گرنگی تر هەن، کە شایەنی ئەوەن ئاماژەیان پێ بکرێت ئەوانیش:

١- **محەمەد ڕەشید فەتاح، ئەدەبی منداڵان و نموونە و لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی منالانی:-** کتێبێکی قەبارە مامناوەنجیە، لە (٣٨) لاپەڕە پێك دێت، نووسەر تیایدا باس لە گرنگی ئەدەبی منداڵان لە ژیانی منداڵدا دەکات و هەندێ سیما و خاسیەتی تایبەت و گرنگی ئەدەبی منداڵان دەخاتە ڕوو، بە ئاماژە کردن بە بیر و بۆ چوونی هەندێ لە نووسەرانی خۆمان لەگەڵ چەند نووسەر و شارەزایەکی بیانی لەم بوارەدا، لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێ نموونە لە شیعر و چیرۆکی منداڵانی کوردی

دەهێنێتەوە و بە پێی ئەو خاسیەت و بۆ چوونانە هەڵیاندەسەنگێنێت[٢٨]

ئەم بەرهەمە لایەنە چاکەکانی لەوەدایە، لەو سەردەمەی خۆیدا دەتوانین بڵێین تاکە کتێبە کەلەسەر ئەدەبی منداڵاندا نووسراوە، نووسەر تیایدا چۆتە نێو جیهانی منداڵان و، پەردەی لەسەر زۆرلایەنی ژیانی منداڵ لاداوە. بەلاَم لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کارێك نیە، بێ کەموکوڕی بێت، نووسەر لەدانانی ئەم کتێبەدا، زۆر پشتی بە بیرو بۆچوونی زاناو پسپۆڕانی منداڵ بەستووەوە، تەنانەت ئاماژەی بە بیرو بۆچوونی ئەو نووسەرانەی خۆشمان داوە، کە لەسەر منداڵ و ئەدەبی منداڵاندا شتێکیان نووسیوە. جگە لەوەی نووسەر لەسەرەتای کتێبەکە تا کۆتایی بەردەوام دەبێت، بە ئاماژە کردن بە بیر و بۆ چوونی نووسەر و زانایان و، هەندێك نموونەی شیعر و چیرۆکی کوردیشی هێناوەتەوە، بە بێ ئەوەی ناوەرۆکی کتێبەکە، بەسەر چەند بابەتێك و ناونیشانێك دابەش بکات و پلانێکی بۆ دابنێت، بۆیە کتێبەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەك وتارێك دێتە بەر چاو، بەلاَم هەر چۆنێك بێت، بۆ ئەو سەر دەمەی خۆی شتێکی نایاب و لەبار بووە.

٢- **محەمەد رەحیم رەمەزان، منداڵ و چیرۆکی منداڵان:** نووسەر لەم بەرهەمەیدا بە شێوەیەکی گشتی باس لە منداڵ و جیهانەکەیان دەکات، ئەو مەرج و تایبەتمەندییانە دەخاتە روو، کە پێویستە لە ئەدەبی منداڵاندا رەچاو بکرێت، لەگەڵ ئەمانەشدا دەستنیشانی قۆناغەکانی گەشەی منداڵ دەکات و منداڵی کوردیش بە نموونە دێنێتەوە، هەروەها باسی هەندێ لەو چیرۆك و چاپەمەنییانە دەکات، کە بۆ منداڵانی کورد نووسراون و سەرنج و تێبینیەکانی خۆی لە بارەیانەوە دەردەخات[٢٩].

نووسەر زۆر لایەنی گرنگی منداڵانی بە خوێنەر ئاشنا کردووەو، توانیویەتی باسەکەی لەبارەی ئەدەبی منداڵان لە شێوە گشتییەکەی، شێوەیەکی تایبەتی پێ ببەخشێت، ئەویش بەوەی تەنها باسی لە هونەرێك لە

(٢٨) محمد رشید فتاح، ئەدەبی منالان و نموونە لێکۆلینەوە لە ئەدەبی منالانی، چاپخانەی راپەرین، سلیمانی، ١٩٧٤.

(٢٩) محمد رحیم رمضان، منداڵ و چیرۆکی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤.

هونەرەكانی ئەدەبی منداڵان كردووە كە (چیرۆك)ە. چەند لایەنێكی گرنگی ئـەم هونـەرەی بـە پێـی قۆناغـەكانی تەمـەنی منـداڵ ئامـاژە پـیّ كـردووە، دەتوانین ئەم بەرهەمە بەسەر چاوەیەك لە بورای چیرۆكی منداڵان لە قەڵەم بـدەین، بـەڵام باشـتر وا بـوو نووسـەر نـاوەرۆكی كتێبەكـەی بەسـەر چـەند بابـەتێك دابـەش بكـات و، لاپەرەیـەكیش لەسـەرەتا یـان كۆتـایی كتێبەكـە تەرخان بكات، بۆ ئەوەی بابەتەكانی نێو كتێبەكە و ژمارەی لاپەرەكانی، واتـە ناوەڕۆكی كتاێبەكەی تیادا دابەش بكات.

**چیرۆكی منداڵان لە ئەدەبی كوردیی دوای ڕاپەرینی ١٩٩١:**

دوای ڕاپەرینـە مەزنەكـەی بـەهاری ١٩٩١ یـش، دەتـوانین بـە ماوەیـەكی تایبەت سـەبارەت بـە (چیرۆكی منـداڵان) لـە قەڵـەم بـدەین، قۆناغێكـە تـەواو جیاوازی لەگـەڵ سـاڵان و قۆناغـەكانی پـێش خۆیـدا هەیـە، چونكە (چیرۆكی منــداڵان) لــە دوای راپــەرین تــاكو ئــەمڕۆ ڕۆژ بــە ڕۆژ لــە گەشــەندن و پێـشكەوتندایە. هـەوڵی داوە شـێواز و تەكنیكـە سـەركەوتووەكانی چـیرۆكی منداڵانی جیهانی بە كار بێنیّ، هۆیەكەشی ئەمانەیە:

١- سـەربەخۆ بـوونی میللـەتی كـورد لـە نووسـین و هاتنـە نـاوەوەی ژمارەیـەكی زۆر لـە كتێبـی تایبـەت بـە ئـەدەبی منـداڵان لـە وڵاتـانی دەرەوە و دراوسـیّ بـۆ نـاو كوردسـتان و كردنـەوەی پێـشانگای جـۆراو جۆری كتێب بە بەردەوامی لە هەموو شارەكانی كوردستاندا.
٢- وەرگێڕانـی ژمارەیـەكی زۆر لـە چـیرۆك و كتێبـی ئـەدەبی منـداڵانی جیهانی بۆ سەر زمـانی كوردی لەلایـەن وەرگێڕەكانـەوە، بـە مەبەسـتی بـەرەوپێش بـردن و گەشەسـەندنی چـیرۆك و بەرهـەمی منـداڵانی كوردی و پتەو كردنی تەكنیك و لایەنە هونەریەكانی.
٣- دەرچـوونی ژمارەیـەكی زۆری ڕۆژنامـە و گۆڤـاری كـوردی، كـە نووسەرەكان تیایـدا لـە پـاڵ بەرهەمەكانیانـدا، گـەر هـەڵیان بـۆ ڕەخسا بێت بەرهەمی منداڵانیشیان بڵاوكردۆتەوە لە شیعر، چیرۆك.. تـاد، بـە تایبـەتیش ڕۆژنامـە و هەفتـە نامـەكان زۆربـەیان بایـەخیان داوە بـەم لایەنـەوە مەگـەر چـۆن ئـەگینا لـە هـەر ژمارەیەكـدا چـیرۆكێك یـان شیعرێك هەر بڵاو كراوەتەوە... بێجگـە لـەوەی لـەو ماوەیـەدا گۆڤـار و

هەفتە نامەی تایبەت بە منداڵان هەر لەبەردەوام بوون و زۆر بوون دابووە، کە تیایدا (چیرۆك) بابەتێکی بایەخداری نووسەران بوو.

٤- هاتنە کایەوەی چەند دەزگا و چاپخانەیەك لە شارەکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی)، کە تیایاندا بە دەیان بەرهەم و بڵاوکراوەی تایبەت بە منداڵ و ئەدەبەکەی دێنە چاپ کردن و بڵاوکردنەوە.

٥- دامەزراندن و کردنەوەی کۆمەڵێك رێکخراو و بنکە و خانەی تایبەت بە بایەخدان بە منداڵ و پاراستنی منداڵ، وەکو رێکخراوی کوردستان بۆ هۆشیار کردنەوە لە مین (کۆما)، رێکخراوی منداڵپارێزان وەکو (کۆمەڵەی منداڵپارێزی کوردستان، ئەمە جگە لە رێکخراوە رۆشنبیریە گشتی و سیاسییەکان، کە ئەمانەش رۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە بەرزکردنەوەی ئاستی خەڵك بەرامبەر پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵان و بایەخ دان بە (ئەدەبەکەیان).

٦- بایەخدانی نووسەری منداڵان تا رادەیەك بەلایەنی دەروونی منداڵ وەکو شتێکی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکەی. ئەمەش لە ژێر کاریگەری رۆڵی سەنتەر و رێکخراو و بەرنامەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن و سەتەلایت و دەرچوونی کتێبی جۆراو جۆری خۆماڵی و وەرگێڕدراوی تایبەت بە سایکۆلۆژیا بە گشتی و سایکۆلۆژیەتی منداڵ بە تایبەتی.

٧- کردنەوەی کۆڕ و ئاهەنگی تایبەت بە چالاکییەکانی منداڵان و دەرفەت دان بە دەربرین و خوێندنەوەی بەرهەمەکانیان لە شیعر و چیرۆك و ئۆپەرێت و چالاکییە هونەریەکانی وەکو مۆسیقا، وێنە، خەت خۆشی،... تاد.

بۆ نموونە (رۆستەم باجەڵان)[٢٠]، کە نووسەرێکی بە توانای منداڵانە، بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار کۆڕی تایبەت بە منداڵانی لە شوێنە

---

[٢٠] (رۆستەم باجەڵان) سەرجەم ئەو بەرهەمی منداڵانەی کە خۆیان دایاننـاوە و پێشکەشیان کردوون، لە کتێبێکدا لەگەڵ وتار و، لێدوانی هونەری و، سمینارەکانی خۆی لەم بوارانەدا کۆکردونەتەوە و ناوی لێناوە (لە منداڵەوە بۆ منداڵ)، کە تیایدا شوێن و مێژووی ئەو رۆژەی کە کۆڕەکەی تیا ئەنجام دراوە، لەگەڵ ناوی منداڵەکە واتە (خاوەن

جیاوازەکانـدا کردۆتـەوەو تیایـدا منـدالآن لـە کـوڕ و کـچ بەرهەمـەکانیان لـە (شیعر، چیرۆك، ئۆپەریت) خوێندۆتەوە و پێشکەشیان کردووە.

ئەمانـە گـشتیان، ئـەو بـارو دۆخ و هۆکـارە رێ خۆشـکەرو گونجاوانـە بـوون کەرۆڵیان هەبوو لە پەرەسەندن و چەکەرەکردنی چیرۆکی تـازە و تایبـەت بـە منداڵان، لەلایەن نوسەرانمانەوە، کە دەتوانین ئـەم چـیرۆکانە دابـەش بکەینـە سەر سێ بەش:

**أ - ئەو چیرۆکانەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بلاوکراونەتەوە ـ خۆماڵی و وەرگێڕدراو..**

**دەکرێتە دوو بەش:**

١- رۆژنامە و گۆڤارە ئەدەبی و سیاسی و رۆشنبیرییە گشتییەکان، نموونـەی کوردسـتانی نـوێ، برایـەتی، رێگـای کوردسـتان، یـەکگرتوو، پێـشکەوتن، گۆڤاری ڕامان، گۆڤاری کاراون... هتد. بۆ نموونە:

- رۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێ (رۆژنامەیـەکی سیاسـی رۆژانەیـە) یـەکێتی نیـشتیمانی کوردسـتان دەری دەکـات. **"کـە هـەر لـە ژمـارە بەرایەکانییـدا، کـە یەکەم رۆژنامەی رۆژانی راپەرینە، خزمەتی ئەم بوارەی کردووە بە تایبـەتی لە دوا لاپەڕەیدا، گۆشەیەکی هـەبوو بـە نـاوی (گـوڵزاری منـداڵان)، کـە پـاش ئەمە بووە لاپەڕەیەکی سەربەخۆ و هەموو هەفتەی جارێك دوا لاپـەڕەی پـێ دەرازێنرایەوە، بابەتەکانیش بیجگە لە بابەتی زانستی، بریتی بوون لە شیعر چیرۆك ـ خۆماڵی و وەرگێردراو - رەنگی رەش و سووریش بە کار دەهێنرا ێ"** {٧٦: ١٢٢}

- رۆژنامەی برایـەتی (رۆژنامەیـەکی سیاسـی رۆژانەیـە) پـارتی دیمـوکراتی کوردستان دەری دەکات.ئـەم رۆژنامەیـە لـە ژمـارە (١٦٤٤) ی ١٩٩٣/٥/١٤ بـەڵێنی بە منداڵان داوە، کە هەموو رۆژانی (هەینی) لاپەڕەیەکیان بۆ تـەرخان بکـات، بۆ نموونـە:

---

بەرهەم) و تەمەنی و بەرهەمەکەی و وێنەیـەك لـە تـەکی یـەوە بلاوکراوەتـەوە، بـۆ زیـاتر زانیـاری بڕوانـە :رۆسـتەم باجـەلان، لـە منداڵـەوە بـۆ منـداڵ، چـاپخانەی میـدیا، هـەولێر، ٢٠٠٤ز.

**له ژ (١٦٥٦) ی هەینی ١٩٩٣/٥/٢٨ عومەری عەلی ئەمین چیرۆکی هەرەوەزی نووسیوە.** {١٢٨: ٧}

- ڕێگـای کوردسـتان، ڕۆژنامەیـەکی سیاسـی هەفتانەیـە، حزبـی شـیوعی کوردستان ـ عیراق دەری دەکات، لـە زۆربـەی ژمارەکانـدا چـیرۆکێکی خۆمـاڵی یان وەرگێڕدراوی منداڵان بڵاودەکرایەوە بۆ نموونە:

ژمارە (١٤٠) ١٩٩٥/١/١٠ ل ٨ ڕۆستەم باجەڵان لە چـیرۆکی (خەوەکـەی ئـازای منداڵ) {١٢٥: ٨}

- گۆڤـاری ڕامـان (مانگانەیـەکی ڕۆشـنبیری گـشتی ئـازادە)، چـەندین جـار (چـیرۆکی منـداڵان)ی خۆمـاڵی و وەرگێـڕدراوی تیـادا بڵاوکراوەتـەوە، لێـرەدا هەندێ نموونە دەخەینە بەر چاو:

**ژ (١) تەمموز/١٩٩٦ز. ل ٥٣ عەبدولغەنی عەلی یەحیا، چیرۆکی (مریشك بۆ میهڤانی)**

**ژ(٧) ك٢/١٩٩٧ز ل ٩٦ - ٩٩ ن/لـیف تۆلـستۆی و/هیمـەت عزیـز کاکـەیی، چیرۆکی (پۆپنە زێرینە)**

**ژ (٩) ئادار/١٩٩٧ز ل٩٢ جەمال نوری گە چیرۆکی (ڕێوی و مام ورچ)**

**ژ (٣٣) ئازار / ١٩٩٩ز ل ١٨٣ ـ ١٨٤ کـەمال هـەنجیرە لـە چـیرۆکی (گـۆمی مردووان)**

٢- ڕۆژنامـە و گۆڤـاری تایبـەت بـە منـداڵان: لێـرەدا ئامـاژە بـە هەنـدێکیان دەکەین.

١- **هەفتەنامەی (پەریستان):- "پاشکۆی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)یە لە شێوەی پاشکۆیەکی چوار لاپـەڕەیی، (کوردسـتانی نـوێ) لەسـەرەتادا لـە ساڵی ١٩٩٢ز دەری دەکرد. (٤٥ ژمارەی لێ دەرچوو) دواتر وەستا.جارێکی دیکـە خـولی دووەمـی (پەریـستان) بـە شـێوەی گۆڤـارێکی مانگانـە بـە قەبارەی گەورە ناوەرۆکی باش چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو. یەکـەمین ژمارەی ئەم خولە لە شوباتی ١٩٩٣ز دا دەرچوو"** {٢١: ٦٤ - ٦٥}

٢- **گۆڤـاری هـەنگ:-** (گۆڤـاری مانگانــەی منداڵانــە)، وەزارەتـی ڕۆشـنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات، ژمـارە (١)ی ئـەم گۆڤـارە لـە نەورۆزی ١٩٩٣ز دا دەرچووە.

٣- **گۆڤاری (جگەرگوشەکان):-** کۆمەڵەی نووسەرانی ئیسلامی کوردستان، دەری دەکات. (گۆڤارێکی پەروەردەیی مانگانەیە).

٤- **بڵاوکراوەی (لانە):** یەکێتی رۆشنبیرانی موسوڵمانی کورد، وەکو پاشکۆی گۆڤاری ڕابەر دەری دەکرد.ژمارە (١)ی ئەم پاشکۆیە وەکو پاشکۆی ژمارە (١٢)ی گۆڤاری (ڕابەر) لە کانونی دووەمی ١٩٩٣ز دا دەرچووە.

٥- **گۆڤاری (پەلکە زێرینە):-** (بڵاوکراوەیەکی منداڵانە مانگی دوو جار لەلایەن ریکخراوی بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری یاسایی دەردەچێت) و سەرجەم ژمارە دەرچووەکانی ئەم بڵاوکراوەیە تا کۆتایی ئاب و ئەیلولی ٢٠٠٣ز، دە ژمارەن.

٦- **بڵاوکراوەی (گوڵزار):-** پاشکۆی هەفتەنامەی (گولان)ە. دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی گولان دەری دەکات. ژمارە (١)ی لە ئابی ١٩٩٤دا دەرچووە.

٧- **گۆڤاری (سفۆرە):-** گۆڤارەکا هەیڤانەیا زارۆکانە، دەزگەها راگەیاندنا گازێ، دەری دەکات، ژمارە (١)ی لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨ز دا دەرچووە.

٨- **گۆڤاری (کەپر):-** گۆڤاری مانگانەی منداڵانە، دەزگای سپیرێز ـ دهۆك، بە هاوکاری پڕۆژەی دیاکۆنای رۆژزێوە و چارەسەرکردنی دەروونی لە دهۆك دەری دەکات. ژمارە (١) ی لە تەمموزی ٢٠٠٣ز دا دەرچووە.

٩- **گۆڤاری (مامەیارە):-** گۆڤارێکی پەروەردەیی رۆشنبیری گشتییە، قوتابخانەی مامە یارەی سەرەتایی ـ سلێمانی دەری دەکات، ساڵی جارێك دەردەچێت.

١٠- **بڵاوکراوی (هێلانەی منداڵان):-** هەفتە نامەی تایبەت بە منداڵ، وەك پاشکۆی رۆژنامەی برایەتی، دەزگای رۆژنامەوانی برایەتی و خەبات دەریکردووە. ژمارە (١)ی وەکو پاشکۆی ژمارە (٣١٥٩)ی رۆژنامەی برایەتی لە (١٩)ی ئابی ٢٠٠٠ز بڵاوبۆتەوە.

١١- **گۆڤاری خەندە:-** گۆڤارێکی پەروەردەیی رۆشنبیری منداڵانەی مانگانەیە، کۆمەڵی ئیسلامی کوردستانی عێراق دەری دەکات، ژمارە (١)ی لە شوباتی (٢٠٠٢) دا دەرچووە.

١٢- **گۆڤاری (ئـاوات و هێڤـی):-** گۆڤـارێکی تایبـەت بـە منداڵانـە، رێکخـراوی (MAG) دەری دەکات. (بە یارمەتی حکومەتی سویدی و هۆڵەندی لە چاپ دەدرێ، ژمارە (٢)ی لە هاوینی ١٩٩٦ز دا دەرچووە.

١٣- **گۆڤـاری (ئاگـا):-** گۆڤـارێکی وەرزی منداڵانـە، رێکخـراوی کوردسـتان بـۆ هۆشیار کردنەوە لە مین (کۆما) دەری دەکات.

١٤- **گۆڤاری (پەڕەسێلکە):-** گۆڤارێکی رۆشنبیری منداڵانە، لەلایـەن (مـەولود ئیـبراهیم حەسـەن، ئیـدریس لاوە) دەرچـووە، یەکـەم ژمـارەی (لـە گەلاڕێزانی ١٩٩١)ەوە بووە، لە (هەولیر، سوید) نۆ ژمارەی لێ دەرچووە.

١٥- **گۆڤـاری (کـەناری):-** گۆڤـارێکی رۆشـنبیری گـشتی ئەهلیـە بـۆ منـداڵان، دەزگای کەناری دەری دەکات.

١٦- **گۆڤاری (کـۆلارە):-** هەفتـە نامـەی منداڵانـە، گۆڤـارێکی ئەهلییـە، ژمـارە (١)ی لە (٢٠٠٥/١/١٥ز) دا دەرچووە.

١٧- **گۆڤاری (تان تان):-** گۆڤارێکی منداڵانە، تایبەتـە بەوانـەی تەمـەنیان لـە نێوان ١٠ تا ١٨ ساڵیدایە، بنکەی چاپەمەنی تایم دەری دەکات.

١٨- **گۆڤـــاری (پەپولـــە):-** گۆڤـــارێکی پـــەروەردەیی رۆشـــنبیری منداڵانـــە. کۆمەڵەی منداڵ پارێزی کوردستان دەری دەکات. ژمارە (١)ی لـە شـوباتی ١٩٩٢ز دا دەرچووە.

١٩- **گۆڤاری (ژینامـە):-** گۆڤـارێکی کۆمەلایـەتی گـشتی مانگانەیـە، لـە پێنـاو دابینکردنـــی مافـــەکانی منـــداڵ، وەزارەتـــی تەندروســـتی و کاروبـــاری کۆمەلایەتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەری دەکات. ژمارە (سـفر)ی لە ساڵی ٢٠٠١ز دەرچووە[٣١].

---

[٣١] بـۆ زیـاتر زانیـاری دەربـارەی ئـەو رۆژنامـە و گۆڤارانـە و، ئاشـنا بـوون بـە چـیرۆك و ناوەرۆکـەکانیان بڕوانـە: ئیـدریس عەبـدوڵڵا مـستەفا، رۆژنامەگـەری منـداڵان بـە زمـانی کوردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولیر، ٢٠٠٤ز.

٢٠- **گۆڤـاری (ئاسـۆی منـدالآن):-** گۆڤـارێکی مانگانـەی مندالآنـە، وەزراەتـی پـــەروەردە دەری دەکـــات ژمـــارە (١)ی لـــە کـــانونی دووەمـــی ٢٠٠٥دا دەرچووە[٣٢].

٢١- **گۆڤاری (منالآنی باوەگورگور):-** گۆڤـارێکی مانگانـەی مندالآنـە، دەزگـای رۆشـنبیری شـەفەق لـە کـەرکوك دەری دەکـات، ژمـارە (٣)ی لـە شـوباتی ٢٠٠٤ز دا دەرچووە، کەواتە دەبێ ژمارە (١)ی لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٤ز دا دەرچووبێت[٣٣].

٢٢- **(مێرگی مندالآن):-** گۆڤارێکی مانگانەی مندالآنە، گۆڤاری (مێرگ) دەری دەکات. ژمارە (٢)ی لە گەلاوێژی ٢٧٠٥ز ی کوردیدا دەرچووە[٣٤].

**ب- ئـەو چـیرۆکانەی، کـە لـە زمـانی تـرەوە وەرگێڕدراونەتـە سـەر زمـانی کـوردی و، لـە شـێوەی نامێلکـە و کتێبـی بـچووکدا بڵاوکراونەتـەوە:-**
لێرەدا چیرۆکەکان یەکجار زۆرن، بۆیە لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

| نووسەر | کتێب/ نامیلکە | شوێن و ساڵی چاپ | تێبینی |
|---|---|---|---|
| جۆن هۆربنی | دەسماڵی سوور | مطبعة اوفسيت الزمان، بغداد، ١٩٩١ز | محەمەد عبدالكريم معروف، لـە ئینگلیزیـەوە کردوویـەتی بە کوردی، لە (٤) بـەش پێـك دێـت و (٣٢) لاپەڕەیـە، تـەنها بـــەرگی دەرەوەی رەنگـــا و رەنگە. |
| Sara and Stephen corrin | فیلە بچکۆڵەکە | چاپخانەی رۆشنبیری، هەولیر، ٢٠٠٠ز | (سیروان بـەکر سامی، گولـەر حەبیب سیامند سووری) لە ئینگلیزیـەوە کردوویانـە بـە |

---

[٣٢] ئاسۆی مندالآن (گۆڤارێکی مانگانەیە وەزارەتی پەروەردە دەری دەکات)، ژ (١) کانوونی دووەمی٢٠٠٥ز.

[٣٣] منالانی باوەگورگور: دەزگای رۆشنبیری شەفەق لە کەرکوك دەری دەکات. ژمارە (٣) شوبات ٢٠٠٤ز.

[٣٤] مێرگی مندالآن: گۆڤارێکی مانگانەی مندالآنە، گۆڤاری (مێرگ) دەری دەکات، گەلاوێژی ٢٧٠٥ی کوردی.

| نووسەر | کتێب/ نامیلکە | شوێن و ساڵی چاپ | تێبینی |
|---|---|---|---|
| | | | کوردی، لە (١٠) چیرۆك پێك دێت، بۆ منداڵانی تەمەن لە (٥) ساڵان کەمتر دانراوە، ٧٥ لاپەڕەیە، پێشەکی و پیاداچوونەوەی، کەریم شارەزا. |
| فرانتس پراند بێرگ | شەش قوتابی نوێ | چاپخانەی رۆشنبیری، هەولیر، ٢٠٠١ز | سۆما سەرۆ، لە فارسییەوە کردوویەتی بە کوردی، لە (٥) بەش پێك دێت، ٥٤ لاپەڕەیە، تەنها بەرگی دەرەوەی رەنگا و رەنگە |
| ناوی نووسەری لەسەر نەنووسراوە | هێلانەیەکی تر | چاپخانەی قەشەنگ، هەولیر، ٢٠٠٢ز | قادری حاجی عزیز، لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە بۆ کوردی، لە (٨) چیرۆك و (٢) چیرۆکە شیعر پێك دێت، (٢٤) لاپەڕەیە. |
| ئاسترید لیند گریت | هەرە ئازیزترین خوشك | شڤان، چاپی دووەم سلیمانی، ٢٠٠٣ز | دلاوەر قەرەداغی، لە سوییدیەوە کردوویەتی بە کوردی، لە (٥) چیرۆك پێك دێت و (٧١) لاپەڕەیە تەنها بەرگی دەرەوەی رەنگا و رەنگە |
| میتال ئیندە | قوتەی پشت قەلغان، کیسەڵە کۆلنەدەرەکە | سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٤ز | ڕەزا حەمە، لە ئەلمانیەوە کردوویەتی بە کوردی لە شێوەی کوراسەیەکی پڕ وێنەی جوان و رەنگا ورەنگ چاپ کراوە. |
| ؟ ناوی نووسەری لەسەر نەنووسراوە | شێلم فرۆش | وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٤ز | ئەنوەر محەمەد تاهیر، ژ فارسی‌یێت کرینە کوردی، لە (٦) چیرۆك پێك دێ، ٤٦ لاپەڕەیە، وێنەکانی ناوی و بەرگەکەشی جوان و رەنگاورەنگە. |
| فرانسیس هۆدگسۆن بیرنەت | باخچە نهێنیەکە | سەردەم، سلیمانی، ٢٠٠٥ز | سۆزان جەمال، لە ئینگلیزیەوە کردوویەتی بە کوردی، لە (١٥) بەش پێك دێت، ٧٣ لاپەڕەیە تەنها بەرگی دەرەوەی رەنگا و رەنگە بۆ نەوجەوانانە. |

| تێبینی | شوێن و ساڵی چاپ | کتێب/ نامیلکه | نووسەر |
| --- | --- | --- | --- |
| یاسمین مەحمود بەرزنجی، لە ئینگلیزیەوە کردوویەتی بە کوردی، تەنها چیرۆکێکە و (٤٣) لاپەڕەیە، پڕ وێنەی جوان و سەرنج ڕاکێش و ڕەنگا ورەنگە. | چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولیر، ٢٠٠٥ز | مام ورچ پلانی ئاهەنگێك دادەنێ | واڵت دزنی |
| محەمەد حەسەن ڕۆژبەیانی لە فارسیەوە کردوویەتی بە کوردی (٨) چیرۆکە بۆ منداڵان، ٤٥ لاپەڕەیە، وێنەکان ڕەنگاو ڕەنگن | چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولیر، ٢٠٠٥ز | کیسە زێڕەکان | ؟<br>ناوی نووسەری لەسەر نەنووسراوە |

ج- ئەو چیرۆکانەی، کە خۆماڵین و لەلایەن نووسەرەکانمانەوە نووسراون و لە شێوەی نامیلکە یان کتێب، پێشکەشی منداڵانی کورد کراون:- چیرۆکمان لەم شێوەیەدا زۆرە و بۆ نموونە تەنها هەندێکیان دەخەینە ڕوو، لەوانە:

| تێبینی | شوێن و ساڵی چاپ | کتێب/ نامیلکه | نووسەر |
| --- | --- | --- | --- |
| لە (٣) کورتە چیرۆك پێك دێت، بۆ منداڵانی (١٢ - ١٥) ساڵی یە، (٣٢) لاپەڕەیە. | سوید، ١٩٩٢ | ڕەنگارە | کاکە باس |
| (٨) چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵانە، ڕۆستەم باجەلان پێشەکی بۆ نووسیوە (٢٠) لاپەڕەیە. | چاپخانەی هاوسەر، چاپی یەکەم، هەولیر، ٢٠٠٢ | ورچ و شێر و مام ڕێوی | شاخەوان عەلی حەمەد |
| د. عەبدوللا سەید حوسێن ڕەواندوزی، پێشەکی بۆ نووسیوە، لە (٢٠) بەش پێك دێت، بۆ مێرد منداڵانە، (٧٠) لاپەڕەیە. | چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولیر، ١٩٩٨ | ئەفسانەی شێتۆکە و ئاقلۆکە | مەغدید ڕەواندوزی |
| لە (١٠٥) چیرۆکی پەروەردەیی و پڕ لە ئامۆژگاری پێك دێت، (١٤٤) لاپەڕەیە، تەنها بەرگی دەرەوەی ڕەنگاوڕەنگە، وێنەی تیا نیە. | چاپخانەی وزارەتی پەروەردە، چاپی یەکەم ١٩٩٨، چاپی دووەم، هەولیر ٢٠٠٦ | کورتە چیرۆك بۆ منداڵان | سەردار ڕەزا |

| نووسەر | کتێب/ ناميلکە | شوێن و ساڵی چاپ | تێبینی |
| --- | --- | --- | --- |
| سروە | شێر و مشکە بچکۆڵە | چاپخانەی گلبان، چاپی یەکەم، تەهران: توگلی، ٢٠٠٠ | (٦) چیرۆکی فۆلکلۆریە، (٥) یان چیرۆکن، یەکیان لە شێوەی چیرۆکە شیعرە، (٦٤) لاپەڕەیە، تەنها بەرگی دەرەوەی رەنگا ورەنگە. |
| لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە ئامادەی کردووە. | گوڵزارا چیرۆکان | وەزارەتی پەروەردە، هەولیر، ٢٠٠١ ز | (٤٤) چیرۆکی سەرکەوتوون، بۆ قوتابیان نووسراون، لە لایەن چەند نووسەرێکی بە توانا و شارەزا، (١٤٠) لاپەڕەیە. |
| عەزیز ئالانی | مەدالیا | ناوندی رۆشنبیری چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠٠٢ | (٧) کورتە چیرۆکی فێرکاریە بۆ منالان و مێر منالان، (٦٦) لاپەڕەیە، بە خەتی رەنگا ورەنگ نووسراوە، وێنەکانی و بەرگەگەشی رەنگاو رەنگە. |
| ئاکۆ غەریب | چۆلەکە و مار | خانەی سمۆرە بۆ رۆشنبیری مندالان، کوردستان، چاپی یەکەم، سلیمانی، ٢٠٠٣ | دیوی پێشەوەی بەرگە، کە وێنەی هێلانەی چۆلەکە کراوە لەگەڵ بێچوەکانی لەگەڵ وێنەی مارێك، کە نیازی وایە بیانخوات، بە وێنەی سەرنج راکێش چیرۆکەکە روون کراوەتەوە. |
| ئاکۆ غەریب | گورگێکی برسی | | وێنەی گورگێك لە پێشەوەی بەرگەکە دا کراوە و دیوی پشتەوەی وێنەی ئاسکێکە، ناوەوەی پڕ لە وێنەی رەنگا ورەنگ و سەرنج راکێشە |

| نووسەر | کتێب/ ناميلکە | شوێن و ساڵی چاپ | تێبينی |
| --- | --- | --- | --- |
| ئاکۆ غەريب | هەنگ و گوڵ | | ديوی پێشەوەی بەرگەکە وێنەی گوڵێك کراوە، ديوی پشتەوەی سێ هەنگ کراوە، بە وێنەی رەنگا و رەنگ روون کراوەتەوە، (٨) لاپەڕەيە. |
| عەلی حەمە رەشيد بەرزنجی | دە چيرۆك بۆ منداڵان ديارى و سەردان | ديلان، چاپی يەکەم، سليمانی، ٢٠٠٤ | لە (٨) کورتە چيرۆك و (٢) چيرۆکە شيعر پێك دێت وێنەکانی نێوی لەگەڵ بەرگەکەی رەنگاوڕەنگن، ٢٤ لاپەڕەيە. |
| موئەيەد تەيب | کێز خا توين | چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، ٢٠٠٤ | دەزگای سپيرێز بەهاريکاری دياکۆنيا دەری دەکات، چيرۆکێکی فۆلکلۆريە، وێنەکانی سەرنج راکێش و رەنگاوڕەنکن، (١٦) لاپەڕەيە. |
| ناجح محەمەد قەرەداغی | پەپووی سولەيمان | چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، چاپی دووەم، هەولير، ٢٠٠٤ | چيرۆکێکە لە زنجيرە چيرۆکی گيانلەبەران لە قورئانی پيرۆزدا، بە شێوەی چيرۆکە شيعر داڕێژراوە و باسی چيرۆکی پێغەمبەر سولەيمان دەکات لەگەڵ پەپۆکەی و شا بەلقيس، (١٦) لاپەڕەيە. |
| مەرسووم گەشبين | سەگی پياوانی ئەشکەوت | چاپی يەکەم، هەولير، ٢٠٠٥ | چيرۆکەکە لە زنجيرە چيرۆکی گيانلەبەران لە قورئانی پيرۆزدا، بە شێوەی چيرۆکە شيعر باس لە رووداوی (اصحاب الکهف) دەکات و رۆڵی سەگە بە وەفاکە لەگەڵيانـدا دەست نيشان دەکات. |

| تێبینی | شوێن و ساڵی چاپ | کتێب/ ناميلكه | نووسەر |
|---|---|---|---|
| له (٤) چيرۆك پێك دێت بۆ منداڵان، (٥١) لاپەرەيه و تەنها بەرگەكەی رەنگاورەنگه. | چاپخانەی مەهارەت، چاپی یەكەم، تاران، ٢٠٠٥ز | ژيكەڵه | سازان جەلال |
| **له (٧) چيرۆك پێك دێت، (٣٠) لاپەرەيه و به وێنەی جوان و سەرنج راكێش و رەنگاورەنگ رازاوەتەوە.** | چاپخانەی وەزارەتی كشتوكال، چاپی یەكەم، هەولير، ٢٠٠٥ز | ژيان خۆشه | زانا رەئووف |
| (٥) چيرۆكی فۆلكلۆری كوردی منداڵانەی ناوچەی پشدەره، نووسەر لەبەرگێكی جوان و قەشەنگدا كۆی كردوونەتەوە، (٨٤) لاپەرەيه. | چاپخانەی شڤان، چاپی یەكەم، سليمانی، ٢٠٠٥ز | حتكه سوور | رێبوار جەمال |
| چيرۆكێكی پەروەردەيی منداڵانه، باس له پاك و خاوێنی دەكات، لەگەڵ پارچه شيعرێكی جەوهەر شيخانی، (١٠) لاپەرەيه. | چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥ز | خاوێنی | بەهار رەشيد |
| چيرۆكێكه بۆ منداڵان، رێنمايی كردنه بۆ خۆ پاراستن له مين و تەقەمەنييەكان، (١٥) لاپەرەيه. | چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولير، ٢٠٠٥ز | كەڵه، كه بەرد | مەرسووم گەشبين |

جگەله بەرهەمی (چيرۆكی منداڵان)، كه له پێشتردا باسمان كردن، هەندێ وتار و لێكۆڵينەوەی زانستيش له بارەی چيرۆك و ئەدەبی منداڵان لەلايەن نووسەرانمانەوە ئەنجام دراون، ئەگەر چی ژمارەيان زۆر كەمە، بەڵام بۆ زياتر روون كردنەوە دەتوانين دابەشيان بكەينه سەر سێ بەش:

**١- ئەو وتار و لێكۆلينەوانەی له رۆژنامه و گۆڤارەكاندا بلاّوكراونەتەوە:-**

لێكۆلينەوە له بارەی ئەدەبی منداڵان به گشتی و چيرۆك به تايبەتی لێكۆڵينەوەيەكی دەتوانين بڵێين لاوازه و مافی تەواوی خۆی پێ نەدراوە، هەر

بۆیەشـە ژمـارەی ئـەو وتـار و لێکۆلینەوانـەش، کـە لەسـەر چیرۆك و ئـەدەبی منـدالآنی کـوردی کـراون لـە پەنجـەی دەسـت تێناپـەرن، بگـرە هەندێکیـشیان لاوەکییانە بۆ بابەتەکە چوون و روونیان کردۆتەوە. بۆیـە لێـرەدا ئێمـە یـەك دوو نموونــە دەهێنینــەوە، کــە لەســەر بنــچینەیەکی ئــەکادیمی و زانــستیانە بناغەنرابێت. وەکو:

- یـەکێك لـەو لێکۆلینـەوە زانـستی و ئەکادیمیانـەی، کـە لـە بـاری چیرۆکی منداڵانەوە کرا بێت، لێکۆڵینەوەیەکی **(د. فازل مەجید مـەحموود و د. زاهیر کەریم)**ە لە ژێر ناونیشانی **(فایلکاری لە چیرۆکی منداڵاندا)**.

نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیەیدا، باس لە گرنگی و هەبوونی ئەو تەکنیکینانە دەکـات لـە چـیرۆکدا، کـە دەبنـە مایـەی وەرگرتنیـان لـەلای منداڵانـدا، و دوا جـاریش قایـل بوونیـان، ئەمـەش بـە پێـی رەهەنـدێکی (سـایکۆلۆژی و سۆسـیۆلۆژی)انـە سـەیری کـردووە، بـە رەچـاو کردنـی ئاسـت و قۆناغـەکانی تەمـەن و رادەی تێگەیـشتنیان. ئەمـەو چـەند راسـتیەکی تـر، کـە نووسـەر لـە رێگای پراکتیزمە کردنی چەند چیرۆکێك، زیـاتر بـیرو بـۆ چونەکەی بۆمـان دەسەلمێنێت. {٩٨: ٩٩ - ١١٨}

- یەکێك لەو وتارنـەی تـر لـەم بارەیـەوە، **(ئـەدەب و خـەیاڵاتی منـداڵان)**ی کەمال فاروقە، کە تیایدا بـاس لـە گرنگـی خـەیاڵ دەکـات لـە ژیـانی مـرۆڤ بـە گشتی و منـداڵ بـە تایبـەتی، دواتـر پەیوەنـدی خـەیاڵ لەگـەڵ بیرکردنـەوەدا روون دەکاتەوە و پێی وایە ئەم پەیوەندییـە بـە گـۆڕانی قۆناغـەکانی گەشـەی منداڵ یان گەورە دەگۆڕێت. بۆیـە داوا لـە نووسـەری ئـەدەبی منـداڵان دەکـات، کـە شـیعر و چـیرۆکەکانیان لەسـەر بنـەمای خـەیاڵێکی زانـستی دابمـەزرێنن، تاوەکو منداڵیش لەگەڵ چێژ وەرگرتن سوودیشی لێ ببینێت. {١١٤: ٤٣ - ٤٤}

ئەمانە و هەندێ وتار ولێکۆڵینەوەی تری تایبەت بـەم بـوارە، کـە ئێمـە لـە میانەی ئەنجامدانی ئەم باسەدا وەکو سەرچاوە ئاماژەمان پێکـردوون و لەبـەر سـنورداری ژمـارەی لاپـەڕەکانی باسـەکەو نـەبوونی دەرفـەت، نـاتوانم لێـرەدا ئاماژە بە یەکە یەکەیان بکەم.

**٢- ئەو لێکۆڵینەوانەی، کە بە شێوەی کتێب نووسراون لە بارەی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان و لەلایەن دەزگا چاپەمەنیەکانەوە بلاوکراونەتەوە:-**

لێرەدا چوار سەرچاوەی گرنگ لەم بوارەوە بەرچاو دەکەن، کە بریتین لە:

أ- نـەوزاد عـەلی ئەحمـەد **(منـداڵ و ئـەدەب ـ لێکۆڵینـەوە)**:- یەکێکـە لـەو بەرهەمانــەی، کــە زۆر لایــەنی ئــەدەبی منــداڵانی روون کردۆتــەوە و

چیرۆکیش بابەتێکی بایەخداربووە لە ناوەڕۆکەکەیدا، کە تیایدا باس لە یەکەمین چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا و چۆنیەتی بەرەوە پێش چوونی، ئینجا باس لە ئەدەبی منداڵان و فۆلکلۆری کوردی دەکات، لەگەڵ چەمکی شوێن لە چیرۆکی منداڵاندا، ئەمە جگە لەوەی (شیعر)یش بابەتێکی تری فەرامۆش نەکراوە لە نێو لاپەڕەکانی بەرهەمەکە. ئەم کتێبە بە سەرچاوەیەکی بایەخداری چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لە قەڵەم دەدرێت، جگە لەو بابەتانەی باسمان کردن بابەتی تریش تیایدا ئاماژەی بۆ کراوە[٣٥].

ب- سەرچاوەیەکی تر لە بواری چیرۆك و ئەدەبی منداڵاندا، کتێبی **(ئەدەبی منداڵانی کورد ـ لێکۆڵینەوە... مێژووی سەرهەڵدان)**ی حەمە کەریم هەورامی یە. نووسەر لە (٤٠٦) لاپەڕەی ئەم کتێبەدا، بە شێوەیەکی تێر و تەسەل باس لە زۆربەی هونەرەکانی ئەدەبی منداڵ لە (شیعر، چیرۆك، شانوگەری) بە جۆرەکانیانەوە دەکات و چەند نموونەیەکیشی لەسەر هێناوەتەوە لە ئەدەبی کوردیدا، لەگەڵ باس کردنی چەند بابەتێکی تری پەیوەست بە ئەم ئەدەبە، لە مێژووی سەرهەڵدان و قۆناغەکانی گەشەی منالْ.. تاد[٣٦].

بەڵام نووسەر لە کاتی سوود وەرگرتنی لەسەرچاوەکاندا، زۆر جار ئاماژەی بەو سەرچاوانە نەداوە، کە زانیاری لێ وەرگرتووە. هەر بۆ نموونە لە (ل ٨٩ - ٩٠) نووسەر کە باسی هونەری شێواز دەکات، سێ تایبەتمەندی شێواز لە (ڕەوانی، بە هێزی، جوانکاری) دەخاتە ڕوو، (ئەحمەد نجیب) لە کتێبی (فن الكتابة للاطفال) لە (ل٨٢)دا هەمان ئەم تایبەتمەندیانەی شێواز دەخاتە ڕوو، کە چی نووسەر ئاماژەی بە هیچ سەرچاویەك نەداوە، کە ئەم زانیارییەی لێ وەرگرتوون.

جـ- لەم ساڵانەی دواییشدا، کتێبی **(سەرەتایەك دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد)** لەلایەن (ناهیدە ئەحمەد)ەوە کەوتە بەر دەست.ناوەڕۆکەکەشی، هەروەك نووسەر خۆی لە پێشەکیدا ئاماژەی

---

[٣٥] نەوزاد عەلی ئەحمەد، منداڵ و ئەدەب ـ لێکۆڵینەوە ـ، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ١٩٩٩ز.

[٣٦] ئەدەبی منداڵانی کورد ـ لێکۆڵینەوە ـ مێژووی سەرهەڵدان، حەمە کەریم هەورامی، کوڕی زانیاری کوردستان، ٢٠٠٥ز.

پێداوە (چەند بەشێکی دکتۆرا نامەیەکە، کە لە ساڵی ١٩٨٦ لە ئامۆژگاری ڕۆژهەڵاتناسی مۆسکۆ پێشکەش کراوە، چەندان لاپەڕە و بەشی ئەم نامەیە لێرەدا نەکراون بە کوردی.. ئەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی بۆ خوێنەری کورد پێویست نین.. جا بە رای خۆم سەرجەمی دکتۆرا نامەکە، یان ئەو شێوەیەی، کە ئێستا چاپ کراوە، تەنیا سەرەتایەکە بۆ کوتاندنی دەرگایەك، کە رەنگە زیادەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێم تا ئێستا نەکوتراوە ئەگەر جۆرە هەوڵدانێکیش بوو بێ یان هەبێ وەك ئەم نامەیە، ئەوە کارێکی سەرەتایی و کەمە بۆ بابەتێکی وا گرنگ سەبارەت بە ئەدەبی منداڵانی کورد) (ناهیدە ئەحمەد، ئەدەبی منداڵانی کورد، (ل ٥)

ئەگەر چی ئەم کتێبە، وەك سەرەتایەك دەربارەی سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانی کورد شتێکی گرنگە و سوودی تایبەتی خۆی دەگەیێنێت، بەلام هەڵبەتە بەرهەمەکە سوودمەندتر دەبوو، ئەگەر بەشەکانی تری دکتۆرا نامەکە لانەدرابان و، نامەکە بە گشتی بکرابایە کوردی، لەو حاڵەتەشدا خوێنەر زیاتر دەیتوانی بڕیاری راست و دروستی لەسەر ئەنجام بدات.

د- **(شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا)**، لەلایەن (د. فازل مەجید مەحموود) کتێبێکی تری تایبەت بە ئەدەب و جیهانی منداڵانە، کە بە شێوازێکی ئەکادیمیانە دانراوە و بەشێکە لە پێداویستیەکانی پلەی دکتۆرا لە بواری ئەدەبی کوردیدا، هەر چەندە کتێبەکە مەبەستی سەرەکی باس کردنی (شیعری منداڵانە لە ئەدەبی کوردیدا)، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لایەنی تری ئەدەب و سایکۆلۆژیا و قۆناغەکانی گەشەی منالْ دەخاتە روو، تەنانەت کەمێك پێی لەسەر (چیرۆك)یش داگرتووە. ئەم کتێبە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە نێو کتێبخانەی (ئەدەبی منداڵانی کوردی)دا[٣٧].

ئەم چوار کتێبەی باسکران، دەتوانین بڵێین تەنها سەر چاوەیەکن، لە دوای ڕاپەرینی ١٩٩١ز، کە تایبەت بن بە ئەدەبی منداڵانی کوردی.

---

[٣٧] د. فازل مەجید مەحموود، شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤ز.

٣- ئەو لێکۆڵینەوانانەی، کە لە شێوەی نامەی ماستەر و دکتۆرا لە دوای ڕاپەڕینی (١٩٩١)ەوە لە بارەی چیرۆکی منداڵان ئەنجام دراون:

**بریتین لە دوو نامە، ئەوانیش:**

أ- **(چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٧٠ز - ١٩٩٠ز)** لەلایەن **(خالدە قادر فەرەج)**، بەشێکە لە پێویستیەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا، (چیرۆکی منداڵان) بابەتێکی سەرەکی باسەکەیە و، لە چوار بەشدا باسی زۆر لایەنی کراوە لە مێژووی، پێناسەی، خاسیەتەکانی، سەرچاوەکانی، بابەتەکانی بە پێی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ، چیرۆکی منداڵان لە ڕووی شێوەو ناوەڕۆکەوە[٣٨].

دەتوانین ئەمە بەیەکەمین باس لە قەڵەم بدەین، کە لەسەر چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ئەنجام درا بێت. ئەو بابەتانەی کە لەسەرەوەدا باسمان کردن، لێکۆڵەر لە لێکۆڵینەوەکەیدا بە شێوەیەکی ڕێك وپێك و ئەکادیمیانە ئاماژەی پێ داون. بەڵام گومانی تێدانیە کە هیچ بەرهەمێك لە کەم وکوڕی بە دەر نیە، یەکێ لەو کەم و کوڕیانەی کە لەم باسەدا بە دی دەکرێت ئەوەیە، توێژەر لە هەندێ شوێنی باسەکەیدا، لە هەندێ زانیاری لاوەکی و گشتی پشتی بەسەرچاوە بەستووە، واتە هەندێ زانیاری گشتییە و لەلای خەڵکدا ئاشکرایە، پێویست بەوە ناکات تۆ بەڵگە بهێنیتەوە بۆی. کە چی لە جیاتی ئەمە توێژەر، لە خستنەڕووی هەندێ بابەت و زانیاری تری سەرەکی کە مرۆڤ ناتوانێ لەخۆیەوە بڕیاری لەسەر بدات، ئاماژەی بە هیچ سەرچاوەیەك نەداوە و بەڵگەی بۆ قسەکانی نەهێناوەتەوە. هەر بۆ نموونە لە (ل٤٠ - ٤١)دا، کە باس لە (قۆناغی خەیاڵی بەرفراوان) لەلای منداڵدا دەکات، بوێرانە ئەم بابەتە بە بیروبۆچوونی خۆی دەخاتە ڕوو، بێ ئەوەی پشت بە هیچ سەرچاوەیەك ببەستێت، ئەگەر چی بۆ شارەزا بوون و زانیاری وەرگرتن لەم قۆناغەدا، زانایان چەندین لێکۆڵینەوەیان لەسەر منداڵان ئەنجام داوە، تاوەکو گەیشتوونەتە چەند ئەنجامێك. توێژەر لەم بابەتەدا، تەنها دوو دێر لەسەر چاوەیەك وەردەگرێت، کە ئەویش زانیاری گشتین و لەلای خەڵکدا ئاشکراوڕوونن، هەروەها هیچ بۆ بابەتەکە ناسەڵمێنێت. هەروەك دەڵێت (پەیوەندی منداڵ بە دایکی پەیوەندی سۆز و خۆشەویستیە، کاتێك لەگەڵی

---

[٣٨] خالدە قادر فەرەج، چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا ١٩٧٠ز - ١٩٩٠ز، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٩ز.

دەدویت، هەروەها پەیوەندی بە باوکی لەسەر بناغەی ریز و سەرسوڕمان و ترس بنیات دەنریت). ئەم دیاردەیە لە چەند شوینیکی تری باسەکەدا بە دی دەکریت. بەلام لەگەل ئەوەشدا، باسەکە نرخی تایبەتی خوی هەیە و بەهای خوی لە کیس نەداوە.

ب- (**رەوشا چیرۆکێن زاروکان ل دەڤەرا بەهدینان، ١٩٨٠ - ٢٠٠٤**) لە لایەن (**محسن عارف سالح**)، بەشیکە لە پێویستیەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا. (چیرۆکی منداڵان لە دەڤەری بادینان) بابەتێکی سەرەکی باسەکەیە و، لە چوار بەشدا باسی زۆربەی لایەنەکانی کراوە، لە گەشەکردنی زمان، گەشەکردنی ئەپستمۆلۆژی، رۆشنبیری منداڵ، تایبەتەکانی بیری منداڵ لە رەوانگەی تیۆری ئەبستمۆلۆژی، مێژووی چیرۆکی منداڵان لەو دەڤەرەدا، جۆرەکانی چیرۆکی منداڵان، رەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان، رەهەندی ئەبستمۆلۆژی لە چیرۆکی منداڵاندا[٣٩].

ئەم باسە لە دەست نیشانکردنی چیرۆکی منداڵان لەم دەڤەرەدا و، دەرخستنی چەند لایەنێکی گرنگی چیرۆکی منداڵان، شوێنی تایبەتی خۆی هەیە. لێکۆڵەر زۆر بابەتی گرنگی تیادا وروژاندووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنج بێت، توێژەر زۆر بایەخی بەلایەنی سایکۆلۆژیەتی منداڵ داوە، راستە ئەوەی لەسەر ئەدەبی منداڵان و بۆ منداڵان بنووسێ، دەبێ شارەزای سایکۆلۆژیەتی منداڵ بێت و، نابێت ئەم لایەنە فەرامۆش بکات. بەڵام نابێ ئەوە لەبیر بکەین، ئێمە باس لە چیرۆکی منداڵان دەکەین لە نێو ئەدەبیاتدا نەك لە نێو دەروونناسیدا، بۆیە دەبێ زیاتر بایەخ بە لایەنی ئەدەبی و هونەری بدەین و، وەکو پێویست پشت بە لایەنی سایکۆلۆژیەت ببەستین، یاخود لە بەشێکدا دەتوانین ئاماژە بە پەیوەندی نێوانیان بکەین. کە چی لەم باسەدا ئەم دیاردەیە، لە بەشی یەکەم و دووەم و کۆتایی چوارەمیشدا دەبینرێت.

---

[٣٩] محسن عارف سالح، رەوشا چیرۆکێن زاروکان ل دەڤەرا بەهدینان (١٩٨٠ - ٢٠٠٤)، نامەی ماستەر، زانکۆی دهۆك، ٢٠٠٥.

# بەشی دووەم

**باسی یەکەم ـ چەمك و رەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان**
**باسی دووەم - جۆرەکانی چیرۆك لە رووی ناوەرۆکەوە**

## باسی یەکەم

### چەمکی چیرۆکی منداڵان

ئاشکرایە چیرۆك شوێنێکی بەرزی لە نێو هونەرەکانی ئەدەبدا هەیە، ئەدەبی هەر نەتەوەیەك بخوێنیتەوە و لە هەر قۆناغ و مێژوویێکدا، بۆت دەردەکەوێ کەوا چیرۆك تا چ رادەیەك بایەخ و گرنگی خۆی نواندووە و بۆتە جێگەی بایەخدانی هەموو نەتەوەیەك لە گشت قۆناغەکانی ژیاندا، کەواتە چیرۆك ئامادەگی خۆی هەبووە لە سەردەمی کۆن بە گشتی، ئەمرۆش لە ئەدەبی نوێدا، شوێنێکی گەورەو بەرزی داگیر کردووە. سەبارەت بە منداڵانیش، زۆربەی شارەزایانی ئەم بوارە بۆ ئەوە دەچن، چیرۆك لە هەموو جۆرەکانی تری ئەدەب خۆشەویستتر وبەربلاوترە، لەگەڵ ئەم هەموو گرنگی و بایەخەش کە هەیەتی، جوانترین جۆری ئەدەبە لای منداڵ، لە هەمووشیان زیاتر چێژ بە منداڵ دەگەیەنێت.

دەتوانین چەمکی چیرۆکی منداڵان لەم چەند پەیڤانەی خوارەوەدا ئاشکرا بکەین:

چیرۆکی منداڵان: **"نووسینێکە بۆ منداڵ بە شێوەی پەخشان، بە مەبەستی گەیاندنی خۆش گوزەرانی و رۆشنبیر کردنی. واتە گێڕانەوەی چەند رووداوێکە کە بەسەر چەند کەسێکی دیاریکراودا دێن و تێدەپەڕن، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا. کەسایەتیەکانیش ڕەنگە ئادەمیزاد یان ئەفسانەیی بن، یاخود سەر بە جیهانی گیانداران یانیش بێ گیانیان بن، ئەمانەش گشتی بە مەبەستی دروست کردنی کەسایەتیێکی رێك و پێك و جوانە بۆ منداڵ"** {١٦٨: ٣٣٢}.

هەرچەندە ئامانج و مەبەستی چیرۆکی منداڵان لەلای نووسەراندا جیاوازی هەیە، بەڵام گشتیان لەوەدا کۆکن کە چیرۆکی سەرکەوتووی منداڵان بە شێوەیەکی گشتی دوو ئامانجی هەیە:

یەکەمیان، شارەزایی پێدانە لە گشت بوارەکانی ژیان و زۆرکردنی زانیارییە. دووەمیشیان، کات بەسەر بردن و خۆش گوزەرانییە.

له کۆنیشدا "**هەڤایەت لەلایێکەوە، شێوازێکی کات رابواردن بوو لەلایەکی تر تۆمارێکی سەرگوزشتەکانی مرۆڤ و خەباتی نەپساوەی بوو لە ژیاندا، ئەم دوو سیفەتەش لەگەڵ شێوازەکانی هونەری چیرۆك بوون بە هەموو شێوازەکانی بە درێژایی چاخەکان لە سەردەمی نوێشدا، ناکرێ بڵێین چیرۆك وازی لەم دوو سیفەتە هێناوە، تا ئێستاش خەڵك چاوەڕێ دەکەن چیرۆك لە پاڵ چێژ وەرگرتن، شارەزاییان پێ بەخشێت. زۆر دەگمەنیش چیرۆکێك جێگای رێز و پلە دانانە گەر ئەم دوو ئەرکە بە جێ نەهێنێت.**" {١٦٠: ١٩٩}

سەبارەت بە ئامانجی یەکەم، زۆر کردنی زانیاری و شارەزایی لە سەرێکدا هەردوو لایەنی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، چونکە خوێندنەوەی منداڵ بۆ ئەم جۆرە ئەدەبە شێوازێکی گرنگی وەرگرتنی زانیاری و پەرەسەندنی تواناکانی منداڵە، چیرۆك وا لە منداڵ دەکات، هەگبەی وشەکانی زمان لەلایدا زیاد بکات و یارمەتی دەدات بۆ گەشەکردنی دەربڕین لە کاتی قسە کردن لەگەڵ دەوروبەری. هەروەها یارمەتی دەدات کە بیرۆکەیەکی دروست لەسەر ماناکانی خێر و شەڕ و چاکە و خراپە پەیدا بکات، ئەمەش زیاتر لە میانەی گوێگرتنی بۆ چیرۆکە پەروەدەییەکان. لەلایەکی تریشەوە چیرۆکی سەرکەوتووی منداڵان کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر گەشەکردنی لایەنی پەروەردەیی و رۆشنبیری منداڵاندا هەیە. چونکە چیرۆکی منداڵان لەگەل ئەوەی زادەی خەیاڵێکی بەرز و بیر و لێووردبوونەوەیەکی فراوانە، چەندین زانیاری جۆراوجۆریشی لە بارەی مێژوو، ئایین، زانستی، جوگرافی، هونەری، ئەدەبی، دەروونی، .. تاد، بە خۆوە هەلگرتووە، بۆیە دەتوانێت بە هۆی ئەو فەنتازیا و خەیاڵەی کە هەیەتی دەروونی منداڵ تێر بکات. چونکە سروشتی منداڵ وا خولقاوە، زۆر ئارەزووی خەیاڵ کردنە و پێویستی بە ئەندێشە یە. لە ناو ئەمانەشدا کە باسکران چیرۆك رۆڵی گرنگ دەگێڕێت لە پەروەردەی کۆمەڵایەتی منداڵ و دروست کردنی کەسایەتییێکی دروست و جوان کە قابیلی شانازی پێکردنی کۆمەڵ بێت و، توانای خۆگونجاندنی هەبێت لەگەڵ دەوروبەردا. چونکە چیرۆك وێنەیەکی راستگۆیانەی ژیانی ناوەوە و دەرەوەیە، کە ئامانجی چارەسەرکردنی ئەو گیر و گرفتانەیە کە ڕوو بە ڕووی تاك و کۆمەل دەبنەوە، پێداویستی و ئارەزووەکانیان جێ بە جێ دەکات، توانای عەقڵی و هزرییان گەشەپێدەکات و لە کۆتاییشدا کەسایەتییێکی وامان بۆ بونیات دەنێت، کە توانای هەست بە لێپرسینەوەیان هەبێت

بەرامبەر كۆمەڵ و وولات و هەست بە ئەركی مرۆڤایەتی بكەن و لە داب و نەریتە باوەكانی كۆمەل لانەدەن. لەسەرووی هەمووشیانەوە بڕوای پشت بە خۆ بەستنیان لەلادا گەشە دەكات. دەتوانین بڵێین ئەمانەش گشتیان لە میانەی ئەو گفتوگۆ پرسیار و وەڵامدانەوەیەكە لە نێوان منداڵان و هەڤایەتخوانان لە كۆتایی چیرۆكەكەدا دروست دەبێت. {١٨٧: ٥ - ٦}، {١٧٤: ٤٥}.

مەبەست لە ئامانجی دووەمیش، كاری چیرۆك بۆ منال بێت یان گەورە، پێویستە لە تەكنیكدا پشت بە رەگەزی خۆشی و چێژ پێ بەخشین ببەستێت، بە مانایەكی تر لە رێگەی ئەو رەگەزەوە خوێنەر یان گوێگری مندال دەتوانێ چێژی تەواو لە چیرۆك ببینێت، ئەو رەگەزانەش كە ئەم خۆشگوزەرانییە لە لای منداڵاندا دروست دەكەن لە چەند شتێكی وەك (چۆنیەتی بە كار هێنانی كەسایەتیەكان، گرێچن، بابەت یان بیرۆكەكە و چەندانێكی تردا) خۆی دەبینێتەوە، بۆ نموونە پەنا بردنی چیرۆكنووسی منداڵان بۆ چەند كەسایەتێكی جۆراوجۆر و گونجاو لەگەڵ قۆناغی تەمەنی منداڵ، لە مرۆڤ، ئاژەڵ، رووەك... هتد یان هەموو ئەو كەسایەتیانەی كە لە جیهانی منداڵاندا خۆشەویستن، تەنانەت هەندێ جار كەسایەتییە ئەفسانەییەكانیش، چونكە زۆر جار منداڵان ئارەزووی چیرۆكە ترسێنەرەكان دەكەن و چێژیان لێ دەبینن، ئەمەش ڕەنگە بۆ بەرجەستە كردنی ئەو ترس و دوو دڵیە بێت كە لە ناخیاندایە، وەك هەوڵێكە بۆ زاڵ بوون بەسەریاندا، جگە لەوەش چیرۆكی منداڵان زۆربەی پێداویستیەكانی منداڵان لە ڕووی سایكۆلۆژی و كۆمەڵناسییەوە دابین دەكات، وەك خەونێك وایە بۆ منداڵ و، چەند بابەت و بیرۆكەیەكیان بۆ دەوروژێنێت كە لە سروشتی واقیعی ئەواندایە، ئەو هاوسەنگییە دەگەڕێنێتەوە كە منداڵان لە ژیانی رۆژانەیان لە دەستی دەدەن، بۆیە چیرۆك دەرگایەك لەبەردەم منالاندا دەكاتەوە، كە رووداو و وێنە و شتی سەیری ئەوتۆیان لێوە دیار بێ كە لە مەڵبەندەكەی خۆیدا نییە، كەواتە چیرۆك سەرچاوەیەكی تێر كردنی ئارەزووی ئاگاداری و فێر بوون و شت زانینی منداڵە بۆ دۆزینەوەی ئەو شتانەی كە حەزی پێدەكات، یا خەیاڵی دەبزوێنێ، یا لە مەڵبەندە تەسكەكەی خۆیدا بێگانەیە. هەروەها ئارەزووی منال لە خەیاڵ و پێشبینی كردندا خاڵێكی ترە كەوای لە منداڵ كردووە چێژو و خۆشی لە چیرۆك وەربگرێت، چونكە منال لە چیرۆكدا بوارێكی

فراوانی بۆ هەڵدەکەوێت، تا خەیاڵە خۆشەکانی خۆی تێدا پەل بهاوێژێ و دنیای بەر چاو بە خەیاڵ برازێنێتەوە. {٩٨: ١١٢ - ١١٣}، {٦٨: ٢٥}

دەتوانین ئەم مەبەستانەی چەمکی چیرۆکی منداڵان لەم پێناسەیەی خوارەوەدا بەرجەستە بکەین:

**چیرۆکی منداڵان:-** هونەرێکی جوانە، دەکرێت ئەدەبی منداڵانی سەرکەوتوو، لە رێگەیەوە ئامانجە فرەخاسەکانی (النبیلە) بهێنێتە دی، بە چەند رێگەیەکی ناڕاستەوخۆ، منداڵان لە چێژوەرگرتن بێبەش نەکات. هەروەها نابێت چیرۆك لە کۆمەڵێك زانیاری و ئامۆژگاری رێنماییکەر خۆی بەرجەستە بکات، لە هەمان کاتیشدا لە میانەی رووداو و هەڵوێست و کارەکتەرەکان بیرو بۆ چوونە نەتەوایەتیەکان پێشکەش بکات، دەبێ بۆچوونە مەبەستدارەکان لە چیرۆکدا بەشدار بن لە بنیاتنانی کەسایەتی نەوەی نوێ. {١٧١: ٢٧}.

## رەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان

بێگومان چیرۆك خاوەن ڕوخسارێکی هونەری و ناوەڕۆکێکی تایبەتی خۆیەتی، بینای هونەری چیرۆك بە بێ ئەم دوو لایەنە، یاخود باشتروایە بڵێین بە بێ یەکێك لەم دووانە لەنگی بەخۆیەوە دەبینێ. کەواتە "**بەرهەمی ئەدەبی لە دوو بەشی بنچینەیی پێکهاتووە، یەکەم ناوەڕۆك، کە ئەو بابەتەیە کە دەقە ئەدەبییەکە باس دەکات یان دەخاتە روو، دووەم شێوەی هونەری کە وەك چوار چێوەیەك ناوەڕۆك دەگرێتە باوەش و نرخی هونەری بەو چەشنە یان بەو توخمە دەدات**" {١٢: ٣٣}

ئەوەی پێویستە بووترێت ئەوەیە، هەر نووسەرێك یا خود چیرۆکنووسێك لە کاتی نووسینی بەرهەمەکەیدا دەبێ رەچاوی ئەم دوو لایەنە بکات و، یەکێکیان نەکاتە قوربانی ئەوەی تریان. ئەمەش لە پێناو ئەوەی بتوانێ بەرهەمێك لە قاڵبێکی ئەدەب و هونەری جوان و چێژدار پێشکەش بە خوێنەران بکات. سەبارەت بە رەخنە گران و لێکۆڵەرانی ئەدەبیش بە هەمان شێوە، بۆ ئەوەی بتوانن بەرهەمێکی ئەدەبی بە شێوازێکی دروست و زانستیانە هەڵبسەنگێنن و باسی لێوە بکەن، دەبێ ناوەڕۆك و شێوەی هونەری پێکەوە بکەن بە پێوەر بۆ هەلسەنگاندنەکانیان. ئەگەر چی هەندێ جار دەبینین لێکۆڵەرانی بواری چیرۆك، تەنها پێ لەسەر لایەنێك دادەگرن بۆ

هەڵسەنگاندنی چیرۆکەکانیان و، لایەنەکەی تر فەرامۆش دەکەن، بۆ نموونە زیاتر بایەخ بە ناوەرۆك دەدەن و ئەو بابەتانەش کە رووخساری هونەری چیرۆکەکان دەنوێنن بەلاوەی دەنێن. راستە ناوەرۆك گرنگی تایبەتی هەیە لە چیرۆکدا، وەك ئاوێنەیە کە گوزارشت لە راستیەکانی تاك و کۆمەڵ دەکات، رەنگدانەوەی رووداوەکانی واقیع و سەرووی واقیعە، تەنانەت زۆر جار شتەکانی ناوەوەی مرۆڤیش باس دەکات و رەنگە خوێنەر خەون و خەیاڵاتی خۆی تێدابیبنێتەوە "**بەڵام لە پاڵ ئەم هەموو بایەخ و گرنگییەی ناوەرۆك دەینوێنێت، ناتوانێ ببێتە تاکە پێوەری هەڵسەنگاندنی کارە ئەدەبییەکان، بەڵکو چۆنیەتی بە کار هێنان و لێکدانی ئەو بنەما هونەرییانەی کە ئەنجامی کارلەیەك کردن بە هۆی ئەو پەیوەندییانەی یاسا خۆییەکان بەرێوەیان دەبەن و یەکیان دەخەن و دانەیەکی یەکگرتوویان لێ پێك دێنن ئینجا لە پاڵ ناوەرۆکێکی گونجاو، ئەمانە پێویستە بکرێنە پێوەری هەڵسەنگاندن**" {١: ٧٤}

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ناوەرۆك لە چیرۆکدا یان هەر دەقێکی ئەدەبی کە شایەنی ئەوە بێت ناوی ئەدەبی لێ بنێین، هەر چەند بە هایەکی زۆری هەبێت، ئەگەر نەخرێتە قالبێکی ئەدەبی و هونەری جوان، ناتوانێت بەتەنیا نرخی ئێستاتیکا بە بەرهەمە ئەدەبییەکە ببەخشێت، چونکی نووسەر بێژەرێکی نێو کەناڵەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆن نییە هەواڵ بگەیێنێت، بەڵکو کەسێکە ئەوەی کە دەیەوێت بیڵێت بە شێوازێکی جوانی ئێستاتیکانە دەخاتە نێو رووخسارێکی هونەری و رواڵەتێکی جوانی پێ دەبەخشێت، بۆ ئەوەی بتوانێ چێژ بە بەرامبەرەکەی بگەیەنێت، لەو کاتەشدا بەرهەمەکەی ناوی لێ دەنرێت ئەدەب و خۆیشی دەبێت بە ئەدیب، بۆیە "**هەر کاتێك ئەدەب بەرگی هونەری لێ دابماڵین لە ئەدەب دەکەوێت**" {١٢: ٣٥}

چیرۆکی منداڵانیش هەروەك چیرۆکی گەوران، لەو شتانەی کە باسکران خاڵی نین و، خاوەن رووخسارێکی هونەری و ناوەرۆکێکی تایبەتی خۆیانن، کە بە فەرامۆش کردنی لایەنێکیان ئەوی تر ناتەواو دەبێت و لە جوغزی ئەدەب دێتە دەرەوە. بۆیە ئێمە کە لێکۆڵینەوە لەسەر چیرۆکی منداڵان ئەنجام بدەین دەبێ بە پێی ناوەرۆکەکە و، ئەو رەگەزانەی کە لە نێو چیرۆکەکەدا بە دی دەکرێن وەکو چەند بنەمایەکی هونەری، باس لە چیرۆکی منداڵان بکەین و هەڵیانبسەنگێنین.

**"شتێکی هەڵەشە کەسێك بیر بکاتەوە کە ئەدەبی منداڵان ماددەیەکە دابڕاوە لە ئەدەبی گەوران، یاخود ئەدەبێکە بە شێوەیەکی گۆشەگیر گەشەی کردووە و جیا بۆتەوە لە ئەدەبی گەوران. هەر چەند ئەگەر نووسەر کە پەیوەستیش بێت بە گیر و گرفتە کۆمەلایەتییەکان، یاخود سەر چڵییەکان، یان زانیارییەکان، یاخود خۆشەویستی نیشتیمان ئایین... تاد، هەمان ئەو بنەماو پێدەرانەی کە ئەدەبی گەورانی پێ هەڵدەسەنگێنرێت، دەتوانین بیانسەپێنینە سەر ئەدەبی منداڵانیش و بەرهەمە ئەدەبییەکلنی پێ هەڵبسەنگێنین"** {١٦٣: ٦٥}.

لە گرنکترین ئەو رەگەزانەش، کە وەك چەند بنەمایەکی شێوە و ڕوخسارێکی هونەری بە چیرۆکی منداڵان دەبەخشن، بریتین لەمانەی خوارەوە:

## ١- بابەت Theme

کە یەکێك گوێبیستی چیرۆکێك دەبێت، ئەگەر لە بارەی چیرۆکەکەوە لێی بپرسین، پێیش هەموو شتێك رەنگە بڵێین، چیرۆکەکە لەسەر چی بوو؟ بۆیە هەموو چیرۆکێك بە دەوری بابەتێك دا دەخولێتەوە و، دانەرەکەی تیایدا مەبەستی دەرخستنی ئامانجێکە.

بابەت **"بریتیە لەو بیرۆکەیە کە چیرۆکنووسەکە دەیەوێ لە کارێکی هونەری جوانداً بۆ منداڵانی بخاتەڕوو، بابەتەکە دەکاتە هەوێن و لەگەل رەگەز و پایەکانی تری چیرۆکدا، بەسەر هەموویانەوە (زمان) دەقێکی هونەری رەنگینیان لێ دروست دەکات"** {٢٤: ٧٧}.

ئەو بیرۆکەیەش کە چیرۆکنووسی منداڵان دەیخاتە ڕوو، کە بابەتی سەرەکی چیرۆکەکەیە، دەبێت لەگەڵ چێژو حەوسەڵەی منداڵاندا بگونجێت و، سەرنجی منداڵان بۆ لای چیرۆکەکە رابکێشێت و سوود بەخش بێت، لەسەر بنەمایەکی راستی، دادپەروەری، دەست پاکی، خاوێنی، رەوشت بەرزی، رەفتاری چاك، بەها مرۆڤایەتییەکان دامەزرابێت، کە باوەڕی منداڵ بەم بەهایانە سەقام گیر دەبن،

لە سەرووی هەمووشیانەوە لەسەر بنەمایەکی ئەدەبی دامەزرابێت. بەڵام نابێت بیرۆکەکە شێوازی ئامۆژگاری و ڕێنمایی بگرێتە بەر، نەوەك بنەما هونەرییەکەی و ئامانجەکەی لە دەست بدات. بۆیە بابەتی باش و نایاب ئەو

بابەتەیە کە زیندوویی و راستگۆیی پێشکەش بکات و لە واقیعەوە نزیك بێت، وەك ئەوەی راستیە زانستیی و مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکان بدۆزێتەوە، واتە رووداوەکانی چەند راستییەك بنوێنن، کە شایەنی نەمریین وپەیام ببەخشنە هەستی ناوەوەی مرۆڤ، ئەم جۆرە بابەتانەش یارمەتی مندالان دەدەن بەشداری لە سۆز و هەستی مەسەلە گەورەکانی مرۆڤدا بکەن، بەرێزیشەوە تەماشای بەهای ژیانی مرۆڤ بکەن و، نرخ و بەهای ژیانی ئاژەڵ و رووەکەکانیش بزانن و فێر ببن {١٥٧: ٤٠}

ئەو ڕاستگۆییەش کە دەبێ لە بابەت و بیرۆکەکاندا هەبێت، تەنها لە واقیع وەدەست نایێت، بەڵکو "**راستگۆیی لە جیهانی مندالان و جیهانی ئەندێشە و خەیاڵ بوونی هەیە، تەنانەت لە جیهانی فۆشمەبازی (الفكاهه) و خورافیات و هەقایەتی جنۆکان، هەروەها لە چیرۆکی گیانداران و سەرچڵییەکانی پاڵەوانان و، شاعیری ئەفسانە کۆنەکان و، هەقایەتە میللییەکانیشدا هەیە، هەروەها ڕاستگۆیی لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا هەیە، لە کارگە و کێڵگە و دارستانەکانیشدا هەیە.**" {١٦٢: ١٢٠}

کەواتە گرنگترین ئەو سیمایانەی کە دەبێ لە بابەتدا هەبێت:

١- بابەتەکە یان بیرۆکەکە ئامانج و مەبەستێك بگەیەنێت، ئامانجەکەش روون و ئاشکرا بێت و ئاڵۆز نەبێت.
٢- لە هەر چیرۆکێکدا تەنها یەك بیرۆکە بخرێتەڕوو. "**چونکە کەکۆمەڵێك بیرۆکە لە چیرۆکێکی مندالاندا هەبوون، لە بایەخی بیرۆکە سەرەکییەکە کەم دەبێتەوە.**" {٢٢: ١٣٢}.
٣- بابەتەکە بە هێز و سوودبەخش بێت، شایەنی ئەوە بێت پێشکەشی مندالان بکرێت، لە سەرووی هەمووشیانەوە راستگۆیی بنوێنێت.
٤- بیرۆکەکە لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەکردنی تەمەنی مندالّ بگونجێت.
٥- بابەتەکە یان ناوەڕۆکەکە لەگەڵ رەگەزەکانی تری نێو چیرۆکەکە هاوتا بێت و، هەماهەنگی پێك بهێنێت و، لەکارێکی هونەری جواندا بخرێتەڕوو.

**سەرچاوەکانی بابەت:**

بێگومان ئەو بابەتانەی کە چیرۆکنووس لە چیرۆکەکەدا بە کاریان دەهێنێت، دەبێ لە سەرچاوەیەکەوە هەڵقووڵابن. چیرۆکنووسیش پەنا بۆ ئەو

سەرچاوانە دەبات کە منداڵ بابەتی بیرو خەیاڵی خۆی لێ هەڵدەبژێرێت، بۆیە چیرۆکنووس بۆ هەڵبژاردنی تیمەکان دەبێت ڕەچاوی قۆناغەکانی تەمەنی منداڵ بکات، شارەزایی لە هەموو قۆناغەکاندا هەبێت و بزانێت بۆ منداڵی کام قۆناغ دەنوسێت. چونکی منداڵان لە هەر قۆناغێکی تەمەنیاندا جۆرە بیر کردنەوەیەك و حەز و ئارەزووێکی تایبەتیان هەیە، بۆیە پێویستیان بە جۆرە ئەدەبێکی تایبەتی هەیە.

منداڵانی تەمەن (٣ - ٦)ساڵان بەوە ناسراون، کە ئەندێشە و بیریان زۆر تیژە، لەو شوێنەوارەی تیایدا دەژی دەرناچێ، بۆ نموونە منداڵانی ئەو تەمەنە زۆر جار کە یاری دەکەن لەبەر خۆیاندا و لەگەڵ کەلوپەلەکانی دەوروبەریان دەست دەکەن بە گفتوگۆ و قسە کردن، دەکەونە ئەندێشەیەکی قووڵەوە، بۆ نموونە قابڵەمەیەك دێنن و دەیکەن بە سوکانی ئۆتۆمبیلەکانیان لێی دەخوڕن، یاخود وایان بە خەیاڵدا دێت، بووکەشووشەکەی مرۆڤێکە یان گیاندارێکە قسەی لەگەڵدا دەکات، لێی توڕە دەبێت، لێی دەدات، دەیلاوێنێتەوە و ژیری دەکاتەوە، بۆیە دەبێ چیرۆکنووس سەرنجی ژیانی منداڵ و جیهانەکەی بدات و بابەتی چیرۆکەکەی لە واقیعی ئەوانەوە هەڵبژێرێت. منداڵ لەو تەمەنەدا بێزار دەبێت لەو چیرۆکانەی کە باسی جنۆکە و خێو و ئەفسونبازی و تاوانباری و ترس و تۆق و توندوتیژی دەکەن، چونکە ئەم چیرۆکانە بیرێکی ترسناك لەلای منداڵان بە جێ دێڵن و کار دەکەنە سەر کەسایەتییەکەی و دواییش منداڵێکی ترسنۆکیان لێ دەردەچێت. چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە دەبێ پڕ بن لە بابەتی خۆشەویستی، پێکەنیناوی، ڕەوشت بەرزی، ئارامگرتن، یارمەتیدانی یەکتری، چالاکی، زیرەکی... تاد. {٦٧: ٢٦ - ٣١}

کەواتە چیرۆکنووسی منداڵان یەکێك لەوسەرچاوانەی کە بابەتەکەی لێ وەردەگرێت بریتیە لە (ئەندێشەو جیهانی پڕ لە ئەزموونی منداڵ). چیرۆکنووس دەبێ بابەتێك هەڵبژێرێت لە چوار چێوەی شارەزایی و تێگەیشتنی منداڵان بێت، واتە دەبێ سوود لە خەیاڵی منداڵانەوە وەربگرێت و دوور بکەوێتەوە لە خەیاڵی خۆی و ئەو شتانەی کە خۆی هەستی پێ دەکات، ئەو ئەندێشەیەش کە منداڵ تیایدا نقوم دەبێت هیچی لە واقیع بەدەرنییە. بەڵگەشمان بۆ ئەمە " **ئایا دەکرێت وێنە خەیاڵییەکانی بیرو مێشکی مرۆڤێکی بینەر بە هەمان شێوەی بیرو مێشکی کەسێکی هەر لە**

**سـەرەتاوە لـەزگماکی نابینابێـت؟ بێگومـان نـەخێر. کەواتـە خـەیاڵ و گەشەکردنی دەرەنجامی ئەزموونی ژیانـە و هـیچ کـاتێکیش خـەیاڵ لـە رووی وێناندنەوە لە سەرووی ڕواڵەتە (واقیعی)یەکانەوە دەرناچێ لەم بارەیەشـەوە مارکس گوتوویەتی:- کاتێك ئادەمیزاد هەندێك شت لـە خەیاڵیـدا پـەروەردە دەکات، وادەزانێ لەسەرووی رواڵەتەکانی واقیع دان. ئەوە لەراستیدا جگـە لـە رێکخستنەوەی بەشەکانی واقیع هیچ کارێکی تری ئەنجام نەداوە."** {١٣٠: ٤}

سەرچـاوەیەکی تـر لـەو سەرچـاوانەی کـە چـیرۆکنووس بابـەتی لێ هەڵـدەهێنجێ، بریتیـە لـە (هەقایـەت و بابەتـە فۆلکلۆرییـەکان). نووسـەری چـیرۆکی منـداڵان زۆر جـار دەتوانێـت فۆلکلـۆر و هەقایـەتی میللـی و ئەفسانییەکان وەك سەرچاوەیەك بـۆ بابـەت و رووداوەکـانی بـە کـار بهێنێـت، بەڵام دەبێ رەچاوی ئەو تایبەتمەندیانە بکات کە دەبـێ لـە ئـەدەبی منداڵانـدا هـەبێت. منـداڵ لـە تەمـەنی (٦ - ٨) سـاڵان هـەر چـەندە زیـاتر بـەرەو واقیـع دەڕوات، بەڵام ئەندێشەکەی فراوانتر دەبێت لە جاران تا رادەیەك شارەزایی لە ژینگەی خۆی و دەوروپشتی پەیدا دەکا و هەوڵ دەدا لە دەرەوەی ماڵـەوە پـەل بۆ شتەکانیش درێژ بکا، منداڵ لـەم قۆناغـەدا حـەز لـە جمـو جـۆڵ و پرسـیار کـردن دەکـا، دەیـەوێت نهێنـی شـتەکان و هۆکارەکانیـان بزانێـت بۆیـە ئـەم قۆناغـەی منـداڵ زۆر جـار بـە قۆنـاغی واقیعیـەت و ئەندێـشەی هەڵـچوو نـاو دەبرێـت، منـداڵ تیایـدا ئـارەزووی گـوێ بیـستی چیرۆکە پـڕ ئەندێـشەییەکان دەکات، بە پەرۆشە بۆ گوێ گرتن لەو چیرۆك و هەقایەتە ئەفسانەییانەی کـە پاڵـەوان هـەردەم لـە گێـژاوی گیروگرفـت و مەترسـی و قـووڵایی دەریاکـان لـە دەست دێو و جنۆکە و دڕنـدەی کێـوی لـە پەلەقاژێـدابێت، بـە لاّم گێڕانـەوەی ئـەم جـۆرە چیرۆکانە بـۆ منـداڵان رەنگدانەوەیـەکی خـراپ لەسـەر دەروون و کەسـایەتییەکان بـە جـێ دەهێڵـێ، رەنگـە ئـەم گروپـە منداڵانـە کـە زۆر گـوێ بیستی ئەم چیرۆکانە دەکەن سەرشێت و شەڕانگێز دەرچـن و، لـە دواڕۆژیـشدا رێگـای چـەوت و گەنـدەڵی هەڵبـژێرن. بۆیـە وا باشـە چـیرۆکنووس بـۆ هەڵبژاردنی بابەتەکەی تـەنها سـوود لـە گرێـچنەکانی ئـەم جـۆرە هەقایـەت و ئەفسانانەوە وەربگرێت. {٩٣: ٤٣}، {١٢٣: ٦}.

لەم بارەیەشەوە جۆن ئـەیکن ئـەڵێ: **"لـە هەڵبـژاردنی چـەند بابـەتێك بـۆ چیرۆکی منداڵان، بە زۆری وا بە سوودە کـە سـەرنجێکی تـر بدەینـە گرێـچنە بنچینەییەکانی ئەفسانە و هەقایەتە میللیەکان"** {١٤٣: ١١٣}

ئەگەرچی رەنگە ئەم جۆرە چیرۆکانە کاردانەوەیەکی خراپیان بەسەر دەروونی منداڵاندا هەبێ، وەڵێ لە هەمان کاتیشدا دەبێ هۆکارێك هەبێت کە ئایا بۆچی منداڵانی ئەم تەمەنە ئارەزووی گوێ بیستی ئەم جۆرە چیرۆکانە دەکەن، رەنگە ئەم ئارەزووەش بگەرێتەوە بۆ بەرجەستە کردنی ئەو ترس و دوو دڵییەی کە لە ناخیاندا هەستی پێ دەکەن، واتە ئەمە وەك هەوڵێکە بۆ زاڵ بوون بەسەریاندا.

لە ئەدەبی کوردیدا ئەم جۆرە چیرۆکانە نموونەیان هەیە و زۆرن، یەکێ لەوانەش بریتیە لە چیرۆکی ئەفسانەی (شێتۆکە و ئاقڵۆکە)، کە ئەم ئەفسانە چیرۆکێکە بۆ مێرمنداڵان، باس لە بەسەرهاتی دوو برا دەکات بە ناوی (شێتۆکە و ئاقڵۆکە)، کە لەبەر نەبوونی و بێداری تووشی کوشتنی دوو پیاوی حەس حەس دێن، کە ئەم دوو پیاوە دەیانەوێ فێڵیان لێ بکەن و سامانیان داگیر بکەن، هەر لەبەر نەبوونی و هەژاری روو لە شار و چۆڵ وچیا دەکەن و تووشی چەند بەسەر هاتێك دێن، دواتر تووشی حەوت دێوی گەورە وەك کەڵە شاخ دێن، کە هەمیشە مەنجەڵێکی رەشی گەورەیان لەسەر ئاگرە و، بڵق بڵق دەکوڵێ و پڕە لە خواردنی دێوەکان، ئەم دێوانە کەس ناتوانێ لێیان نزیك بێتەوە و شوێنێکی زۆر خۆشیان داگیر کردووە، کاتێك هەست بەوە دەکەن ئەم دوو برایە لێیان نزیك بوونەتەوە و هاتوونەتە شوێنی ئەوان، بە دەنگێکی زۆر گەورە کە ئەم ناوچەیە پڕ دەکات بانگیان دەکەن و دەیانەوێ بیانکەن بە خۆراکیان، بەلام خۆش بەختانە بە هۆی هۆشیاری و بیر کردنەوەی عاقڵانەی (عاقڵۆکە)، دەتوانن بەسەر دێوەکاندا زاڵ ببن و، خۆشی و شادی دەگەرێتەوە ئەو شوێنەی کە دێوەکان تیایدا دەژیان[٤٠]

چیرۆکنووس لە چیرۆکدا دەبێ هەوڵی ئەوە بدات، هەمیشە لە بابەتەکانیدا هێزی چاکەکار و خێر خواز سەربکەوێت و شەرانگێز و نەیارەکان بەزەوی دا بدات، چونکە "**تۆڵە سەندنەوە، بابەتێکی باوە لە هەڤایەتەمیللیەکاندا... منداڵان بە شێوەیەکی سروشتی ئەم چیرۆکانەیان زۆر پێخۆشە، هێشتا منداڵەکان زۆر سەرەتایین، پێخۆشحاڵن کە شەرانگێزببینن لە**

---

[٤٠] مەغدید رواندزی، ئەفسانەی شێتۆکە و ئاقلۆکە، بۆ مێرد مندالان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨ز.

**خـاك بگـەوزێنرێ و سـوكايەتی پـێ بكـرێ... دەربـاز كردنـی كەسـايەتيەكی چارەگران لە گوناهەكەی، بابەتێكە زۆر بە دڵی منداڵانە."** {١٨: ٧٦}

سەرچـاوەی سـێيەم، كـە چـيرۆكنووس دەتـوانێ بابەتەكـەی لێ وەربگرێـت، بريتيـە لـە واقيـع، بێگومـان منـداڵانيش وەك گـەوران كاريگـەر دەبـن بـەو واقيعەی كە تيايدا دەژين، ئەو ڕووداو و گۆڕانكارييانەی كە منداڵ لە ژيانيـدا دەيبينێت ياخود هەندێ جار بەسەر خۆيشی دا دێن، كار دەكەنە سەر گۆڕانی بيركردنـەوەی منـداڵ. ئەمـەش بێگومـان لەميانـەی گـۆڕان و گەشـەكردنی قۆنـاغی تەمەنيـدا ڕوودەدات. **"منـداڵ كـە تەمـەنی گەيـشتە دوازدە سـاڵ لـە شـێوازی ژيـانی رابـردووی يـاخی دەبێـت، تەنانـەت هەنـدێك جـار بـە رووی دايك و باوكيـشيدا دەتەقێتـەوە، قايـل نابێـت وەك منـداڵ سـەيری بكرێـت و خولياو ئارەزووە تازەكانی لێ تێكبدرێت، منداڵ لـە تەمـەنی دوازدە تـا پـازدە ساڵيدا، رازی نييە گوێ بۆ چيرۆكێك شل بكات باسـی نـوقڵی تێـدا بێـت، وەلێ چونكە بەرەو هەرزەكاری دەڕوات، چيرۆكی دڵداری سـەرنجی ڕادەكێـشێت، لـە ناخەوەدەيبزوێنێت."** {٢٢: ١٢٩}

منداڵانی قۆناغی (٨ - ١٢) ساڵان و بە سەرەوەش، لە كـاری پـڕ ئەنديـشەيی تا رادەيەك دووردەكەونەوە و، لەراستی و واقيع نزيك دەبنـەوە، حـەز دەكـەن لـە شـتەكانی دەوروبـەريان تێبگـەن. پـەی بردنـی چـيرۆكنووس بـە بابـەتی واقيعـی، ئـەو واقيعـەی كـە وێنـەی ژيـان دەكێـشێت بـەو شـێوەی كـە منـداڵ دەيبينێ، دەتـوانێ بەشـداری لـە گەشـەكردنی سروشـتياندا بكـات، ئەمـەش لـە رێگـەی گوزارشـت كـردن لـەو گرفتانـەی كـە دێنـە ڕێگـای منداڵەكـە و خێزانەكـەی و ژيـانی. بۆيـە لـەم سـاڵانەدا منـداڵان لـە قۆنـاغی چـيرۆكی خەياڵی و هەقايەتی خورافی دەگوازرێنـەوە بـۆ قۆنـاغی ئـەو چيرۆكانەی كـە زياتر لە واقيعدا نزيكن، منداڵ لەم قۆناغانەی تەمەنی دا دەتوانێ پێناسە بـۆ شـتەكان دابنێـت و هەڵـەكان ڕاسـت بكاتـەوە. هـەروەها دەتـوانێ پێناسـەی هەنـدێ وشـە بكـات كـە خـاوەنی هێمـا و رەمـزی مەعنـەوين وەك، چـاكە، دادپـەروەری، بـەزەيی پياهـاتن...تـاد. دەشـتوانێ پەنـد و ئامۆژگـاری و مەغزاكانی نێو چيرۆكەكان تێبگات هەستيان پێ بكات، كەواتـە لـەم قۆناغـەدا چـيرۆكنووس دەبـێ هـەوڵی ئـەوە بـدات ئـەو بابەتانـە هەڵبـژێرێت، كـە لـە راستييەوە نزيكن، منداڵان لەم قۆناغەی تەمەنياندا زياتر حەز لەو راستيانە

دەکەن، کە بڕوایان پێیەتی و دەیانەوێت پەردە لەسەر ئەو کێشانە لابدەن کە بەڕاستی ئەزانن و ڕووبەڕوویان دەبنەوە. {١٦٦: ٣٩ - ٤١}.

لە ئەدەبی کوردیدا چیرۆکی لەم نموونەیەمان زۆرە، کە چیرۆکنووس بابەتەکەی لە واقیع وەرگرتبێ. یەکێ لەو نموونانەش، چیرۆکی (لاساری)یە. ئەم چیرۆکە باس لە کوڕێکی تەمەن (١٠) ساڵان دەکات بە ناوی (هەندرێن)، منداڵێکی لاسارو گوێ نەگرە، هەمیشە لە قسەی دایك و باوکی دەردەچێت و گوێ بەئامۆژگارییەکانیان نادات، ئەمە جگە لەوەی لەگەڵ هاوڕێیەکی بە ناوی (میران) زۆر جار بە بیانووی (نان کڕین)، گوایە دەچنە نانەواخانە، لە ماڵەوە دەردەچن و پارەکە لە سەرەی نانەواخانەکە دادەنێن و خۆشیان دەچن یەکەیەکەی ماڵەکان، ئەوەندەی لە توانایاندا بێت، زەنگی بەر دەرگاکانیان لێدەدەن و رادەکەن، هەروەها دەچنە سەر دەرگا و دیواری خەڵك و سێو و هەرمێکانیان دادەڕنن، بە دزی خاوەن ماڵەکە. تا ڕۆژێك هەندرێن و میران خەریکی لێکردنەوە و داپچڕینی دارەکانی حەوشەی ماڵێك دەبن، لە ناکاو خاوەن ماڵ لێیان دێتە دەر و (هەندرێن) دەستگیر دەکات و، میرانیش رادەکات، خاوەن ماڵ بەنەرمی و لەسەر خۆی چەند قسەیەك بە (هەندرین) دەڵێت و، چەند سێو و هەرمێیەکیشی لە دەست دەنێت و بەڕێی دەکات. (هەندرێن) بەشەرمەزاریەوە ملی ڕێگا دەگرێت و بەو کارە نالەبارەی خۆی زۆر دڵتەنگ دەبێت، یەکە یەکەی قسەکانی خاوەن ماڵی لەگوێدا دەزرنگێتەوە، بە تەواوی پەشۆکاو دەبێ. بەدەم خەیاڵەوە ڕووە و ئۆتۆمبیلێك دەڕوات. ئۆتۆمبیلەکە ملی لێ دەنێت و، (هەندرێن) لە هۆش خۆی دەچێت و قاچێکیشی دەشکێت و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە. کە بە هۆش خۆی دێتەوە زۆر هەست بە شەرمەزاری دەکات بەرامبەر دایك و باوکی و ئەو کارانەی کە کردوویەتی. بە دەم گریان و پەشیمانی ئەوەی کردوویەتی بۆیان دەگێڕێتەوە، لە کۆتاییدا بڕیاردەدا ئەوە دوایین کارە ناشیرینەکانی بێت. لەو ڕۆژەوە بە دواوە (هەندرێن) لاپەڕەیەکی نوێی لە ژیانی خۆیدا تۆمار کردوو، نموونەی گۆڕایەڵی و ژیری بوو بۆ منداڵان.[٤١]

[٤١] سازان جەلال، ژیکەڵە، چاپی یەکەم، چاپخانەی مەهارەت، تاران، ٢٠٠٥، ل ١٦ - ٢٥.

دەتوانین هەمان چیرۆکی سەرەوە، بۆ رەگەزی (بابەت) پراکتیزە بکەین. چیرۆکنووس زیرەکانە توانیویەتی بابەتێك هەلبژێرێت نموونەیەك بێت لە واقیع و لەگەڵ سروشتی واقیعی منداڵاندا بگونجێت.

رووداوەکانی چیرۆکەکە (لاساری) منداڵێکە، کە بابەتی چیرۆکەکە دەنوێنێت. مەبەست و ئامانجی چیرۆکنووس لەخستنەرووی ئەم بابەتەدا روون و ئاشکرایە، دەیەوێت لە منداڵان بگەیەنێت، گەر منداڵ (لاسار) بێت و لە گوێی دایك و باوکی و کەسانی لە خۆی گەورە تر دەربچێت، چارە نووسێکی خراپ چاوەڕێی دەبێت. چیرۆکنووس زیرەکانە توانیویەتی، ئەو خاسیەت و مەرجانەی کە دەبێت لە رەگەزی (بابەت)دا هەبێت، لە چیرۆکەکەدا بەرجەستە بکات، چیرۆکنووس تەنها یەك بیرۆکەی لە چیرۆکەکەدا ئاماژە پێکردووە. واتە چیرۆکەکە تەنها لە دەوری (بیرۆکەکەدا کە لاسارییە) دەخولێتەوە، لەگەل رەگەزەکانی تری نێو چیرۆکەکەش گونجاون و هەماهەنگی دروست کردووە.

## ٢- رووداو _ Event

ئاشکرایە چیرۆك هی گەوران یان منداڵان بێت، لە کۆمەڵێك کار و کردەوە و بەسەر هات و گیروگرفت پێك دێت، کە بەسەر پاڵەوانەکانی چیرۆکەکە دا دێن و تێدەپەڕن، لە ئەنجامدا رووداوی چیرۆکەکە پێك دەهێنن. چیرۆکیش بە بێ ئەم رووداوانە هەڵناکاو ناچێت بەڕێوە، چونکە رووداوەکان بە بناغەی بنیاتنانی چیرۆك دادەنرێن. هەر رووداویشە کە هێز و توانا و جموجۆڵ دەداتە چیرۆکەکە و یەکەمین رەگەزە کە سیفەتی چێژ بەخشینە بۆ منداڵ، "**بۆیە پێویستە لەسەر نووسەرەکە بەردەوامی بدات بە بزوتنەوەی رووداو و، جموجۆڵی رووداوەکان بپارێزێ.**" {١٤٣: ١١٧}

دەتوانین چەمکی رووداو لەم پێناسەیەدا روون بکەینەوە کەدەڵێت:
"**رووداو، بریتیە لە کۆمەڵێك بەسەرهاتی یەکگرتووی بە دوای یەکدا هاتوو، کە دەبێت بە شێوەیەکی هونەری دا بچنرێت و بگێڕدرێنەوە، کە بتوانێ کاریگەری خۆی بنوێنێت بەسەر هەست و ئەندێشەی منداڵان و سەرنجیان بۆ لای خۆی رابکێشێت.**" {١٧٧: ٥٩}.

واتە رووداو پارچەیەکی بچووکە و یەك چنین دەیگرێتە خۆ، دەبێ لە زنجیرەیەکی یەکگرتووی گونجاو پێك بێت، بە شێوەیەکی یەك لە دوای یەك

رووداوەکان لە یەکتری گرێ بدرێن، تاوەکو کارلێك دەکەن و دەگەنـە لووتکـە، بەمەش (گرێ)یەك دروست دەبێـت، کـە منـدالآن زۆر ئـارەزوو بـە کردنـەوەی ئەم گرێیە دەکەن.

رووداوەکـان نابێـت تـەنها کۆمـەڵێك هـەواڵ بـن، نووسـەر لـە نێوانیانـدا پەیوەندی دروست کراو بخولقێنێت، چونکە ئـەرکی چـیرۆکنووس گێڕانـەوەی بەسەرهاتەکان و گەیاندنی هەواڵەکان نییە، بە شـێوەیەکی رووت و کـۆپیکراو بەو شێوەی کە لە واقیعدا هەیە، بۆیە **"چیرۆکنووس پێویستە ئاگاداری ئـەوە بێت، کە رۆژنامەنووس نییە، هەواڵ بگەیەنێت، بگرە نووسـەرێکە نەخـشەی جیهانێکی بالآتر لە جیهانی واقیع دەکێشێت، جیهانێك نە پاشکۆی واقیعـە و نـە راسـتگۆیی هونەریـشی تێـدا فـەرامۆش دەکرێـت، خـۆ ئەگـەر دەقـاودەق رووداوێکمان گێڕایەوە، یان بەو پەڕی دەسـپاکییەوە، بەسـەرهاتی کەسـێکمان نووسـیەوە، ئـەوا لـە باشـترین حاڵەتـدا، دیرۆکنووسـین نـەك چـیرۆکنووس".** {٨٨: ٨٤}

بـەڵکو چـیرۆکنووس دەبـێ رووداوەکـان و بەسـەرهاتەکان بـە شـێوەیەکی زنجیرەیـی و یـەکگرتوویی بـچنێت. بەشـێوەیەك لەگـەڵ یەکـەکانی تـری نێـو چـیرۆکەکە هەماهـەنگی بنوێنێـت و هـەموویان بـە یەکـەوە بەشـێکی خـاوەن واتای دیاریکراوبهێنن و، بەشداری لە دروست کردن و کردنەوەی (گرێ) یەکـە بکەن.

چیرۆکنووسـی منـدالآن دەبـێ ڕۆڵـێ نوانـدن ببینێـت، لـە کـاتی نووسـینی چیرۆکەکەدا، واتە بە شێوازێکی وا چـیرۆکەکە بنووسـێت، ئەندێـشەی منـدالآن بووروژێنێـت و بـە ئاگایـان بێنێـت، بـۆ ئـەوەی خۆیـان بتـوانن بـچنە نێـو رووداوەکـان، وەك ئـەوەی پاڵـەوانێك بـن تیایـدا، ئەمـەش ڕادەوەسـتێتە سـەر رادەی ئاشکرایی و، ئەو هێزەی کە چیرۆکنووس رووداوەکانی پـێ دەخاتـە روو بۆیە **"بونیاتنانی چیرۆك بە رادەیەکی زۆر دەوەستێتە سەر روونی (وچوح)ی دانەر لە خستنە ڕووی رووداوەکاندا."** {١٦٢: ١١٨}

خاڵێکی تر لە بارەی ژمارەی رووداوەکان و چۆنیەتی بە کار هێنانیان، **"بە شێوەیەکی گشتی، نابێت لە چیرۆکی مندالآندا رووداوی زۆر بە کار بهێنرێت، ئەمەش تاوەکو منداڵ سەری لێ نەشێوێت، هەلی وەرگرتنی رووداوی سـەرەکی لێ وون نەبێت، مانای چیرۆکەکەش لە دەست نەدات."** {١٧٩: ١٤١}

ڕووداویش وەکو بابەت دەتوانێت سەرچاوەکەی ئەندێشە، واقیع، هەقایەتە میللی و ئەفسانەییەکان بێت، بەڵام دەبێ ئەوە لەبیر نەکەین، ساڵانێك بوو ڕووداوەکانی زۆربەی چیرۆکی منداڵان، لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا، سروشتێکی ترسناك و توند و تیژی بەخۆوە گرتبوو، ڕەنگە ئەمەش هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ ئەو هەقایەتە میللی و ئەفسانەییانەی کە لە کۆندا دەتوانین بڵێین سەرچاوەیەك بوون بۆ لە دایك بوونی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان لە هەموو جیهاندا، هەر وەك لە بەشی یەکەمدا ئاماژەمان بەو مەسەلەیە کرد. بەڵام ئەم دیاردەیە لە ماوەی ساڵانی دواییدا، بەرەو کزی و نەمان ڕۆیشت و گۆڕانی بەسەر داهات، داهێنانێکی نوێ بۆ چیرۆك سەری هەڵدا، ئەم گۆڕانە چیرۆکی منداڵانی لە ئەدەبی کوردی لە دوای ڕاپەڕینیشدا گرتەوە، تەنانەت ئەو گۆڕانە ئەو هەقایەتە کۆنانەشی گرتەوە کە زۆر باو بوون لە ناو کۆمەڵدا، تیایدا وێنەکانی توندوتیژی و تۆقاندن و کوشتن و خیانەت کردن لادران، هەروەها کەسایەتییەکانی وەکو جنۆکە و مۆتەکە و ئەفسونبازەکانیش تا ڕادەیەك دوورخرانەوە. {١٧٩: ١٤٢}

هەر بۆیە نابێت چیرۆکی منداڵان لە هەڵوێستی نابەجێ و ترسناك پێك بێت، بەو ڕادەیەی کە وروژاندن و هەڵچوونێکی تیژیان بۆ سەر دەروونی منداڵدا هەبێت، وەکو تەعزیبێکی زۆری کاریگەر، ستەم و تاوانی نابەجێی ڕەق، چونکە ئەم جۆرە هەڵوێستانە، کاریگەرییان بەسەر پێکهاتنی عەقڵ و ویژدانی منداڵاندا دەبێت، کاریگەرییەکی زۆر خراپ. بۆیە دەبێت چیرۆکنووس هەوڵبدات ئەو ڕووداوانە هەڵبژێرێت کە بە هەڵچوونی دڵخۆشکەر و خۆشەویستی و پێکەنیناوی دەناسرێنەوە. {١٦٥: ١٥٩}

هەر بۆیەشە " **گرنگترین ڕەگەز لە منداڵاندا، کە دەبێ ئێمە سوودی لێ وەربگرین بریتیە لە (ئەندێشە)، چونکە ئەندێشە بنچینەیە بۆ هەموو گەشەکردن و داهێنانێك، دەبێ ئەوەش بزانین کە منداڵ داوای ڕووداوی واقیعی دەکات لە ڕێگەی ئەندێشەوە.**" {١٩٠: ٣}.

ڕاستە نووسەری منداڵان دەبێت لە زۆر بابەت دا سوود لە واقیع وەربگرێت و بیکات بە سەرچاوەیەك بۆ ڕووداوەکانی، بەڵام ئەو واقیعەش دەبێت لەگەڵ واقیعی منداڵاندا بگونجێت، بە ڕەچاوکردنی ئاستی تەمەنیان و، لە ڕێگەی ئەندێشەوە پێشکەش بکرێت نابێت ئەوەش لە بیر بکەین، "**ئەو ڕووداوانەی گرێیەکە دەکەنەوە، یان ڕووداوی دراماکە**

**هێوردەکەنەوە، دەبێ بە ووردی هەڵبژێردراوبن و هەموویان لەگەڵ رووداوی سەرەکی بگونجێن، کەوا پڕۆژەی چیرۆکەکەی لەسەر بنیات نراوە و پەیوەستە بە ئەو."** {١٥٢: ١٩٩}.

لێرەشدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە چیرۆکدا دوو جۆر رووداو هەن، یەکێکیان رووداوی سەرەکییە، کە بەشێکی گرنگی نێو چیرۆکە و بەرنامەی چیرۆکەکەی لەسەر دەڕوات، دووەمیشیان رووداوی لاوەکییە، کە ئەویش رووداوێك یاخود چەند رووداوێکن و گەشە بە رووداوی سەرەکی دەدەن و بەشداری دەکەن لە کردنەوەی (گرێ)ی ناو چیرۆکەکە.

لێرەدا ئێمە نموونەی چیرۆکێك دەهێنینەوە و تایبەتمەندییەکانی رەگەزی رووداوی بەسەردا پراکتیزە دەکەین. چیرۆکەکەش بریتیە لە (کۆتر و ڕێوی).

سەرەتای رووداوەکە بەدروست کردنی هێلانەیەك لە شوێنێکی بەرز، لایەن دایکە کۆترەکەوە دەست پێدەکات، ڕێویش هەوڵ دەدات کۆترەکە و بێچووەکانی بخوات بەڵام پێیان ناگات  بۆیە هەڕەشە لە کۆترەکە دەکات، ئەگەر بێچووەکانی بۆ فڕێ نەداتە خوارەوە، ئەوا سەردەکەوێت و بێچووەکانی دەخوات، کۆترەکە بە ناچاری و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بێچووەکانی بۆ فڕێ دەداتە خوارەوە، بۆ ساڵێکی تر کۆترەکە بەچکەی جوانتر هەڵدەهێنێ، بەڵام دیسان خەم دایدەگرێت، لە ترسی ئەوەی دیسان ڕێوی بێتەوەو داوای بێچووەکانی بکات و بیانخوات. قەلەڕەشکەیەك ئامۆژگاری دەکات کە گوێ بە قسەکانی ڕێوی نەدات، چونکە ئەو لە شوێنی بەرزە و ڕێوی ناتوانێ پێی بگات. بۆیە لە کۆتاییدا داوا و مەبەستی مام ڕێوی جێ بە جێ ناکرێ و بە سەرشۆڕی دەڕوات[٤٢].

نوسەری چیرۆکی (کۆتر و ڕێوی) مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ ئەم رەگەزەی چیرۆکدا کردووە. لەم چیرۆکەدا یەك رووداوی سەرەکی بەدی دەکرێت ئەویش (خواردنی بێچووەکانی کۆترە لەلای ڕێوی). کە بیرۆکەی چیرۆکەکەش لەسەر بونیات نراوە. رووداوە لاوەکییەکانیش بریتین لە (دروست کردنی هێلانە)، (گفتوگۆی نێوان دایکە کۆترەکە و قەڵەڕەشکەکە) بەڵگەشمان لەوەدا ئەوەیە، چیرۆکنووس توانیویەتی بە شێوەیەکی وورد

[٤٢] شاخەوان علی حمد، ورچ و شێر و مام ڕێوی (کۆمەڵە چیرۆکێکی منداڵانە)، رۆستەم باجەلان، پێشەکی بۆ نووسیوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر ٢٠٠٢، ل ١٨.

رووداوه لاوەکییەکان هەڵبژێرێت، کە لەگەڵ رووداوە سەرەکییەکەدا بگونجێت و بەشداری بکەن لە کردنەوەی (گرێ) یەکە. (گرێ)ی چیرۆکەکەش بریتیە لە (چۆنیەتی پاراستنی بێچووەکان لەلایەن دایکە کۆترەکەوە.)

چیرۆکنووس بەرێك و پێکی زنجیرەی رووداوەکانی بە یەکەوە بەستۆتەوە و، دیمەنی هەڵوێستی (قەلەرەشکە) بەرامبەر (کۆتر)ەکە و شێوازی گفتوگۆی نێوانیان، بە شێوەیەکی هونەری بەرجەستە کردووە، ئەمەش شارەزایی چیرۆکنووس لە بواری چیرۆکی هونەریدا دەردەخات و هاوسەنگییەکی لە نێوان رووخسار و ناوەرۆکدا پێکهێناوە.

### ٣- گرێچن (تەون) - The plote:

دەتوانین بڵێین گرێچن پرۆژەی رێکخستنی رووداوەکانە بە شێوەیەکی هونەری، واتە کاتێك چیرۆکنووس، باس لە رووداوەکان دەکات لە چیرۆکەکەیدا، دەبێ بەردەوامی و جموجۆڵیان پێ بدات و، بەشێوەیەکی هونەرییانە بیانچنێت، بەمەش رووداوەکان، بەرەبەرە گەورە دەبن تاوەکو دەگەنە ترۆپك، ئەمەش پێی دەڵێن گرێچن یان (پلۆت).

بۆیە **" گرێچن ئەو خاڵە دەنوێنێ، کە رووداوەکانی چیرۆك تیایدا لێك دەئاڵێن، هەروەها گرێچن، پلانی چیرۆکە، لە ناویدا روداو بەسەر کارەکتەرەکاندا دێت، یان بەهۆی ئەوانەوە رووداو روودەدات، گرێچن بریتیە لەو دەزووەی، کەوا سەرەداوی چنینی چیرۆك و بونیاتنانیەتی، ئەمیش وا دەکات، خوێنەر حەز بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بکات"** {١٥٢: ١٩٩}

گرێچنیش دەبێت زۆر بە هێز و مانا بەخش بێت، چونکە یەکێکە لەو رەگەزانەی، خوێنەر بۆ لای چیرۆك کێش دەکات، ئەگینا بە پێچەوانەوە، ناتوانێ سەرەنجی منداڵان لەو ماوەیەدا، کە چیرۆکەکەی تیایدا دەگێڕدرێتەوە، بۆ لای چیرۆکەکە رابکێشێت، چونکە بێ مانایی وبێ هێزی گرێچن، منداڵان تووشی بێزاری دەکات و، ئارەزووی ئەوەیان نابێت تاکۆتایی گوێ بیستی چیرۆکەکە بن.

چیرۆکنووسی منداڵان، دەبێ هەوڵی ئەوە بدات، چیرۆکەکەی لە یەك گرێچن پێك بێت و سادە و ساکار بێت، واتە **" گرێچن لەکتێبی منداڵە بچوکەکاندا، پێویست بەوە ناکات ئاڵۆز بێت."** {١٤٣: ٦٥}، چونکە گرێچنی ئاڵۆز (الحبکه المرکبە)، سەرەنجامی هەبوونی زیاتر لە رووداوێکی سەرەکییە،

له چیرۆکی منداڵانیشدا، دەبێ هەوڵ بدرێت، یەك رووداوی سەرەکی بەکار بهێنرێت، چونکە منداڵی بچووك، توانای پەی بردنی تەواویان نییە تاوەکو لە یەك کاتدا بە دوای چەند گرێیەکدا بکەون یاخود لە چیرۆکی ئاڵۆز تێبگەن.

سەرچاوەی دروست بوونی هەر گرێچنێك لە چیرۆکێکدا، ابوونی کێشەیەکە، یان گەورە بوون و پەرەسەندنی رووداوێکە بۆ لووتکە و ترۆپك، ئەم گرفتەش (کێشەکە)، جموجۆڵی و گەرم وگوڕی دەداتە رووداوەکان. بە واتایەکی دی دەتوانین بڵێین، کاتێك کە رووداوەکان گەورە دەبن و پەرە دەسێنن، دەبنە هۆی لە دایك بوونی گرێچنێك (پلۆتێك)، کە گرێچنیش دروست بوو، پێویستی بە چارەسەر کردن دەبێ، بۆیە رووداوەکان لە بەردەوامی و گەرم و گوڕیدا دەبن، تاوەکو گرێیەکە (گرفتەکە) چارەسەر دەبێت و چیرۆکەکە دەگاتە کۆتایی. کەواتە " **گرێچن ئەو گرێیە(عقدە)یە دەگرێتە خۆ، کە گرفتەکە (کێشەکە)دەنوێنێ، لە کاتی کارلێك کردنی رووداوەکان دەردەکەوێت، ئەویش ئەو کێشە و هەڵوێستە نادیارەیە، کە پێویستی بە ڕافە کردن هەیە و، کار دەکاتە سەر ئارەزووکردن (الرغبە) بۆ دۆزینەوە و زانینی ئەوەی لە دوایدا دێت.**" {١٥٢: ١٩٩}

بۆیە بەم شێوەیە، بۆمان دەردەکەوێت، گرێچن (سەرەتاو، ناوەڕاست (گرێ) و، کۆتایی) هەیە.

### ١- سەرەتا _ Exposition

سەرەتا لە چیرۆکدا، بە بەشێکی گرنگ ناو زەت دەکرێت، چونکە چیرۆکنووس لە رێگەییەوە، دەبێت هەست و خەیاڵی خوێنەر بۆ ناو چیرۆکەکە رابکێشێت، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێت، کە پێشەکییەکە بە دەستەواژەی بە هێز و سەرنجڕاکێشەر دەست پێبکات، هەروەها هەوڵیش بدرێت لە پێشەکییدا، کەسایەتییە سەرەکییەکان ببردرێنە نێو چیرۆکەکە و، بە منداڵان بناسرێنرێن. بۆ نموونە، چیرۆکی " **تۆم سوێر، بە پوورە بۆلی دەکرێتەوە کەوا راوی تۆم دەنێ، کە موڕەبیا دەدزێ**" {١٨: ٨٠}. ئەمەش وا لە منداڵ دەکات، لەگەڵ ئەو باس و خواستانە سەر ڤاڵ بێت، تاوەکو رەوتی چیرۆکەکە و پەیکەرەکەی پەرەدەسێنێ. ئەگینا بە پێچەوانەوە منداڵ تووشی بێزاری دەبێت و ئارەزووی تەواو کردنی چیرۆکەکەی نامێنێ. هەروەها دەبێ سەرەتا پەیوەندییەکی پتەو و نەپچڕاوی لەگەڵ بەشەکانی دوای خۆیدا

هـەبێت، چـونكە سـەرەتا، پارچـەیەكی هونـەری بـەرزە و بەسـتراوەتەوە بـە بەشەكانی دی تێكستەكە و، لێی جیا ناكرێتەوە. {١: ١١٣}

**٢- ناوەڕاست (گرێ) _ العقده - Conflict**

گرێـچنی بـاش، ئـەو گرێـچنەیە كـە (گـرێ)یـەك بگرێتـە خـۆی، گـرێش پەرەدەسێنی و دەگاتـە ترۆپـك، لـە ئـەنجامی بەیەكدا چوون و پەرەسـەندنی رووداوەكـان و هاتنــە نـاوەوەی كەسـایەتیەكان. گـرێش، كێـشەیێكە، یـاخود هەڵوێستێكی نادیارە، كە پێویستی بە راڤە كردن هەیە، بۆیە كار دەكاتە سـەر ئارەزووەكان، بۆ دۆزینەوەو زانینی ئەوەی لـە دوایـدا دێـت. كێـشە و قـەیرانی چـیرۆك، بـۆی هەیـە رەوانـی بـێ، دەشـگونجێ لـە بـەرەنگار بـوونی كـردەوەی بـاش و هەسـتی دەروون سەرچاوە بگـرێ، دوور نیـە لـە دۆخێكـی گاڵتـە جـار دابەدی بێ، بە هەرحاڵ دەبێ سروشـتی و لـە راسـتی نزیـك بـێ و لـە چـیرۆك بوەشێتەوە، زۆر جار لە گرێچندا، گرێ لە ئەنجامی ململانێ، پێچەوانە بـوون، دووبارە بوونەوە، یان دژایـەتی كـردن دروسـت دەبێـت، لێرەشـدا مەبەسـت لـە ململانـێ، " **شـێوەكانی خـەبات كـردن و بـەرگری كردنـە، جـا چ بـە شـێوەی هێمایی (سیمبولی) بێ، یاخود واقیعی. ئەو چیرۆكانەی كە ململانێكانیـان لـە نێوان هێزە بەرهەڵستكارەكانە، لەو كاتـەدا ململانێیەكـە ڕەمـزی دەبێـت، لـە كاتــەكانی تریــشدا واقیعــی دەبێــت. ململانێیــەكانیش، یــان لــە نێــوان گیانلەبەراندا دەبێت، یەك لەگـەڵ یـەكێكی تـر، لـە نێـوان چاكە و خراپـە دا (شەڕ)دا، ئەم جـۆرە ململانێیـەش لـە منـداڵانی پـۆلی یەكـەمی سـەرەتایی بـە رێژەی ٦٥٪، لە پۆلی دووەمدا بە رێژەی ٤٠٪، لە پۆلی سێیەمدا بە رێـژەی ٤٧٪ دەبێت، یانیش ململانێیەكان لە نێوان هێزە ماددی و رووحییەكانـدا دەبێـت، ئەم جۆرەش لە چیرۆكی ئایینی و پێغمبەراندا بەدی دەكرێت و، رێژەكەشـی (٢٢٪)ە بـۆ منـداڵانی پـۆلی یەكـەم و دووەمـی سـەرتایی. جـۆرە ململانێیـەكی تریـشمان هەیـە، كـە لـە نێـوان حـەق و نـا حـەق دایـە، ئەمـەش لـە چـیرۆكە كۆمەڵایەتییەكاندا بەدی دەكرێت، یاخود لە نێوان مرۆڤ و ژیانی زەحمەت و كوولەمەرگی. رێژەكەشی، بۆ منداڵانی پۆلی دووەمی سەرەتایی ١٧٪ و پۆلی سێ یەمیش ١٢٪ یە"** {١٤٤: ١٦٨ - ١٦٩}، بەڵام لە هەموو ئەمانەشـدا، نابێـت شـتێك بـاڵ بەسـەر رووداوی سـەرەكییدا بكێـشێت، ئەمـەش دەبێـت چـیرۆك لەسـەری بڕوات، بە بێ پچڕان یان راوەسـتان. هـەروەها دەبـێ هێڵـی (گـرێ) بـە روونـی

دیـار بێـت، تـا ئـەو رادەیـەی گـەر مرۆڤێـك ویـستی چـیرۆكێك بگێڕێتـەوە، ناسینەوە یان بە دواداچوونی گـرێ ی لا ئاسـان بێـت، لـە كـاتی گێڕانەوەكـەدا. بۆیە دەتوانین بڵێین (گرێ)، ئەو خاڵەیە، كەكێشەكە تیایدا لەو پەڕی تونـدی و چڕبوونەوە دایە.

### ٣- كۆتایی (ئەنجام)- Denouement

گرنگی كۆتایی لە چیرۆكدا، لەرەگەزەكانی تری ناو چیرۆكەكە كەمتر نییە، چـونكە لەگـەڵ ئـەوەی كۆتـایی خـاڵی تەقینـەوە و چارەسـەر كردنـی كێـشە و ململانێیەكانە و، خوێنەر بە هۆیەوە دەگاتـە ئـەنجامێك، جگـە لەمـە كۆتـایی، ئەو بەشەیە كـە ئامـانج و مەبەسـتی گـشتی چـیرۆكەكە تیایـدا دەخرێتـەڕوو، بۆیـە زۆر لـە لێكۆڵـەرانی چـیرۆك، ئـەم بەشـە بـە (سـاتی روونـاك كردنـەوە ـ لحظـة التنـویر) نـاو دەبـەن. واتـە " **هـەموو ئـەو كێـشەو گرفتانـەی كـە لـە چـیرۆكدا روودەدەن، بـەرەو خـاڵی روونـاك كردنـەوە دەڕۆن، كـە كۆتـایی چـیرۆكەكەیە و، تیاشـیدا مانـای گـشت شـتەكانی پێـشوو روون دەكاتـەوە و دەردەخات.**" {١٤٧: ١١٢} .

كۆتاییش دەبێ ببێتە مایـەی رازی كـردن و قایـل بـوونی منـداڵان، چـونكە كۆتایی بەلای منداڵانەوە سەر لێشێواندن و گومان دەنـوێنی ئەگـەر بۆشـایی و تێنەگەیشتن رووبەڕوویان بێتەوە، بۆیە كۆتایی لاواز یـان ناقەناعـەت پێكـەر، خـراپترین گوناهـە كـە نووسـەر دەیكـات، هـەموو نووسـەران دەداتـە دەسـت پڕوپووچـی و بـەتاڵی، لەبـەر ئـەوە كـە كۆتـایی دێـت، دەبـێ بـە هێـز بێـت و مەبەسـتێك بگەیـەنێت، قەناعـەت پێهێنـەر بێـت. جـا بـۆ ئـەوەی كـە هـیچ گومانێك نەمێنێتەوە و، خوێنـەر هەسـتێكی تـەماوی بەرانبـەر بـە چـیرۆك و چارەنووسی كەسایەتییەكانی نێـوی نـەمێنێ، نووسـەر زۆر جـار رەگـەزێك لـە رەگەزەكانی لە پڕ دەخاتە سەر، واتە دەخاتە سەر كۆتاییەكـە، بەمـەش گـشت كـەلێن و قوژبنـە تاریكـەكانی نـاو چـیرۆكەكە بـۆ خوێنـەر یـان گـوێگر روون دەبێتەوە. ئەم رەگەز و خستنە سـەرانەش هەنـدێ جار بەرێكـەوت دێنـە نـاو چـیرۆكەكە، هەنـدێ جـاریش چـیرۆكنووس بـە نـا چـاری پـەنایان بـۆ دەبـات، هەروەك باسمان كرد تەنها بە مەبەستی ئـەوەی خوێنـەر یـان گوێگرەكـە بڵـێ (بەڵێ من تێدەگەم). {١٨: ٨٣ - ٨٤} .

لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات، ئایا كۆتـایی دەبێـت دڵخۆشـكەر و شـادی بێت، یان غەمگینی؟ چارەسەرێكی تەواو و ئامادەكراو پێشكەش بكات، یـاخود نا؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش لێكۆڵـەرانی بـواری چـیرۆك و ئـەدەبی منـداڵان، راو بۆچـوونی جیاوازیـان هەیـە، جیاوازییەكـەش بـە پێـی جیـاوازی قۆنـاغی تەمەن سەری هەڵداوە، بەڵام هەندێ لە رەخنەگران كۆتایی بەختەوەریان لە چیرۆكی منداڵاندا پێ باشە، چونكە بە پێی ئـەو لێكۆڵینەوانـەی لـەم رووە وە لەسەر منداڵاندا ئـەنجام دراون، دەركەوتووەكـە ئـەو چـیرۆكانەی كۆتاییـان بـە خۆشی و شادی دێت، بە رێژەیەكی زیاتر لەلایـەن منداڵانـدا وەردەگیرێـت لـەو چیرۆكانەی كە كۆتاییان دڵتەنگی و ناخۆشـییە، ئـەو لێكۆڵـەر و رەخنەگرانـە، پێشبینی ئەوە دەكەن، كە ئەو چیرۆكانەی كۆتاییـەكانیان ناخۆشـیە، پێویـست بـەوە ناكـات كـە منـداڵان گـوێی لێ رابگـرن، چـونكە جیهـانی منـداڵ، جیهـانی زەردەخەنە و شادییە، بۆیە پێویـستە لەسـەرمان، كـە هەسـت و سـۆزی منـداڵ بەم كۆتاییە ناخۆشانە ئازار نەدەین. هەروەها سـەبارەت بـە چارەسـەریش بـۆ كۆتـایی، دەكـرێ چـیرۆك كۆتـایی پـێ بێـت، بـەبێ ئـەوەی هـیچ چارسـەرێك پێشكەش بە منداڵان بكرێت، بەڵكو بۆ منداڵان بە جێ بهێڵرێت كە خۆیان بە ئــەنجام بگــەن و، بــیرو هــۆش و هەســتەكانیان بخەنــە گــڕ تــاوەكو بگەنــە كۆتاییەكە، بەڵام ئەو چیرۆكانەی كە كۆتاییـەكانیان، چارەسـەرێكی تـەواویان پێشكەش بە منـداڵانكردووە، بـیر و هـۆش و هەسـتی منـداڵان ناخاتـە كـار بـۆ وەدەست هێنانی ئەنجامی نێو چیرۆكەكە، لـەم حاڵەتەشـدا، توانـای یـادەوەری (ذاكرة) منداڵان گەشە دەكات نەوەك توانای داهێنانەكانیان. {١٤٤: ١٧١ - ١٧٢} .


لێـرەدا چیرۆكی (داركونكـەرە)[٤٣] بـە نموونـە دەهێنینـەوە، تایبەتمەنـد و خاسـیەتەكانی (گرێـچن)ی بەسـەردا پراكتیـزە دەكـەین. چـیرۆكنووس لـە چـیرۆكی (داركونكـەرە)دا، ووردبینانــە تــان و پــۆی رووداوەكـانی چـنیوە و، نوێكـاری بەرووخـسار و شـێوەی گـشتی چـیرۆكە كـە بەخـشیوە. سـەرەتای (گرێ)یەكە لـەم چیرۆكەدا، بـە سـووتانی شـاخ دەست پێـدەكات. وەك (گرێـی یەكـەم)، دواتـر گـوێگر یـان خوێنـەر لـە دڵـی خۆیـدا چـاوەڕێی دۆزینـەوەی

---

[٤٣] سـەلام مـەنمی چـیرۆكی (داركونكـەرە)، گـوڵزارا چـیرۆكان، لێژنەیـەك لـە وەزارەتـی پەروەردە ئامادەی كردووە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ٩٠.

ریگاچـارەیەکە، تـاوەکو ئـەم (گـرێ - کێـشەیە) دابمرکێتـەوە، کـە چـی چیڕۆکنووس زانایانە (گرێ - کێشە)ی چیڕۆکەکە بەرە و لووتکە و هەڵکشان دەبات و (گرێ)ی تر دروست دەکات، ئەویش سووتانی داربەڕووەکەیە، وەك (گرێی دووەم). رەنگە گوێگر یان خوێنـەر هـەم دیـسان دڵە کووتـە بیگـرێ و، چاوەڕێی چارەسـەرێك بێت بـۆ ئـەم کێشەیە، نـەبادا سووتانی دارستانەکە و داربەڕووکە، هێلانەی دارکونکەرەشی لێ بکەوێتـەوە، بـەڵام چیڕۆکنووس هـەر لەگەل رۆیشتنی رەوتی چیڕۆکەکە (گـرێ)یـەکی تـر دروست دەکات، ئـەویش سـووتانی هێلانەکـەی دارکونکەرەیـە وەك (گـرێ ی سـێیەم)، مەبەسـتی چیڕۆکنووس لێـرەدا، توونـد کـردن و گـەورە کردنـی (گـرێ) یەکانـە، تـاوەکو بتوانی بەرەو لووتکە بیانبات و، بە هۆیانـەوە (گرێـچن - الحبکـە)ێـك دروست بکات و، خوێنەر یان گوێگر چێژو هەستی خۆشەویستی گەورەی خۆی لەوێـدا ببینێتەوە، بۆیە لێرەدا لەگەل توونـدبوونی (گرێ - کێـشە)کان و هەڵکشانیان بەرەو لووتکە، گرێچنێك دروست دەبێت کە ئەویش (سەر گەردان بوون ـ بـێ هێلانە بـوونی دارکونکەرەیـە). ئـەمـە لووتکـەی کێـشەکانە و، لێـرەدا منـداڵان دەیانەوێت چارەیەك بۆ ئەمە بدۆزنەوە، تاوەکو دارکونکەرە بێ جێگا و رێگا نەمینێتـەوە، لێـرەدا چـیرۆکنووس شـارەزایانە، بـەرە بـەرە (گرێـچن) نـەرم دەکاتەوە و دواتر کۆتایی پێ دێنێ، ئەویش بە (دۆزینەوەی هێلانەیـەکی تـر) لـە لایـەن دارکونکـەرە و دڵخۆش بـوونی. دەتـوانین هاوکێـشەکە بـەم شـێوەی خوارەوە دەربخەین:

١- سـەرەتای گرێـچنەکە = ناسـینی کەسـایەتی دارکونکـەرە بـە منـداڵان + کونکردنی داربەڕوویێك لەلایەن دارکونکەرە + دروست کردنی هێلانە لـە داربەڕووکە + پەیدا کردنی بژێوی ژیان.
٢- ناوەراستی گرێـچنەکە (گرێیـەکان) = سـووتانی شـاخ (گـرێ ی یەکـەم) + سووتانی دار بەڕووەکە(گرێ ی دووەم) + سووتانی هێلانـەی دارکونکـەرە (گرێ ی سێیەم).
٣- لووتکەی گرێچن = سەر گەردان بوون و پەڕاگەندەبوونی دارکونکەرە.
٤- کۆتـایی گرێـچن = دۆزینـەوەی هێلانەیـەکی تـر لەلایـەن دار کونکـەرە و شیبوونەوەی گرێچنەکە.




((نەخشەی ڕوون کردنەوەی گرێچن و ڕووداوەکان))

## ٤- کەسایەتی - Character

کەسایەتی راست و دروست، خاڵێکی تره لە خاڵەکانی چیرۆکی باش، چیرۆکنووسی بەهرەدار ئەوەیە، کە بتوانێت بە ووردی کەسایەتییەکان وێنە بکات، بە جۆرێك کە لەگەل رەگەز و بەشەکانی تری نێو چیرۆکەکە بیانگونجێنێت و، وەك کارەکتەری راستەقینەش بە خوێنەر یان گوێگرانی بناسێنێت. واتە خوێنەر یان گوێگر راستگۆییان تێدا ببینێتەوە و، لەگەڵیاندا هەست بە بوونی ژیان بکات. کەواتە نووسەر چەند لێزانانە وێنەی قارەمان بکێشێت، چەند هونەرمەندانە رووداو بچنێت و پەیوەندییەکی هارمۆنی لە نێوان قارەمان و رروداوەکاندا بەرجەستە بکات، هێندەش زیاتر دەتوانێت سەرکەوتن بە دەست بهێنێت. چونکە قارەمان و رووداو، وەك دوو رەگەزی گرنگ و بنچینەیی، رۆلێکی کاریگەر لەبەر هەمهێنانی هەموو چیرۆکێکدا دەبینین. {٢٢: ٢٥ - ٢٦}

دەتوانین کەسایەتی وا پێناسە بکەین " **کە نواندنی کەسانێکە لە نەوەی ئادەمیزاد - کە هەمیشە بایەخێکی گەورەیان لە چیرۆکدا هەیە و بە زۆری گرنگترین رەگەز لە رەگەزەکانی چیرۆك دادەنرێن. هەتا ئەگەر گیانداریش بن، ئەم گیاندارانە هەمیشە وێنەی خەڵکانێ دەنوێنن یا دەکێشن، یا لە باتی سیما مرۆڤاییەکان بە کار دێن.**" {٦٦: ١٢٥}

لە چیرۆکی منداڵاندا کەسایەتی دروست، ئەو کەسایەتیانەن کە منداڵان رازی بکەن بەوەی راستەقینەن یاخود هاوتای راستییەکانن. جا ئەو کەسایەتیانە مرۆڤ بن، یان ئاژەل، یان رووەك (بێ گیانەکان)، یان کەسایەتی نێو ئەفسانەکان بن، یا خود هەر کەسایەتیەك بن کە لە جیهانی منداڵاندا خۆشەویستن. کەواتە رادەی قایل بوون و بڕواکردنی منداڵان بۆ کەسایەتیەدروستەکان، دەوەستێتە سەر توانای دانەر لە بەخشینی ئاکاری راستەقینە لە رەفتار و کاری سەرووی هێزەکان (الاعمال الخارقە) و، هێزی لاوازی ئەم کەسایەتیانە، لە وێنە راستەقینەکانی خۆیان، بۆ نموونە کاتێك نووسەر، وێنەی کەسایەتێکی وەك (سپایدرمان یا خودسوپەرمان) دەکێشێت، رەچاوی ئەوە بکات ئەو کەسایەتیانە، هەمان ئەو کار و هەڵسوکەوتانە بکەن کە هاوتاکانیان لە ژیاندا دەیکەن، واتە دەبێت لە ئاستی واقیعی خۆیاندا پیشانیان بدات، ئەگەر کەسایەتیەکان خەیاڵیش بن یاخود ئاژەڵ و بێ گیانەکان بن، دەبێ هەڵسوکەوتەکانیان وەك ئەوانە بن، کە لە واقیعی ژیاندا

روویانـداوه، هـەر چـەندە ئەندێـشەی منـداڵیش یارمـەتی دەدات، بەخـستنە سەر و لکاندنی چەند سیفاتێکی ئادەمیزادی بۆ جۆرەها ئاژەڵ و بێ گیـانیش. بەمەش چیرۆکنووس دەتوانێ زیندوویی راستگۆیی بـە کەسـەکان ببەخـشێت، ئەمەش دەبێتـە مایـەی ئـەوەی کـە منـداڵان سـۆزو خۆشەویـستی لەگـەل ئـەو کەسانەدا پەیدا بکەن. {١٦٢: ١٢١}

خاڵێکی تر، کە چیرۆکنووس لە وێناکردنی کەسایەتیەکاندا دەبـێ رەچاوی بکات ئەوەیە، دەبێت کەسایەتیەکان کاری سروشتی ئەنجام بـدەن، بـە جۆرێـك کـە لەگـەڵ لۆژێـك و داب و نەریتـە کۆمەڵایەتیەکانـدا بگونجێـت، ئـەو رۆڵ و کـارەی کـە پێـی دەسـپێردرێت ن ئەوشـتانەی کـە دەیڵێـت، یـاخود ئـەو گفتوگۆیانـەی لەگـەڵ کەسـانی تـری نێـو چـیرۆکەکە ئـەنجامی دەدات، دەبـێ گـشتیان لەگـەڵ تەمـەن و رادەی رۆشـنبیری و، لـە سـەرووی هەمووشـیانەوە لەگەڵ تایبەتکارییەکانی خۆیدا بگونجێت، واتە " **کەسەکە بـۆ ئـەوەی بـچێتە ئەقڵەوە دەبێ لەگەل تایبەتکارەکانی خۆیدا بگونجێ، کابرایەکی ترسنۆك والێ مەکە لە پرێکا شێر بە گوێ بگرێ، چونکو ئەگەر شتێکی وای کرد لە راکاری دەرچوو، ئەوا تۆلە بڕواکاری لات داوە"** {٧٩: ١٦} . هەروەها هـەروەك باسمـان کـرد، دەبـێ کەسـایەتیەکە لەگـەڵ ژینگـە و داب و نـەریت و کلتـوری نەتەوەکەشیدا بگونجێت. ئەگەر چی زۆر جار وابووە کـە چـیرۆکێکی منـداڵان لە زمانێکی بێگانـە وەرگێردراوەتـە سـەر زمـانی کوردی، نـەیتوانیووە ئـەرك و مەبەسـتی تـەواوی خـۆی ببێکێـت، چـونکە ئـەو ژینگـە و داب و نـەریت و کلتـورەی کـە دانـەر کەسـایەتیەکەی لێ هـەڵهێنجاوە، رەنگـە زۆر لەگـەڵ هـی کوردییەکەدا جیاواز بێت.

هەروەها کەسایەتیەکانی چیرۆکی منداڵان دەبێت گونجاو و ئاشکرا بـن، بـە ئاسانی جیابکرێنەوە و سەرنج راکێش بن، گونجاو بن واتە ئەو کارەکتەرانـەی کـە چـیرۆکنووس هەڵیاندەبـژێرێت، منـداڵان حـەزی لێ بکـەن و، پێشکەشکردنیان بە شێوازێك بێت، کـە لەگـەڵ قۆناغـەکانی گەشـەی منـداڵ و ئاسـتی بـیر کردنەوەیانـدا بگونجێـت، ئاشـکراش بـن مەبەسـتمان لێـی هەستپێکراو و بەرجەستە کراو بن، بە جۆرێك کە بۆ منداڵ گران نـەبێت لـە خـەیاڵ و ئەندێـشەی خۆیـدا، وێنەکـەی بـە هـەمان شـێوەو خاسـیەت و رەنگەکانیەوە بکێشێ، لێرەشدا مەبەستمان ئەوەنییە، کارەکتەر هەر دەبـێ لـە جۆری ئادەمیزاد بێ، نەخێر، چونکە زۆر جار لە چیرۆکی منداڵانـدا وا دەبـێ

کارەکتەر، ئاژەڵ، یان بێ گیان، یاخود مۆتەکەیەکی جنۆکە بێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم کەسایەتیەی کە رۆڵ دەگێرێت، واقیعی و لەسەر شێوەی راستەقینە بێت، چەند سیفاتێکی ئادەمیزادی بە خۆوە هەلگرتبێ لە قسە کردن، رەفتار، جوڵانەوە... تاد.

هەروەها کە دەڵێین، دەبێ کەسایەتیەکان جیاکەرەوە و سەرنج راکێش بن، واتە نابێت ژمارەیان زۆر بێت، یان سیفاتیان لێك نزیك بێت، یاخود ناویان لێك نزیك بێت، بەڵکو دەبێ هەر کەسایەتێك، تایبەتمەندی و جیاکەرەوەی خۆی هەبێت، تاوەکو منداڵان تیکەڵاوی یەکتریان نەکەن. {١٣٨: ٧٨ - ٨٠}

یەکێك لەو خاڵانەش کە یارمەتیدەر دەبن لە جیاکردنەوەی کەسەکان لە یەکتری و، تێکەڵاو نەبوونیان لەلای خوێنەر یان گوێگر، دانانی ناوە بۆ کەسەکان. چیرۆکنووس دەبێ مامەلەیەکی سەردەمانە لەگەڵ ناوی کەسایەتی نێو چیرۆکەکان بکات، گەر ناوی کەسەکان لەگەڵ کەسایەتی ناو چیرۆکەکە و سەردەمەکەیدا نەگونجێ، نە شارەزایی چیرۆکنووس نیشان دەدات، هەروەك (حسێن عارف) لەم بارەیەوە دەڵێ: " **ئەو چیرۆکنووسەی، ناوی کەسەکان لەگەڵ کەسایەتی ناو چیرۆکەکە و سەردەمەکەیدا نەگونجێنێ، هەر زوو نەشارەزایی خۆیم پێ رائەگەیەنێ، لە بنچینەیەکی هەرە گرنگی هونەری چیرۆك نووسینا، هەڵبژاردنی ناوی کەسانی چیرۆکەکەیە.** " {٨٧: ١١}

**کەسایەتیەکانیش دابەش دەکرێنە سەر دوو جۆر:**

**کەسایەتی پێگەیشتوو (بگۆڕ) _ Daynamic Character**

ئەو کەسایەتیانەن، کە لەگەل هەڵوێستەکانی نێو چیرۆکەکە گەشە دەکەن و پەرەدەسێنن. واتە ئەو کەسایەتیانە لەگەڵ رەوتی چیرۆکەکە بەردەوام دەبن، هەروەها بە درێژایی رووداو و هەڵوێستەکانی نێو چیرۆکەکە، هەڵوێستەکانی ئەم جۆرە کەسایەتیانە بەرە بەرە لایەنی نوێیان لێ دەدۆزرێتەوە و بەدەردەکەوێت، کە رەنگە لە لایەن گوێگر یان خوێنەرەکە، لە سەرەتای ناسینی کەسەکەدا روون و ئاشکرا نەبووبن. نووسەری بەهرەمەندیش، گەشە و پەرەسەندنی کارەکتەر بە شێوەیەکی پلە دراو سەلمێندراو دەکات، تاوەکو لەگەڵ ئەو سروشتە کە لە واقیع دا هەیەتی بگونجێت. ئەم جۆرە کەسایەتیەش پێکهاتەی تەواو نابێت، تەنها لە نزیکی تەواو بوونی چیرۆکەکە نەبێت، زۆربەی کەسایەتیەکان لە چیرۆکی منداڵاندا،

لەم جۆرەیە، کە بە نەمری لە یادەوری دەمێنێتەوە و لەگەڵ ویژدانی مرۆڤدا دەژێت.

### کەسایەتی جێگیر ـ رووکەش (نەگۆر) - Static character

کەسایەتی جێگیر، ئەو کەسایەتیەیە کە هیچ گۆڕانێك لە پێکهاتەکەی نییە، هەروەك ئەوە وابێت هیچ نەجوڵێ لە ژیان لە ماوەیەکی دیاری کراوی تەمەن، واتە کەسایەتیەکی خاوەن یەك رەهەندەو، هەمیشە هەڵسوکەوتەکانی لە نێو چیرۆکدا بەیەك سروشت و رەوشت دەبینرێت. وە کاتێکیش لە چیرۆکدا دەردەکەوێت، بە شێوەی تەواو پێگەیشتوو دەردەکەوێت لە پێکهاتندا، واتە بە درێژایی قۆناغەکانی چیرۆکەکە، لەسەر یەك سروشت دەمێنێتەوە و گەشە ناکات. دەبێ لایەنە تایبەمەندی و خودییەکانی ئەم کەسایەتیە و خاسیەتەکانی، بە روونی دیار بێت و بە جوانی وێنا کرا بێ. نموونەی ئەم کەسایەتیانەش: سندباد، عەلائەددین، شێتۆکە و ئاقرۆکە، مەلای مەشهور... تاد.

ئەمانە ناگۆڕێن و پەرەسەندنیان بەسەر نایەت، لەگەڵ ئەوەشدا کەسایەتیەکانیان لەهەر سەرچڵییەکدا، هاوشێوەی سروشتی خۆیانە، ئەم کەسایەتیانەش لە چیرۆکدا زۆر گەورە و مەزنن و ناوبانگ دەردەکەن. {١٥٢: ٢٠٣}، {١٦٢: ١٢٣ - ١٢٤}

بۆ رەگەزی (کەسایەتی)، چیرۆکی (خاوێنی)[٤٤] بە نموونە دەهێنینەوە، بە پێی ئەم رەگەزە پراکتیزەی دەکەین.

لەم چیرۆکەدا نووسەر مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ رەگەزی (کەسایەتی) دا کردووە، ئەو تایبەتی و خەسڵەتانەی کە دەبێ لە کەسایەتی دا هەبن، لە دروست کردنی کەسایەتەکاندا، لەبەر چاوی گرتوون. بە پێی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کە منداڵانی تێدا دەژین، کەسایەتیەکان و ناوەکانیانی هەڵبژاردوون. چیرۆکنووس چەند کەسایەتیەکی لەم چیرۆکە دا بە کار هێناوە و دروست کردووە، کە (دانا و ساوێن) سەرەکین و، (پیاوێکی سەر رێگا، مامۆستا و قوتابیەکان)یش لاوەکین. چیرۆکەکە باس لەوە دەکات

---

[٤٤] بەهار رەشید، چیرۆك بۆ مندالان (خاوێنی)، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥

کەســـایەتی (دانـــا) کـــە کەســـایەتیەکی پێگەیـــشتووە، هەســـت بـــە کـــەم لێپرســینەوەیی دەکـات بەرامبــەر ئــەرك و هەڵوێــستەکانی دەوروبــەری، بــە ئەرکی سەرشانی نازانێ یارمـەتی خـەڵك بـدات و ژینگەکـەی خـاوێن راگرێـت، بـەڵام (سـاوێن) ی هـاوڕێی، کـە ئـەویش کەسایەتیەکی پێگەیـشتووە چـونکە هەردووکیان واتـە (دانـا و سـاوێن) لـە گەشەسـەندن و بـەردەوامی دان لەگـەڵ ڕەوتی چیرۆکەکە بەردەوام ئامۆژگاری (دانا) دەکان، لە ئەنجامدا دەیگۆڕێن بۆ کەسێك کـە هەسـت بـە لێپرسـینەوەیی دەکـات و گیـانی یارمـەتی دانـی لـەلادا دروســت دەبێــت. لــەم چــیرۆکەدا، کەســایەتیەکان ئــەو کارانــەی کــە پێــی هەڵدەسـتن، کـارێکن منـداڵان بـە ئاسـانی دەتـوانن ئـەنجامی بـدەن و، لەگـەڵ توانای سروشتی واقیعی ئەواندان.

### ٥- کات و شوێن _ The Setting

کـات و شـوێن دوو رەگـەزی پێویـستن، کـە بەشـداری لـە سـازدانی چیرۆکدا دەکەن، شێوەی هونـەری پـێ دەبەخـشن چـونکە " **کارەسـات و بەسـەر هـات و رووداوەکان، لە بۆشاییدا بە بەرەڵڵایی هەڵناسوڕێن، بەڵکو سنورێك هەیە لە چوار چێوەیان دەگرێ، کە بریتیە لە کات و شوێن**" {٢٣: ٢٧٧}

ئەم پەیڤانەی سـەرەوە بـۆ ئـەوەمان دەبـەن کـە بڵێین، (کـات و شـوێن) لـە چـیرۆکدا، پەیوەنـدی بـە هەریەکـە لـە رووداوەکـان و کەسـایەت و بابـەتی چیرۆکەکەشەوە هەیە و، تەنانەت کاریـشیان تـێ دەکـات، بۆیـە دەڵێین " **کـات وشـوێن دەفـرێکن (بـە مانـا زاراوەییەکـەی)، سـەرجەم کەسـان و کارەسـات و رووداو بەسەرهاتەکان لە خۆدەگرن**" {٢٣: ٢٧٨}

لەبــەر گرنگــی رەگــەزی (کــات و شــوێن) لــە چــیرۆکدا، لــە خــوارەوەدا هەریەکیان بە تەنیا باس لێوە دەکەین

**شــوێن:**

هـەموو مـرۆڤ و گیانلەبـەرێك، تەنانـەت بـێ گیانێـك، لەسـەر رووی ئـەم زەمینـەدا پەیوەندیـەکی تونـدوتیـژ هەیـە، بـەو شـوێنەی تیایـدا جـێگیر بـووە دەیبەستێتەوە. لێرەدا ناڵێم تیایـدا ژیـاوە، بـەڵکو دەڵـێم تیایـدا جـێگیر بـووە، چـونکە مردووەکـانیش لـە گۆڕسـتانەکاندا شـوێنێکیان هەیـە. زۆر مەسـەلە و شتی تریش هەن، لە نێو خەیاڵەکانماندا دەخولێنەوە.

کەواتــە هــەموو شــتێك لەســەر رووی ئــەم زەمینــەدا، حەتمــەن شــوێنێکیان داگیرکــردووە، تەنانــەت گەردیلــە و ماددەکــانیش، گــەر باســی شــتەکانی نێــو ئەندێــشە و خــەیاڵیش بکــەین، خــۆ ئــەمانیش وێنەیــەکی شــتە راســتی و واقیعیــەکانن، کــە هــەم دیــسان جێگەیــەکیان هەیــە لــەم بوونــەوەرەدا، ئەمانــە راستیەکن ناکرێ خۆیان لێ لابدەن.

چــیرۆکیش بــەو پێیــەی کــەوا رەنــگ دانــەوەی واقیعــە، نــابێ راســتیەکان فــەرامۆش بکــات، بۆیــە چــیرۆکنووس گەربیــەوێ بەرهەمەکــەی ســیفەتێکی زیندوو و راستگۆ وەربگرێت، دەبێت شتەکانی نێو واقیعی تیایدا بەر جەستە بکات. بۆیە " **شوێن، بریتیە لەو واقیعە کۆمەڵایەتیەی کە چیرۆکنووس هەڵی دەبژێرێت و، رووداوی چیرۆکەکەی تێدا دەهۆنێتەوە، یان پاڵەوانی چیرۆکەکە لەم شوێنەدا ژیان دەباتە سەر.**" {٧٦: ٧٧}

هەر چەندە ئەو شوێنەی کە لە چیرۆکدا هەیــە، هــەمان ئــەو شــوێنە نییــە کــە لــە واقیعــدا بەرچــاو دەکــەوێت، چــونکە بــە لایــەنی کەمــەوە شــوێنی نێــو چــیرۆك پێکهاتەکــەی وشــەیە، وەڵێ شــوێنی راســتەقینەی رووداو لــە واقیعــدا بەدی دەکرێت و هەست پێ دەکرێت. بۆیــە چیرۆکنووســی یــەهرەدار هەمیــشە هەوڵی ئەوە دەدات، بە چەند شــێوەیەك و رێگایــەك، شــوێنی نێــو چــیرۆك لــە شوێنی راستەقینەکەی واقیع نزیك بکاتەوە.

" **نووسینی چیرۆك بۆ منداڵان، گەرانەوەی چیرۆکنووسە بۆ ژیانی منداڵی، یان ژیان لەگەڵ منداڵاندا، یان ژیانی ئــەمرۆی بەشــێك دەبێت لــە دوو تــوێی ئــەو ناوچــانەی کــە منــداڵی لێ دەژێــت، گــەلێك جاریش نووســەر، بــە خــەیاڵ واقیعێك دروست دەکات، بەڵام هەر دەبێت نزیك بێت لە ژیانی منداڵان، یــان بــە شــێك بێــت لــە ژیانەکــەیان، یــان بەشــێك بێــت، لــە رەوتــی پێــشکەوتنی تەکنەلۆژیای ئەمرۆ کە منداڵی لێ بژێت**" {٧٦: ٧٧ - ٧٨}

کەواتــە ئــەو شــوێنەی کــە لــە چــیرۆکی منداڵانــدا هەڵدەبــژێردرێت، دەبــێ لەگەڵ ئەم واقیع و راستیانەی ســەرەوە کــە باســکران، بگونجێــت و راســتەقینە بن و بە راستگۆییانە باسیان لێوە بکرێ. چونکە " **ئەگــەر شــوێنی روودانــی چـــیرۆك وەراســـت نەچـــێ، خوێنـــەر ئیمـــان بـــە راســـتەقینە بـــوونی کەسایەتییەکانیش ناهێنێ، جا بۆ ئەوەی شوێنی روودانی چیرۆك لە روانگەی خوێنەر راست بنوێنێ، یەکەم جار پێویستە خودی نووسەر ئەوەی بە چاوی، شوێنێکی راستەقینە ببینێ و بە باشی بیناسێ**" {١٠: ٦٦}

لەلایەکی تریشەوە، چیرۆك گەر لە ژینگەیەکی دیار یکراو ڕووبدات، دەبێ کەش و هەوای ئەو ژینگەیە نیشان بدات و، مرۆڤ وا هەست بکات لە هەمان ئەو شوێنە راستەقینەیە، کە چیرۆکەکە باسی لێوە دەکات. بۆ نموونە کە باسی (لادێ) دەکات وەك شوێنێك لە چیرۆکەکەدا، کە کەسایەتیەکانی رۆڵی تێدا دەگێڕن و، ئاکسیونی[٤٥] چیرۆکەکە لەوێدا روودەدات. دەبێ مرۆڤ لەوێدا هەست بە سادەیی و جوانی سروشت و دڵئارامی بکا، یاخود هەست بە هەژاری و نەخوێندەواری بکات، یانیش هەست بەو هاوکاری و دڵسۆزییە بکات، کە لە نێوان تاکەکانیدا هەیە. ئەمانەش گشتیان رەنگە رەوتی چیرۆکەکە بنوێنن، کەواتە " **ژینگە، یان شوێنی روودانی چیرۆك دەبێ بە چەشنێك بێ، کە ئاکسیۆینی چیرۆك لێ وەشاوە و شایانی وی بێت"** {١٠: ٦٢}

ئەم قسانەش بۆ ئەوەمان دەبات کە بڵێین، چیرۆکنووس دەبێ لە کاتی هەڵبژاردنی شوێن بۆ چیرۆکەکەی، لە ژینگەی خۆی داینەبڕێت و لە شوێنێکی نامۆ و دەستکردا داینەنێت، بۆ نموونە لە چیرۆکی منداڵانی کوردیدا کاتێك چیرۆکنووس باس لە شوێنێك دەکات، دەبێت شوێنەکە لەگەڵ ئەو داب و نەریت و ژینگەیەدا بگونجێت، کە رۆڵەی یا خود بلێین منداڵی کوردی تێدا دەژی. کە چی هەندێ لە نووسەرانمان ئەم کارە بە هەند هەڵناگرن، بە تایەتی لە کاتی وەرگێڕانی چیرۆکێك لە زمانانی بێگانەدا، زۆر جار هەمان ئەو شوێنانە بە کار دێنن، کە لە چیرۆکەکەدا هەبووە، لەم حالەتەشدا (شوێن) کارێکی ئەوتۆی ناکەوێتە سەر، تەنانەت ئەوە نەبێت رەنگە کەسەکانی لەسەر بێن و بچن.

بۆیە " **هەندێ جار شوێن، شتێکە هەر ئەوەتا ڕووداوکەی تێدا روودەدات، یان ئەوەتا کەسەکانی لەسەر دێن و دەچن و، ئیتر ئەرکی دیکەی ناکەوێتە سەر، (شوێن)ی چیرۆکی کوردی ئەم بیست ساڵەی رابردوو، تاك و تەرای ئەم و ئەوی لێ دەرچێت ئەگینا لەم جۆرەن، راستە بایەخیان بە مرۆڤی کورد داوە، بەڵام لە ژینگەی خۆی دایبڕیوەو لە شوێنێکی نامۆ و دەستکردا دایناوە. گوند و شار و گەڕەك و شەقام و شۆستە و وێستگە و پاس و فەرمانگە و ئوتێل و چاخانە و مەیخانە و نەخۆشخانەی نادیار و بێ ناونیشانە و،**

---

[٤٥] ئاکسیۆن: رەوتی چیرۆك

**ئەوەندەش گشتی یە کە دەشێ بڵێین سیفاتی تایبەتییان تێدانییە و تام بۆی خاك و ئاوی خۆمان نادات"** {٣١: ٢٧٦}

ئەم کارە لە ئەدەبی منداڵاندا، کارێکی ناڕەوایە، چونکە هەروەك لە پێشتردا ئاماژەمان پێدا، ئەو کارو کردەوانەی چیرۆکنووس باسیان لێوە دەکات، دەبێت لەگەڵ ئەو شوێن و ژینگەیەی کە تیایدا روودەدەن گونجاو بن ئەگینا چیرۆکەکە زیندوویی و راستگۆییەکەی لە دەست دەدا، بۆیە چیرۆکنووس کە شوێنێکی راستەقینە هەڵدەبژێرێت، کە لەواقیعدا نزیك بێت، دەبێ زانیاری و شارەزایی تەواوی لە بارەی ئەم شوێنەدا هەبێت، چونکە نابێت شوێنەکە دەقاودەق وەك خۆی بە کاری بێنێتەوە، بەڵکو دەبێ هەندێ گۆڕانکاری تییادا بکات و جوانییەکی هونەری پێ ببەخشێت، بۆیە نابێت هەرگیز ئەو شوێنانە هەڵبژێرێت، کە زانیاری تەواویان لەسەر نازانێ، چونکە لەو کاتەدا ناتوانێ هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر ئەو شوێنە دا بێنێت ناچار وەك خۆی دایدەنێتە نێو دەقەکە.

لەلایەکی تریشەوە زۆر لە لێکۆڵەران، رەگەزی (شوێن) وەك ناسنامەیەکی نەتەوەیی نیشتیمانی لەقەڵەم دەدەن. چونکە " **شوێن لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی دیکە جیاوازە و تەوزیفکردنو بە کار هێنانیشی جیاوازەو، لە هەمان کاتیشدا، ناساندنی پێناسە و مۆرکی میللەتان بە دیار دەخات و دەناسرێنەوە"** {٣٣: ٢٧} بۆیەشە زۆر جار کە چیرۆکی میللەتێك دەخوێنینەوە، ئەو مۆرکە تایبەتییەی کە میللەتەکەی پێ ناسراوە، لەم چیرۆکەدا بەرجەستە دەکەین.

کەواتە " **شوێن هەر ئەوە نییە کە رووداوەکانی تێدا روودەدات، بەڵکو بە توندی کار لە دەروون و هەڵسوکەوتی مرۆڤ و کاردانەوەو چالاکیە سایکۆلۆجی و، سۆسیۆلۆجی و... تەنانەت بیرو بۆ چوون و ژیانی رۆحی و هەڵوێستی رۆژانە و خەون و خەیاڵیشی دەکات."** {٣١: ٢٧٧}

ژینگەی ئەو شوێنەی، کە بۆ منداڵان دەست دەدا، لە قۆناغەکانی تەمەنی زوویاندا، بریتیە لە، دارستان وباخەکان، سەردار و درەختەکان، ماڵ و قوتابخانە... تاد، چەند شوێنێکی تری سادە و ساکار، کە منداڵان دەتوانن پێشبینیان بکەن، بەڵام کاتێك شوێنەکان بۆ ئەشکەوت و چۆڵ و چیا و دەریا و رووبارەکان بگوازرێنەوە، رەنگە لەم حاڵەتەدا منداڵ پێویستی بە ئەزموونێکی فراوانتر و، تەمەنێکی عەقڵی پەرەسەندووتر بێت. لەم

گۆشەیەدا چیرۆکی منداڵان لەگەڵ هی گەورانەدا جیا دەبێتەوە. بەڵام منداڵ لە قۆناغەکانی تەمەنی پێگەیشتوویدا، لەبەر ئەوەی زیاتر سەرنجی بۆ (چیرۆکی واقیعی) دەچێت و کەمتر بایەخ بە چیرۆکی خەیاڵی و ئەفسانەییەکان دەدات، بۆیە بۆ ئەوە دەچێت، کە ئەو رووداوانەی لە ژیاندا روودەدەن، هەر دەبێ لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا روو بدەن، رووداوەکانیش پەیوەستن بە بارودۆخ و داب و نەریت و پرەنسیپە تایبەتیەکانی ئەو کات و شوێنەی، کە تیایاندا روودەدەن. پەیوەست بوونیش بە هەموو ئەمانە، شتێکی گرنگە بۆ زیندوویی چیرۆکەکە و رەگەزی هاندان وپەرۆشی تێدا زیا دەکات، چونکە ئەمە رووپۆشی دەروونی چیرۆکە، بۆیە ئەو چیرۆکەی باس لە شوێنێکی دەستنیشانکراو و دیار دەکات، دەبێت راستەقینە بێت، راستگۆیانە باسی لێوە بکات. {١٧٧: ٦٩}

ژینگەی شوێن لە چیرۆکی منداڵانی کوردی لە دوای راپەریندا، زۆر جار بریتیە لە لادێ، دارستان، دارو درەخت، ماڵ و قوتابخانە، کانی و سەرچاوەکان... و چەند شوێنێکی تر، کە تایبتمەندی نەتەوەیی میللەتی کوردی بەخۆوە گرتووە و، رەسەنایەتیەکەی پاراستووە. لەم بارەیەشەوە (غالب هلسا) لە پێشەکی کتێبی (جوانکاری شوێن) ی (باشلار) دا دەڵێ: **"لەبەرئەوەی لای من شوێن تایبەتمەندی نەتەوەیی بە خۆیەوە هەڵدەگرێ بۆیە هەر کارێکی ئەدەبی ئەگەر شوێنی فەرامۆش کرد، ئەوا تایبەتمەندی و رەسەنایەتی خۆی لە دەست دەدات."** {١٣٩: ٨}.

**کات:**

کات وەك رەگەزێك لە رەگەزەکانی چیرۆکی منداڵان، رۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، بە هەمان شێوەی شوێن، یاخود باشتروایە بڵێین لەگەڵ شوێن چوار چێوەیەك بۆ رەگەزەکانی نێو چیرۆکەکە ساز دەکات، هەروەك حسێن عارف دەڵێت : **" کات و شوێن لە هونەری چیرۆکنووسیندا، بە پێی چەند دەستورێکی تایبەتی، دەبنە چوار چێوەیەك بۆ کەسان و کارەسات و رووداو و بەسەر هاتەکان"** {٢٣: ٢٧٨}

کەواتە ئاکسیۆنی چیرۆك، بە پێی ماوە ناتوانێ بەرێوە بچێ، بۆیە لە هەموو چیرۆکێکدا رووداوەکان لە ماوەیەکی دیاریکراو روودەدەن. کەواتە

ژینگەی کات: " **بریتیە لەو مەودایە کاتییەی کەرووداوەکانی چیرۆك تیایدا روودەدەن**" {١٦٨: ٣٥٠}

کاتـەکانیش زۆر جـار کـورتن، وەك ئـەوەی سـەعاتێکن یـاخود رۆژێـك یـان چەند رۆژێکن، لەوانەیە خۆی بگەینێتە هەفتەیەکیش، زۆر جاریش کاتـەکان دوور و درێژ دەبن، وەك ئەوەی خۆیان لە قەرەی مانگێك، یان وەرزێك یاخود ساڵێك و لەوانەیە زیاتر بدەن.

هــەروەها کاتــەکان لــە نێــوان دەمــەکانی (رابــردوو، ئێــستا، داهــاتوو) دا دەخولێنەوە.

کــاتیش ســەبارەت بــە منــداڵ و چــیرۆکەکانیان، تــا رادەیــەك جیــاوازی بەخۆیــەوە دەبینــێ، چــونکە منــداڵ لــە قۆنــاغی ســاڵەکانی ســەرەتاییدا، تێگەیـشتنی تـەواو و ئاشـکرای نییـە بـۆ کاتـەکان. کـە چـی لەوانەیـە هەسـت کردنی بۆ رەگەزی شوێنەکان تۆزێك باشتر بێت، بۆیە چیرۆك گێرەوەکـان زۆر جار دەستەواژەی (هەبوو نـەبوو، لـە دێـر زەمانـان، کـەس لـە خـوای گـەورەتر نەبوو) بەکاردەهێنن، لێرەدا راستە دەستەواژەکە گوزارشـت لـە کـاتی رابـردوو دەکات، بەڵام بە بێ ئەوەی دیاریکردنێکی تەواوی ئـەم رابـردووە بکـات. بـەڵام منــدلان لەســەرەتای قۆنــاغی تەمەنیانــدا، قۆنــاغی (٣ - ٦) ســاڵان دەتــوانن جیـاوازی لـە نێـوان شـەو و رۆژدا بکـەن، دواتـر جیـاوازی لـە نێـوان وشـەی ئـەمرۆ و بـەیانی (سبەینێ)دا بکـەن، رەنگـە ئەمـە بەرەبـەرە بـڕوات تـاوەکو دەگاتـە رۆژەکـانی هەفتـە، بـەلاّم رِەنگـە نـەتوانێ مانـای سـەردەم و سـاڵەکان بزانێت، ئەم تێگەیشتنەش بە پێی گەشە کردنی قۆناغی تەمەنی زیاد دەکات. بۆیـە بـە شـێوەیەکی گـشتی چیرۆکنووسـی لێهـاتوو ئـەو کەسـەیە، کـە بتـوانێ هاوســەنگییەك لــە نێــوان پێداویــستیە هونەرییــەکانی چــیرۆکی منــدالاّن و، توناکـانی عـەقڵی، رادەی وەرگرتنـی دا بکـات، بەرەچـاو کردنـی ئـەو قۆناغـە تەمەنییەی کە بۆی دەنووسێ و، ئەو بابـەت و رەگـەزەش کـە لـە چـیرۆکەکەدا بە کاری دێنی. {١٧٧: ٦٨، ٧١}

بۆیــە منــدالاّنیش لەگــەڵ بــەرەو پــێش چــوون و گەشەســەندنی قۆنــاغی تەمـەنیان، زیـاتر بـەرەو شـتی واقیعـی هـەنگاو دەنـێن و دەتـوانن دەرك بـەوە بکەن کە رووداوەکانی نێو چیرۆك بە بێ کـات و شـوێن روونـادەن. بۆیـە ئـەو چـیرۆکەی بـاس لـە سـەردەمێکی دیـاریکراو یـان کـاتێکی دیـاریکراو دەکـات، دەبێــت راســتگۆیانە باســی لێــوە بکــات و راســتەقینە بێــت، هــەروەها ئەگــەر

کاتەکان درێژ خایەن بن، وەکو ئەوەی خۆیان لەوەرزێك یا ساڵێك یاخود زیاتر بدەن، دەبێ لەم حاڵەتەدا چیرۆکنووس ئاگاداری گشت ئەو گۆرانکارییانە بێت، کە لەو ماوەیە دوور و درێژانە بەسەر رووداو و کەسانی نێو چیرۆکەکە دا دێن. هەروەها گەر بۆ نموونە رووداوەکان لەشەو رووبدەن، دەبێت مرۆڤ تیایدا هەست بە دڵەڕاوکێ و ترس و چاوەڕوانی و خەیاڵات بکات، کەوا لە ئەندێشەی مرۆڤدا دەخولێتەوە وێنایان دەکات، کەوا لە پشت ئەم تاریکییە، چەند جیهانێکی تر هەیە، کە گیانەوەری تر تیایدا دەژین. {١٦٢: ١١٩}

لە چیرۆکی (دیاری و سەردان)[٤٦]، چیرۆکنووس مامەڵەیەکی زیرەکانەی لەگەڵ رەگەزی (کات و شوێن) کردووە و، بە ئەندازەی پێویستیی رووداو و هەڵوێستی کەسایەتی و پاڵەوانی چیرۆکەکە کەڵکی لێ وەرگرتوون.

لەسەرتایی چیرۆکەکەدا نووسەر ئاماژە بە شوێنەکە دەکات کە (دارستان)ە و دەڵێت:- (لە دارستانێکدا کۆمەڵێك گیانلەبەر دەژیان). چیرۆکنووس زانایانە ئەو شوێنەی هەڵبژاردووە کە (دارستان)ە، ئەوکەش و هەوایەی لە چیرۆکەکەدایە شوێنەکەی بەخشیووە هەمان ئەو کەش و هەوایەیە کە لە واقیعدا لە ژینگەی دارستاندا بەدی دەکرێت. هەروەها شوێنەکە لەگەڵ سروشتی واقعی نەتەوەی کورددا دەگونجێت و سەبارەت بە منداڵانیش شوێنێکی نامۆ نییە، تام و بۆی خاك و ئاوی میللەتی کوردی لێ دێت.

**لە جێگەیەکی تردا چیرۆکنووس دەڵێ**:- (کە ئەوان رۆیشتن، مەیموون چووە سەر دارگوێزێك و سەبەتەیەکی پڕ کرد لە گوێز، ئینجا خۆی گەیاندە ماڵی سمۆرە). لێرەشدا چیرۆکنووس زانایانە دوو شوێنی تری بە منداڵان ئاشنا کردووە و بیر و هۆشی خستوونەتە سەر، شوێنەکانیش (سەردار گوێز، ماڵی سمۆرە)ن. ئەمەش شتێکی ئاساییە چونکە (سەردارو درەخت، ماڵ) دوو شوێنن کە بوونیان زۆرە لە نێو چیرۆکی منداڵانی کوردی، سەبارەت بە منداڵانیش شوێنی نامۆنین.

---

[٤٦] عەلی حەمە رەشید بەرزنجی، دیاری و سەردان (دە چیرۆك بۆ منداڵان)، چاپی یەکەم، چاپەمەنی و ئۆفێستی دیلان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل ١٧ - ١٨

**سەبارەت بە (كات)یش:-** هەر لە هەمان چیرۆكدا (دیاری و سەردان)، چیرۆكنووس وەك رەگەزێكم لە رەگەزەكانی بینای چیرۆك باسی (كات)ی كردووە، هەروەك لە شوێنێكی چیرۆكەكەدا دەڵێ:- (بۆ بەیانی هەموو لە ماڵی ورچ كۆبوونەوە) یاخود دەڵێ:- (بۆ رۆژی دواتر لە گەرمەی یاریكردندا، بەردێك كەوت بە قاچی كەروێشكە سپی). بە گشتی كاتەكانی ئەم چیرۆكە رابردوون.

**٦- گێڕانەوە و گفتوگۆ و وەسف:**

چیرۆكنووسی باش بۆ ئەوەی رووداوەكان بەیەكەوە ببەستێتەوە و كاركتەرەكانی ئاشكرا بكات، لایەنە هونەرییەكانی دەق پێكەوە گرێبدا و جۆرەسیحرێك بە چیرۆكەكەی ببەخشێت، تا لە رێگەیەوە گوێگر بۆ خۆی (چیرۆكەكە) كێش بكات، لە سەرووی هەمووشیانەوە جۆرێك لە متمانە و باوەڕ بە بەرامبەر ببەخشێت، دەبێت ئەم رەگەزانەی سەرەوە (گێڕانەوە، گفتوگۆ، وەسف) لە چیرۆكەكەیدا بەرجەستە بكات، كە تا رادەیەك لە ئەركەكانیان دەتوانین بڵێین كەمێك لێك نزیكی و خزمایەتیان هەیە.

**گێڕانەوە - Narrative:-** یەكێكە لە بونیادە سەرەكییەكانی دەق و، بە شێوەیەكی ئێستاتیكی سەرجەمی دەقەكە بەرێوە دەبات، لایەنە هونەرییەكانی دیكە پێكەوە گرێ دەدات، ئەمە جگە لەوەی رووداوو هەڵوێستەكان لە وێنەیەكی واقیعی بۆ وێنەیەكی زمانەوانی دەگوازێتەوە، كە بە جۆرێك بەرامبەر(گوێگر یان خوێنەر) وا هەست بكات ئەم رووداو و هەڵوێستانە دەبینێت و لەبەر چاوی دایە. وەزیفەی گێڕانەوەش هەر تەنها ئەوە نییە، بەڵكو دەكرێت گێڕانەوە خاوەن سیحرێك بێت بۆ پەلكێشكردنی خوێنەر بە دوای ئەو بابەتەی دەیخاتە {١٠٢: ١٠٢}

لە چیرۆكی منداڵاندا دانەر بە هۆی رەگەزی گێڕانەوە، دەتوانێ كەسەكان و رووداوەكان بە شێوازێكی راستگۆیانە و، لە چوار چێوەیەكی هونەری جوانكاری بە منداڵان بناسێنێت و سەرنجی منداڵان بۆ چیرۆكەكەی رابكێشێت، چونكە منداڵانیش لە نێو خۆیاندا ئەو كارانەی كە كردوویانە و ئەو شتانەی بینیوویانە، بە گێڕانەوە بۆ یەكتری باس دەكەن. بۆیە لە چیرۆكدا رەگەزی گێڕانەوە تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە بۆ منداڵان.

**سەبارەت بە وەسفیش**:- ئەو رووداوانە روونتر دەکاتەوە کەوا خوێنەر لە خەیاڵیدا لێکیان دەداتەوە، وا لە منداڵ دەکات وێنەکە بە جۆرێك ببینێت و خەیاڵی بکات وەك ئەوە وابێت کە سەیری دەکات. ئەدیبیش لە گێڕانەوەی چیرۆکدا تەنها بە گێڕانەوەی چیرۆکەکان وازناهێنێ، بەڵکو لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدات وێنایان بکات.لە واقیعدا کە خوێنەر لە خوێندنەوەی چیرۆکێك، یاخودگوێگرێك لە گوێگرتنی چیرۆکێك دەبێتەوە، بە زۆری پارچە وەسفییەکانی بیردێتەوە، حەز دەکات جارێکی تر بگەڕێتەوە سەریان. {١٨٢: ١٥٦}

" **وەسفیش لە چیرۆکدا وەك هەر یەکێك لە رەگەزەکانی دی بۆ رازاندنەوە نیە، بەڵکو مەبەستێکی دیاریکراو دەگەیەنێت و بەشێکە لە رووداو، پێویستە ئەو شتە وەسف کراوە لە چاوی نووسەرەکەیەوە تەماشا نەکرێت، بەڵکو لە چاوی کەسایەتیەکەوە ببینرێت.**" {١٤٧: ١٠٠}

بۆ گێڕانەوەی چیرۆکیش سێ رێگا هەن، ئەوانیش ئەمانەی خوارەوەن، {١٨٢: ١٥٦}

١- رێگای راستەوخۆ: لێرەدا دانەر لە دەرەوەی رووداوەکان دەوەستێت، کاتێك باس لەو بەسەر هات و رووداوانە دەکات کە بەسەر کەسانی تردا هاتوون. ئەم رێگایەش لە هەموو رێگایەکانی تر بەربلاوترەو، لەگەڵ منداڵاندا گونجاوە، بە جیاوازی قۆناغەکانی گەشەیان، بە تایبەتیش بۆ قۆناغی زوو، چونکە رووداو و وێنەکان لە زەینی منداڵدا نزیك دەکاتەوە لە رێگەی ئەو وەسف و گێڕانەوانەدا.

٢- رێگای خودگێڕانەوە: رووداوەکان لەسەر زمانی قسەکەر دەگێڕدرێنەوە، لە زۆربەی بارەکاندا ئەو پاڵەوانی چیرۆکەکەیە.

٣- رێگای دیکۆمێنتەکان: لێرەدا دانەر پشت بە چەند وتار و یادەوەرییەکی رۆژانە و شتی تر دەبەستێت و، دەیانکاتە کەرەسەی دروست کردنی چیرۆکەکەی.

کەواتە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکیش، بە زۆری سوود لە دوو راناو وەردەگیرێت ئەوانیش:-

١- **کەسی سێیەمی تاك(ئەو):** بۆ نموونە لە چیرۆکی (سەلکە شەیتانۆکە)[٤٧]، نووسەر دەڵێ: (زینا، منداڵێکی زرنگ و پاك و خاوێن بوو، هەرگیز بە تەنها نەدەچووە دەرەوەلە ماڵ، کە لەگەڵ دایك و باوکیشیدا دەچووە دەرەوە، هەر چی دەیبینی دەکەوتە پرسیارکردن لە دایە و بابە، زۆربەی وەڵامەکانیشی لەبەر دەکرد و کاتێك دەگەڕایەوە بۆ ماڵەوە پەڕاوێکی دانا بوو وەڵامەکانی تێدا دەنووسیەوە، بەم جۆرە رۆژ بە رۆژ زیرەکتر دەبوو. کاتەکانی رۆژگاری دابەش کردبوو بەسەر یاری و کۆشش و خوێندنەوە و سەیری تەلەفزیۆن کردن.. هەروەها نووسەر لە جێگایەکی تر دەڵێت: زیبا لە پێش میوانەکان دەستی برد بۆ پەرداخە ئاوەکان، کاتێك دایکی زیبا ئاوی دەگێرا، زیبا هێندە بە خێرایی پەلاماری دا پەراخەکان لە دەستی دایکی قلّپ کردەوە. ئاوەکە رژا.. پەرداخەکان شکان..زیبا لە ترسان رایکردە دەرەوە. دایکی زیبا خەمی خوارد.. تەریق بووەوە.لەبەر رێزی میوانەکان دایکی زیبا تووڕە نەبوو، هیچی نەگوت، بەڵکو بە ناچاری و هەناسە ساردی پەرداخە شکاوەکانی کۆکردەوە...)

بەم شێوەیە چیرۆکنووس بە بەکارهێنانی راناوی کەسی سێیەمی تاك، وەسفی حاڵەتی (زیبا) و (دایکی زیبا) دەکات و، رووداوەکان دەخاتە روو.

٢- **کەسی یەکەمی تاك (من):** ئەم راناوەش کە لە چیرۆکدا بە کاردێت، دەبێ نووسەر هەوڵ بدات لەسەر زمانی خۆی بەکاری نەهێنێت.- هەروەك باسمان کرد ـ چونکە **"گێڕانەوە لە کاتی خستنە رووی دەقدا یەکێك لەو ئەرکانەی کە پێویستە لە ئەستۆ بگرێت راگرتنی ئاستی خۆیی و ئاگادار بوون لەو پێکهاتە هونەرییەی دەکەوێتە نێو خودی گێڕانەوەکە"** {١٠٢: ١٠٢}

واتە کە خوێنەر یان گوێگر گوێ بیستی دەقەکە دەبێت، هەست بەوە نەکات کە خاوەنی ئەو دەقە ئاگاداری ئەم گێڕانەوەیە، ئەمەش دەبێتە خاڵی

[٤٧] عزیز ئالانی، مەدالیا، (٧ کورتە چیرۆکی فێرکاری بۆ منداڵان)، چاپی یەکەم، لەبلاوکراوەکانی ناوەندی رۆشنبیر، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل ١٦ - ٢٤.

سەرنج راکێشانی بەرامبەر. بۆیە وا چاکە لە کاتی گێرانەوەدا کە راناوی کەسی یەکەم بە کار دێت، دەبێ بە دوو شێوە بە کار بێت:

١- لەسەر زمانی قارەمانی چیرۆکەکە. یاخود

٢-لەسەر زمانی یەکێك لە کەسایەتییە لاوەکییەکانی چیرۆکەکە.

بۆنموونە لە چیرۆکی (سەگی پیاوانی ئەشکەوت)[٤٨] دانەر زۆر زانایانە لەسەر زمانی (سەگەکە) رووداوەکانی نێو چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێ :- (من سەگی نێوی ران بووم، لەگەڵ شوانی دڵ نەرم و چاك، لە نێوی دێ رەقیم بوون، رانمان دەبردە لەوەڕ، لە هاوین و لە زستان، لە بەهار و پایزان، لەگەڵ شوان دەردەچووم، خواناس و بە رەحم و پاك، دەچووینە کێویکی بەرز، بەرزتر لە دەریا و لە ئەرز، لەسەر سنگی ئەو کێوە، ئەشکەوتێ لە نێو دێوە، دەبینراو دیار بوو، رانمان دەبرد بۆ ئەوێ، دەمان لەوەڕاند لەوێ، جار بە جار شوانەکە دوور دەکەوت لە رانەکە، هەڵدەکشا بۆ ئەشکەوت، منیش جارێ بە رێککەوت شوانەکەم لە ئەشکەوت دی، لەگەڵ چەند لاوێکی دی، لەسەر سوجدە وە چۆك وا دەپاڕانەوەلە خودا، بۆیە منیش مامەوە، لەوێ نەجولامەوە... تاد.)

هەر چەند شێوازی گێرانەوە لە چیرۆکی منداڵاندا، شێوازێکی زاڵەو زۆر بە کار دەهێنرێت، بەڵام بۆ ئەوەی منداڵ لە گوێگرتنی یان خوێندنەوەی چیرۆکەکە بێزار نەبێ، وا چاکترە لەگەڵ شێوازی گێڕانەوە، شێوازیگفتوگۆش بە کار بهێنرێت.

**گفتوگۆ:**

بریتیە لەو قسە و ووتو وێژە جۆراوجۆرانەی، کە کارەکتەرکان لە نێوان خۆیاندا ئاڵۆگۆڕی دەکەن. بە هۆکارێکی گرنگ دەژمێردرێت بۆ سەرکەوتنی چیرۆك، چونکە بنەمایەکی سەرەکییە لە بنەماکانی بینای هونەری چیرۆك، هەستێکی زیندوو دەداتە چیرۆکەکە، ئەویش بە هۆی ئەوەی یارمەتی

---

[٤٨] مەرسووم گەشبین، سەگی پیاوانی ئەشکەوت (زنجیرە چیرۆکی گیانلەبەران لە قورئانی پیرۆزدا بۆ منداڵان)، چاپی یەکەم، بڵاوکردنەوەی نووسینگەی تەفسیر، هەولێرن ٢٠٠٥، ل ١٠ - ١٣

خوێنـەر دەدات بـۆ هەسـت کردنـی بـە خۆشـی و، لـە بەدواداچـوون و بێـزاری دووری دەخاتەوە. هەروەها یارمەتیدەرێکە بۆ بەدیهێنانی سۆزداری لـە نێـوان چیرۆکخوان و گوێگر و خوێنەردا. بەم جۆرەش چیرۆکەکە لە دیدی منداڵانـدا زیاتر واقیعی دیـار دەبێت. هـەروەها گفتوگـۆ یارمـەتی دەرخـستنی بیرۆکـەی چـیرۆك دەدات و رووداوەکـانی بەرجەسـتە دەکـات و گوزارشـت لـە نـاخی کارەکتـەرەکان دەکـات، واتـە یەکێکـە لـەو شـێوازانەی کـە نووسـەر پـشتی پـێ دوبەستێت بۆ وێنەکێشانی کارەکتـەرەکانی، واتـە یارمەتیدەرێکـە بـۆ نووسـەر تـاوەکو بـە روونـی بتـوانێ کارەکتـەرەکان وێنـا بکـات، چـونکە لـە سـەرەتادا کارەکتــەرەکان زۆر روون و ئاشــکرا نــین بــەڵام لــە میانــەی ئــەو گفتوگــۆ ووتووێژانەی، کە دەیکەن لە چیرۆکدازیاتر ئاشکرا دەبـن. سـەرەڕای ئەمانـەش گفتوگۆ زیاتر سەرنجی منداڵ بۆ چیرۆك رادەکێشێ، کاتێك کە منـداڵ دەبینـێ کارەکتەرەکانی چیرۆکەکە لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆ و ململانێ دەکەن، هـەروەك چـۆن ئەمــە لــە هەڵوێــستەکانی ژیانــا لــە نێــوان کەســەکاندا روو دەدات، منــداڵانیش گــوێ دەدەنــە کاردانــەویان لــە هــەر هەڵوێــستێکدا. {١٤٤: ١٦٨}، {١٨٢: ١٥٦}.

بۆ گفتوگۆ، چیرۆکی (کێز خـاتوین)[٤٩] دەکەینـە نموونـە، ئـەم چیرۆکە لـە سەرتا تا کۆتایی گـشتی گفتوگـۆ و ووتوویـژ کردنـە لـە نێـوان کارەکتـەرەکانی چیرۆکەکە، هەروەك لە شوێنێکی چیرۆکەکەدا گاوانێـك لەگـەڵ کێـز خـاتووین دەکەونە گفتوگۆ و دەڵێت:

**گاڤانی ژی گۆتیێ:**

**- تو ژ گیڤە دهێی، دێ کیڤە چی ؟**

**کێزێ گۆتیێ:**

**- دێ چم بۆ خۆ شوی کەم**

**گاڤانێ گۆتیێ:**

**- تو شوی ب من ناکەی ؟**

**کێزێ گۆتیێ:**

**- ئەگەر کەربێت تە ڤەبوون دێ من ب چ ڤوتی؟**

**گاڤانێ توپزێ خۆ هەلگرت و گۆت:**

---

[٤٩] موئەیەد تەیب، کێز خاتوین، چاپخانا وەزارەتا پەروەردێ، دهۆك، ٢٠٠٤ ز، ل ٦.

**- من ژڤی پێڤەتر نینە ئەز تە پێ بقوتم.**
**کێزێ گۆتێ:**
**- دێ زوی ژ ڤێرە هەرە !**
**زاڵمۆ ما ئەز گامێشم دێ من ب وی تۆپزی ڤوتی ؟**

ئەوگفتوگۆیەش کە چیرۆکنووس بە کاریانـدەهێنێت، دەبـێ بـە شـێوازێکی جـوان بخرێتــە روو، بــە جۆرێــك کــە لەگــەڵ تەمــەن و عــەقڵی منداڵانــدا بگونجێت و، وشە و دەستەواژەی قورسیان تیا نەبێت کە ببنـە مایـەی ئـەوەی منــداڵان لێــی تــێ نەگــەن و تووشــی بێــزاری بــبن. لەگــەڵ ئەمــەش دەبــێ گفتوگۆیەکان سوود بە منداڵان بەگەیێنێت لە هەموو لایەنێك.

**٧- شێوازی خستنە روو:**

پـاش ئـەوەی چـیرۆکنووس بیرۆکەیـەکی لـەلادا دروسـت بـوو، کۆمـەڵێك روودانــی بۆســازدا، چــەند کەســانێکی دیاریکراویــشی بــۆ پێکهێنــان، ئینجـا هەڵدەستێت بە خستنە رووی هەموو ئەمانە بە شـێوازێکی گونجـاو ورێـك، لـە چوار چێوەیەکی ئەدەبی هونەریدا.

کەواتــە شــێوازی نووســەر:" **بریتیــە لــە هەڵبــژاردنی ئــەو بــۆ وشــە و پێکهاتـەکانی لـە دروسـت کردنـی رسـتە و برگـەدا بـە شـێوەیەکی دیـاریکراو، تـاوەکو ئـەدەبێك پێـشکەشی خوێنـەر بکـات. شـێوازی چیرۆکنووسـی باشـیش بریتیـە لـە شـێوازی گرێـچنی گونجـاو و رێـك لەگـەڵ بابـەت و بیرۆکەکـە و کارەکتەرەکانی نێو چیرۆکەکە. واتە چیرۆکنووسەکە کـەش و هـەوای چـیرۆك دروست دەکات و هەست و سۆزەکان نیشان دەدات.**" {١٦٢: ١٢٤}

کەواتـە چـیرۆکنووس لـە رێگـەی ئـەو شـێوازەی هەیـەتی، هەڵدەسـتێت بـە دەرخستنی بیرۆکەکەی و وێنە کردنی کارەکتەر و رووداوەکان. لەمەشدا دەبێ چیرۆکنووسی منداڵان گشت شارەزایی خۆی بەکار بێنێ، تا ئەوەی پێشکەشیان دەکـات گونجـاو بێـت لەگـەڵ فەرهـەنگی زمانـەوانیان و قۆنـاغی تەمـەنیان، چـونکە " **منـداڵ نـاتوانێ مانـای وشـەیەك تێبگـات ئەگـەر لـە ئاسـتی تـاقی کردنەوەی ژیانی خۆیدا نەبێ، یان مانای ئەو وشەی لە مەبەستێکی رۆژانەدا بۆ دەرنەکەوتبێ. ئەم راستییە هانمان دەدا لەم رووەوە، زیاتر گرنگی نووسین بۆ منداڵ بە پێی قۆناغی تەمەن بخەینە بەر چاو.**" {٦١: ٢٩}

واته دەبێ چیرۆکنووس پێش ئەوەی دەست بداتە نووسین پرسیار لە خۆی بکات، ئاخۆ بۆ کێ دەنووسێ؟ ئەوانەی بۆیان دەنووسێ تەمەنیان چەندە؟ تاوەکو ئاگاداری ئەو تایبەتمەندی و خاسیەتانە بێت کە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی منداڵ هەیەتی. ئەگینا ئەو هەرگیز ناتوانێ بابەت و کارەکتەر و زمان و شێوازێکی گونجاو بەکار بهێنێت تا منداڵەکە بتوانێ سوودی لێ وەربگرێت.

ئەو شێوازەی لە چیرۆکەکان بە کار دەهێنرێت بە باشترین هۆکار دادەنرێت کە لە رێگایانەوە ناوەرۆکی جۆراو جۆر پێشکەش بە منداڵان دەکرێت. بۆیە پێویستە لەسەر چیرۆکنووس لە پێش هەموو شتێك هەوڵی ئەوە بدات ئەو وشەو گوتانە بە کار بێنێت کە سادە و ساکارن و منداڵ لێیان تێ دەگات، واتە بەکار هێنانی وشە بەرجەستەکان زیاتر لە وشە رووتەکان. مەبەستمان لە وشە بەرجەستەکان ئەو وشەو دەستەواژانەن کە منداڵ لە رێگەی یەکێك لە هەستەکانیەوە (بینین، بیستن، چێژ، دەستلێدان، بۆنکردن) دەتوانێ راڤەیان بۆ بکات چونکە منداڵان زیاتر لە رێگەی هەستەکانیانەوە دەتوانن جیهانی دەروربەری خۆیان بناسن، لەوەی لە رێگەی وشەکانەوە بیناسن. {١٨٣: ٢١٨}.

ئەوەی بۆ منداڵ دەنووسێت، دەبێت رەچاوی کورتی وشەکان بکات و هەوڵبدات پیتە ئاسانەکان زیاتر بە کار بهێنێت واتە ئەو پیتانەی کە زۆر بەکار هاتوون و ئاسان دەنووسرێن و، نزیك بن لە تێگەیشتنی منداڵ، سەبارەت بە دەستەواژەکانیش دەبێت بە شێوەیەك هەڵبژێردرێن کەوا ئەو منداڵەی گوێی لێیەتی، یاخود ئەوەی سەرەتایە لە خوێندنەوەدا لە ناوەرۆکەکەی تێبگات و لە ئاستی وان بەرزتر نەبێت، بۆ نموونە دەستەواژەیەکی وەك (بە دوای کڵاوی بابردوو کەوتبوو)، یان هاوشێوەی ئەمانە بۆ منداڵان بە کار نەهێنێت، چونکە ئەم جۆرە دەستەواژانە سەر لە منداڵ دەشێوێنن و منداڵ تووشی بێزاری دەکەن. کەواتە نابێ چیرۆکنووسن وشە و دەستەواژەیەك یاخود باشتروایە بڵێین زمانێك بەکاربێنێت کە شێوازی رەوانبێژی پێوە دیار بێت. هەروەها چیرۆکنووس هەوڵبدات هەندێ جار زاراوە و دەستەواژەی نوێ دووبارە بکاتەوە، چونکە دووبارە کردنەوە لە چیرۆکی منداڵاندا کاریگەری زیاتر دەبێت و ماناکەشی زیاتر روون دەکاتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە درەنگ تێ دەگەن. {١٨٢: ١٦١}

کەواتە چیرۆکنووسی منداڵان دەبێت ئاگاداری دەوروبەری منداڵان بێت و ئەو شتانەی کە بۆی دەنووسێت لەگەڵ ژینگە و جیهانی منداڵاندا بگونجێت و، لەگەڵ ئەوەشدا نابێت لە فەرهەنگی زمانەوانی ئەوان دەربچێت، بەڵکو زمانێك بەکار بێنێت نزیك بێت لەو زمانەی کە رۆژانە منداڵەکە بە کاری دێنێت، لێرەدا ناڵێین زمانی چیرۆکەکە کت ومت زمانی منداڵەکە بێت چونکە ئەگەر وابێت منداڵەکە فەرهەنگی زمانەوانی بەرفراوان نابێت و، هیچ پەرسەندنێك لە زمانەکەی روو نادات و سوود لە زمانی چیرۆك وەرناگرێ.

شێوازی نووسین لە چیرۆکی منداڵاندا، هەروەك نووسەر (نجیب احمد) بۆی دەچێت، دەبێ روونی و جوانی و هێزی تێدا بێت، بەم شێوەی خوارەوە:

١- **روونی مانا**:- واتە لە توانای منداڵدا هەبێت، لە زاراوەو دەستەواژەو بیرۆکەکان تێ بگات. واتە نابێت وشەی نەبیستراو و جووت واتا بە کاربێت، هەروەها نابێ رستەی درێژ و پەند ناواخنەکراو و تێهەڵکێشراوی تیا ئاخێنرابێ، ئەمەش بەرجەستە دەبێت گەر وشەکان سانا و روون بن و دووربن لە جوانناسی و رەوانبێژی.

٢- **هێزی شێواز**:- ئەمە خۆی دەنوێنێ لە وشیار کردنەوەی هەستەکانی منداڵ و وروژاندن و سەرنج راکێشانیان، تاوەکو لەگەڵ چیرۆکەکەدا تێکەڵ بن و کاری تێبکەن، لە رێگەی گواستنەوەی هەڵچوونەکانی نووسەر لە میانەی کارەکەی و دروستکردنی وێنە هەستی و زەینییەکان (الصور الحسیە و الزهنیە).

٣- **جوانی شێوازیش**:- واتە نووسینی رستە و دەستەواژەکانە بە ریتمێکی گونجاو لەگەڵ دەنگ و مۆسیقادا.{١٣٨: ٨٢}

**چەند رەگەزێکی تری تەکنیك:**

**أ- ناونیشان:**

رۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە سەرنج راکێشانی خوێنەر بۆ چیرۆکەکە، بە تایبەتی ناونیشانی گونجاو و کاریگەر، منداڵ هاندەدات بە زووترین کات دەست بە خوێندنەوەی چیرۆکەکە بکات تاوەکو چێژو خۆشی لێ وەربگرێ.

سەبارەت بە پێناسە کردنی ناونیشانیش:-" **ناونیشان سیمبولێکی زمانەوانییە، لەبەرامبەر دەقداپێگەی خۆی دادەگرێ، تاوکو هەندێك فرمان**

**جێبەجێ بکات کەوا تایبەتن بە ئەنتۆلۆجیای دەق و ناوەرۆکەکەی، لە چوار چێوەیەکی کۆمەڵایەتی رۆشنبیری تایبەت بەوەی کە نووسراوە، لەسەر ئەم بنەمایەش ناونیشان بریتیە لە ناولێنان و پێناسە کردن و ئاشکرا کردنی دەق و بریتیە لە سیمبۆلێکی سیمیائی[50] کەوا فرمانەکەی رێنمایی کردنە و لە نێوان جیهان و دەق دا لە نگەر دەگرێ، تاوکو ببێتە ئەو خاڵە ستراتیژییەی لە رێگەیەوە دەق دەپەڕێتەوە بۆ ناو جیهان و جیهانیش بۆ دەق، بەمەش سنووری نێوانیان نامێنی و دەچنە ناویەکتری."** {١٨٦: ١}

کۆمەڵێك بنەمای گرنگ هەن، پێویستە لە خستنە رووی ناونیشاندا رەچاویان بکرێت، ئەوانیش:-

١- هەوڵ بدرێت ناونیشان بە شێوەیەکی زۆر کورت بخرێتە روو، لەگەڵ ئەمەشدا وەسفێکی کورتی ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بەخۆیەوە هەڵگرێت. **"ناونیشانی چیرۆکی منداڵان، بۆمنداڵانی تەمەنی باخچە (٤ - ٦) ساڵان، دەبێت کورت و روون و ئاشکرا و کاریگەر بێت، بۆ منداڵانی تەمەن(٦ - ٩)ساڵانیش، وا چاکە لەسەر (ئاژەڵ یان منداڵ یانیش رووەك)ەکان بێت بەڵام بۆ منداڵانی تەمەن (٩ - ١٢) و بەرەو سەریش، دەتوانیت ناونیشانی لابەلا بەکار بێنیت."** {١٤٤: ١٦ - ١٧}

٢- دەبێ چیرۆکنووس هەوڵ بدات ناونیشانێك هەڵبژێرێت، لەگەل تایبەتمەندییەکانی گەشەی منداڵ بگونجێت و کار بکاتە سەر شێوازی بیرکردنەوەی.

٣- دەبێ ناونیشانەکە پەیوەندیدار بێت بە ژینگەکەو ژیانی منداڵ و، ئەو ئەزموونانەی کە منداڵ لە ژیانیدا وەریگرتوون یاخود پیایدا تێپەڕیون.

٤- سەرنج راکێش بێت و ئارەزوومەندێتی منداڵ لەبەر چاو بگرێت، کاریگەرییەکی وای هەبێت، هەرکە منداڵ گوێ بیستی بوو ئارەزووی گوێگرتن و خوێندنەوەی ناوەڕۆکەکەی بکات.

٥- ناونیشانەکە دەبێ پەیوەندییەکی توند و تۆڵی لەگەڵ ناوەڕۆکی چیرۆکەکەدا هەبێت.

---

[50] سیمیائی: ئەفسوناوی، ئەو شتانەی لە دەرگای هەست دەدەن و لە واقیع بە doorn

**ب- فۆنت:**

فاکتەرێکی گرنگە لەسەرنجڕاکێشانی منداڵ بۆ لای چیرۆکەکە، بۆیە ئەگەر ئەم ڕەگەزە لە چیرۆکدا پشت گوێخرا و بایەخی پێ نەدرا، ڕەنگە ببێتە هۆی دوورکەوتنەوە و بێزار بوونی منداڵ لە چیرۆکەکە.

باشترین فۆنت، کە بتوانێت کاریگەری هەبێت بۆ سەر زەینی منداڵ و، ئارەزووی منداڵ بکاتەوە بۆ خوێندنەوە ئەو فۆنتەیە کە:-

١- بە قەبارەیەکی گەورە نووسرابێت. " **لە رووی چاپکردن، دەبێت پیتەکان گەورە و روون و ئاشکرا بن، هەروها نابێت دێرەکان زۆر لە یەکتر نزیك بن.**" {١٥٧: ١٠٤}.

٢- رەنگاوڕەنگ بێت.

٣- جۆرەکەی روون و ئاشکرا بێت و ئاسان بێت بۆ خوێندنەوە.

**ج- وێنە و نیگار:**

وێنە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە کاریگەرییەکی زۆری هەیە بۆ سەر منداڵ، منداڵان هەر لەسەرەتای ژیانیاندا بۆ گوزارشت کردن لە هەست و سۆز و هەڵچوون و پێداویستەکانیان، پەنایان بۆ نیگارکێشان بردووە، بە تایبەتی ئەوانەی گرفتی زمانەوانی ئاستەنگ بووە لەبەردەم دەربڕینی ئەوەی لە ناخیاندایە و ویستوویانە بە ئەنجامی بگەیێنن، تەنانەت ئەگەر هەندێك لە منداڵان زمانێکی ئاخاوتنی دروستیشیان هەبێت، بەڵام زۆر شت ئاستەنگن لەبەردەم گوزارشت کردن لە پێداویستیەکانیان، ئەمەش بە هۆی ئەو کۆتە کۆمەڵایەتییانەی لەلایەن گەوران لەسەریان سەپێنراوە. {٩١: ٩}

ئیتر هەر لە سەرەتاوە وێنە و نیگار شتێکی خۆشەویست بوونە لای منداڵان، لەبەر ئەوە پێویستە کتێب و نامیلکەی منداڵان لە پێش وشەکان پشت بە وێنە و نیگار ببەستێت، یاخود باشتروایە بڵێین زیاتر لە وشەکان، بە تایبەتی منداڵانی تەمەن (٢ - ٦) ساڵان. چونکە منداڵ لەم تەمەنەدا توانای عەقڵ و بیرکردنەوەی سنووردراوە، رەنگە وێنەکان زیاتر لە وشەکان یارمەتیدەر بن بۆی لە تێگەیشتن و وەرگرتندا.

هەندێ کتێبی چیرۆکئامێزی منداڵان، بەسیەتی تەنها پشت بە کۆمەڵێك وێنەی رەنگاوڕەنگ و قەشەنگ ببەستێت، بەمەرجێك وێنەکان بتوانن گوزارشتی تەواو لە رووداوەکانی چیرۆکەکە بکەن، وێنەکان بە گشتی لەگەڵ

یەکدا چیرۆکێك یان بیرۆکەیەکی بچووکی سادە پێك دەهێنن، لەم حاڵەتەدا منداڵان بۆ تێگەیشتنی ئەم جۆرە چیرۆکە وێنە دارانە پشت بەخۆیان دەبستن و پێویستیان بە یەکێکی گەورە نابێت.چونکە هەر وێنەیەك خاوەن واتاییێکە و گوزارشت لە رووداوەکان دەکات، منداڵانیش لە خەیاڵی خۆیاندا واتا و رووداوەکانی ئەم وێنانە لێك دەدەنەوە و دەیانگەیننە یەك.

جۆری دووەمی کتێب یان نامیلکەی چیرۆکئامێزی منداڵان، لەگەڵ هەر وێنەیەك لە لاپەڕەیەکدا چەند وشەیەکی کەم هەن کە گوزارشت لە وێنەکان دەکەن. ئەمەش وەك یارمەتیدەرێکە بۆ گەوران تاوەکو ناوەڕۆکی چیرۆکەکە بۆ منداڵان شی بکەنەوە. ئەم جۆرە کتێبانە لە سەرەتا تا کۆتایی چەند دێرێکی کەم دەگرنە خۆ کە گوزارشت لە هەموو چیرۆکەکە دەکەن، ئەوی تر گشتی وێنەکانن لاپەڕەکانیان پڕ کردۆتەوە. {١٤٦: ٥٤}

هەروەها جۆرێکی تر لە چیرۆکی منداڵان، هەر چەندە نووسین تیایدا زاڵە و چیرۆکەکە بە نووسین داڕێژراوە، بەڵام هەندێ وێنە یان نیگاریشی تێدایە، کە نووسینەکەی پێ روون کراوەتەوە. چونکە وێنە لەگەڵ بابەت و ناوەڕۆك یەکەیەکی تەواو پێك دەهێنێت و زیاتر سەرنجی منداڵ بۆ لای چیرۆکەکە رادەکێشێت، بە مەرجێك وێنەکان لە شوێنی گونجاوی خۆیان بە کاربێن لەگەڵ دەقی چیرۆکەکە لە لاپەڕەکاندا، هەروەها لەگەڵ وێنەکانی دوای خۆشیدا پەیوەندی هەبێت و تەواوکەری یەکتر بن. منداڵان زۆر جار لەلایاندا گرانە بتوانن بۆ ماوەیەکی درێژ چاویان بخەنە سەر وردەکارییەکان، بۆیە وێنەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە هێنانەدی خۆشی و خەیاڵکردن و گەشە کردنی بیرکردنەوەکان لەلای منداڵاندا، بەرەو بیرکردنەوەیەکی داهێنانە، هەندێ جاریش گیانی رەخنەگرتنیان لەلادا دروست دەکات وێنە نەك تەنها لە ناوەڕۆك لەگەڵ دەقی چیرۆکەکاندا خۆی بەدەردەخات، بەڵکو بەرگی دەرەوەی کتێب یان نامیلکە چیرۆکییەکان بە رادەیەکی زۆر پشت بە وێنەی رنگاوڕەنگ دەبەستن. بەڵام نابێت وێنەکان توند وتیژی بنوێنن، بەڵکو دەبێت گیانی خۆشەویستی و دڵخۆشی لەلای منداڵاندا بڕوێنن. وێنەکانیش بە زۆری یان هی گیانداران، یان باڵندەکانن، یاخود وێنەی منداڵانە. {١٤٤: ١٥ - ١٦}

د- ڕەنگ:

یەکێك لەو هۆکارانەی کە دەبنە مایـەی سەرنجڕاکێشانی منـداڵان، بریتیـە لە ڕەنگ. لە کتێب و نامیلکەی چیرۆکئامێزی منداڵاندا، نـابێ ڕەگـەزی ڕەنـگ فەرامۆش بکرێت، چونکە " **زانایانی دەروونناسی، بە تایبەتی ئەوانەی لەسەر ڕێبازی فوتابخانەی دەروونشیکاری دەڕۆن، جەخت لەسـەر گرنگـی ڕەنگـەکان دەکەن لەسەر دەروونـدا، بە تایبەتی لێرەدا ئەمانە هاوڕان لەسەر ئـەوەی کـە ڕەنگەکان یارمەتیدەرێکن بۆ شێوەکان، واتـە بـە ڕێگایـەکی کاریگـەر شـێوە و وێنەکان روونتر دەکەنـەوە، چونکە ڕەنـگ پەیوەنـدی بـە هەسـتەوە هەیـە."** {١٨٠: ١١٩}

ئـەو ڕەنگانـەی، کـە هەڵدەبـژێردرێن، دەبـێ لەگـەڵ ئـارەزووی منداڵانـدا بگونجێت، چونکە منداڵان لە هەڵبژاردنی ئەو ڕەنگانەی کە ئارەزوویان دەکەن جیاوازن بە پێی جیاوازی تەمەنیان، بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانـەی لـەم بـوارەدا کراون، تێبینی ئەوە کراوە ئەو ڕەنگانەی، کە جێی بایـەخی منـداڵانی تەمـەن بچوکن و سەرنجیان رادەکێشێت، بریتین لـە سێ ڕەنگـی بنـچینەیی ئـەوانیش (زەرد، شین، سوور)ن، بـە مـەرجێك دەبێـت ڕەونەقـدار و بریـسکەدار بـن. بـۆ منـداڵانی تەمـەنی دوای پێـنج سـاڵیش بەسـەرەوە، دەتـوانین لەگـەڵ ئـەو ڕەنگانەی باسکران چەند ڕەنگێکی سەرەکیشیان بۆ زیاد بکەین وەکو (سەوز و پرتەقاڵی). هەروەها دەبێت هەر ڕەنگێك لەگەڵ ڕەنگێکی تـردا لـە وێنـەکان، نێوانێکیان هەبێت تاوەکو منداڵان بتوانن بە ئاسانی لە یەکیان جیا بکەنەوەو بیانناسنەوە. {١٨٣: ٢٢١ - ٢٢٢}

ه- شێوە و قەبارەی کتێبی چیرۆکی منداڵان:

ئەو کتێب یـان نامیلکەیـەی، کـە چـیرۆکی منـداڵان لـەخۆ هەڵدەگرێت، لـە ڕووی شـێوە و قـەبارە دەبـێ چـەند تایبەتمەندییـەکی تێـدا بێـت تـاوەکو ئارەزووی منداڵانی بکەوێتە سەرو، سـەرنجیان بـۆ لای چـیرۆکەکە رابکێـشێت. گرنگترین ئەو تایبەتمەندییانەش:-

١- کتێبەکـە یـاخود نامیلکەکـە خـاوەن قەبارەیـەکی مامناوەنـدی بێـت، چـونکە "**منداڵان نەحەز بە کتێبـی گـەورە و حـۆل دەکـەن، نەبـچوکی کورت کراوەش."** {١٥٧: ١٠٤}

٢- دەبێت بەرگی دەرەوەی شێوەیەکی تایبەتی هەبێت، چونکە " **وا چاکە بەرگی دەرەوەی کتێبی منداڵان بە شێوەیەکی قەشەنگ و سەرنجڕاکێش بخرێتە روو و وێنەداریش بێت، رەنگەکانی گونجاو بن، دیزاینەکەی سادە و ساکار بێت و دوور بێت لە ئاڵۆزی."** {١٤٦: ٥٥}

٣- ئەو کاغەزەی بە کاردێت، دەبێ لە جۆرێکی باش بێت و، رەنگێکی سپی زەقی نەبێت کاربکاتە سەرچاوی منداڵ و ماندووی بکات، بەڵکو دەبێت رەنگێکی شیری هەبێت.هەروەها کەمێکیش ئەستور بێت تاوەکو بەرگەی هەڵدانەوە بگرێت.

## باسی دووەم

### جۆرەکانی چیرۆك لە ڕووی ناوەرۆکەوە

ئێمە لە پێشتردا لە رووی شێوەی هونەری و روخسارەوە ئاماژەمان بە چیرۆکی منداڵاندا، لەم باسەشدا بایەخ بە ناوەرۆکی چیرۆکی منداڵان دەدەین، چونکە لە نێو بەرهەمە ئەدەبیەکاندا ناوەرۆکیش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و پێگەی خۆی لە بەرامبەر روخسارو لایەنی هونەری دادەگرێت، کەواتە "**هەرگیز بایەخی لایەنی ناوەرۆکی چیرۆك لە روخساری کەمتر نیەو روخسارو رووی هونەری بێ ناوەرۆکێکی مەزن و بایەخدار، لاوازیەکی گەورە نیشان دەدات و هەردوو (ڕووخسارو ناوەرۆك) تەواوکەری یەکدین**" {٤٥: ٦٠}

لە چیرۆکی منداڵانیش دا ناوەرۆك بەهای تایبەتی خۆی هەیەو، دەبێت نوسەرەکەی بە پێی قۆناغەکانی گەشەی منداڵ و تەمەنەکەی و، پێداویستی و ئارەزوەکانی منداڵانی ئەم قۆناغە، ناوەرۆکی چیرۆکەکەی دابڕێژێت.

نوسەرو توێژەرانی ئەدەبی منداڵان لە رووی ناوەرۆکەوە چیرۆکی منداڵانیان بەسەر چەند جۆرێکدا دابەش کردوەو و ژمارەیان زۆرە، بەڵام لێرەدا ئێمە هەوڵ دەدەین ئەو جۆرانە بخەینە بەرچاو، کە نمونەیان لە نێو ئەدەبی کوردی دوای راپەرینەوە هەیە.لە گرنگترین ئەمانەش:

#### ١- چیرۆکی ئەفسانەیی: mythical stories

بەلای زاناو توێژەرانەوە رەنگە دانانی پێناسەیەکی تەواو و رێك وپێك بۆ ئەفسانە کارێکی ئەستەم و گران بێت، ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆری ئەو باس و توێژینەوانەی، کە لەلایەن زاناو رەخنەگران و توێژەرانەوە لە بارەی شیکردنەوەی ئەفسانەو زانستی ئەفسانە ناسی (میپۆلۆژیا) دا ئەنجام دراون، کە ئەمانەش هەریەکەیان لە راو بیر و بۆ چونەکانیاندا جیاوازن چونکە هەریەکەیان لەروانگەییێکەوە بە پێی تیۆرێك دەڕوانێتە ئەفسانە،

وەك لە روانگەی ئەدەبی و هونەری، ئایینی، مێژوویی، دیاردەکانی سروشتی، یۆنگ... تاد. {١١٠: ١١ - ٢١}

بەلاٌم ئەو پێناسەیەی بۆ چوونە جیاوازەکان لە یەکتر نزیك دەکاتەوە ئەوەیە کە: **"ئەفسانە بریتیە لەو هەقایەتەی، مرۆڤی سەرەتایی دیاردە سروشتیەکانی پێ راڤە دەکات.یاخوود ئەو چیرۆکەیە، کە تایبەتە بە خواوەندو کارەکانیان و سەرچلێیەکانیان، لەو کاتانەی کە مرۆڤ لە خواوەند نەدەگەڕا بۆ خودی خۆی، بەلٌکو مەبەست لێی وەسفکردنی ئەو هێزە نادیارە بوو، کە کۆنترۆڵی دیاردەکانی گەردوون دەکات و رێکیان دەخات. یانیش ئەو چیرۆکەیە، کەوا مرۆڤی یەکەم دایرشتوە بۆ وێناکردنی یادەوەری میللەتێك".** {١٦٢: ١٤٧}

واتە ئەفسانە شێوەیەکی سادەو ساکاری لێکدانەوەکانی مرۆڤە بۆ دیاردەکانی سروشت، ئەمەش کاتێك مرۆڤ دەستەو ئەژنۆ وبێ دەسەلاٌت بەرامبەر بە رووداوەکانی سروشت ئەوەستا ولێی تێنەدەگەیشت، ناچار بۆ دلٌنەوایی خۆی بیر و خەیالٌی خۆی ئەخستە گەڕو راڤەی شتەکانی پێ دەکرد، بەم شێوەیە ئەفسانە هاتە بەرهەم.

ئەگەر لە ئەفسانە وورد ببینەوە بە گشتی، هەمیشە هێزی چاکەو خێرخواز دەیەوێت بەسەر هێزی ناحەزو شەڕانگێزدا سەرکەوێ، بۆ نمونە لە ئەفسانەی کوردیدا، وێنەی (مار، دێوو درنج، پێرێژنی رەموزنی ئێسك فورس) بە هێزی خراپە دەدرێنە قەلٌەم، هێزی چاکەو خێرخوازیش بریتین لە (ئادەمیزاد، پەری..تاد)، لە ئەفسانەی کوردی و تەنانەت لە حیکایەتیشدا، هێزی خراپە هەر رووەو نەمان ئەڕوات. {٥٤: ١٤ - ١٥}

ئەم ئەفسانانە هەر لە کۆنەوە دەماو دەم پشتاو پشت نەوە بۆ نەوەی گێراوەتەوەو وای لێ هاتوە بۆتە بەرهەمێکی بە پێزی نێو کۆڕو دیوەخانەکان و خەلٌکی چێژیان لێ بینیوە، بێگومان مندالاٌنیش وەکو ئەندامێکی نێو کۆمەلٌ گوێیان بۆ ئەم چیرۆك و هەقایەتە ئەفسانەییانە گرتووەو بە هەمان شێوەی گەوران چێژیان لێ بینیوە، **"هەندێ زانا لایان وایە، چونکە ئەم ئەفسانانە بەرهەمی سەرەتای ژیانی ئادەمیزادن، واتە سەردەمی مندالٌی ی ژیانی مرۆڤایەتی، بۆیە لەهەستی مندالٌەوە نزیکن و مندالٌ حەز لەو چیرۆکانە دەکەن و لە یادیان ناچێت."** {٥٤: ١٢}

بەلاّم دەربارەی گرنگی ئەفسانە لە ئەدەبی منداڵان، لێکۆڵەران بیرو بۆ چونی جیاوازیان هەیە.

هەیانە رەتی ئەوە دەکاتەوە ئەفسانە بۆ منداڵان باس بکرێ لە قۆناغی زوودا، بیانووشیان بۆ ئەمە، ئەفسانە ئالۆزیەکی زۆری تێدایەو منداڵ تووشی سەر لێ شێواندن دەکات و تەمومژیان لەلادا دروست دەکات، جگە لەمەش زۆربەیان پڕن لە رەمز و هێما، کە رەنگە رادەی تێگەیشتنی منداڵ بۆیان کارێکی گران بێت. کۆمەڵەیەکی تریش پێیان وایە ئەفسانە بۆ گەورەو بچوك وەك یەك پێویستە، چونکە ئەفسانە لە لایەك کات بەسەر بردن و خۆشگوزەرانیە بۆ منداڵ لە لایەکی تریشدا ئەندێشەو خەیاڵیان دەوروژێنێ، بە تایبەتیش لەو چەرخەی پێشکەوتنی پیشەسازی و تەکنەلۆژیا، منداڵ زۆر ئارەزووی ئەفسانە و چیرۆکە پاڵەوانیەکانە، چونکە تام و چێژ لەسەر چڵە سەرنج راکێشەکانیان وەردەگرێت، بە تایبەتی لە بەربەرەکانێ و ململانێ ی نێوان خواوەندەکان بۆ بەدەست هێنانی هێزو دەسکەوتە سەرو سروشتیەکان، جگە لە مانەش ئەفسانە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ منداڵ ئامادە دەکات بۆ تێگەیشتن لە ئەدەب چێژ وەرگرتن لێی. {١٥٧: ٤٩}

لێرەدا پرسیارێك سەر هەڵدەدات، ئەگەر ئەفسانەکان ئەم هەمو گرنگیە ئەدەبیەیان هەبێت بۆ منداڵ، چ لە رووی خۆشگوزەرانی وکات بەسەر بردن یان لە رووی فراوانکردنی خەیاڵ، یاخود چ لەرووی چێژی ئەدەبی، ئایا بۆ چی لە ناو ئەدەبی منداڵان شوێنێکی نەبێ؟

لێکۆڵەری ئەدەبی منداڵان (عەلی حەریری) ئەگەر چی لەگەڵ ئەم بۆ چونانەی سەرەوەیەو پەسندیان دەکات، بەلاّم پێی وایە زێدە رۆیی لە ئەفسانەدا نەکرێت و، رێگە بە منداڵ نەدرێت هەموو جۆرە ئەفسانەیەك بخوێنێتەوە بە تایبەتی لە قۆناغی زوودا. کەواتە رای دروست ئەوەیە تێبینی جۆری ئەفسانەکەو تەمەنی ئەو منداڵە بکرێ، کەبۆی ئامادە دەکرێ یاخود بۆی دەخوێندرێتەوە، چیرۆکنووس هەوڵبدات ئەفسانەی گونجاو بە پێی قۆناغەکانی تەمەن هەڵبژێرێت و دووبارەش دایانبڕێژێتەوە، چونکە ئەو ئەفسانانەی راڤەی ئایین یاخوود تێکەڵ بە فەلسەفەی میللەتێك بوونە بۆ هەموو منداڵان گونجاو نین، زۆربەی ئەفسانەکان بۆ منداڵانی بەر لە (٩ - ١٠) ساڵان گونجاو نین و دەست نادەن، بەلاّم هەندێ چیرۆکی ئەفسانەیی جوان و رێك وپێك هەن، کە منداڵان بۆ لای خۆیان رادەکێشن و وایان لێ دەکەن گوێی

لێبگرن و بیانخوێننەوە، هەروەها ئەو ئەفسانە ساکارانەی کە لە جۆری ڕاڤە کردنن، بۆ منداڵانی بچوك وەك ئەفسانە پێشکەش دەکرێن وەك (بۆچی بۆقەکە کلکی نەما) یان (بۆچی گوڵە بەرۆژە بە دوای رۆژدا دەسورێت)، یان (بۆ چی مراوی دەنووکی پەیدا کرد...) چەندانێکی تر کەلە ئەدەبی کوردیشدا نمونەیان زۆرە، ئەم جۆرە ئەفسانانە کە خاسیەتی ئاژەڵ و رووەکەکان بە خۆوە دەگرن لەگەڵ چەند ئەفسانەیەکی تر، کەوا راڤەی گۆرانی وەرزەکانیساڵ و دروست بوونی زەوی و کەڵوەکان و ئەستێرەکان دەکات... تاد، ئەمانە خواوەندەکان ناچنە ناویانەوەو زۆر ئاڵۆزنین بەلاَم بۆ منداڵانی گەورەتر ئەفسانەی ئاڵۆزتر بە کاردێن و وەك ئەفسانەیەکی رەمزی پێشکەشیان دەکرێن، کەچی خۆیان بالاًترین ئاستی دەربرین لە میللەتێك لە میللەتان دەنوێنن. {١٦٢: ١٥٥ - ١٥٦}

کەواتە چیرۆك نووسی منداڵان دەتوانێت سوود لە ئەفسانە وەربگرێت وەك جۆرێکی ئەدەبی و، لە نێو ئەدەبی منداڵاندا شوێنێکی بۆ تەرخان بکات، بەڵام بە مەرجێك لەگەڵ قۆناغی تەمەنیاندا بگونجێت. بۆیە دەبێت چیرۆکنوسان پێوەرێك بۆ هەڵبژاردنی ئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە دابنێن، کە لەگەڵ منداڵاندا دەگونجێن و دووبارەش دایانبڕێژنەوە، بە جۆرێك کەوا ژیانی تیادا نوێ بکاتەوە، بەلاَم بەو مەرجەی رەسەنایەتی دەقەکە لە دەست نەدات و، هیچ لە ئێستاتیکایەکەی کەم نەکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەوڵبدات نرخی ئێستا تیکای زیاتری پێ ببەخشێت.

دەتوانین (چیرۆکی ئەفسوناوی)[٥١] بە نمونەیەکی ئەم جۆرە چیرۆکە لە قەڵەم بدەین، کە بۆ منداڵان نووسراوە لە ئەدەبی کوردیدا.

ئەم چیرۆکە باسی بەسەرهاتی کوری پاشای قەلاَی نسێ بە ناوی (ئەژدەر) لەگەڵ کچێکی پەری دەکات، کە کچی پاشای پەریانەو، لە مەملەکەتی خۆی توڕە بووەو هاتۆتە نێو مەملەکەتی ئادەمیزاد. ئەژدەریش خۆو بەختی تووشی دەبێت و لە نێو کەوڵە مەیمونێك لە نێو کەڵەکە بەردێکدا

---

[٥١] ریبوار جەمال، کۆمەڵە چیرۆکی (ختکە سوور) بۆ منداڵان، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلیچمانی، ٢٠٠٥، ل ٤١ - ٨٠، ئەم چیرۆکە لەسەر زاری پیاوێکی تەمەن (٧٠) ساڵی خەڵکی گوندی ئیسێوەی سەر بە شاری قەلاَدزێ وەرگیراوە.

دەیدۆزێتـەوەو دەیباتـەوە ماڵـەوە، کـە لـە ماڵـەوە دەریـدەهێنێت بـۆ ئـەوەی پیشانی دایکـی بـدات، سـەیر دەکـەن کـچێکی زۆر جوانـە، ئـەژدەر کـچە پـەری دەخوازێ و ئـەویش شـووی پـێ دەکات، زۆر یـەکتریان خـۆش دەوێـت، رۆژێـك دایکـی ئـەژدەر مـاڵ پـاك دەکاتـەوەو کەوڵـە مەیمونەکـە لـەوێ دەدۆزێتـەوە، ئــەویش چـونکە بـۆنی ماڵەکـەی نـاخۆش کـردووە دەیخاتـە نـاو تـەنوورو دەیسوتێنێ، بەڵام بەم کردارە کچە پەری دەبێتە کۆترێکی سـپی زۆر جـوان و بە دایکی ئـەژدەر دەڵـێ نەدەبوایـە بـێ پرسـی مـن ئـەو کـارە بکـەیت چـونکە هەموو ئەفسونی من لەم کەوڵە مەیمونەوە بوو، من و ئـەژدەر تـازە بـۆ یـەکتر نـابین و پێـی بڵـێ بـا بـە دوای منـدا نەگـەرێ، چـونکە بـۆ وڵاتـی پـەریان دەگەرێمەوە....ئیتر دوایی ئـەژدەر کـۆڵ نـاداو بـە دوای دۆزینـەوەی (پـەری)دا دەگـەرێ. ئـەم چـیرۆکە لـە نێـو بـاس و رووداوەکانـدا گوزارشـت لـە چـەند کەسایەتییێکی ئەفسوناوی وەك ( پەری، دێوو درنج، پاشای جادوگەران... تـاد) دەکـات. هـەروەها چـەند رەمـزو هێمایـەکی ئەفـسوناویش دەخاتـە بـەر چـاو، لەوانە (هەمبانە بۆرینە)، کە تورەکەییێکە دەکرێ بە شانداو پرە لە خـواردنی هەمەجۆر، خاوەنەکەی هەرچی بوێت تێیدایەتی و قـەت خـواردنی لێ نـابرێ. هـەروەها (ئەفـسونی پـیری پـیران)، نووسـراوێکی ئەفـسوناوی لـە سـەرە، گـەر بخوێندرێتەوە ئەسپێکی سپی باڵدار دێت، بۆ کوێت بوێ دەتبا، جارێکی دیکە ئەفـسونەکە بخوێندرێتـەوە، ئەسـپە سـپی یەکـە لـە بەرچـاوان وون دەبێـت. هەروەها (کڵاوی جنـدە درۆیینـە)، کـە کڵاوێکـی ئەفسوناوییە، هـەر کەسـێك بیکاتە سەری لەبەر چاوان وون دەبێت. ئەژدەر بە بەکارهێنانی ئەم سێ شـتە ئەفسوناوییە، کـە لـە سـێ دێـو بـە دەسـتی دەکـەوێت دەتوانێـت چـەندین کـار ئەنجام بدات و بۆ چەندین شوێنی ئەفسوناوی بروات، تا دواتر پەری خێزانـی دەبینێتـەوەو بـە یـەکتر شـاد دەبنـەوە. هـەروەها لـەم چـیرۆکە ئەفـسوناویەدا چەند هێمایەکی تر دەبنرێن، کـە لـە چـیرۆکە ئەفسانەیی و فۆلکلۆرییەکانـدا زۆر بە کاردێن وەکـو( ژمـارە ٤٠، ٧، ... تـاد) هـەروەك بـۆ نمونـە لـە شـوێنێکی چـیرۆکەکەدا (پـەری) دەڵـێ مـن خـاوەنی (٤٠) خوشـکی وەکـو خـۆمم یـان لـە شوێنێکی تردا دەڵێ (حەوت شەوو حەوت رۆژ لـە تەقـەی دەهۆڵیانـدا)... تـاد. لێرەدا ئەم چیرۆکە لەبەر زۆر ئاڵۆزی بیرو رووداوەکانی نێوی، دەتوانین بڵێین چیرۆکێکە بۆ منداڵانی تەمەن بەر لە (٩ - ١٠) ساڵان دەست نادات، چونکە ئەم چیرۆکە گەورەکانیش دەبێ بە ووردی بیخوێننەوە، منـداڵانی تەمـەن (٩ - ١٠)

ســاڵانیش بــەرەو ســەر ڕەنگــە بــە یارمــەتی خوێندنــەوەو راڤــەی گــەوران لــەڕووداوەکانی نێــو چــیرۆکەکە بگــەن و چــێژێکی زۆری لێ وەربگــرن بــەلاّم نوســەر دەبوایــە لــە پێــشەکی ئــەم کتێبەیــدا ئامــاژەی بــەوە کردبایــە، کــە ئــەم چیرۆکە بۆ چ قۆناغێکی تەمەنی منداڵ دەگونجێت.

**٢- چیرۆکی فۆلکلۆری: folk tale**

بێگومان ئەدەبی فۆلکلۆری کــوردی، وەك فۆلکلــۆری هــەموو میللــەتانی تــر، گشت ئەو بەش وبەرهەمانە دەگرێتەوە، کــە هــەر لــە کۆنــەوە لەگــەڵ دروست بوونی ئادەمیزاددا سەریان هەڵداوەو، نەوە بە نــەوە دەمــاو دەم و پــشتاو پــشت بــۆ یــەکتریان گێڕاوەتــەوە. ئــەو بەرهەمانــەش وەکــو (هــۆنراوەی فۆلکلــۆری، چــیرۆك و هەقایــەت، پەنــدو سەرگوزشــتە، یــاری منــداڵان، گــۆرانی... تــاد). ئەمانە گشتیان بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیون و بە پێی پێویستی رۆژگار ئاڵو گۆڕیــان بەســەر دا هــاتووە، تەنانــەت رەنگــە لەگــەڵ کەلــەپووری میللــەتانی تریــشدا تێکــەڵاویان پەیــدا کردبــێ، بۆیــە زۆر زەحمەتــە بزانرێــت خاوەنــە راستەقینەکەی کێ یە. کەواتە بەرهەمی فۆلکلۆر خاوەنەکەی کەسێکی دیــار نیــەو، هــەر میللــەتیش پاراســتوویەتی لــە شــوێنێکەوە بــۆ شــوێنێکی تــرو لەســەردەمێکەوە بــۆ ســەردەمێکی تــر، بۆیــە خاوەنەکــەی گــەڵ و میللەتــەو، بەرهەمەکەش شەقڵی سەردەمی خۆی پێوە دیارە.

**"گــەلی کــوردیش خوڵقێنــەری ئــەو فۆلکلۆرەیــە، کــە لایــەنی شۆڕشــگێڕی وتایبەتمەندیە روون و ئاشکراکانی میللەتەکەی لەگەڵدا تێکەڵ کردووە، وەکو راستگۆیی و پیاوەتی و ئازایەتی و خۆشی وتاڵی".** {١٦١: ٣٠}

دەتــوانین بڵێــیین ئــەدەبی فۆلکلــۆری کــوردی یەکێکــە لــەو کــانی و سەرچاوانەی، کە نوسەرو ئەدیب و شاعیران بە شێوەیەکی گشتی لە دارشتنی بەرهەمەکانیاندا سەری پیا دەگرن و سوودی لێ وەردەگــرن، نوســەری ئــەدەبی منداڵانیش بە تایبەتی. ئەمەش رەنگە لەبەر ئەوە بێت **"کەلەپوور گوزارشت لە منداڵێتی مرۆڤایەتی دەکات بۆیە بە کانییەکی لە بن نەهاتوو بۆ نوسەران دادەنرێت، کە ئاوی لێ بخۆنەوەو سوودی لێ وەربگرن بەهەموو بابەتە جۆراو جۆرەکانیەوە."** {١٨٥: ١٩}

کەواتە ئەدەبی فۆلکلۆری یەکێکە لە سەرچاوە بنەرەتیەکانی ڕۆشەنبیری منــداڵان، لــە رێگــەی ناوەرۆکــەوە بــە پێزەکەیــەوە منــداڵ فێــری زمــان و

خۆشەویستی و وەفاو راستگۆیی و دڵسۆزی و زۆربەی داب و نەریتەکانی نێو کۆمەڵ دەکات و، کاریگەری خۆی هەیە بەسەر دروست کردنی کەسایەتی منداڵ. هەروەك رۆستەم جەلال لەم بارەیەوە دەڵێت:

"**فۆلکلۆر سەرچاوەیەکی بنەرەتی رۆشەنبیری منداڵان و پێکهاتەی کەسێتی منداڵە، بەوەی کە سامانێکی دەوڵەمەندەو پڕە لە بابەتی جۆراو جۆر**"{٩٤: ٥٧}

یەکێ لەو بابەتە جۆراو جۆرانەی، کە نوسەری منداڵان لە دارشتنی بەرهەمەکەیدا سوودی لێ وەردەگرێت، بریتییە لە چیرۆك و هەقایەت. بەلام لێرەدا دەبێ چیرۆکنوسی منداڵان ئاگاداری ئەوەبێت، کە هەر چیرۆك و هەقایەتێکی فۆلکلۆری گوێی لێ بوو یاخود کەوتە بەر چاوی، نابێت بیکا بە هەوێنی بەرهەمەکەی، چونکە "**چیرۆکە میللیەکان هەندێکیان بە کەڵکی منداڵان دێن، ئەوانەیش کە ناوەرۆکێکی خراپ بە خۆوە دەگرن دەبێ لێیان دوور بخرێنەوەو، هەندێکی تریشی دەبێ دووبارە بنوسرێنەوەو بە ناوەڕۆك و شێوازێکی نوێترو لە بارتر پێشکەشیان بکرێت.**"{١٨٠: ١٧٨}

لە نێو فۆلکلۆری کوردیشدا، هەروەك دەزانین جۆرەها چیرۆك و هەقایەتی بەدی دەکرێت، کە هەندێکیان توندو تیژن و رووداوی کوشتن و بڕین و ناخۆش لە لایەن دێو درنج و مۆتەکە دەگرنە خۆ، هەندێکشیان رووداو و کەسایەتیەکانیان لە بارەی ئاژەڵ و رووەکەکانن کە ئەمەیان بۆ منداڵان زۆر گونجاون، هەندێ هەقایەت و چیرۆکی فۆلکلۆری تریش هەن، هەر چەندە پڕلە پەندو ئامۆژگاری و بەهای جۆراو جۆرن، بەلام لە مێژوویێکی زۆر کۆنەوە بۆ گەوران گوتراوە، رەنگ دانەوەی ژیان و داب و نەریت و هەست و بیرو بۆ چوونی خەڵکن لەم رۆژگارە کۆنانەدا. بۆیە چیرۆکنوسی منداڵان بۆ سوود وەرگرتن لەم جۆرە چیرۆکانە دەبێت هەوڵ بدات جارێکی ترو لە قاڵبێکی هونەری و نوێدا دایان برێژێتەوەو گیانی هاوچەرخایەتی و سەردەمانەیان پێ ببەخشێت.

لەسەر چیرۆکی فۆلکلۆری منداڵان نمونەیەکی زۆرمان هەیە، کە بە شێوەی نامیلکەو کتێب بە چاپ گەیێنراون، یەکێ لە مانەش کۆمەڵە چیرۆکی (شێر و مشکە بچکۆڵەکە)[٥٢] یە.

کە ناوەرۆکەکەی (٦) چیرۆکی بەر ئاگردان و فۆلکلۆری نەتەوەی کورد بەخۆوە دەگرێت و بریتین لە : مریشکە سوورە، شێرو مشکە بچکۆلەکە، پشیلە زەرد، ئاوات، ئەحمەدو مەحمود، ئەچم بۆ شاری شوکردن... بۆ نانی گەنم خواردن.

ئەم چیرۆکانە لەگەڵ ئەوەی چێژێکی زۆر بە منداڵان دەدەن، لە هەمان کاتدا پڕن لە پەندو ئامۆژگاری و، چەند بەهایەکی جۆراو جۆری مۆرالی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و... تاد، بە منداڵان دەبەخشن، ئەمە جگە لەوەی هاندانێکن بۆ منداڵان، کە شارەزای کلتوری نەتەوەکەی خۆیان بن. بۆیە لەسەر چیرۆکنوسی منداڵان پێویستە، هەرگیز دەست بەرداری فۆلکلۆر نەبێت و لە داهێنانی بەرهەمەکانیدا سوودی لێوەربگرێت.

### ٣- چیرۆکی ئاژەڵان: Beast Fable

ئەم جۆرەی چیرۆکی منداڵان بەم ناوە ناونراوە، چونکە ڕووداوەکانی لە دەوروبەری باڵندە و ئاژەڵاندا دەسوڕێتەوە و، کەسایەتیەکان لە ئاژەڵانن، دەتوانین بڵێین یەکێکە لە گرنگترین ئەو جۆرانەی، کە ئەدەبی منداڵانی بە چیرۆك و هەڤایەتی چێژدار دەوڵەمەند کردووە.

ئەم جۆرە بە شێوەیەکی زۆر فراوان بڵاو بۆتەوە و، منداڵان لە هەموو شوێنێکی جیهاندا زۆر بە دڵخۆشی پێشوازیان لێ کردووە، زۆر لە لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخستوە، کە زۆرترین ئەو چیرۆکانەی سەرنجی منداڵانیان بۆ لای خۆیان راکێشابێت تاوەکو تەمەنی نزیکەی (١٠) ساڵان، بریتین لە چیرۆکی ئاژەڵان، ڕەنگە ئەمەش هۆیەکەی ئەو سادەو ساکاریە بێت، کە منداڵان لە میانەی ڕۆڵی کەسایەتیە ئاژەڵیەکانی نێو چیرۆکەکاندا هەستی پێدەکەن، یاخوود لەبەر ئارەزوو هۆگریان بۆ هەندێ جۆری ئاژەڵی ماڵی دەوروبەریان. {١٧٩: ١٤٨}

---

[٥٢] سروە، شێرومشکە بچکۆڵەکە، کۆمەڵە چیرۆکێکە بۆ منداڵان، لە بلاوکراوەکانی (انتشارات توکلی) چاپی یەکەم، چاپخانەی گلیبان، تهران، ١٣٧٩.

چـیرۆكی ئـاژەڵان كـۆنترین جـۆری چـیرۆكەو بـە سـێ جـۆری جیـاواز دادەرێژرێت، جۆرێكیان ئاژەڵان تیایدا بە كارو كردەوەی مرۆڤ هەڵدەستن، كە لە رێگەیەوە دەتوانرێت چەند ئەزمونێكی ژیان و چەند زانیاری و بەهایـەكی جـۆراو جـۆر، كـە لـە گـەڵ قۆنـاغی تەمـەنی منداڵەكـە بگونجێـت پێـشكەش بكرێـت، ئەمـەش بەبایـەخ دان بـەو هەڵـسو كەوتـە ئاژەڵیانـەی، كـە منـداڵان حـەزیان لێ دەكـەن و دڵیـان پـێ خـۆش دەبێـت. جـۆری دووەمیـان ئـەو چیرۆكانەن، كەوا ئاژەڵان بە كردارە ئاساییەكانی خۆیان هەڵدەستن، بـۆ نمونـە سەگ بە گیانەوەرێكی بە وەفا ناسراوەو لە چیرۆكەكاندا ئەم كارەی دەخرێتـە پاڵ، رێوی بـە فێڵبـاز ناسـراوە، پـشیلە بـە خـواردن و راو كردنـی مـشك...تـاد. چیرۆكنوس دەتوانێـت لـە رێگـەی ئـەم جـۆرە چیرۆكەدا، خاسیەت و سیفەتە جیاكـەرەوەكانی ئـاژەڵان بـە منـداڵان بناسـێنێت و ئامانجەكانیـشی لـە رووی پەروەردەكردنەوە فەرامۆش نەكات. جۆری سێیەمیشیان ئـەو چیرۆكانەن كە چیرۆكنوس لەسەرزاری گیانداران دەیانگێرێتەوە. ئەم چیرۆكانەش بە هەرسێ جۆرەكانیەوە ئەگەر چی بـۆ خـۆش گوزەرانین، بـەلام لـە ناوەرۆكـەوە پەنـدو ئامۆژگـاری جۆراوجـۆر بـە خۆیانـەوە هەڵـدەگرن، كـە منـداڵان لـە ژیـانی رۆژانەیانـداو لـە پێگەیانـدنی كەسـایەتیەكانیان سـوودی لێ وەردەگـرن. {١٨٨: ٤٥}، {١٧١: ٧٧}.

لـە نێـو ئـەدەبی كوردیـدا چیرۆكی ئـاژەڵان لـە هەرسـێ جۆرەكـەدا بـەدی دەكرێت. بۆ نمونە چیرۆكی (مریشكە رەش و مریـشكە سـپی)[٥٣] دەتـوانین لـە جۆری یەكـەم دابنـێین كـە بـاس لـە هـاورێ و هاوسـێیەتی ئـەم دوو مریـشكە دەكات و هەردوكیان خاوەن چەند جوجەڵەیەك بوون و هەمیـشە پێكـەوە بـە تەبایی جوجەڵەكانیان دەبردنە گەڕان و تێریان دەكردن و لە ژێـر باڵـەكانیان دەیانحەواندنەوەو ئارامیان پـێ دەبەخـشین، بـەلام رۆژێكیـان لـە پـڕ مریـشكە رەشە تووشی نەخۆشیەكی كوشـندە بـوو دوای چـەند رۆژێـك گیـانی سـپارد و مردار بۆوە مریشكە سپی بەم كارەساتە زۆر دڵتەنگ بـوو چـونكە هاورێیـەكی دڵسۆزی لەدەست دا زۆر خەمیـشی لـە جوجەڵـەكانی دەخـوارد، كـە لـە دەوری دایكیـان دەخولانـەوەو هـەر جوكـە جوكیـان بـوو. بـەلام مریـشكە سـپی

[٥٣] كازم كۆیی، مریشكە رەش و مریشكە سپی، گوڵزارا چیرۆكان، لیژنەیـەك لـە وەزارەتـی پەروەردە ئامادەی كردووە، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل ١١٧ - ١١٨.

ئەمەكدار و دڵسۆز جوجەڵەكانی مریشكە ڕەشەی خستە ژێر باڵی خۆی و تێكەڵی جوجەڵەكانی خۆی كردن وەك دایكی خۆیان هەموو ڕۆژێ دەیبردنە گەڕان و چاودێری دەكردن هەتا گەورە بوون و لە خەم چوونە دەر، مریشكە سپی بەم كارە زۆر دڵشادو كامەران بوو، كە توانی ئەركی هاورێیەتی و دراوسێیەتی خۆی جێ بە جێ بكات، جوجەڵەكانیش زۆر شادمان بوون كە تا گەورە بوون هەستیان بەبێ دایكی نەكردوو زۆر سوپاسی مریشكە سپی یان كردوو لە هاوسێ یەتی وهاورێیەتی یەكتری بەردەوام بوون. بۆ جۆری دووەمیش دەتوانین كۆمەڵە چیرۆكی (ورچ و شێرو مام ڕێوی)[٥٤] دابنێین، چونكە چیرۆكەكان باس لە سیفەت و خاسیەتەكانی هەندێ ئاژەڵ دەكەن، بۆ نمونە مندالأن فێری ئەوە دەكات كەوا سەگ گیاندارێكە بە وەفایە، ڕێوی تەڵەكەبازە، شێر لە ئازایی و ژیریدا پاشای دارستانە، ...تاد.لە ڕێگەی ئەم چیرۆكانەوە چیرۆكنوس ئامانجە پەروەردەییەكانیش دەخاتە ڕوو، چیرۆكی (گورگێكی برسی)[٥٥] یش لە جۆری سێیەمە، كە چیرۆكنوس لەسەر زمانی كەرو گورگێكی برسی چەند ڕووداوێك دەگێرێتەوە، زۆربەی چیرۆكەكانی لەم جۆرە (جۆری سێیەم) بە دەستەواژەی (هەبوو نەبوو) دەست پێ دەكەن.

لە قورئانی پیرۆزیشدا چیرۆكی ئاژەڵأن ئاماژەی پێكراوە، ئەمەش لەبەر گرنگی لایەنە پەروەردەیەكەی، لەو چیرۆكانەش: چیرۆكی پەپوی سولەیمان، چیرۆكی سەگی پیاوانی ئەشكەوت، چیرۆكی مێروله، چیرۆكی مێش هەنگوین، چیرۆكی چێڵەكەی بەنی ئیسرائیل... تاد.

### ٤- چیرۆكی خەیاڵی: Fantasy

بێ گومان خەیاڵ یەكێكە لەو ڕەگەزانەی، كە پێویستە لە ناو بەرهەمە ئەدەبیەكاندا رەچاو بكرێت. ئەدەبی مندالانیش بە گشتی و چیرۆك بە تایبەتی بایەخێكی زۆری بەم رەگەزە داوە، چونكە مندالْ ئارەزووە

---

[٥٤] شاخەوان عەلی حەمەد، ورچ و شێرو مام ڕێوی، (كۆمەڵە چیرۆكێكی فۆلكۆری مندالأنە)، رۆشتەم باجەلان پێشەكی بۆ نووسیوە، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٢.

[٥٥] ئاكۆ غەریب، گورگێكی برسین بەڕێوەبەرایەتی گشتی هوشیاری مندالأن، سلێمانی، ٢٠٠٣.

دەرونیەکانی خۆی لە ڕێگەی ئەندێشەو خەیالأتەوە تێر دەکات. بەلأم دەبیّ ئەوە بزانین ئەگەر ئەندێشەی گەوران پەیوەست بێت بە واقیع، ئەوە لەلای منداڵاندا بریتیە لەوەی پیێچەوانەی واقیعە. {٨٩: ١٥}

کەواتە **"منداڵ هێزی سەرەکی زۆربەی چالأکیەکانی ڕۆژانەی خەیاڵە، فراوانی خەیاڵ لەو ماوەیەدا لە ئاستێکی وا دایە بیرکردنەوە ناگاتە ئاستی"** {١٣٠: ٤}

بۆیە نوسەری منداڵان هەوڵیانداوە لە ڕێگەی ئەو بەرهەمەی پێشکەشی دەکەن، ڕەگەزی خەیاڵ وەك بنچینەیەك بەکار بهێنن، تاوەکو بتوانن ئامانجە پەروەردەیی و فێرکاریەکان بگەیێنن و سەرنجی منداڵانی بۆ ڕابکێشن، چیرۆکنوسی منداڵانیش بە هەمان شێوە، بۆ ئەوەی چیرۆکەکەی ببێتە مایەی قایل کاری منداڵان پەنای بۆ خەیاڵ بردووەو، لە ڕێگەی ئەم خەیاڵە گوزارشتی لە ئارەزوەکانی منداڵ کردووە.

چیرۆکی خەیاڵیش **"لەو چیرۆکانەیە کە بۆ چاخەکانی پێشوو دەگەڕێنەوە، باس لە ئاژەڵ، باڵندە، زیندەوەری سەیر، جیهانی جنۆکە یان دەریا دەکات، لە میانەی ئەم چیرۆکە خەیاڵیانەش تایبەتمەندی و جیاکەرەوەکانی گەلأن و نەتەوەو ڕەگەزە جیاکان دەردەکەوێ، هەروەها لە چیرۆکی خەیاڵیدا پاڵەوان کاری سەرو سروشت ئەنجام دەدات و مەبەستی چەسپاندنی بەهاو ڕەوشتە بەرزەکانە، یاخوود ناشیرین کردنی ڕەفتارە دزێوەکان."** {١٤٤: ١٠٦}

ناوەڕۆکی چیرۆکی خەیاڵیش بە پێی جیاوازی قۆناغەکانی تەمەن دەگۆڕێت، ئەمەش چونکە هێزی ئەندێشە کردن لە منداڵێکی (٣ - ٦) ساڵان، جیاوازە لەگەڵ هێزوو جۆری ئەندێشە لای منداڵێکی تەمەن (٦ - ٩) ساڵان بەرەو پێش بڕوات منداڵزیاتر لە خەیاڵ دوور دەکەوێتەوە لە واقیع نزیك دەبێتەوە.

زۆر لە لێکۆڵینەوەکان ئەمەیان ڕوون کردۆتەوە، کە منداڵانی قۆناغی (٣ - ٥) ساڵان خاوەن ئەندێشەیەکی تیژن و هەمیشە ئەندێشەی شتەکان بە پێچەوانەی ڕاستی خۆیان دەکەن، بۆ نمونە چەند کورسیێك ڕیز دەکات و دەیانکاتە مرۆڤ و قسەیان لەگەڵ دەکات. یان خۆی دەگۆڕێت بۆ ئاژەڵێك وەك : ڕێوی، شێر، یان ئامرازی وەك ماتۆڕ، ئۆتۆمبێل... تاد. ئەو پەیوەندیەی منداڵ لە خەیاڵی خۆی لە نێوان شتە بیّ گیان و گیاندارو مرۆڤ دا دروستی

دەكات، دوورە لە خەیالاّتی گەوران، بۆیە ئەندێشەی منداڵان لەم تەمەنەدا بە (ئەندێشەی بە هەڵە داچوو _ الخیال التوهم) ناو دەبرێت، ئەمەش وای لە منداڵان كردووە كەوا ئارەزووی چیرۆكە خەیاڵیەكان و ئەو چیرۆكانە بكەن، كە لەسەر زاری ئاژەڵ و باڵندەو شتە بێ گیانەكان دەگێردرێتەوە. {١٧٥: ٥٦}

بۆیە وا چاكە نوسەری منداڵان كاتێك چیرۆكێكی خەیاڵی بۆ منداڵانی ئەم قۆناغە دەنووسێت، ڕەچاوی ئەم خاسیەتانە بكات و زیاتر كەسایەتی ئاژەڵ و باڵندەو شتە بێ گیانەكان بە كاربێنێ و، ڕووداوو قسەو گفتوگۆیان بداتە پاڵ، هەندێ جاریش پەیوەندی گفتوگۆی لە نێوان ئەمانە و مرۆڤدا دروست بكات.

دەتوانین چیرۆكی (هەنگ و گوڵ)[٥٦] بە نمونە وەربگرین، كە باس لە گفتوگۆی نێوان گوڵێك و هەنگێك و مشكێك دەكات لەگەڵ ڕۆژدا، هەنگەكە دەیەوێت بچێت شیلەی گوڵەكە بمژێت، گوڵەكەش ناهێڵێ و تەریقی دەكاتەوەو دەری دەكات، مشكە كوێرە هانی هەنگ دەدات بچێت تۆڵەی لێبكاتەوەو پێی دەڵێ (ئەوە من بومایە لە جیاتی تۆ لە ڕەگەوە هەڵم ئەكێشا. هەنگەكە بەم قسانە زۆر توڕە بوو ویستی بچێ تۆڵەی خۆی بكاتەوە. مشكە كوێرەش پێش ئەوەی بچێتەوە كونەكەی، دەستی كرد بە پێكەنین. خۆر ئاگای لێبوو بۆیە بە هەنگەكەی گوت تۆ نابێ بە قسەی مشكە كوێرە بكەیت ئەو دەیەوێ بەشەڕتان بێنێ. ئینجا خۆر چووە لای گوڵەكەو پێی گوت: (تۆ هێشتا منالێت هەنگ و گوڵ هەمیشە هاوڕێی یەك بوون، ئەو دێت شیلەی لێوەكانت ئەمژێت و ئەیكات بە هەنگوین، ئینجا بە قاچەكانیشی هەلاّڵەكەی تۆ ئەبات و بلاّوی دەكاتەوە. بۆ ئەوەی تۆش لە بەهاری داهاتودا جارێكی تر سەوز ببیتەوە) بەم شێوەیە گوڵەكە شەرم دایگرت و هەنگەكەش گەڕایەوە لای گوڵەكەو یەكتریان ماچ كرد. بەم جۆرە چیرۆكنوس خەیاڵی منداڵانی وروژاندوە لە ڕێگەی ئەم گفتوگۆو ڕووداوانە چەند ئامانجێكی پەروەردەییشی پێشكەش كردووە.

هەروەك باسمان كرد ئەندێشەو خەیاڵی منداڵ لە قۆناغێكی تەمەنەوە بۆ قۆناغێكی تر دەگۆڕێت، جبۆیە پێویستە لەسەر چیرۆكنوس ڕەگەزی خەیاڵ بە پێی ئەو قۆناغەی چیرۆكەكەی بۆ دەنوسێت بەكار بێنێت، چونكە

[٥٦] ئاكۆ غەریب، هەنگ و گوڵ، چاپی یەكەم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی هوشیاری منداڵان، سلێمانی، ٢٠٠٣.

ئارەزووەکانی منداڵ دەبێ بەشداری ئەو خەیاڵە بکەن. ئەمەش بێ گومان لە کاتێکدا دەتوانێ ئەم کارە بکات، کە شارەزایی لایەنی سایکۆلۆژیاو قۆناغەکانی گەشەی منداڵ بێت.

### ٥- چیرۆکی پاڵەوانی و سەرچڵی: Adventure Stories

ئەو جۆرە چیرۆکانەی کەوا باس لە هێزو ئازایەتی و جەربەزەیی دەکەن، دەکەونە چوارچێوەی چیرۆکی پاڵەوانێتی و سەر چڵیەکان. ئەم جۆرە چیرۆکەش لە نێو منداڵاندا زۆر بڵاو بۆتەوەو بایەخێکی زۆری پێدەدەن، بەتایبەتیش منداڵانی قۆناغی درەنگ (٩ - ١٢) ساڵان، کە پێی دەگوترێت قۆناغی پاڵەوانێتی. هەندێك لەو چیرۆکانەش ڕاستەقینەن وەك ئەوانەی باس لە پاڵەوانێتی گەلێك، کۆمەڵێك، یان تاکێك دەکەن لە ڕووبەڕوو بونەوەی مەترسیەك، یان ئەو چیرۆکە پۆلیسیانەی کەوا ڕوداوەکانیان باس لە تاوانێك دەکات یەکێك یان زیاتر ئەنجامی داوەو، پۆلیس تیایدا ڕۆڵی ئازایانە دەبینن لە پێناو بە جێ گەیاندنی ئەرکی سەر شانیان لەڕاوە دوونانی تاوانباران و دەست بەسەر داگرتنیان، پاڵەوانەکەشی بە زۆری ئەو منداڵانەن کەوا یارمەتی پۆلیس دەدەن و هەوڵدەدەن تۆمەتباران بدۆزنەوە، ئەمەش بێ گومان لە ڕێگەی ئەنجام دانی زنجیرەیەك ڕووداوە وەدەبێت، کەوا چارەسەری گرێی چیرۆکەکە دەکەن. {١٤٤: ١٠٨}

منداڵانیش لە ڕێگەی ئەم جۆرە چیرۆکەوە چالاك دەبن و، زۆر لایەنەکانی لەشیان بەرەو گەشەکردن دەچێت لە گەشەی زمان، گەشەی ژیری، گەشەی زانیاریەکان لەلایاندا، ئەمە بێجگە لەوەی فێری تاڵی و شیرینەکانی ژیان دەبن و، توانای بەرهەڵستی کردن و چارەسەرکردنیان بۆ ئەو گرفت و ناخۆشیانەی دێتە ڕێگایان ئاسان دەبێت. ئەگەر چی لە بارەی ئەم جۆرە چیرۆکەوە دوو رای جیاواز هەیە:

بەشێکیان پێیان وایە زیان بەخشە، چونکە منداڵ فێرە تاوان و فرت و فێڵ و لە یاسا دەرچوون دەکات، بەشەکەی تریش ئەم جۆرە چیرۆکە بە سوود بەخش دادەنێین و پێیان وایە لەگەڵ خاسیەت و ئاستی بیرکردنەوەی منداڵانی قۆناغی پاڵەوانێتی (٩ - ١٢) ساڵان دەگونجێت، چونکە منداڵان لەم قۆناغەدا حەز لە جموجۆڵی زۆرو پاڵەوانێتی و جەربەزەیی دەکەن، ژیانیش خۆشی و ناخۆشی تێدایە، گەر منداڵان بە ناخۆشیەکانی ژیان نەناسێندرێن

ولێی شارەزا نەبن ئەوا ڕەنگە خۆی ڕۆژێك لە ڕۆژان توشی ناخۆشیەك ببێت و لە لایدا ئاسایی نەبێت و، نەتوانێت بەسەریدا زاڵ بێت، لە ئاکامدا گرفتەکەی لێ گەورەتر دەبێت {١٧١: ٨٢}

د. هادی ئەلهیتی پێی وایە "**چیرۆکەکانی بەرگری دەکەونە چوار چێوەی چیرۆکی پاڵەوانێتی، بەلاَم چیرۆکی بەرگری بەو شێوەی چیرۆکە پۆلیسیەکان لە باس کردنی خەیاڵدا زۆر سەرکەوتوونین، بەڵکو زیاتر ناوەرۆکێکی مەبەستدارو واقیعی بە خۆوە هەڵدەگرن ... وەکو ئەو چیرۆکانەی تەووژم (حماس)ی منداڵ دەوروژێنن بەرەو کەسانێك یان ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو**"، {١٧٩: ١٥٨}.

بەلاَم ئێمە پێویستە لە چیرۆکی منداڵاندا زۆر ئاگاداری ئەوە بین، کاتێك بیرۆکەیەك یان ئایدۆلۆژیایەك دەخەینەڕوو بە تایبەتی ئەگەر لەگەڵ مەیل و ئارەزووی منداڵدا نەگونجێت، لە چەندین لێکۆڵینەوە توێژەرەوان بۆیان دەرکەوتوە، کە بیرۆکەی سیاسی زۆر لای منداڵ پەسند نی یە، هەمیشە ئارەزووی منداڵان بۆ ئەم جۆرە بیرۆکانە دەکەونە ژێرەوەی لیستی جۆری ئەو چیرۆکانەی بۆ منداڵ دادەنرێن، بەلاَم زۆر لە نوسەران دەیانەوێت بە زۆر ئەم بیرۆکانە بخەنە ناو چیرۆکی منداڵان، بەم جۆرەش چیرۆکەکەیان چەند ڕەهەندێکی ئاست بەرز دەنوێنن کەوا زیاتر بۆ گەورانە نەك بۆ منداڵان، بۆیە چیرۆکەکانیان ئەگەر چی ڕەنگە شێوازێکی هونەریان هەبێت، بەلاَم سەرکەوتوونین، چونکە باس لە کێشەیەك دەکەن دوور لە ئارەزوو گرنگی منداڵان. {١٨٧: ٨}

بۆیە کارێکی ناشایستەیە لەم قۆناغەی منداڵان، کە هێشتا دەست بەرداری خەیاڵ نەبووەو تەواو واقیع و خەیاڵ جیا ناکاتەوە، بیخەیتە ناو ئەزمونی ئایدیۆلۆژیاو نەتەوەو ململانێیە ڕەگەزیەکانن ئەمە جگە لەوەی لە ڕەوتی چێژی هونەری چیرۆك دوورە، تاوانێکە دەرحەق بە منداڵ دەکرێ، جیهانەکەشی دەشێوێنرێ. زۆر جاریش نوسەرە ڕەگەز پەرستەکان ئەم هەڵە دەقۆزنەوەو بە ناوی (چیرۆکی بەرگری) بابەتی لەم شێوەیە لە چیرۆکەکانیاندا بە کاردەهێنن، بەو مەبەستەی گوایە دەیانەوێت هەر لە منداڵیەوە دوا ڕۆژێکی روناك بۆ نەوەی نوێ دابین بکەن.

"**لە لێکۆڵینەوەیەکدا کەوا جۆنسۆن لەساڵی (١٩٣٢) دا ئەنجامی دا، سەبارەت بە زانینی جۆری ئەو چیرۆکانەی منداڵ ئارەزوومەندیەتی بۆ**

**کوڕوکچ لە تەمەنی(١٤ - ١٦) ساڵیدا بۆی دەرکەوت کەوا چیرۆك و وتارە سیاسیەکان کەمترین چیرۆکن کەوا سەرنجی هەرزەکاران ڕابکێشێت"** {١٨٧: ٨} بۆیە چیرۆکنوس دەبێ هەوڵبدات خۆی لەم بیرو بۆچون و ئایدیۆلۆژیایانە بە دوور بگرێت، کە لەگەڵ منداڵدا ناگونجێن.

سەبارەت بە چیرۆکی پاڵەوانێتی وسەرچڵی، ئەگەرچی لەنێو ئەدەبیاتی کوردی بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕین، نمونەیەکی وا بەرچاو ناکەوێت کەوا بە تەواوی خاسیەتەکانی ئەم جۆرە چیرۆکە بە خۆوە بگرێت، بەڵام لە بەر ئەوەی یەکێ لە خاسیەتەکانی ئەم جۆرە چیرۆکە ئەوەیە باس لە پاڵەوانێتی کۆمەڵێك یان تاکێك دەکات،

لە ڕووبەڕوو بونەوەی مەترسیەك یان گرفتێك کە دێتە ڕێی، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕۆڵی (ئەژدەر) لە (چیرۆکی ئەفسوناوی)[٥٧] کە لە پێشتردا باسمان لێوە کرد، لە ئازایی و جەربەزەیی و کۆڵنەدان وبەکارهێنانی ئەسپی سپی باڵدار - کە لە زۆر چیرۆکە پاڵەوانی و سەرچڵیەکاندا بە کاردێت-نزیك بکەینەوە لەم جۆرە چیرۆکە.

### ٦- چیرۆکی ریالیست: Realistic Stories

هەروەك زانیمان منداڵان تا تەمەنیان بەرەو پێش بروات زیاتر لە خەیاڵ دوور دەکەونەوەو لە واقیع نزیك دەبنەوە. منداڵانی تەمەن (٨) ساڵان بەرەو سەرەوە زیاتر پەیوەندی بە واقیع دەکەن و هەوڵی خۆ رزگارکردن دەکەن لەو خەیاڵەی کە پێشتر بیریان لێ دەکردەوە کەبە (خەیاڵی بەهەڵەداچوو) ناودەنرا، زیاتر لەشتە واقیعیەکان نزیك دەبنەوە بۆیە چیرۆکێك کەوا باسی واقیعی کۆمەلأیەتی و ژینگەی دەوروبەریان بۆ بکات، دەبێتە جێگای رازی بوونیان وبە پەرۆشەوە گوێی بۆ دەگرن. بۆیە منداڵانی ئەم تەمەنە ئارەزوەکانیان لە چیرۆکی خەیاڵیەوە دەگوازرێتەوە بۆ ئەو چیرۆکانەی کە لە واقیعەوە نزیکن. {١٦٦: ٣٨ - ٣٩}.

کەواتە چیرۆکی ریالیستی یەکێکە لەو چیرۆکانەی کەوا ئارەزوەکانی منداڵ لەم تەمەنەدا جێبەجێ دەکات و، بە شتە واقیعی و راستیەکانی دەوروبەری

---

[٥٧] ڕێبوار جەمال، کۆمەڵە چیرۆکی، (ختکە سوور)، بۆ منداڵان، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلیچمانی، ٢٠٠٥، ل ٤١ - ٨٠.

دەناسێنێ، چونکە چیرۆکی ریالیستی "**گوزارشت لەو بابەتانەی دەکات، کە لەژیانی راستەقینەی رۆژانە و وەرگیراون نوسەرەکەش هەندێ رووداوی سادەیان دەخاتە سەر، کەوا پێداویستیەکانی هونەری چیرۆکەکە چارەسەر دەکەن**" {١٤٦: ٤٥} .

لەبەر ئەوەی مندالانی تەمەن (٨ - ١٢) سالان بەرەو سەرەوە شارەزای زۆر لایەنی ژیان نین و، زۆر لە راستیەکان و واقیع نازانن بۆیە چیرۆکنوس لە رێگەی ئەم جۆرە چیرۆکەوە دەتوانێت زۆر بابەتی جۆراوجۆر بوروژێنێت و بە مندالانی ئاشنا بکات لە بارەی سروشت، گیانلەبەران، گەشتەوەران، چەندین بابەتی تر کە پەیوەندی بە ژینگەو کۆمەلگەی مندالەکەوە هەیە. کەواتە"**دەکرێ یارمەتی گەشەی مندالٚ بدرێت، لە رێگەی چیرۆکی ریالیستی چونکە ئەم چیرۆکانە باس لە گرفتەکانیان دەکەن و وێنەی خێزان و هاورێکانیان دەکێشن، واتە ئەم جۆرە چیرۆکانە ژیان وەك خۆی نیشانی مندالان دەدەن.**" {١٥١: ٩٧} .

دەتوانین چیرۆکی (رەزەکەی مام هۆمەر)[٥٨] بکەین بە نمونەی ئەم جۆرە چیرۆکە، کەوا باس لە واقیعی ژیانی خانەوادەی مام هۆمەردەکات لە لادێ، خۆیی و ژنەکەی وکورە تەمەن (١٢) سالانەکەی بە ناوی (سۆران) کەوا دوا مندالی باوك ودایکە زەحمەت کێشەکەی بوو، کە دەبوایە ئەویش واتە (سۆران) لەبەر نەبوونی قوتابخانە لە لادێیەکاندا ئەمسالٚ بۆ خوێندن بچێتە شار و، لە مالی یەکێك لە برایەکانی بمێنێتەوە، ئەوێ سالێش لە هەموو سالەکانی پێشوو، زۆرتر ماندوو بوون و رەنج کێشان، بە مام هۆمەرەوە دیار بوو ئیتر رووداوەکانی ئەم چیرۆکە باس لە واقیعی ژیانی لادێکانی کوردستان دەکات لە نەخوێندەواری و نەبوونی قوتابخانەو هەژاری ورەنج کێشان، هەروەها باس لە (سۆران) دەکات. کاتێك لەلای براکەی لە شار هەوالی بۆ دێت کە دەبێت بە هەفتەی داهاتوو بچێتە شار، چونکە سالی نوێی خوێندن دەست پێ دەکات. هەر لەگەلٚ گەیشتنی ئەم هەوالە (سۆران) بریاردەدا بچێتە شار بۆ خوێندن بۆیە بەیانی زوو هەلدەستێت وشتەکانی خۆی دەپێچێتەوە بەرێ دەکەوێت، هێشتا (سۆران) لەناو رەزەکانی لادێکەی تێپەر نابێت کاتێك لەناکاو چەکدارێکی یەکجار زۆر لە سکی کۆپتەرە زلەکان دەرژێنە ناو

---

[٥٨] بروانە: کاکەباس، کۆمەلە چیرۆکی (رەنگارە)، سوید، ١٩٩١، ل ٢٢ - ٢٧.

گوندەکـەو دەسـت دەکـەن بـە ئـاگر تێبـەردانی ڕەزو پوشـەڵانی کێڵگـەکانی گوندەکـەو، دەسـت ڕێـژێکی زۆریـش دەکەنـە سـەر خەڵکەکـەی، لـەم ناوەشـدا (سـۆران) یـەکێك دەبێـت لـە قوربانیـەکان وچـیرۆکەکە بـەم ڕووداوە کۆتـایی پێدێت.

ئەگەر بە ووردی لەم چیرۆکە وورد ببینـەوە، دەبیـنین نوسـەر نـەیتوانیوە زۆر بـە ووردی وزانایانـە خاسـیەتەکانی چـیرۆکی منـداڵان لـەم چـیرۆکەیدا بەرجەستە بکات. ڕاستە چیرۆکەکە لە جۆری (چـیرۆکی ریالیـستی) یـەو بـاس لە واقیعێك دەکات. کە میللەتی کوردی تیادا دەژیـا، بـەڵام ئـەم بەرهەمـە لـەم خاڵانەی خوارەوە بەم ڕووداوە کۆتایی دێت:

١- نوسەر نەیتوانیوە چارەسەرێکی لۆژیکیانە بۆ کێشەکانی نێو چـیرۆکەکە دابنێو هیچ هیوایەك بە منداڵان نابەخشێت.
٢- چیرۆکەکە کۆتـایی بـە تـراژیـدیا دێـت، ئەگـەر چـی کۆتـایی لـە چـیرۆکی منداڵاندا دەبێت دڵخۆشکەرو هیوا بەخش بێت.
٣- ڕووداوەکـانی کۆتـایی چـیرۆکەکە لـە ڕووی سـایکۆلۆژیەوە، کاریگـەرییێکی خراپ لەسەر دڵ و دەرونی منداڵان بەجێ دەهێڵن.

## ٧- چیرۆکی ئایینی: Relgious Stories

هەروەك لە ناوەکەیدا دیارە، چیرۆکێکە گوزارشت لە هەنـدێ بابـەتی وەکـو پەرسـتن، بـیرو بـاوەر، چـۆنیەتی مامەڵـەکردن، ژیـانی پێغەمبـەران، ڕەوشـتی ئایینی، چیرۆکەکانی قورئانی پیرۆزو کتێبە ئاسمانیـەکانی تـر... تـاد. دەکـات هـەروەها بـاس لـەو پاداشـت وسـزایە دەکـات، کـە پـەروەردگار بـە پێـی کـارو کردەوەکان بۆ بەندەکانی دانـاوە. چـیرۆکنوس لـە ڕێگـەی ئـەم جـۆرە چـیرۆکە ئایین بە منداڵان دەناسێنێ و بۆیان ڕاڤـە دەکـات. هـەروەها ئـەوەیان بـۆ ڕوون دەکاتەوە، کە دەبێ کاری چاکەو خێر هەمیـشە بـە سـەر کـاری خراپـە و شـەر خوازیدا سەرکەوێت. ئەم چیرۆکانەش بە شێوازێکی پۆزەتیڤانە دادەنـرێن بـۆ دروست کردنی بیرو باوەڕ لە دەروونی منـداڵ، بـە هـۆی ئـەو بـەها گەورانـەی تیایاندایە بۆ پەروەردە کردن و پێشکەشکردنی نمونەی باڵا، کـەوا بنـچینەکانی باوەڕ لەلایاندا دەچەسپێنێ. {١٥١: ١٤٢} {١٤٤: ١٠٧}

ئەمەش جیاوازی هەیە لە گەڵ سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا، کە پێـشتر باسمـان کـرد، چـونکە مەبەسـت لێـرەدا تـەنها لایەنـە ڕوحانیەکـەی ئایینـە کـەوا

منداڵانیش پێویستیان پێی هەیەو وەك گەورانو نەوەك بەکارهێنانی ئایین وەك ئایدیۆلۆژیا.

چیرۆکی (باخەوانە رەزیلەکە)[٥٩] نمونەیەکە لەو چیرۆکانەی، کە دەچنە چوارچێوەی چیرۆکی ئایینی. چیرۆکنوس لەم چیرۆکەیدا دەگێڕێتەوە، کەوا کابرایەك باخێکی گەورەو خۆش وپڕ لە میوەجاتی دەبیّ، کە خودای گەورە پێی بەخشیوە، بەلاّم ئەم باخەوانە هەر حەزی لە خێری خۆی دەکردو چاوی بە باخ و ماڵی خەڵکی هەڵنەدەهات و حەزی لە سودو قازانجی خەڵکی نەدەکرد، جارێك باخەوانەکە لە باخەکەیدا دەبێت... پەلە هەورێك لە ئاسمانەوە دەبینیّ، دەستەکانی بەرز دەکاتەوەو دەڵیّ: خوایە ئەم هەورە بێنەو تەنها لەسەر باخەکەی من بیکەرە باران. هەورەکە وردە وردە لەسەریان نزیك دەبێتەوە دای دەکاتە تەرزەیەکی زۆری بە لێزمەو دەیدات لە باخەکەی. کابرا هاواری لیّ بەرز دەبێتەوەو دەڵیّ: خوایە گیان با ئەم تەرزەیە باخی هەموو خەڵکی بگرێتەوە، بەلاّم بیّ سوود دەبێت و تەنها باخەکەی ئەم تەخت و وێران دەبێت، نووسەر لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دەڵیّ: ئەمەیە ئەنجامی خۆپەسەندیو چاوچنۆکی... پێویستە پەندو ئامۆژگاری لیّ وەربگرین.

ڕەنگە چیرۆکنوس لە دارشتنی ئەم چیرۆکەدا، بیرۆکەکەی لە سورەتی (کەهف) وەرگرتبیّ.

چونکە رووداوەکانیان لەیەك نزیکن، نوسەر لەرێگەی چیرۆکە دەیەوێت ئەوە بە منداڵان بڵیّ، خودای گەورە سزای ئەو پیاوەی دا کە تەنها خێرو بەرژەوەندی خۆی دەویست، بەوەی لەم هەموو خێروو خۆشیە هیچی بۆ نەمایەوە، بۆیە نوسەر ئامۆژگاری منداڵان دەکات و فێریان دەکات کە تەنها بەرژەوەندی خۆیان نەوێت بەڵکو خۆشی و بەرژەوەندی خەڵکانی تریشیان لەلادا گرنگ بێت.

٨- **چیرۆکی زانستی:** Scientific Stories

بریتیە لەو چیرۆکانەی، کەدانەرەکانیان پەنای بۆ دەبەن تاوەکو لە نێوان شتەکانی خۆیان، کە دەیانەوێت پێشکەشی بکەن لەگەڵ ئاراستەکانی

---

[٥٩] سەردار رەزا، کورتە چیرۆك بۆ منداڵان، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨ز، ل ٨٣.

سەردەمدا گونجانێك دروست بكەن. كەواتە ئەم جۆرە چیرۆكانە لە دەورو بەری باسێكی زانستی دا دەسورێنەوە. یاخود باس لە داهێنانێك دەكەن. ئەم جۆرە چیرۆكەش پشت بە سیمبولْ و هێما دەبەستێت بۆ خستنە ڕووی زانستە جۆراو جۆرەكان لە دیاردەكانی سروشت، زانستەكانی جوگرافیا، كەش و هەوا، گەردوون، سیماكانی ڕووەك... تاد. ئەمەش مەبەستی سەرنج ڕاكێشانی منداڵان بە بابەتی زانستی بە شێوازێكی ناراستەوخۆ. {١٥٢: ٩٨}

كەواتە چیرۆكنوس لە بەرهەمەكەیدا بۆ ئەوەی بتوانێت لە چوارچێوەی هونەری وئەدەبی ڕاستیە زانستیەكان بە شێوەیەكی سادەو ساكارانە پێشكەش بە منداڵان بكات و، منداڵانیش ئارەزوویان بكەوێتە سەر، پەنا بۆ هێما دەبات، بەكارهێنانی هێماش سەبارەت بە منداڵان وروژاندنی خەیاڵیانە، كەواتە نوسەر لە چوارچێوەی چیرۆكەكەیدا زانست تێكەڵ بە خەیاڵ دەكات، هەر ئەمەش بوو بووە هۆی لە دایك بوونی چیرۆكی خەیاڵی زانستی.

**"چیرۆكی خەیاڵی زانستیش تێكەڵەیەكی سەرنج ئامێزە لە خەیاڵ و ئەدەب و زانست، لە چوارچێوەی چیرۆكێكی سەرنج ڕاكێشدا، لە كاتێكدا زۆر كەس بڕوایان وابوو كەوا هاودژیەك هەیە لە نێوان زانست و ئەدەب دا، چونكە یەكێكیان پشت بە خەیاڵ دەبەستێ و، ئەویتریان پشت بە تاقی كردنەوەو ئەزموون خوێندنەوەی واقیع دەبەستێت".** {١٥١: ١٣٧}

بەڵام لە ڕاستیدا تەنها بابەتی ئەدەبی پشت بە خەیاڵ نابەستێ، بەڵكو بابەتە زانستیەكانیش پەیوەندیان بە خەیاڵەوە هەیە چونكە "**داهێنانی زانستیش بە خەیاڵ دەستی پێكردوە، بەربوونەوەی سێوێك لە باخچەكەی نیوتن، بووە هۆی دروست بوونی خەیاڵێك لای نیوتن، كە لە ئەنجامدا گەیشتە ئەو گریمانە زانستیەی كەوا بە تیۆری كێش كردنی زەوی ناسرابوو**" {١١٤: ٤٣ - ٤٤}

خەیاڵ باشترین فاكتەرە بۆ شی كردنەوەو تێگەیشتن لە زانست، خودی چیرۆكی خەیاڵی زانستیش باشترین بەڵگەی قسەكانمانە، كەوا لە ڕێگەی ئەو خەیاڵەی تیایدایە منداڵان ڕادەكێشێت بۆ چیرۆكەكەو ڕاستیە زانستیەكانیان پێ دەگەیێنێت.

لە وڵاتە پێشكەوتوەكانی ڕۆژئاوادا، چیرۆكی خەیاڵی زانستی یەكێكە لەو چیرۆكانەی لە ئەدەبی منداڵاندا بایەخێكی زۆری پێ دەدرێت بۆ شی كردنەوەو ڕاڤە كردنی بابەت و ڕاستیە زانستیەكان، تەنانەت "**ئەو چیرۆكانە**

**به هاریکاری وگرێدانی پەیوەندی نێوان نوسەران و زاناکان لە دایك دەبن، ئەوەتا ئەنشتاین دەڵێ: لە بواری بیرکاریدا زیاتر سوودم لە گەورە نووسەری رووسی دۆستۆفسکی وەرگرت وەك لە (نیوتن وکۆس) ی ئەلمانی"** {١٠٣: ١٤٩}.

کەواتە لێرەدا ئێمە دەگەینە ئەو ئەنجامەی، مادام پەیوەندی لە نێوان نوسەران و زاناکان هەبێت، کەواتە زانست و ئەدەبیش دژیەك نین، بەڵکو پەیوەندیەکی توند لە نێوانیاندا هەیە.

لە نێو ئەدەبی کوردیدا هەندێ نمونەی چیرۆکی خەیاڵی زانستی هەن، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر سادەو ساکار خراونەتە ڕوو، مەبەستمان لێرەدا زانیاریەکان زۆر سادەو ساکارن. ئەمەش چونکە نوسەرانی ئێمە هیچ پەیوەندییێکی هاریکاریان لەگەڵ زاناکاندانیە تەنها پشت بەو بڕە زانیاریە دەبەستن کە خۆیان دەیزانن، بێگومان ئەگەر ئەم پەیوەندیەی هەبووایە، ئەوا چیرۆکەکان زۆر سەرکەوتووتر دەبوون و، سوودو زانیاری زیاتریشیان بە منداڵان دەبەخشی.

دەتوانین چیرۆکی (هەورو سروە)[٦٠] بخەینە چوار چێوەی ئەم جۆرە چیرۆکەوە، کە چیرۆکنوس زۆر زاناو بلیمەتانە بە پشت بەستن بە خەیاڵ، گفتو گۆیەکی تێرو تەسەلی لە نێوان (هەور، سروە، تیشکی خۆر، مانگ، کێوە بەرزەکان... تاد) ساز داوە، بۆ ڕاڤە کردنی چەند ڕووداوێکی تایبەت بە زانستی جوگرافیا بە منداڵان و، روون کردنەوەی دیاردەکانی باران و بەفر بارین لە گەرمیان و کوێستاندا...

### ٩- چیرۆکی گاڵتەوگەپ:

چیرۆکی گاڵتەوگەپ ئەو چیرۆکانەن، کە بە شێوەیەکی بەرفراوان سەرنجی منداڵان رادەکێشن، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ڕووداوە پێکەنینئامێزانەی، کە ناوەرۆکی ئەم چیرۆکانە پێکدەهێنن.

چیرۆکی گاڵتەوگەپ، خۆشی وبەختەوەری دەخاتە دڵی منداڵان و، ئارامی و حەسانەوەی دەروونیان پێدەبەخشێت، بۆیە منداڵان زۆر ئارەزووی خوێندنەوەو گوێبیستی ئەمجۆرە چیرۆکانە دەکەن. هەر لەبەر ئەوەشە"

---

[٦٠] لەیلا سیمایی، هەورو سروە، چیرۆکی (منداڵان و مێرمنداڵان)، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، انتشارات صلاح الدین ئەیوبی، ١٣٨٠.

کەسانێك هەن پێیانوایە، رۆشنبیرکردنی منداڵان بە گشتی، دەبێت جەخت لەسەر لایەنی پێکەنیناوی بکاتەوە، ئەمەش لە پێناو زیاتر سەرنجکێشکردنی منداڵان" {١٧٩، ١٦٦}

**ئەمجۆرەی چیرۆك چەند ئامانجێکی تایبەتی دێنێتە دی، لەوانە:**

١- خوێندنەوە لای منداڵ خۆشەویست دەکات، واتە منداڵان بەرەوخوێندنەوە رادەکێشێت.

٢- کاتێك منداڵان بە پیر خوێندنەوە دەچن، ئەمەش خۆی لە خۆیدا یارمەتیدەرێکە، بۆ گەشەکردنی ئارەزووە هونەری وئەدەبییەکان لەلای منداڵدا.

٣- ئارامی ودڵنەوایی دەخاتە دەروونی منداڵان و، بیرو هزریان چوست و چالاك دەکات.

٤- بوارێکی چاکە، بۆ رەخنەگرتن لە شتە ناپەسەندو ناهەموارەکانی ناو ژینگە وکۆمەڵ.، دژایەتیکردنیان ودوور کەوتنەوە لێیان. {١٧١، ٨٥}

چیرۆکی پێکەنیناوی و گاڵتە و گەپ بەوە ناسراو کە سووك و ئاسان و کورتە، گرێیەکان دەکەونە کۆتایی، بابەتەکانیان لە ژیانی رۆژانەوە وەرگیراون، هەندێ جاریش لە واقیعی ژیان دووردەکەوێتەوەو، هەندێ کەسایەتی ناوازەونامۆیان تیادا دەبێنرێت، ئەمە جگە لەوەی هەندێ جار رووداوی وا لەناو ئەمجۆرە چیرۆکانە دا دەبینین، کە لە ژیانی ئاساییماندا روونادەن و گوێبیستی نابین {١٧٩، ١٦٩}

چیرۆکە پێکەنیناوی و گاڵتە و گەپەکان، هەندێ بنەمایان تێدایە، کەوا لەبنچینەدا بۆ ئەو هەقایەتە میللیە کۆنانە دەگەڕێنەوە، کەوا میللەتانی جیاواز لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر گێراویەتانەوە، بۆیە ئێمە گوێبیستی هەندێ هەقایەتی دڵخۆشکەر دەبین، کە سەدان ساڵە لە نێوان نەتەوە و میللەتانی جیاواز لە جیهان ئاڵوگۆڕیان پێدەکرێت، ئەگەرچی هۆیەکانی گەیاندن لە نێوان ئەو میللەتانە، بەو شێوازەی ئێستاش نەبووە، هەر بۆ نموونە هەقایەتە میللیەکانی (مەلای مەزبوورە)ی کوردەواری یان (مەلای مەشهور) لەو جۆرە هەقایەتانەن، کە گەورەوبچوك دەهێننە پێکەنین، لەلای عەرەبەکانیش هەمان جۆری هەقایەت بە کەسایەتیەکی ترە ئەویش (جحا)یە، لەلای تورکەکانیش بە (مەلا نەسرەدینی خۆجە) ناسراوە.

١٠- چیرۆکی مێژوویی:

ئەو چیرۆکانەن، کە پشت بە رووداوە مێژوویە راستەقینەکانەوە دەبەستن، کـە سـایەتی وپاڵەوانـەکان لـە مێـژوو وەردەگیرێـن، واتـە تۆمـارکردنی ژیـانی راسـتەقینەی ئـادەمیزاد و، کەسـایەتیە ناودارەکانـە لـە مێـژوودا بـە وردە دەستکاریەکەوە (کەم وزۆرکردنی رووداو یان وەسفی کەسایەتیەکان).

ئەمـەش شـێوازێکە بـۆ شـارەزاکردنی منـداڵان لـە مێـژووی نەتەوەکـەیان، ناسینی کەسایەتیە ناودارەکانی وئاشنابوونیان بە رووداوەکان.

ئـەمجۆرە چـیرۆکانە فاکتـەرێکن بـۆ گەشەسـەندنی هەسـتی ئینتیمـا بـۆ نەتەوە و خاك و وڵات، ئەم تایبەتمەندیەی چیرۆکی مێژوویش، دەبێتـە هـۆی پەروەردەکردنی گیانی نەتەوایەتی و گەشەکردنی لەلای منداڵدا.

لـە چـیرۆکی مێژوویـشدا چـەند رەگـەزێکی گـرنگ هـەن، کـە پێویـستە چیرۆکنووس لە ناوەرۆکەکەیدا ئاماژەیان پێبکات، ئەوانیش:

١- دەبێت چیرۆکی مێژوویی پـشت بـە رووداوە راسـتەقینە مێژوویەکانـەوە ببەستێت.

٢- پێویستە نووسەری چیرۆکی مێژوویی بەر لـەوەی بـچێتە نـاو نـاوەرۆکی چیرۆکەکە، بیرۆکـەی سـەرەکی وکەسـایەتیە سـەرەکیەکانی نـاو چـیرۆکە مێژوویەکە بەتەواوەتی شیبکاتەوەو ئاماژەیان بۆ بکات.

٣- بەر لە فۆرمەلەکردنی چیرۆکەکە، دەبێت نووسەر هەوڵبدات ئەو وێنانە دیاری بکات، کەوا بیرۆکەی چیرۆکەکە لە هزری منداڵ نزیك دەکەنـەوە، چونکە منـداڵان بـە شـێوەی گـەوران بیرناکەنـەوە، بۆیـە پێویـستە ئـەو وێنانە لە چوارچێوەی شارەزایی وتێەیشتنی ئەواندابن.

٤- ئەو رووداوانەی کە کەسایەتیەکانی نێـو چـیرۆکەکە بـەرێوەیان دەبـەن، دەبێت بیرۆکەو چەمکەکان بە شێوەیەکی ناراستەخۆ بگەیەننـە منـداڵ، بێئەوەی هەست بکات بە سەریدا سەپێنراون.

٥- دەبێت چیرۆکی مێژوویی بـە پێـشەکیەك دەسـت پێبکـات، کـە مەبەسـت لێی وروژاندن وسەرنجراکێشانی منداڵـە، بـۆ بەدواچـوونی رووداوەکـانی چیرۆکەکە، شێوازەکانی دەستپێکردنی ئەم پێشەکیەش بریتین لە:

أ- سەرنجراکێشانی منداڵ بۆ وێنەی پاڵەوانێکی سەرەکی نێو چیرۆکەکە.

ب- پەیوەستکردنی چیرۆکەکە بە ژینگەی ئێستای منداڵ.

ج- پەیوەستکردنی بە رووداوێکی پێشتر یان ئەزموونێکی پێشتری منداڵەکە.
٦- دیاریکردنی چوارچێوەی کات وشوێن بۆ بابەت وبیرۆکەی چیرۆکەکە، بە یەکێك لەم دەستەواژانە وەك(لە رۆژانیکی زۆر کۆندا)، (پاش رووداوەکەی....) ئەمە لە کاتێکدا منداڵەکە شارەزایی لە رووداوەکە هەبێت، یان بە نزیککردنەوەی چەمکی کات لە هزری منداڵ، ئەویش بە پەیوەستکردنی بە تەمەنی منداڵ، بە هەمان شێوەش دەتوانین چوارچێوەی شوێن، بە پێی قۆناغی گەشەی منداڵ دیاری بکەین وەك (لە شارێکی دووردا)، (لەشاری.....)یان بەرواوردکرنی شوێنەکە، بە شوێنێك کە لای منداڵ ناسراوە.
٧- وەسفکردنی ژیانی کۆمەڵگە لەو سەردەم و ساتەدا، بە تایبەتی لە بوارەکانی خواردن وخواردنەوە، جلوبەرگ، ئارەزووی منداڵان وچۆنیەتی گوزەرانیان، دابو نەریتی ئەو سەردەمە، کەرەستەو تفاقەکانی شەڕکردن... هتد.
٨- وەسفکردن وروونکردنەوەی کارەکتەری سەرەکی چیرۆکەکە، بە تایبەتی ئەگەر ئەو کارەکتەرە بزوێنەری سەرەکی رووداوەکان بێت.
٩- ئەو زانیاریانەی کە لە چیرۆکەکەدا پێشکەشی منداڵانی دەکەیت. دەبێت بە چەند شێوازێکی سەرنجراکێش بیانرازێنیتەوە، باس لە هەندێ وردەکاری بکەیت کە لەلای گەوران شتێکی بێماناو بێزارکەرە. بۆ نموونە: کاتێك باس لە پاڵەوانەکە دەکەیت، شمشێرەکەی دەستی وەسفدەکەیت، بەوەی کە لەگەڵ خۆردا دەبریسکێتەوەو، درێژیەکەی دوو مەترەودەسکەکەی ئاڵتونیەو.... هتد.
١٠- پێویستە چیرۆکەکە لە رووی دارشتنی زمانەوانیەوە، زیندوو وسەرنجراکێش بێت، توانای وێناکردنی رووداوەکانی هەبێت.
١١- پێویستە لەگەڵ چیرۆکەکە وێنەوهێلکاری و تابلۆ هەبێت، بە شێوەیەك کە لەگەڵ بابەت ورووداوەکانی نێو چیرۆکەکە بگونجێن. {١٧٩: ١٨٠ - ١٨١}

هەروەها زاراوەیەکی تر سەری هەڵدا، ئەویش زاراوەی خەیاڵی مێژوویی بوو، کەوا لەم ساڵانەی دواییدا زۆر بەکار دەهێنرێت، بەلام ئەمەش مانای وانیە ئەم جۆرەی چیرۆك نوێیە، یاخود دەرهاویشتەی ئەم سەردەمەیە،

چـونکه لـه ڕۆژانێکـی زووەوە ئـەم جـۆرەی چـیرۆك هـەبووە، کـەوا باسـی لـە پەیوەنـــدی نێـــوان ژیـــانی تایبـــەتی وژیـــانی کۆمەڵایـــەتی کـــردووە، لـــە چوارچێوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا. کاتێك چیرۆکخوان ڕەهەندی مێـژوویی دەخاتـە نێـو خـەیاڵی خـۆی، ئەوائـەم ڕووداوانـە بـە پێـی خـەیاڵی خـۆی بەرجەستە دەکات، بەڵام تەنها پەیوەستی ناکات بـە ڕابـردوو، بـەڵکو بـاس لـە پێشبینی داهاتووش دەکات، بـەم شـێوەیەش خـەیاڵی مێـژوویی، جـێ پەنجـەی خـەیاڵی جـوان دەخاتـە سـەر ڕووداو ودیاردەکـان، کـە ڕابـردوو، ئێـستا یـان داهاتووبن.

بەم شێوەیەش چیرۆکی خەیاڵی مێژوویی مەبەستی گەیانـدنی ڕاسـتیەکان نیە بۆ منـداڵان، بـەڵکو مەبەسـتی یارمەتیدانیانـە بـۆ تێڕامـان لـە ڕابـردوو و هەستکردن بە خۆشی و ناخۆشی نەوەکانی ڕابـردوو، هـەروەها یارمەتیـدانیان بۆ هەستکردن بە شێوازەکانی ململانێ، لە نێوان مرۆڤەکان، کەوا بـە هۆیـەوە منـــداڵ دەرفـــەتی دەبێـــت بـــۆ بەشـــداریکردن لـــە ڕووداوەکـــانی ڕابـــردوو و، هەســـتکردن بـــە بـــەردەوامی ژیـــان و بینینـــی پێگـــەی خـــۆی لـــەم ژیانـــەدا. {١٠٣: ١٥٢}

# بەشی سێیەم

## باسی یەکەم ـ چیرۆك و سایکۆلۆژیای منداڵ.
## باسی دووەم ـ سیماکانی چیرۆکی منداڵانی کورد
## لە (١٩٩١ - ٢٠٠٥).

## باسی یەکەم

### چیرۆك و سایکۆلۆژیای منداڵ

**گەشەی منداڵ و قۆناغەکانی:**

نووسین بۆ منداڵان چیرۆك بێ یان شیعر یاخود دراما، کارێکی ئاسان نییە، ئەوەی بۆ منداڵان بنووسێت و لە بارەی ئەوانەوە بدوێت، دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لە بارەی لایەنی سایکۆلۆژیەتی منداڵەوە هەبێت، چونکە بەرهەمی نووسەری منداڵان دەبێت لە رووی ناوەڕۆك و پێکهاتەکەیەوە لەگەڵ سروشت و قۆناغەکانی گەشەی منداڵ و لایەنەکانی دەرونیدا بگونجێت. ئەگینا ئەم بەرهەمەی کە پێشکەش دەکرێت ناتوانێت لە هیچ لایەنێکەوە، بایەخ و کاریگەری خۆی بەسەر منداڵدا بنوێنێت، چونکە ئەو بابەتەی، کە منداڵێکی قۆناغی تەمەن (سێ) ساڵی پێی خۆشە رەنگە بۆ منداڵێکی تەمەن (دە) ساڵان شتێکی پڕوپوچ بێت.

بۆیە "**نووسەری ئەدەبی منداڵان، سەرەڕای بەهرەوتوانای نووسین، دەبێ قاڵبوویەکی شارەزای پەروەردەکردنو سایکۆلۆجی منداڵ بێت، ئاگای لە قۆناغەکانی هەراش بوون هەبێت.**" {٩٠: ١٥}

منداڵ لە سەرەتای لە دایك بوونیدا تاوەکو ئەو کاتەی وشەی منداڵی لەسەر لادەچێت، بە چەند قۆناغێکی گەشەی جیاوازدا تێپەر دەبێت، کە هەر قۆناغێکیش خاسیەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لەگەڵ قۆناغەکەی تر، زانایانی دەروونناسی و پەروەردە بە پێی چەند بنەمایەکی جیاواز قۆناغی منداڵێتان بەسەر چەند بەشێکدا دابەش کردووە، هەر یەکێکیش لەمانە بۆ دارشتنی تیۆریەکەی، پشتی بە چەند بنەما و بەڵگەیەکی زانستی و سایکۆلۆژی بەستووە، بەڵام گشتیان لەسەر ئەوە کۆکن کەوا ناتوانرێت قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵ بە تەواوەتی و بە شێوەیەکی راست و دروست لە یەکتری جیا بکەینەوە و، سنووری ئاشکرایان بۆ دابنێین، واتە قۆناغەکانی گەشە لە رووی خێراییەوە لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر جیاوازیان هەیە.

ئەمەش لەبەر ئەوەی زۆر جار ئەم قۆناغە لەگەڵ یەکتردا تێکەڵاو دەبن، بۆ نموونە "**قۆناغی هەرزەکاری خۆی لە تەمەنی (١٢ - ٢٠) ساڵیدا دەبێت، بەلام زۆر منداڵ هەن پاش و پێشی لەو ماوەیەدا دەکەن، هەندێك منداڵ لە (١٣) ساڵیدا پێ دەنێتە ئەم قۆناغە، هەندێکی تر لە (١٥) ساڵیدا، جاری واش هەیە لە (١٦) ساڵیدا پێ لەم قۆناغە دەنێ، منداڵان لە تەواو کردنی ئەم قۆناغەشدا جیاوازیان هەیە، منداڵ هەیە بە (٦) ساڵ ئەیبڕێت، هەیە بە (٧) ساڵ، هەشە بە (٩) ساڵ کۆتایی بەم قۆناغە دێنێت.**" {١٥٣: ١٦٠}

ئەمە جگە لەوەی ژینگە و دەوروبەری کاریگەریان لەسەر چۆنیەتی پەرەسەندنی قۆناغەکانی گەشەی منداڵەوە هەیە، زاناکان ئەوەیان دەرخستووە، راستە هەموو منداڵەکان بە هەمان شێوەو وەك یەك بە قۆناغەکانی گەشەدا دەڕۆن لە جووڵەو قسەکردن و رەفتاری تریش بەلام لە رادەی خێرایان جیاوازن، بۆ نموونە منداڵ لە ئەمریکا لە تەمەنی یەك ساڵیدا فێری قسە کردن دەبێت، بەلام لە گوندێکی گواتیمالا تەمەنی دەگاتە دوو ساڵ هێشتا زۆر قسە نازانێ. بەلام لەگەڵ ئەمانەشدا ماوەیەك هەیە کە پێی دەگوترێت ماوەی هەستیار (Sensitive period)، کە لەو ماوەیەدا چەند گەشەیەکی روون و ئاشکرا یاخود چەند رەفتارێك لەسەر منداڵدا روودەدەن قۆتاغەکان لە یەکتری جیا دەکەنەوە. بۆ نموونە جیاوازی هەیە لە نێوان رەفتارو گەشەی منداڵێکی (٣) ساڵان لەگەڵ رەفتار و گەشەی منداڵێکی (٨) ساڵان جا لە هەر بوارێکدا بێت، بەلام ناتوانین تێبینی جیاوازی بکەین لە نێوان منداڵێکی (٤) ساڵان و (٥) ساڵان. {١٩٤: ٦٩ - ٦٨}

جا لەبەر ئەو هۆیانەی باسکران، زانایان و لێکۆڵەران، کە باسی گەشەیان کردووە، لە دابەش کردنی قۆناغەکانی گەشەکردندا رێك نەکەوتوون.

سیگموند فرۆید لەسەر بنەمای تیۆری دەرون شیکاری (Psychoanalysis) قۆناغەکانی گەشەی منداڵ بەم شێوەی خوارەوە دابەش دەکات:

أ- قۆناغی شیرە خۆری: In Fantile Stage
ب- قۆناغی منداڵێتی زوو: Toddler Stage
ج- قۆناغی پێش چوونە قوتابخانە: Pre School Stage
د- قۆناغی قوتابخانەی سەرەتایی: School Age Child
هـ- قۆناغی هەرزەکاری: Adolescences Stage {١٥٩: ٤٦ - ٤٧}

جان پیا جیە، بە پێی بنەمای تیۆری گەشەی ژیری ( Theory of Cognitive Development)، قۆناغەکانی منداڵیتی بەسەر چوار قۆناغدا دابەش دەکات ئەوانیش:

أ- قۆناغی هەست و جوولە: The sensory _ Motor stage (لە ساتی لە دایك بوون _ نزیکەی ٢) ساڵان.

ب- قۆناغی بەر لە کردارە لۆژیکیەکان: The pre - Operational stage (نزیکەی ٢ - ٧) ساڵان.

ج- قۆناغی تێگەیشتنی مانای رووت: The concrete operational stage (نزیکەی ٧ - ١٢) ساڵان.

د- قۆناغی کردارە ژیرییە باڵاکان (فۆرمالیستی): The Formal operations stage (١٢ - ١٨) ساڵان. {١٩٦: ٢٢ - ٢٣}

هەروەها (ئەریك ئەریکسون)، بە پێی تیۆری گەشەی دەروونی کۆمەڵایەتی (psychosocial Development)، قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش دەکات:

١- قۆناغی متمانەیی بەرامبەر بە دگومانی: Turst Versus mistrust (لە ساتی لە دایك بوون _ نزیکەی ١٨) مانگ.

٢- قۆناغی سەربەستی بەرامبەر شەرم و گومان: Autonomy versus Shame and Doubt (نزیکەی ١٨ مانگ - ٣) ساڵان.

٣- قۆناغی دەست پێشخەری بەرامبەر هەست بە گوناهکردن: Initative versus Guilt (نزیکەی ٣ - ٥) ساڵان.

٤- قۆناغی کۆڵنەدان بەرامبەر بە هەست کردن بە کەمی: Industry versus Inferiority (نزیکەی ٥ - ١١) ساڵان.

٥- قۆناغی ناسنامەی خود بەرامبەر بە توانەوەی رۆڵ لە کۆمەڵگا: Ego Identity versus Role Confusion (نزیکەی ١١ - ٢١) ساڵان.

٦- قۆناغی هۆگری بەرامبەر بە گۆشەگیری: Intimacy and Solidarity versus isolation (نزیکەی ٢١ - ٤٠) ساڵان.

٧- قۆناغی رێنیشاندان و ئامۆژگاری بەرانبەر بە وەستان لەبەرهەمهێنان : Stagnation versus Generativity (نزیکەی ٤٠ - ٦٠) ساڵان.

٨- قۆناغی هەست کردن بە کامڵ بوون بەرامبەر بە بێ ئومێدی: Ego Integrity versus Despair (نزیکەی ٦٠ - کۆتایی). {١٩٥: ٢١١ - ٢١٤}

نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵانیش قۆناغەکانی گەشەیان بەسەر چوار قۆناغدا دابەش کردووە، ئەوانیش:

١- قۆناغی منداڵێتی زوو (نزیکەی ٣ - ٦) ساڵان.

٢- قۆناغی منداڵێتی ناوەڕاست (نزیکەی ٦ - ٨) ساڵان.

٣- قۆناغی منداڵێتی درەنگ (نزیکەی ٩ - ١٢) ساڵان.

٤- قۆناغی منداڵێتی ئایدیالی یان ڕۆمانتیکی (١٢- کۆتایی قۆناغی منداڵێتی). {١٧٥: ٥٦}.

نووسەر و لێکۆڵەرانی بواری ئەدەبی منداڵان، کە باس لە قۆناغەکانی گەشەی منداڵ دەکەن هەمیشە لە سێ ساڵی بەرەو ژوور دەست پێ دەکەن، چونکە منداڵان لەم تەمەنە بەرەوخوار توانای وەرگرتنی ئەدەبیان نییە لە ڕێگەی ئەو چیرۆکە یان شیعرەی، کە پێشکەشیان دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی منداڵان لە تەمەنی سێ ساڵیدا بە گۆڕانێکی گرنگدا تێپەڕ دەبن، کە پێی دەگوترێت (قەیرانی یەکەمی کەسایەتی)، کە منداڵ تیایدا وا هەست دەکات خودێکی سەربەست و جیاوازی هەیە لەگەڵ کەسانی تردا، واتە کەسایەتییەکەی بەدەردەکەوێت، چونکە پێشتر هیچ حیسێبێکی بۆ خودی خۆی و کەسایەتی خۆی جیاواز لەگەڵ کەسانی تر و ژینگەی دەوروبەری نەدەکرد، لێرەدا دەتوانین بڵێین چیرۆك هاوسەنگیەك بۆ کەسایەتی منداڵ دەگێڕێتەوە یان قەیرانەی چارەسەر دەکات، بنەما سەرەکیەکانی ڕەفتاری منداڵ لەسێ ساڵی یەکەمدا بریتیە لە تەواو کردنی توانا جوڵەییەکان و پەرەسەندنی فەرمانە ژیرییەکان. لەم ڕووەوەش د. هادی نوعمان ئەلهیتی قۆناغەکانی گەشەی منداڵ بەم شێوەی خوارەوە دابەش دەکات:

١- قۆناغی ڕیالیستی و ئەندێشەی سنوردار (نزیکەی ٣ - ٥) ساڵان.

٢- قۆناغی ئەندێشەی ڕەها (نزیکەی ٦ - ٨) ساڵان.

٣- قۆناغی پاڵەوانێتی (نزیکەی ٩ - ١٢) ساڵان.

٤- قۆناغی ئایدیالی (نزیکەی ١٢ - ١٥) ساڵان. {١٧٩: ١٧ - ١٨}

**دیارده و لایەنەکانی گەشەی منداڵ:**

نووسـەر و چیرۆکنووسـی منـداڵان دەبێـت بـە پێـی ئـەو قۆناغانـەی، کـە باسـکران بەرهەمـە ئەدەبییـەکانیان پێـشکەش بـە منـداڵان بکـەن، واتـە بـە جۆرێك کە لەگەڵ پێداویستی و دیاردەکانی ئەم قۆناغـەی منداڵـدا بگونجێت. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت، کـە جیـاوازی لـە نێـوان کەسایەتیەکانی منـداڵان لـە ئاستەکمانی تەمەنی جیاوازدا بە دی دەکرێت بە پێی بـە دوا داچـوونی یـەك لە دوای یەکی گەشەی جەستەیی، جووڵەیی، ژیری، کۆمەڵایەتی، زمانی لـەلای منداڵاندا.

**بۆیە "بیر رۆشنکردن و خۆخەریککردن و موتالا کردن ئەگـەر بـۆ هـەموو نووسـەر و ئـەدیبێك پێویـست بێـت بـۆ ئەوانـەی بـۆ منـداڵان دەنووسـن پێویـسترە. چـونکە هـەر چـی قۆنـاغی منداڵیـە، نـەك هـەر لـە رووی دڵ و دەرونـەوە زوو زوو ئـەگۆرێت بـەڵکو لـە رووی نەشـونمای (بـایۆلۆجی) و (ئـەقڵ) و (زمـان) و (ئینفعـال) و (کۆمەڵایـەتی) و (سـۆز - Emotion) یشەوە هەمیشە لە گۆڕاندایە"** {١١١: ٣}

کەواتە هەر یەکە لەم قۆناغانەی گەشـە کـردن، لەلایـەن زانـا و لێکۆڵـەران، کـە باسمـانکردن خـاوەن چـەند دیـارده و لایـەنێکی گەشـەی جـۆراو جـۆرن، چونکە کرداری گەشـە لـە رێگـەی ئـەم دیـارده و لایەنانـەوە بـە دەردەکـەوێت، ئـەوانیش وەکـو: گەشـەی جەسـتەیی، جوڵـەیی، ژیـری، کۆمەڵایـەتی، زمـانی، رەفتاری، سێکسی.... تاد {١٧٠: ١٢ - ١٥}

بـەڵام لێـرەدا ئێمـە تـەنها باسـی ئـەو لایەنانـە دەکـەین، کـە پەیوەنـدی بـە باسـەکەی ئێمـەوە هەیـە، چـیرۆك بایـەخ و کاریگـەری زۆری بـۆ سـەر ژیـانی منـداڵ هەیـە و، زۆر لـە تواناکـان لـە لای منداڵـدا بـە هۆیـەوە گەشـە دەکـەن، گرنگترینیشیان گەشە کردنی زمـان و ژیرییـە، بۆیـە ئێمـە لـەم باسـەدا بایـەخ بەم دوو لایەنە دەدەین.

**١- گەشەی ژیری و قۆناغەکانی لەلای منداڵدا:**

ژیری وەك دیاردەیەکی دەروونی، گرنگی تایبەتی خـۆی لـە ژیـانی مـرۆڤ و بونیاتیانی شارستانیەتدا هەیە، زۆر لە زاناکان هەر لە کۆنەوە تاوکو ئێـستاش سەر قاڵی توێژینەوەی ئەو باسە بوون، یەکی لـە گـرنگترین و بـە ناوبـانگترین

ئەو زانایانـەش کـە توێژینـەوەی لەسـەر گەشـەی ژیـری کـرد بـێ بـە تایبـەتی لەلای منداڵاندا ن پسپۆری تەواوی تیا وەرگرتبێ، دەرونزانـی سویـسری (جـان پیاجیە)یە، بیروراکانی (پیاجیە) لە بـورای گەشـەی ژیـری و پـەروەردەکردنی منداڵ جێگەی تایبەتی خۆی هەیە، دەتوانین بڵێین نەشونما کردنـی زانیـاری لای منداڵ گەوهەری بیروڕا دەرونیەکانی پیاجیەیە.

پیاجیـە (١٨٩٦ - ١٩٨٠) لـە ڕێگـای سـەرنج دانـی منداڵـەکانی خـۆی تـوانی بیردۆزەیێەك دابنێ و پەیوەندییێك لە نێوان توانـا سروشـتیە پەرسـەندوەکانی منداڵ و کارتێکردنیان لەگەڵ دوروبەردا بدۆزێتەوە. ئەو منداڵی بە کارایەکی چالاك دانـا لـە وەرگرتنـی زانیـاری و منـداڵی ناونـا بـە (زانـای لێکۆڵـەر) کـەوا هـەردەم هـەوڵی پرسـین و لێکۆلینـەوە دەدات و، شـت تـاقی دەکاتـەوە تـاوەکو بزانێت چی ڕوودەدات.

پیاجیـە گەشـەی منـداڵی بـۆ چـەند قۆناغێـك دابـەش کـرد، کـەوا هـەر قۆناغێـك سـیما و خاسـیەتی تایبـەتی خـۆی هەیـە و ساڵەکان بـە پێـی ڕادەی زیرەکی و کلتور و هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان دەگۆرێن، بەڵام بە پێـی پلەبەند هەموو قۆناغەکان لە دوای یەکتری دێن ئەگەر چی جیاوازی خێرایی لە منداڵێکەوە بۆ منداڵێکی تر هەیە. {١٩٤: ٧٤ - ٧٥ } {٤٤: ١٧ - ١٩}.

ئەمـەش ئـەوە دەگـەینێت، کـە ژینگـە و دەوروبـەری کاریگـەرن لـە پـەرە پێـدانی تواناکـانی منداڵانـدا، کەواتـە ژینگـەی کۆمەڵایـەتی و ڕۆشـنبیری، کاریگەریەکی زۆری لەسەر گەشەکردنی تواناکانی ژیـری منداڵانـدا هەیـە، لە نـاو ئەمانەشـدا چـیرۆك ڕۆڵـی تایبـەتی خـۆی لـەم بـوارەدا دەگێرێـت. لـە خوارەوەشـدا لەگـەڵ بـاس کردنـی خاسـیەت و بنـەماکانی هـەر قۆناغێـك لـە قۆناغەکانی گەشەی ژیری لـەلای منداڵانـدا، ئـەرك و پێویـستیەکانی چیرۆکی منداڵانیش لەم بوارەدا باس دەکەین:

**أ- گەشەی ژیری منداڵانی باخچەی ساوایان:**

ئەم قۆناغە بە قۆناغێکی گەشەی خێرایـی ژیـری ناودەبرێت، ئەمـەش بـە هۆی پەی بردنی منداڵ بۆ شتەکانی دەوروبـەری، کـە توانـای بیرکردنـەوەیان زیاتر دەکات و فەرهەنگی زمانیش لەلایاندا فراونتر دەبێت، ئەمەش لە ڕێگای ئەو پرسیارە زۆرانەی، کەوا منداڵان لـە کەسـانی دەوروبـەری خۆیـدا دەیکـات،

بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانیان بۆ زانـین و فێـر بـوون و تواناکانیـان بـۆ ئەندێــشە کــردن و پێــشبینی کــردن، کــەوا هەنــدێك جــار دەگاتــە رادەی بەستنەوەی راستیەکان بە خەیاڵ. هەندێ لە زانایان ئەم قۆناغە بە (قۆنـاغی پرسیار کردن)یش ناودەبەن، چونکە منداڵ لە رێگەی ئەو پرسـیارە زۆرانـەی، کە بەردەوام لەم قۆناغەدا دەیکات، دەیەوێـت هـەوڵی فـراوان کـردن و گەشـە پێدانی لایەنی ژیری خۆی بکات و، زانیاری لە بارەی ئەو شتانەوە هەبێت، کە سـەرنجی رادەکێـشن، لـەو ئەزموونانـەش تێبگـات، کـە پێیـدا تێپـەر دەبێـت. {١٥٩: ١٣١} .

منداڵ تینویەتی نەزانینی خۆی بەو پرسـیارانە دەشـکێنێت، خـۆی لـە دوو دڵی و نەزانیندا ناهێڵێتەوە بۆیە هەمیشە پرسیار لە ناوی شتەکان و ئـاژەڵ و ناوی خەڵك و ئەو دیاردانە دەکات، کە لە دەوروبەریدا روودەدەن.

چیرۆکنووسی منداڵان بە زانین و شارەزا بوونی ئەم خاسیەتەی منداڵ لەم قۆناغـەدا دەتوانێـت وەڵامـی ئـەو جـۆرە پرسـیارانە لـە نێـو چـیرۆکەکەیدا بوروژێنێت، کە بوونەتـە مایـەی سـەرقاڵی و بـیر کردنـەوەی منـداڵ، بێگومـان تاوەکو وەڵامی پرسیارەکانیشیان دروست و پەروەردەیی بێت، ئـەوا زیـاتر کـار دەکەنە سەر پەروەردەکردنیان و گەشەی ژیریان.

تێگەیشتنە ژیرییەکان لەلای منداڵدا بە شێوەیەکی پلەدار نەشونما دەکەن، لەسەرەتای ئەم قۆناغە دا تێگەیشتن لە بارەی ئەو چەمکانەن، کە پەیوەنـدی بـە ژیـانی راسـتەوخۆی مناڵـەوە هەیـە لـە جـل و بـەرگ و خواردنـەکانی و چـالاکیەکانی و زانیاریـەکانی لـە بـارەی ئـەو کـەس و شـتومەکانەی، کـە لـە نزیـك و دەوروبـەری خۆیـدا هـەن لـە دایـك و بـاوك و خوشـك و بـرا و دەرو دراوسێی و ئەو شتومەکانەی یاریـانن پـێ دەکات، ئـەو ئـاژەڵ و باڵندانـەی لـە ماڵەکەیدا هەن و لە دەوروبەری خۆیـدا دەیانبینێـت، هـەروەها زانینـی مانـای گەرما و سەرما، شـەو و رۆژ، تـاریکی و رۆنـاکی... تـاد. بـەڵام لـە کۆتـایی ئـەم قۆناغەدا توانای پـەی بـردن و تێگەیـشتنی بـۆ مانـای شـتەکان زیـاتر دەبێـت. کەواتە دەتوانین بڵێین منداڵ لەم قۆناغەدا سەرقاڵی دۆزینەوە و ناسینی ئـەو ژینگـە واقیعەیـە، کـە تیایـدا دەژیـت، ژینگـەی دەوروبـەری منـداڵیش لـەم قۆناغـەدا هۆکارێکـە بـۆ کـارتێکردنی منـداڵ، بۆیـە ئـەم قۆناغـە بـە قۆنـاغی واقیعی سنووردار بە ژینگە ناودەبرێت. {١٦٧: ١٠}

هەر وەك باسمان كرد دنیای منداڵ لەم قۆناغەدا زۆر تەسكە و، پەیوەندی بە ژینگە و كەسانی دەوروبەری خۆی هەیە و، تایبەتە بەو واقیعەی، كە تیایدا دەژێت، بۆیە چیرۆكنووسی منداڵان دەبێ هەوڵی ئەوە بدات لە چیرۆكەكەیدا باس لەو شتانە بكات، كە لە ئەندێشەی منداڵدا دەخولێنەوە لە (ئەندامانی خێزان، ناوی ئاژەڵ و باڵندەكان، ناوی ئەو شتومەكانەی كە تایبەتن بە منداڵەكەوە دەوروبەری، روون كردنەوەی چەند دیاردەیەكی وەك باران و بەفر بارین، با، شە و رۆژ، سەرما و گەرما... تاد.)

گەشەی عەقڵی منداڵ لەم قۆناغەدا، چەند خاسیەتێكی جۆراو جۆری هەیە، وەك ئەوەی منداڵ لەم تەمەنەدا هەوڵ دەدات چارەسەری هەندێك لە گرفتەكانی لە رێگەی بیركردنەوە و بە كارهێنانی وشە و هێماكانەوە بكات، واتە منداڵ لەم قۆناغەدا مانای تایبەتی خۆی بە هێما و وشە و دیاردە جۆراو جۆرەكانی ژیان دەدات و لە جیاتی یەكتری بە كاریاندەهێنێت، بۆ نموونە منداڵی كچ بووكە شوشەكەی وەك هێمایەك بۆ منداڵی راستەقینە بە كاردهێنێ، بۆیە وەك مرۆڤێك مامەڵەی لەگەڵدا دەكات، بیركردنەوەی منداڵ بۆ دیاردە و شتەكان بیركردنەوەێكی لە خۆوەیە بە بێ هیچ بەڵگەیەكی زانستی و مەنتیقی. هەروەها بە كار هێنان و تێگەیشتنی چەمكەكان (المفاهيم الرمزية) لە جیاتی شتە هەستپێكراو و فزیقیەكان. بۆ نموونە، گەر لێی بپرسین ئەمرۆ بۆ چ رۆژ دیار نیە رەنگە بڵێ نەخۆشە یان خەوتووە... تاد. {٦٠: ٧٤ - ٧٥}.

چیرۆكنووسی منداڵان بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو چیرۆكەی دەینووسێت لەگەڵ چێژو توانای ژیری و بیركردنەوەی منداڵی ئەم قۆناغەدا بگونجێت، دەبێت هەوڵ بدات ئەم خاسیەتانە لە نێو چیرۆكەكەیدا بەرجەستە بكات.

هەروەها منداڵ لەم قۆناغەدا سیفەتی گیان بە بەردا كردن (Anisim) بۆ شتەكان هەیە، واتە مامەڵ لەگەڵ شتەكان دەكات وەكو ئەوەی گیانیان لەبەر بێت و زیندوو بن. ئەمەش چونكە هەست دەكات كەوا خۆی زیندووە و دەخوات و دەخواتەوە، بە بۆچوونی وی یارییەكانیش و شتە بێ گیانەكانی تریش وەكو ئەو دەخۆن و دەخۆنەوە، بۆیە وەك مرۆڤێكیش مامەڵە لەگەڵ ئەو شتانە دەكات. لەم بارەیەوە پیاجیە نموونەیەك دێنێتەوە كاتێك لە منداڵێك دەپرسێت، ئایا تۆ هەست دەكەیت رۆژ بجوڵێ؟ ئەویش لە وەڵامدا

دەڵێ : بەڵێ، کاتێك من دەمـەوێت بـڕۆم، ڕۆژیـش لەگـەڵ منـدا دەڕوا چـونکە دەیەوێت گوێی لە قسەکانمان بێت. {١٨٤: ٢٢٥}

جا بۆیە چیرۆکنووس دەبێ هەوڵ بدات شتە بێ گیانەکان بۆ نموونە وەکو (ڕۆژ، مانگ، گوڵ، درەخت، هەور، بووکە شووشە... تاد) بکا بە کەسایەتی نێو چیرۆکەکە و گیانیان پێ ببەخشێت و گفتوگۆیان بداتە پاڵ.

هەروەها گەشەی ژیری منداڵانی ئـەم قۆناغـە سیفەتی (دروسـت کردنـی - Artificialisim)یـان تیـا دەردەکـەوێت، ئەمـەش لـەلای منداڵانـدا ئـەو دەگەینێت کەوا هەموو شتێك، کـە لـە دەوروبـەری خۆیـدا دەیبینێـت لەلایـەن خودا یاخود کەسێکی بە توانا و گەورە دروسـت کـراوە لـە پێنـاو وی، واتـە لـە پێناو خزمەت کردن و بەرژەوەندی منداڵەکە دروستکراوە. ئەم خـۆ ویـستن و خـۆ پەرسـتیەی منـداڵ لـە زانـستی دەروونناسـیدا پێـی دەگۆترێـت (خـود چەقبینی - Egocentrim)، واتە منداڵ وا بیر دەکاتەوە کەوا هەموو شـتێك لەو بوونـەوەرەدا، کـە دروسـت کـراوە و دروسـت دەکرێـت، هـەموو دیاردەیـەك کـەوا دەبێـت و ئـەو هەسـتی پـێ دەکـات، تـەنها بـۆ خزمـەت کـردن و سـوود گەیانـدنی ئـەون. بۆیـە هـەرگیز ناتوانێـت لـە پـەی بـردن بـە شـتەکان بـیرو بۆچونی کەسانی تر وەربگرێت، یاخود هەروەك چۆن گـەورەکان شـت دەبیـنن ئەویش وەك ئـەوان بـۆ شـتەکان بڕوانێـت، بـەڵکو وا دەزانـێ خـەڵك هـەمووی وەك وی بیردەکەنەوە. زانایانی دەروونناسی بۆ زیاتر ڕوون کردنـەوە و ئاشـکرا کردنی (ئیگۆ سێنـتریزم) دەڵێن سەرنجی وێنە کردنـی منـداڵان بـدەن، چـونکە وێنەکانیان سیفەتی ڕووگەشی و شەفافیەت و درێژدادڕی تیادا دەبینرێـت، بـۆ نموونـە ئەگـەر وێنـەی خانوویـەك دروسـت بکـەن، بـە شـێوەیەکی لاکێـشەیی دروستی دەکەن بە بێ ئـەوەی بایـەخ بەرهەنـدەکانی دووری و درێـژی و پـانی بدەن، چەند ژورێکیشی تیادا دروست دەکەن بە جۆرێك کـە هـەموو شـتەکانی ناوی دەربکـەون و دیـار بـن، واتـە شـتەکانی نـاو ژوورەکـەش دروسـت دەکـەن، کەواتە لێرەدا منداڵ بایـەخ بـەناخی خـۆی دەدات نـەك ئـەو واقیعـەی کـە لـە دەرەوەدا هەیە. {١٥١: ١٢٨} {١٧٢: ٢٢٦ - ٢٢٨}

بۆیە نووسەری منداڵان کاتێك چیرۆکێك بـۆ منـداڵان قۆناغـە دەنووسـێت، دەبێ بە پێی ئاستی بیرکردنەوەی ئەوان بـیر بکاتـەوە، ڕاسـتیی و واقیعیـەکان ژیـان لـە ڕوانگـەی ئەوانـەوە پێـشان بـدات، واش دەربخـات کـەوا ئـەو شـتانەی

منـدالْ لـەم قۆناغـەدا دەركـی پـێ دەكـەن، گـشتیان بـۆ بەرژەوەنـدی ئـەوان هاتوونەتە كایەوە لەلایەن كەسێكی بە توانا و گەورە.

دوو خاسیەتی تر لە خاسیەتەكانی گەشـەی تـر لـە خاسـیەتەكانی گەشـەی ژیری مندالْ، كە پێویستە ئاماژەیـان پـێ بـدەین بـریتین لـە (دابـەش كـردن - Classification) و (وریا بوون ـ Attention).

سەبارەت بە دابەش كردن **"بریتیە لەو چالاكییە بنچینەییەی، كەلایـەنی ژیری مندالْ پێـی هەڵدەسـتێت، مەبەسـتیش لێـی كۆكردنـەوەی شـتەكانە لـە گروپێكدا بە پێی چەند خاسیەت و تایبەتمەنـدێكی هاوبـەش لـە نێوانیانـدا، واتە لە دانان و دابەش كردنی شتەكان و كەسـەكان و ئـاژەڵان... تـاد، بەسـەر چەند چین و گروپێكدا تاوەكو بە ئاسانی منداڵان بتوانن وەریبگرن و لێكیان جیا بكەنەوە."** {١٧٣: ٤٦}

چیرۆكنووسـی منـداڵان دەتوانێـت سـوود لـە خاسـیەتی (دابـەش كـردن) وەربگرێت، بە جۆرێك كاتێك لە چیرۆكەكەیدا چەند شتێك یـان گیانلەبـەر و زیندەوەرێك... تاد، دێنێت و دەیەوێت بە منداڵانی بناسێنێت، بۆ ئەوەی ئـەو ناو وشتانە لە یادەوەری منداڵاندا بمێنن و زوو لە بیری نەكەن، وا چاكە هـەر یەكیان بە پێی خاسیەتە هاوبەشەكانیان بەسەر چەند گروپێك دابەش بكات. بۆ نموونە ئەگەر چیرۆكەكەی گفتوگۆیەك بوو لـە نێـوان ماسـی و باڵندەیـەك یان هەر گیانەوەرێكی تر لەسەر زەوی یان لە ئاسمان، ئەوا دەتوانێـت هـەر لـە میانەی گفتوگۆكانیان ئاماە بە چەند گیاندار و زینـدەوەرێكی نـاو ئـاو و سـەر وشكانی و نێو ئاسمان بكات و بـە پێـی خاسـیەتەكانیان دابەشـیان بكاتـە سـەر گروپی گیانداره ئاوییەكان، گیانداره وشكانیەكان، باڵندەكان.

مەبەست لە وریـا بـوونیش، لـەم قۆناغـەدا منـدالْ ناتوانێـت زۆر دەرك بـە ووردەكارییەكان بكات و بە ئاسانی لێیان تێ بگات و وریا بێت، بە تایبەتی لـە گێرانەوەی چیرۆكێكی درێژ و وەسف كردنـی چـەند رووداوبێكـی یـەك لـە دوا یەك، یاخود ئاماژە كردن بە چەند كەسایەتیەك لە نێو چـیرۆكەكەدا، ئەمانـە گشتیان دەبنە مایەی بێـزار بـوون و دوور كەوتنـەوەی منـدالْ لـە چـیرۆكەكە، بـەڵام لـە وێنـە و نیگارەكانـدا منـدالْ توانـای دەرك كردنـی زیـاتری هەیـە بـۆ ووردەكارییەكان. {١٦٩: ١٩٠ - ١٩٤}

بـۆ ئـەم حاڵەتـە چـیرۆكنووس ئـەو چـیرۆكەی پێـشكەشی دەكـات، دەبـێ رووداوەكـانی نێـوی خێـرا و سـەرنج راكـێش بـن، بـە هـیچ شـێوەیەك نابێـت بچێتە نێو ووردەكاریەكان. وە لەبەر ئەوەی منداڵانی ئەم قۆناغە توانای پەی بردنیـان بـۆ ووردەكارییـەكانی نێـو وێنـە و نیگارەكـان زیـاتر هەیـە، بۆیـە لـە كتێب وناميلكـە چیرۆكئامێزی منـداڵان شـتێكی پێویـستە بایـەخ بـە وێنـە و نیگارەكان بدرێت، تـاوەكو ئـەو چیرۆكانەی ناوەرۆكـەكانیان ووردەكـاری زۆری تیایە و لەلای منداڵانەوە قورسە، وێنەكانیان بتوانن گوزارشت لە رووداوەكـان بكەن و منداڵان سوودی لێ وەربگرن.

خاسـیەتێكی تـری گەشـەی ژیـری لـەم قۆناغـەدا، بریتیـە لـە قـسە كـردن لەسەر شێوازی مۆنۆلۆژ (Monologue) و زۆربەی كات ئاراستە كردنـی بـۆ خـودی خـۆی، نـەك بـە مەبەسـتی دیـالۆك و راگۆڕینـەوە و گفتوگـۆ لەگـەڵ كەسانی تر. واتە خۆ پەرستی و خۆیـەتی بەسـەر بیركردنـەوەی مەنتقیانـە و گیانی هاوكاری و پێكەوە كار كردن و دیالۆك {١٨٤: ٣٥٥}

نووسەری منداڵان ئەو چیرۆكەی پێشكەشی دەكات، بۆ ئەوەی ببێتە مایەی قایـل كردنـی منـداڵانی ئـەم قۆناغـە، وا چـاكە شـێوازی مۆنۆلـۆژ بداتـە پـاڵ كەسایەتیەكانی نێو چیرۆكەكە، وەك ئەوەی رێوی لەگەڵ خۆیـدا قـسان بكـات، یاخود هەر كەسایەتییێكی تری نێو چیرۆكەكە خۆی بدوێ

**ب- گەشەی ژیری منداڵانی قوتابخانەی سەرەتایی:**

لەم قۆناغەدا منداڵ هەنگاوێكی بڕیوە لە ناسینی ئـەو ژینگـە سـنوردارەی، كە تیایدا دەخوڵێتەوە. زانی كەوا سەگ گەزە دەگرێت، كـۆتر هێلكـە دەكـات و فەرخــە دەردێنــێ، چــێڵ ماســتی لێ وەبەرهــەم دێــت، مــشك جـل و بــەرگ دەقرتێنێـت. بـەڵام تـەنها بـە زانینـی ئـەم راسـتیانە رازی نـابێ و قەناعـەت ناهینێ، بەڵكو تینوی ئەندێشە كردنی شتی ترە لە پاڵ ئەم دیاردە واقیعیانـە، شتێك سەیر و نامۆ بێت سەبارەت بەو، بۆیە دەبینین ئەندێـشەی منـداڵ لـەم قۆناغـەدا بـاڵ دەگرێـت بـۆ نـاو رووداوی پەرییـەكان، كورتـە باڵاكـان، ئەسـپی باڵــدار، شــتە ئەفــسوناویەكان و، چــەندێكی تــر لــەو چــیرۆكانەی كــە پاڵەوانەكانیان نامۆن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەر منداڵان وایان بە خەیاڵدا هات كەوا ئەم چیرۆكانە راسـتین، ئـەوا تووشـی سەرسـوڕمان و پرسـیار كـردن دەبن {١٦٥: ٩٠ - ٩١} ئەمەش چونكە "**لەم قۆناغە دا پرۆسـەی بیركردنـەوەی**

**منداڵ زۆر مەنتقیە و لە توانایدا هەیە، کە بە بەڵگەی زانستی و مەنتیقی بەرگری لە بیرو بۆ چوونەکانی خۆی بکات و دەتوانێت هۆیە مەنتقیەکانی دیاردە سرووشتیەکان هەست پێ بکات"** {١١٢: ١٨}

واتە بۆ نموونە ئەگەر بۆت باسی دیاردەی هەورە تریشقە و باو باران کرد، توانای ژیری ئامادەیە، کە بە شێوازێکی زانستی ئەم دیاردەیە وەربگرێت، ئەمەش بە پێچەوانەی قۆناغی پێشتر، هەر وەك بۆ نموونە، جارێك پیاجیە پرسیاری هۆی دەنگی هەوری لە منداڵێك کرد. ئەویش لە وەڵامدا گوتی، ئاخر لێمان تورە دەبێت، بۆیە لەسەرمان هاوار دەکات. دەبێ چیرۆکنووسی منداڵان هەوڵی ئەوە بدات، ئەو چیرۆکانەی بۆ ئەم قۆناغە دەنووسێت لەگەڵ حەز و ئارەزووی ئەواندا بگونجێنێت و، ئەو دیاردانەش کە باسی لێوە دەکات، دەبێ بە شێوازێکی زانستی و لۆژیکی شیانبکاتەوە، ئەمە جگە لە وەی ئەگەر هاتوو مۆتەکە و دێو و درنج و کورتە باڵاکان... تاد، کردنە کەسایەتی و پاڵەوانی نێو چیرۆکەکەی ـ چونکە منداڵانی ئەم قۆناغە زۆر ئارەزووی ئەم جۆرە چیرۆکانە دەکەن - ئەوا دەبێت بۆیان بسەلمێنێت، کە ئەم رووداو و کەسایەتیانە راستەقینە نین و تەنها چیرۆکن.

خاسیەتێکی تری لایەنی ژیری منداڵ لەم قۆناغەدائەوەیە، **"ناتوانێت لە واتای دیاردە و زاراوە رووتەکانی وەکو (یەکسانی، سۆشیالست، هەرەوەزی، ...تاد) تێ بگات"** {١٧: ٤٤} بۆیە وا چاکە چیرۆکنووسی منداڵان ئەگەر باسی ئەم زاراوە و دیاردانەی کرد بە شێوەیەکی زانستی و رێك و پێك، بە پشت بەستن بە رووداوەکانی نێو چیرۆکەکەی واتاو مەبەستەکانیان بۆ منداڵان روون بکاتەوە.

هەروەها منداڵانی ئەم قۆناغە **"لە قاوغ و چوار چێوەی تەنیایی و خۆ خۆیی و خۆپەرستی رزگاری دەبێت و گیانی هاوکاری و دۆستایەتی و تەبایی تیایدا گەشە دەکات و زمانیشی ئاراستەی کەسانی تر دەکات و لە توانایدا دەبێت، کە گفتوگۆ و دیالۆك بە ئاکام بگەیەنێت و راو بۆ چوونی کەسانی تر لەبەر چاو بگرێت و حیساب بۆ بەرامبەرکەی بکات... لەم قۆناغەشدا منداڵ دەگاتە ئەو بڕوایەی کەوا کەسانی تریش وەك ئەو بیرو باوەڕی جیاوازیان هەیە و لەوانەیە بگەنە دەرئەنجامێك، کە جیاواز بێت لەو دەرەنجامەی، کە**

ئەو پێی گەیشتووە، هەوڵدەدات لە ڕێگەی بیرو بۆ چوونی کەسانی تـرەوە لـە ڕاست و دروستی ڕاو بۆ چوونەکانی خۆی دڵنیا بێت". {٦٠: ٧٨ - ٧٩}

لێرەشدا ئـەم قۆناغـە لەگـەڵ قۆنـاغی پێـشتردا جیـاواز دەبێـت لـەوەی، کـە منداڵانی قۆناغی پێشتر سیفەتی (ئیکۆ سێنتریزم)یان تیادابەدی دەکرا، بـەڵام لەم قۆناغەدا منداڵ بیر و بۆ چوونەکانی بەرامبـەر بـە هەنـدە وەردەگرێـت و سوودی لێ دەبینێت و ڕێزیان لێ دەگرێت.

هـەروەها توانـای منـداڵانی ئـەم قۆناغـە لەسـەر (خـود وریـایی - الانتبـاه الارادی) بـە شـێوەیەکی خێـرا زیـاد دەکـات. مەبەسـتیش لـە(خـود وریـایی) ئەوەیـە، بـێ ئـەوەی تـۆ ئاگـاداری منـداڵ بکەیتـەوە یـا خـود سـەرنجی بـۆلای شتێك یان کارێك ڕابکێشیت، ئەو خۆی لێی ورد دەبێتەوە. لەبەر ئەوە کاتێـك منداڵ دەگاتە ئەو تەمەنە، پێویـستە لەسـەرمان بـە شـێوەیەکی وا ڕایبهێـنین، کــە وا ڕادەی وریاییەکــەی بەویــستی خــۆی جــێگیر بکــات، ئەمــەش بــە بەکارهێنانی وزەی ژیری خۆی بۆ داهاتووی، بە ڕاهاتنی لەسەر کۆنترۆڵکردنی خود لە چالاکیە عەقلیەکان و ئاراستەکردنی بۆ بینینی خۆی. {١٤٩: ٢٤}

کەواتە توانای (خود وریایی) لەم قۆناغەدا لـەلای منداڵانـدا بـوونی هەیـە، بەڵام دەبێ تۆ هەوڵی ئەوە بدەیت پـەرەی پـێ بـدەیت و گەشـەی پـێ بکـەیت، تاوەکو منداڵەکە بتوانێـت خـۆی پـشت بـە خـۆی ببەسـتێت. بۆیـە نووسـەری منـداڵان کاتێـك چیرۆکێك بـۆ ئـەم قۆناغـە دەنووسـێت. دەبێـت هـەوڵی ئـەوە بدات ناوەڕۆکەکە لە ڕووی بیرو بابەت و ڕووداوەکان و ژمارەی کەسایەتیەکان کەمێك بەرفراوانتر و درێژتر بکات، چونکە وەك باسمـان کـرد منـداڵ توانـای وەرگرتن و لێ وورد بوونەوەی زیاتری دەبێت لـەم قۆناغـەدا، بۆیـە دەبێـت تـۆ هەوڵی لەگەڵدا بدەیت و پرۆسەی عەقڵی بخەیتە گەڕ.

**ج- گەشەی ژیری لەلای هەرزەکاردا:**

جیاکـەرەوەکانی ئـەم قۆناغـە بـریتین لـە گواسـتنەوە و گـۆڕان لـە کـردارە ژیرییە هەست پێکراوەکان بۆ قۆناغی لۆژیکی و بە کارهێنانی بیر کردنـەوەی ڕووت، واتە تێگەیـشتن لـە درکـە (کنایـە) و خواسـتن (الاسـتعارە) و مەبەسـتی شـاراوە و نادیـار لـە پـشتی چـەند کارەکتـەرێکی ڕۆمـانی دیـاریکراو، بۆیـە هــەرزەکاران لــەم قۆناغــە دا توانــای چــێژ وەرگرتنیــان لــە ڕەوانێــژی و،

خوێندنـەوەی کتێـب، چـیرۆك و نۆڤلێتـەکان زیـاد دەبێـت، بەشـی زۆری ئـەم کەرەسـتانەی خوێندنـەوەش بەشـدارن لـە گەشەسـەندنی ژێـر خـانی (باکگراوندی) مەعریفی و بەرەوە پێش بردنیان. هەروەها توانـای پەیوەنـدی کردنی بە زانیارییە سیمبولییەکان گەشە دەکات و، زیاتر توانای مامڵە کردنی لەگەڵ دەوروبەردا دەبێت. هـەروەها هـەرزەکار لـە تەمـەنی نزیکـەی (١٢ - ١٥) ساڵان توانای جیاکردنەوەی چینەکان و توانـای مامەڵـەکردنی لەگـەڵ بڕێکـی زۆر لـە جێگرەوەکـان هەیـە، بـە بـێ هـیچ ئـەزمونێکی هەسـتپێکراو کـەوا ئەنجامەکانی لای منداڵ دیار بن، زۆرترین شـت منـداڵ لـەم قۆناغـەدا بیکـات، ئەنجامدانی کردارە بیرکارییە لۆژیکیەکانە ( Logical - Mathematical Operation) و بیرکردنەوە لێیـان بـە پێـی بـارودۆخی تایبـەت {١٤٠: ١٠٣ - ١٠٤} {١٨٤: ٣٦٣}

چـیرۆکنووس بـۆ نووسـینی چـیرۆك بـۆ ئـەم قۆناغـە دەتوانێـت سـوود لـە هونـەرەکانی ڕەوانبێـژی جۆراوجـۆر وەربگرێـت و، بابـەت و بیرەکـان لـە چەمك و هێمای رووت و واتای هەستپێکراو بخاتە روو.

**٢- گەشەی زمان و قۆناغەکانی لەلای منداڵدا:**

زمان ئامرازی گوزارشت کردن و تێگەیشتنە لە نێوان تاکـەکانی کۆمەڵـداو، بە هۆیەوە مرۆڤ هەر لە سـەرەتای ژیانیـدا و لـە قۆناغـەکانی تـری تەمەنیـدا دەتوانێت گوزارشت لە هەست و بیرو بـۆ چـوونەکانی خۆیـدا بکـات. هـەروەها شێوازی دەربڕین یارمـەتی مـرۆڤ دەدات لـە بەخـشین و وەرگرتنـی زانیـاری و ئەزموونی جیا جیا لە بوارەکانی ژیاندا.

کەواتە دەتوانین بڵێین **"زمان هۆکاری گەیاندنی بنەڕەتیـە لـە انـی تـاك و کۆمەڵدا، مەبەستیـشمان لـە گەیانـدن هـەر دوو لایـەنی تێگەیـشتن(الفهـم) و تێگەیاندنە (الافهام).**

**تێگەیشتنیش: بریتیە لەو قسەیەی منداڵ گوێبیستی دەبێت، یاخود خۆی لـە کتێـب و رۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا دەیخوێنێتـەوە، ئەمـەش بێگومـان دوای ئەوەی، کە فێری خوێندنەوە دەبێت**

**بەڵام تێگەیاندن: مەبەست لێی ئەو دەستەواژە و گوتانەیە، کە منداڵ لە کاتی گۆ کردن و ئاخاوتندا، یاخود لە کاتی نووسیندا، بۆ گوزارشت کردن لە هەست و بیرو بۆ چوونەکانی بە کاری دەهێنێت"** {١٧١: ٣٧}

کەواتە گەشەی زمان سەبارەت بە منداڵ شتێکی گرنگە، جا ئەگەر هاتوو ئەو زمانە منداڵەکە خۆی بە کاری هێنا و واتە لە جۆری (تێگەیاندن) بوو، یانیش ئەو زمانە بوو، کە خەڵکی تر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵاندا بە کاری دەهێنن واتە لە جۆری (تێگەیشتن).

منداڵیش هەر لەو کاتەی کە زمان دەگرێت و قسە دەکات، بە هۆیەوە گوزارشت لەو جیهانە دەکات، کە تیایدا دەژێت، منداڵ زمان بە کار دەهێنێت بۆ گەیاندنی بیر و بۆ چوونەکانی بە کەسانی دەروبەری و، گوزارشت کردن لە هەست و هەڵچوونەکانی، بە هۆی زمان داوا لە کەسانی دەوروبەری خۆی دەکات بۆ بە دەستهێنانی پێداویستی و ئارەزووەکانی.

زمان گرنگیەکی زۆری لە ژیانی منداڵدا هەیە و، بنچینەیەکە کە پەروەردەی منداڵ لە زۆربەی لایەنەکانی گەشەدا پشتی پێ دەبەستێت، یەکێ لەو لایەنانەش گەشەی ژیری و مەعریفیە."**پیاجیە پێی وایە گەشەی زمان پەیوەندیەکی زۆر بە هێزی بە گەشەی ژیرییەوە هەیە، ئەمەش بە تاقی کردنەوە دەرکەوتووە، کە زیرەکترین منداڵ بەسێ مانگ بەر لە هاورێکانی هاو تەمەنی خۆی زمان دەگرێت"** {١٨٤: ٣٥٤}، {١٦: ٥٨}.

واتە منداڵ چەند بلیمەت و زیرەك بێت، ئەوا زووتر لە منداڵێکی ئاسایی، فێری زمان دەبێت، واتە زیرەکی هۆکارێکە لەو هۆکارانەی، کە کاردەکەنە سەر دەوڵەمەند کردن و هەژار کردنی زمان، بەڵام لێرەدا دەبێت ئاگاداری ئەوە بین، کە مەرج نیە هەر منداڵێك کەم و کورتی لە گەشەکردنی زمانیدا هەبوو منداڵێکی گەمژە و تەمبەڵە، چونکە جگە لە زیرەکی هۆکارگەلێك هەن، کە کاردەکەنە سەر گەشە کردنی زمانی منداڵ، گرنکترین ئەو هۆکارانەش بە جیاوازی تاك تیایدا: "**ژینگە و ژیان ی واقیعی (ژینگەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری)، ساغی ئەندامانی پەیوەندار بە گەشەی زمان، تەندروستی گشتی، زیرەکی، پێکهاتەی خێزان و پەیوەندی نێوان تاکەکانی، رەگەزی منداڵ، رادەی رۆشنبیری و دارایی، دوانەی زمان."** {٨١: ٢٨}

**قۆناغەکانی گەشەی زمان:**

پـێش ئـەوەی بـاس لـە قۆناغـەکانی گەشـەی زمـان بکـەین، دەبێـت ئـەوە بزانین، کە زمان یان نووسراوەیە یان نەنووسـراوەیە، ئـەوەی کـە نووسـراوەیە لەسەر رووی پەڕەدا خۆی گیردەکات بۆیـە پێـشی دەگۆترێـت (زمـانی بینینـی نووسراو)، بەڵام زمانی نەنووسراو زمانی دەنگدارە و، لە ناو تفاقی دەما سـەر ئەکات و ئەڕوات بۆیە پێشی دەگوترێت (زمانی دەنگدار یان زارەکی). کەواتـە هەموو خوێندنەوەیەك زمانێکی نووسراوەیە، ئەگەر بۆ یەکێك بیخوێنینـەوە ئەبێت بە زمانی دەنگدار. {٢٥: ٢٤ - ٢٥}.

لێکۆڵەر و پسپۆرانی پەروەردە لە بورای منداڵان، لەسەر بنـچینەی (زمـانی نووسـراو و زمـانی نەنووسـراو) گەشـەی زمانیـان لـەلای منداڵانـدا بـۆ ئـەم قۆناغەی خوارەوە دابەش کردووە:

أ- قۆناغی بەر لە نووسین (نزیکەی ٣ - ٦) ساڵان.

ب- قۆناغی نووسینی زوو ( نزیکەی ٦ - ٨) ساڵان.

ج- قۆناغی نووسینی ناوەڕاست (نزیکەی ٨ - ١٠) ساڵان.

د- قۆناغی نووسینی پێشکەتوو (نزیکەی ١٠ - ١٢) ساڵان.

هـ- قۆنافی نووسینی پێگەیشتوو (نزیکەی ١٢ - ١٥) ساڵان. {١٥٨: ٩١ - ٩٣}.

**أ- قۆناغی بەر لە نووسین (نزیکەی ٣ - ٦) ساڵان.**

ئەم قۆناغـە هـەروەك لـە ناوەکەیـدا دیـارە، دەکەوێتـە پـێش قۆنـاغی فێـر بوونی نووسین، هـەروەك دەزانـین منـداڵان لـەم قۆناغـەدا ئـارەزووی چیڕۆکی باڵندە وئاژەڵان دەکەن، لەگەڵ هەقایەتە خورافیەکان، لەگـەڵ ئـەوەی نـاتوانن تێگەیشتن و فێربوونیان بۆ زمان تیایدا لە ڕێگەی زمانی بینینی نووسـراوەوە بێـت، چـونکە منـداڵان لـەم قۆناغـەدا توانـای نووسـین و خوێندنـەوەیان نیـە. بۆیە چیڕۆکەکان لەم قۆناغەدا بە هۆی زمانی دەنگی (زمـانی نەنووسـراو)ەوە دەبن، واتە بە هۆی زمانێك کە منداڵانی ئەم قۆناغـە بتـوانن بـە ئاسـانی لێـی تێبگەن ئەمەش چ لـە ڕێگـەی قـسە کـردن بێـت لەلایـەن مامۆسـتای باخـچەی ساوایان یان ئەو کەسەی کە چیڕۆکەکە دەگێڕێتەوە، یاخود لە ڕێگـەی بـە کـار هێنانی (دێسك)ەوە دەبێت، بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبێـت (دێـسکەکان) پـشت بـە مۆسیقا و تۆنە دەنگییە کاریگەرییەکان ببەسـتن، تـاوەکو بتـوانن دەرفـەت بـۆ

منداڵان فەراهەندە بکەن، کە گوێبیستی تۆنی دەنگی باش ببن و سوودی لێ وەربگـــرن لـــە پـــاراوکردن و دەوڵەمەنـــد کردنـــی فەرهـــەنگی زمانیـــان. {١٥٨: ٩١ - ٩٢}

توانای زمانەوانی و فەرهەنگی زمانی منداڵ لەم قۆناغەدا بەرە بەرە روو لـە گەشـە کـردن دەکـات، واتـە لـە سـاڵێکەوە بـۆ سـاڵێکی تـر، هـەروەها لـە منداڵێکـەوە بـۆ منـداڵێکیش جیـاوازە، بـۆ نموونـە منـداڵ لـە کۆتـایی سـاڵی (سێیەم) لە تەمەنیدا، توانـای دروسـت کردنـی رسـتەیەکی سـادەی هەیـە، کـە نزیکەی لە چوار وشە پێك بێت، هەروەها رستەی لێکدراویش لە میانەی قسە کردنی منداڵاندا هەستی پێدەکرێت، کە لە دوو رستەی سادە و ساکار دروستی دەکـات و بـە هـۆی ئـامراز (و)یـان هەنـدێ جـار بـە بـێ ئـامراز بـە یـەکیان دەبەسـتێت، گەشـەی زمـانی منـداڵ بەرەبـەرە بـاش دەبێـت بـە جۆرێـك لـە تەمەنی (٣ - ٥) ساڵان توانای دروسـت کردنـی رسـتەی پرسـیار و تێگەیـشتنی، هەروەها توانای وەڵامدانەوەشی بۆی دەبێت و، لە میانەی قسە کـردن لەگـەڵ گەورانـدا بە کاریدەهێنێت. {١٥٠: ٥٢}

لەم قۆناغەدا منداڵ بـۆ دەوڵەمەنـد کردنـی زمـانی زۆر پـشت بـە ژینگـە و کەسانی دەروبـەری خـۆی دەبەستێت "**ژمـارەی ئـەو وشـانەی، کـە منـداڵ لـە تەمـەنی (٣) سـاڵان تـاوەکو تەمـەنی (٤) سـاڵان بـە کـاری دەهێنێـت دەگاتـە نزیکـەی (١١٥,٦) وشـە، لـە تەمـەنی (٤) سـاڵان تـاوەکو (٥) سـاڵانیش دەگاتـە نزیکـەی (٢٨٦) وشـە، ژمـارەی وشـە بـە کـار هاتووەکـانی تەمـەنی (٥) سـاڵان تاوەکو (٦) ساڵانیش دەگاتە نزیکەی (٣٧٤) وشە**". {١٦٩: ٢٤١}.

لـە گـرنکترین ئـەو چـالاکیانەی، کـە رۆڵ دەگێـرن لـە چـالاککردنی زمـانی منـداڵان، چـیرۆکە. چـیرۆکنووس لـەم قۆناغـەدا دەبێـت زیـاتر ئـەو وشـە و دەسـتەواژانە بـەکار بهێنێـت، کـە لەگـەڵ فەرهـەنگی زمـانی ئـەم قۆناغـەدا دەگونجێن واتە پشت بەو وشە و رسـتە سـادانە ببەسـتێت، کـە لـە دەوروبـەری ژینگە و ئەزموونەکانی منداڵەکەدان تـاوەکو بتوانێـت لـە واتاکانیـان تێبگـات. گرنکترین ئەو هۆکارانەش کە یارمەتی گەشـەی زمـان و پـەی بردنـی منـداڵان بـۆ وشـە و رسـتەکان دەبـەن - لـەم قۆناغـەدا ـ گێرانـەوە و خوێندنـەوەی چیرۆکەکەیە، بۆیە لێرەدا ئەوەی کە ئەرك و قورسایی زیاتری دەکەوێتە سەر چـیرۆکخوانە (ئـەو کەسـەی چـیرۆکەکە دەگێرێتـەوە)، چـونکە دەبێـت

ژینگەیەکی وا بخولقێنێت بتوانێ سەرنجی منداڵان بۆ چیرۆکەکە رابکێشێت و، خاسیەتەکانی گێڕەرەوەی باشی تیادا بەدی بکرێت. {١٦٧: ١٩}، {١٣٦: ٢٩}

**ب- قۆناغی نووسینی زوو (نزیکەی ٦ - ٨) ساڵان:**

بێگومان لەم قۆناغەدا منداڵ پەیوەندی بە قوتابخانەوە دەکات و، قۆناغی سەرەتایی فێربوونی خوێندنەوە و نووسینەو، هەر چەند منداڵ تەمەنی بەرەو پێشەوە بچێت و گەورەتر بێت، ئەوا فەرهەنگی زمانی فراوانتر و توانای بە کار هێنانی زمان لەلایدا راست و دروستتر دەبێت. بەڵام نابێت ئەوەمان لە بیرچێت کەوا ئەمە لە کاتێکدا دەبێ، کە گەشەی جەستەیی و ژیری و ئەو ژینگەیەی، کە تیایدا دەژێت لە بارێکی گونجاو دابن.

**"کاتێك منداڵ دێتە قۆتابخانەی سەرەتایی، لە ساڵی یەکەمیدا خاوەنی توانای جیاوازە لە قسە کردن و وەرگرتندا، لەگەڵ ئەمانەشدا دەتوانێت پێکهاتە بنچینەییەکانی قسەکردن لە ناوەکان و فرمانەکان و پیتەکان بە کار بهێنێت و، توانای بە کار هێنانی ئەو رستە و دەستەواژانەشی هەیە، کە دەیەوێت لە کاتی دیاریکراودا بۆ هەر کارێك کە پێویستی پێی بێت بە کاری بهێنێت و ئاماژەیان پێ بکات".** {١٥٨: ٧٧}.

واتە فەرهەنگی زمانی منداڵ کاتێك، کە پێ دەنێتە پۆلی یەکەم ژمارەیەکی زۆر وشە و دەستەواژە بە خۆ دەگرێ، پسپۆر و لێکۆڵەرانی بواری زمانی منداڵان هەوڵیانداوە، کە تێکرای وشە بە کار هاتووەکان (الذخيرة اللغوية)[٦١] لە قسە کردنی منداڵدا لەهەر قۆناغێکی تەمەندا دەست نیشان بکەن. نموونە:

**"لە لێکۆڵینەوەیەکی وەلید خدر زەنددا دەرکەوتووە، کە تێکرای وشە بە کار هاتووەکان لەلای منداڵانی عیراقی لە تەمەنی (پێنج وشەش) ساڵاندا، دەگاتە نزیکەی (٤١١٨)وشە، کە تیایدا (٩,٤٦٪) ی ئەم وشانە بریتین لە ناو، (٥٢,٢٤ ٪) ی بریتین لە (کار)، (٦٦,١٠٪)شی بریتە لە پیت و ئامرازەکان".** {١٦٩: ٢١٢}

[٦١] الذخيرة اللغوية: واتە تێکرای هەموو ئەو وشانەی، کە منداڵان لە هەر قۆناغێکی تەمەنی دیاریکرودا بە کاری دێنن، بە چاو پۆشین لە وشە دووبارەکراوەکانیش

به پێی یەکێك لەو باس و توێژنەوانەی، کە د. عەبدولستار، تاهیر شەریف لە بارەی فەرهەنگی زمانی منداڵانی کوردیدا کردوویەتی دەرکەوتووە، کە گرنگترین و زۆرترین ئەو لایەنانەی منداڵان بایەخی پێ دەدەن لەم قۆناغەدا، بریتین لەم لایەنانەی خوارەوە:

**"ئاژەڵان و باڵندە و زیندەوەران، سروشت و دیاردەکانی، یاری کردن و خۆشگوزەرانی و مۆسیقا، خێزان و ماڵەوە و پێکهاتەکانیان، کۆڵان و ئەو ناوچەیەی منداڵەکەی تیادا دەژی، قۆتابخانە و پێکهاتەکانی، لەشی مرۆڤ و جل و بەرگەکانی و پاك و خاوێن راگرتنی، جەنگ و هێزە چەکدارەکان، خواپەرستی و شوێنە پیرۆزە ئایینەیەکان، گێرانەوەی چیرۆك و گفتوگۆ کردنی"** {١٥٥: ١٣٦}.

چیرۆکنووسی منداڵان بۆ نووسینی چیرۆکەکەی دەتوانێت سوود لەم لایەنانەوە وەربگرێت لە چۆنیەتی دارشتن و بە کارهێنانی وشە و فراوانکردنی فەرهەنگی زمانی منداڵ.

لەم قۆناغەشدا توانای منداڵ لە تێگەیشتنی زمانی نووسراودا، توانایەکی سنووردارە لە چوار چێوەیەکی تەسکدا خۆی دەنوێنێت، ئەو شێوازانەش کە لە قۆناغی بەر لە نووسیندا ئاماژەمان پێدان، وەکو شێوزای زمانی نووسراو- بە یارمەتی مامۆستایان ئەو کەسەی، کە بابەتەکەی فێردەکات یاخود چیرۆکەکەی بۆ دەگێرێتەوە ـ هەروەها شێوازی زمانی نەنووسراو، دەتوانێت لەم قۆناغەشدا بۆ گێرانەوە و خوێندنەوەی چیرۆك بە کاریانبهێنین، بەڵام ئەوەی لێرەدا زیادی کردووە و شتێکی نوێیە ئەوەیە، کە دەتوانین ئەو کتێبانەی کە وێنەدارن و وێنەکانیشیان هۆکارێکن بۆ دەربرین و گوزارشت کردن، لەگەڵیاندا چەند وشە و دەستەواژەیەکی کورت و ساکاریش بنوسرێت، کە لەگەڵ فەرهەنگی منداڵانی ئەم تەمەنەدا بکونجێت و لێی تێبگەن.

فێرکردن و پەرەپێدانی خوێندنەوەی منداڵانیش پشت بە تێبینی کردنی شێوەکانی نووسین دەبەستێت، تێبینی کردنی شێوەکانی نووسینیش ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

١- زانینی ئاراستەی نووسین (لەراستەوە بۆ چەپ، لە سەرەوەش بۆ خوارەوە).
٢- جیا کردنەوەی وشە و وێنەکان.

٣- گرنگی دان به بۆشایی دانان له نێوان وشەکان.
٤- جیا کردنەوەی پیتەکان و شێوەکانیان. {١٥١: ١٩٧}، {١٥٢: ١١٦}

**ج- قۆناغی نووسینی ناوەراست (نزیکەی ٨ - ١٠) ساڵان:**

منداڵانی ئەم قۆناغە سەرنج و تواناکانیان بۆ سەر شتەکان بە شێوەیەکی تیـــژە، ســـەربەخۆییان دەبێـــت لـــە بـــواری خوێندنـــەوەدا، واتـــە رادەی خوێندنـەوەیان بـۆ نووسـینە سـاکارەکان بـاش دەبێـت وئارەزوویـان بـۆی زۆر دەبێـت، بۆیـە زۆر جـار دەبیـنین منـداڵانی ئـەم تەمەنـە هـەوڵی ئـەوە دەدەن ناونیـشانی بابەتـەکانی نێـو رۆژنامـە و گۆڤارەکـان، یـان هـەر نووسـینێك لـە کتێبێکدا کە بەر چاویان بکەوێت بخوێننـەوە. کەواتـە ئـەوەی لـەم قۆناغـەدا تێبینـــی دەکرێـــت جـــۆرا و جـــۆری بـــەرفراوان لـــە تواناکـــانی منـــداڵان بـــۆ خوێندنەوە و گرنگی دانیان پێی. {١٦٢: ٩٥}.

سەبارەت بە نووسینیش بە هەمان شێوە، **"منداڵانی ئـەو تەمەنـە، کـە لـە پـۆلی سـێیەم و چـوارەمی سـەرەتایی دان، قۆنـاغێکی باشـیان لـە فێربـوونی خوێندن و نووسیندا بڕیوە، لێرەدا لەوانەیە فەرهەنگی زمانی منـداڵ بـەرەو فراوانی رۆیـشتبێت، بۆیـە رەنگـە بتوانرێـت چیرۆکێکی تـەواو پێـشکەش بـە منـداڵانی ئـەم قۆناغەیـە بکرێـت، بـە جۆرێـك نووسـین رۆڵێکـی گرنگـی لـە دارشتنی چیرۆکەکەدا گێرابێت، رستەو دەستەواژەی سـادە و ساکاریـشی تیـادا بە کار بێت، بەوێنەش روون کرابێتەوە"**. {١٤٦: ٢٥}.

چـونکە **"لـەم قۆناغـەدا منـداڵان بەرەبـەرە یـادی شـت دەکەنـەوە لەگـەڵ تێگەیشتنێکی زۆر کەمدا هەرچەندە منداڵان زیاتر یادی ئەو شتانە دەکەنەوە کە لـە یـەك هەسـتیار زیاتریـان تێـدا بـەکارهێناوە وەك بیـنین و دەسـتلێدان بەیەکەوە، یان بینین و بیستن بەیەکەوە."** {١٧: ٤٤}.

بۆیــە لــەکتێب و نامیلکــەی چــیرۆك ئــامێزی منداڵانــدا، دەبێــت لەگــەڵ ئامــاژەکردن بــە رووداو و بەســەر هاتــەکانی چــەند وێنــەکیش بخرێنــە روو، تــاوەکو کاتێـك منداڵەکـە خـۆی چـیرۆکەکەی خوێنـدەوە - بـێ گومـان ئەگـەر وشە و دەستەواژەکانی لەگەل فەرهەنگ و قۆناغی گەشەی زمانیدا گونجاو بن - یاخود لەلایەن کەسێکی تر بـۆی خوێندرایـەوە، هاوکـات لەگـەڵ رووداوەکـان وێنـەکانیش ببینێـت، واتـە منداڵەکـە لەگـەڵ بیـستنی چیرۆکەکە لـە هـەمان

کاتـدا وێنـەکانیش دەبینێـت، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی زیـاتر تێگەیـشتنی لـە بابەتەکە و زوو بە بیر هاتنەوەی.

د- قۆناغی نووسینی پێشکەوتوو (نزیکەی ١٠ - ١٢) ساڵان:

بێگومان منداڵ تا تەمەنی گەورەتر دەبێت، توانای گەشەش لەلایـدا بـەرەو پێـشەوە دەچـن، ئـەم قۆناغـە بـە قۆنـاغی رەوانـی زمـان نـاو دەبرێـت، منـداڵ ئارەزووی زیاد کردنی وشە بە کار هاتووەکانی نێـو فەرهـەنگی زمـانی دەکـات، هـەوڵی فراوانکردنـی بازنـەی زانیارییـەکانی دەدات، ئەمـەش لـە رێگـەی زۆر بوونی ئەو ئەزموونانەی، کە دێتـە رێـی. منـداڵ لـەم تەمەنـەدا حـەز دەکـات گوزارشت لە بیر و بۆ چوونەکانی بکات و، زۆر ئـارەزووی خوێندنـەوە دەکـات، دەیەوێت لە ژیان تێبگـات. منـداڵانی ئـەم قۆناغـە توانـای ئـەوەیان هەیـە، کـە وەسفێکی زمانەوانی بۆ ئەو شتانە بکەن کە دەیانبینێت ن لە هەمان کاتیـشدا چێژ لە گوێگرتن وەردەگرێت، زمانی منداڵان لەم تەمەنەدا لە قۆناغی پێـشتر دەگوازرێنـەوە بـۆ قۆنـاغێکی تـر، کـە ئـەویش قۆنـاغی زمـانی کۆمەڵایەتیـە، ئەگەر لە پێشتردا قسەکانی منـداڵ پەیوەنـدی بـە خـۆی هـەبوو بـێ، واتـە بـە پێی دیدو تێڕوانینی خۆی روانیبێتیە شتەکان، ئەوا لـەو قۆناغـەدا دەتوانێـت لە کەسانی تر تێبگـات و بـیرو بـۆ چوونەکانیـشیان بـۆ بگوازێتـەوە، تواناکـانی منداڵ لەو تەمەنەدا لە بە کار هێنانی زماندا بەکارهێنانێکی کۆمەڵایەتییـە و بە پلە یەك بە تواناکانی ژیرییەوە بەستراوە. {١٣٦: ٢٦}. چونکە یـەکێك لـەو هۆکارانــەی، کــە کاردەکاتــە ســەر گەشــەی زمــان لــەلای منداڵــدا، بــاری کۆمەڵایەتیە.

**"زۆر لە توێژینەوەکان ئەوەیان یـەکلا کردۆتـەوە، کـە منـداڵان لـە ئاسـتی کۆمەڵایەتییە ئابورییە بەرزەکانـدادەتوانن ژمارەیـەکی زۆر لـە وشـە و گوتـە بەدەست بێنن، رستە و دەستەواژەی درێژو واتاداریش بە کار بهێنن زیاتر لەو منداڵانەی، کە لە ژینگەیەکی نالەباری ئاستی کۆمەڵایـەتی و ئابووریـدا ژیـان دەبەنەسەر ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو ئـەزموون و کارتێکەرانـەی، کـە ئـەم ژینگە جیاوازانە بەسەر منداڵەکەدا دەیسەپێنن".** {١٥٩: ١٣٧}

**هـ- قۆناغی نووسینی پێگەیشتوو (نزیکەی ١٢ - ١٥) ساڵان:**

زۆر لە زانایانی دەروونناسی ئەم قۆناغە بە قۆناغی هەرزەکاری ناو دەبەن، لە قۆناغەشدا گەشەی منداڵ لە زۆربەی لایەنەکاندا بەرەو پێگەیشتن دەچێت، گەشەی زمانیش یەکێکە لەو لایەنانە.

منداڵ لەم قۆناغەدا توانای وەرگرتن و دەربڕینی ژمارەیەکی زۆر لە رستە و دەستەواژەی ئاڵۆز و مەبەست جیاوازی هەیە، شارەزای هەموو لایەن و یاسا و رێساکانی زمانەکە دەبێت، بگرە توانای تێگەیشتن و شی کردنەوەی بۆ وشە و دەستەواژە رووتەکانیش هەیە، زۆر حەز بە هونەرەکانی رەوانبێژی دەکات، کەواتە زمان لەم قۆناغەدا کێشەیەك نییە بۆ تێگەیشتن و تێنەگەیشتن، چونکە توانای خوێندنەوە و نووسینی لە بارێکی گونجاو دایە و، دەلالەتی وشەکان، واتا و مەبەستەکانی لەلادا روون و ئاشکرایە، بۆیە منداڵی ئەم تەمەنە توانای خوێندنەوەی چیرۆك و نۆڤلێتی جۆراو جۆریان هەیە، تەنانەت رەنگە توانای نووسینی بەرهەمی ئەدەبی وەك (وتار، شیعر، چیرۆك) یشیان لەلادا دروست بێت. {٥٦: ٣٩}.

لێرەدا ئێمە دەتوانین بڵێین باشترین هۆیەکانی فێرکاری و چێژبەخشین بە منداڵان، لە رێگەی بیستن و بینینەوە دەبێت، ئەدەبی نووسراویش یەکێکە لە هۆیەکانی فێرکاری و پەروەردەیی، کە کارتێکردنێکی سنووورداری دەبێت، بەڵام کاتێك ئەدەب بە شێوەی بیستن و بینینەوە پێشکەش دەکرێت، ئەوا رۆڵ و کاریگەریەکەی بە تەواوی دەبەخشێت. هەروەها کەلەپوری زارەکیش بە بەهێزترین هۆکار دادەنرا لە گواستنەوەی (زانیارییەکان، راستیەکان، نموونە ئەدەبیە چێژدارەکان). بە پێی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی منداڵ، پێویستە ئەدەب بە گشتی و چیرۆك بە تایبەتی لەو کەرەسە فێرکاری و پەروەردەییانە بونیات بنرێت، کە پەیوەندیان بە ئارەزوو و ئەزموونەکانی منداڵانەوە هەیە، چونکە ئەم جۆرە کەرەسانە سەرنج و چێژی منداڵان بۆ کارە هونەری و ئەدەبیەکان زیادەکەن و، پاڵیان بۆ ئامادەبوونیان بە شێوەیەکی چاك بۆ بەرهەمە ئەدەبیەکە، ئەمە خگە لەوەی کاریگەریشیان دەبێت بۆ گەشەکردنی توانای ژیری و ویژدانی و زمانەوانی لەلای منداڵاندا. {١٤٢: ٢٩٨ - ٢٩٩}

کەواتە "**چیرۆك هۆکارێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانی منداڵ و پاراوکردنی بەوشە و زاراوە رستەی جۆراوجۆر لە رێگەی گێڕانەوەی چیرۆکەوە منداڵ فێری زۆر کون و کەلەبەری زمانەکەی و سەرمایەی زمانی زیادو دەوڵەمەند دەبێت، هەروەها کاتێك منداڵ دووبارە ئەو چیرۆکانە لەسەر زمانی خۆی بۆ کەسانی تر دەگێڕێتەوە زیاتر زمانی دەوڵەمەنتر دەبێت** " {٥٩: ٧٢}.

ئەدەب لە چوار چێوە چیرۆکیەکەیدا سەرچاوەیەکە بۆ گەشەیەکی زمانەوانی دروست لەلای منداڵاندا، ئەمەش بەرەچاوکردنی ئەو خاسیەتە جۆراوجۆرانەی، کە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەی منداڵدا دەبینرێت، لەگەڵ ئامادەگی هەر قۆناغێك لە توانای گەشەکردنی زمان لەلایدا. چیرۆك یارمەتی هەموو منداڵان دەدات هەر لە سەرەتای قۆناغی باخچەی ساوایان تاوەکو تەمەنی هەرزەکاری بۆ وەرگرتن و گەشەکردنی زمانەوانی لەلایاندا، بە هۆی چیرۆك ژمارەی وشە بە کارهاتووەکان بەرەو زیادبوون دەچێت و، مانا و مەبەستە جۆراو جۆرەکان لەلای منداڵاندا دەوڵەمەند دەبێت، ئەمەش لەرێگەی کاریگەری گەشە کردنی کرداره پێگەیشتووەکانی ناوەوەی منداڵ لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە لە رێگەی ئەو ئەزموونانەی، کە ژینگەی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بە منداڵی دەبەخشێت، لە ناو ئەم ژینگەیەشدا (چیرۆك) رۆڵی کاریگەری خۆی دەنوێنێت.

## باسی دووەم

### سیماکانی چیرۆکی منداڵانی کورد لە (١٩٩١ - ٢٠٠٥)

ساڵانی ١٩٩١ بەدواوە بە قۆناغێکی زۆر تایبەتو جیاواز دادەنرێت دەگەڵ قۆناغو ساڵانی پێش خۆی، ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕاپەڕینو گۆڕانی ئەو بارو دۆخە ناڵەبارە سیاسەتی، کە میللەتی کورد ساڵەهای ساڵ بوو خۆراکی ئاگرەکەی بوو.

ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ وەرچەرخانێکی مێژوویی گرنگ بوو بۆ میللەتی کورد، کەوا لەپاڵیدا گۆڕانکاری ڕۆشنبیری، کولتوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوریش هاتنە کایەوە، دەتوانین بڵێین کورد لە قۆناغی دەست بەسەرداگرتن و داگیرکردنەوە چووە قۆناغی سەربەخۆییو خود بڕیاردان، ئەمەش بێگومان کاری کردە سەر گۆڕان لەشێوەی هزرو بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە.

لەم چوار چێوەی سەربەخۆییەشدا ئەدەب بەگشتی و ئەدەبی منداڵانیش بەتایبەتی وەك کارایەکی گرنگی مەیدانی ڕۆشنبیریو سیاسەت، گۆڕانکارییەکی گەورەیان بەخۆوە بینی، چەندین ڕۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤار هاتنە مەیدان و چیتر نوسەران پێویستیان بە بەکارهێنانی سیمبول و هێما نەما، بۆ گوزارشت کردنی ئەوەی لە ناخیانە.

لەم ناوەیەدا چیرۆکی منداڵانیش وەك جۆرێکی گرنگی ئەدەبی منداڵان، لەنوێ بوونەوە و بەرەو پێش چوون بەردەوامی بەخۆی داو تەکانێکی گەورەی دا. هەر چەندە زۆرکەس پێیانوایە ئەم چیرۆکانە بەهەمان ریتم و لاسایی کردنەوەی ساڵانی بەر لە ڕاپەڕیندا ڕۆیشتوونە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین، کە بێ باسکردنی نەوەکانی رابردوو، هەرگیز ناتوانین باسی ئەم نەوەیە بکەین ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەدەب و چیرۆکی هەر قۆناغێکیش گوزارشت لە ئێشو ئازارو ئارەزووە خەفە کراوەکانی قۆناغی پێش خۆی دەکات، **"لە هەموو دنیاشدا هەمیشە قۆناغی نوێ ڕەنگدانەوەی قۆناغی پێشەخۆی بووە، بەتایبەتیش ئەگەر کۆمەڵگایەك لەقۆناغی شەڕ و**

**شـۆڕ و ئـاژاوە و چەوسـاندنەوە و جینۆسـاید و ئـەنفال و کیمیـا بـاران تێپەڕیبێت، ئەوا دەبێتە ئاوێنەیەك و ڕەنگ دەداتەوە". {٣٣: ٣٩}.**

ڕاپـەڕینیش گـۆڕانێکی بنـەڕەتی بـوو بـۆ نەتـەوەی کـورد، بۆیـە وەك قۆنـاغێکی نـوێ و تایبەتمەنـد سـەیر دەکـرێ‌و، لـە هـەمان کاتیـشدا نـاکرێ بەتەواوەتی لە قۆناغی پێش خۆی جیا بکرێتـەوە، بـەڵکو پردێکی پەیوەنـدی هەیە لەنێوانیاندا و، نابێت مێـژوو فـەرامۆش بکـرێ، بەتایبـەتی بـۆ میللـەتی کورد کە چەندین چەوسانەوە و ئاوارەیی و گوند کاولکردن و ئەنفال و کیمیا بارانی بەخۆیەوە بینی و، ئـەو ئازادیـەی دوای ڕاپـەڕینیش، ئـەو ئاراسـتەیەی دروست کرد، کە ناتوانین ئێمە باسی ئـەم کارەساتانە نەکـەین و بەسـەریاندا تێپەڕ بین، یاخود هیچ دەربڕینێك و گوزارشتێکمان بۆ نەوەی بەر لەڕاپەڕین نەبێت، چونکە ئەمان بەشێکن لەم قۆناغەدا، ئەگەر چی بەزمان و دەربڕینـی جیـاوازیش بێـت، بـەڵام لەڕاسـتیدا لەگـەڵ ئەوانـەی باسـکران، چیرۆکی دوای ڕاپەڕین خاوەن چەند تایبەتمەندییێکی جیاواز بوو، وای لێکـرد بـە قۆنـاغێکی جیـاواز دابنـرێـت و ببێتـە خـاوەن سیما و کاراکتـەری خـۆی، لـەژێر ڕۆشـنایی ئەوەی لەبەشەکانی پێشەوەدا باسمان لێوەکرد، ئاماژە بەگرنگترین ئەو سیما و تایبەتمەندییانە دەکەین:

١- پێش هـەموو شـتێك دەتـوانین بڵـێین لـەم قۆناغـەدا دوو نـەوەی جیـاواز چیرۆکیان نووسی، نەوەی بەر لە ڕاپەڕین، کە لەهەناسەی چیرۆکنوسـین بۆ منداڵان کۆڵیان نەدابوو، هەیانە توانیویەتی لەگەڵ پێویستی سەردەم بگـونجێ و هونـەرو تـەکنیکی نـوێی هێنـا ئارایـەوە لەوانـە (ڕۆسـتەم باجەلان، کازم کـۆیی، لـەتیف هەڵمـەت، جـەمال نـوری، محەمـەد رەحـیم رەمەزان، تایەر سالح سەعید، ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی، حەمە سالح فەرهادی... تاد) ئەمانە هەوڵیاندا ئەدەبی منداڵان بەرەو پێشەوە ببـەن، لــە ڕێگــەی ئــەو بەرهەمانــەی پێــشکەشی دەکــەن، کــە توانیــان گۆڕانکارییەکی تەواو لە نـاوەڕۆکی چیـرۆك‌و ئـەدەبی منداڵانـدا بکـەن و خۆیان لـە لاسـایی کردنـەوە ڕزگاربکـەن. هەشـیانە هـەر لەسـەر شـێوازی جاران بەردەوام بوو.

نەوەی دوای ڕاپەڕینیش، کەوا کۆمەڵێك چیرۆکنوسی لاو هاتنـە مەیـدان و تاڕادەیەك توانیان مامەڵەی هونەریانە لەگەڵ ڕەگـەزو بنـەما و تەکنیکـەکانی

تری چیرۆك بكەن لەوانە (گولەر حەبیب سیا مەنسوری، ئاكۆ غـەریب، سـازان جـەلال، موئەیـەد تـەیب، مەرسـووم گەشـبین، سـەردار ڕەزا، شـاخەوان عـەلی حەمەد، ڕەسول بەختیار، جەمال گردە سۆری... تاد).

٢- لەم قۆناغەدا ئـەدەبی منـدالآن بەگشتیو چیرۆك بەتایبـەتی وردە وردە هەولیاندا، لەگەڵ پاریزگاری لـە بـەها كۆمەلایـەتیو ڕەفتـارە جوانـەكان، خەیاڵو هۆشی مندالآن بەرەو بیركردنەوەی زانستی داهێنانـە نوێیـەكان ببات، كەوا پێویستن بۆ ژیانی ئـەمڕۆ دوا ڕۆژی منـدالآن، چیرۆكنۆسـانی ئەم قۆناغە مامەڵە لەگەڵ نەوەیەك دەكەن، كە لەئەوەی دوێنیێ جیاوازە لــە هــەموو لایەنــەكانی سیاســیو ئــابوریو كۆمەلایــەتیو كولتــوریو فەرهـەنگی، ئەگـەر دوێنـێ باسـی گونـدو ژیـانی سـەختی ڕۆژانـە دەكـرا، ئـەمڕۆ باسـی بـەرزی باڵەخانـەكانو داهێنانـە نوێیـەكانی وەك ئـەتاریو مۆبایل دەكرێ، بۆیـە **" ئـەو بـیرو ڕایانـەی دەخرێنـە بۆتـەی نـاوەڕۆكی ئـەدەبی منـدالآن (چ چیرۆك بێت یـان شـیعر)، پێویـستە بەشـێك بێت لـەژیانی ڕۆژانـەی منـداڵو بەشـێوەیەكی ڕوونو ئاشـكرا دەربـبڕێن، بـۆ ئەوەی منالڵ زیاتر هەست بە دەورو بەرەكەی خۆی نەكات"** {١٧٩: ٢١٦}، كەواتــە هــەر ســەردەمێك ریــتمو شـێوازی خـۆی پێویـستە، بۆیـە هـەر بەرهەمێك سیفەتی نوێخوازیو جیاكـەرەوەی سـەردەمی تێیـدا نـەبێت، مندالآن پێشوازی لێ ناكەنو بەنامۆ سەیری دەكەن.

٣- زۆری گۆڤـارو ڕۆژنامـەو بلاوكراوەكـان، كـەوا بـەر لەڕاپـەڕین تـەنها سـێ گۆڤـاری تایبــەت بــە منــدالآن دەردەچــوون، ئــەوانیش گۆڤـاری ئەسـتێرە لەسـلێمانی لەسـالآنی ١٩٧٢ - ١٩٧٤ كـە لەبـەر نالـەباری بـارو دۆخـی ئـەو ساكە تەنها سێ ژمارەی لێ دەرچوو هەروەك لەبەشی یەكەمیشدا باسمـان لێوەكرد، گۆڤاری ئەستێرەی دووەم لەساڵی ١٩٧٥ لە بەغـدا ژمارەیـەكی لێ دەرچــوو، هــەروەها گۆڤــاری كــاروانی منــدالآن، كــە پاشــكۆی گۆڤــاری (كـاروان) بـوو لەهـەولێر، چـەند دانەیـەكی لێ دەرچـوو، جگـە لەمانـەش ڕۆژنامەو گۆڤارەكانی بەر لەڕاپەڕین نموونەی هاوكـاریو ڕەنگـین چـەند لاپەڕەیەكیان بۆ مندالآن تەرخان كردبوو، بەلاّم شـتێكی وانـەبوو، بـەلاّم دوای ڕاپــەڕین زیــاتر لــە (٢٠) ڕۆژنامــەو گۆڤــاری تایبــەت بــە منــدالآن

لەلایەن بنکەو دەزگاو جۆراو جۆرە حکومیو ئەهلیەکانەوە دەردەچن، کە چیرۆك جۆرێکی ئەدەبی بایەخداری نێو لاپەڕەکانیانن، ئەمە جگە لە ڕۆژنامەو گۆڤارە ئەدەبیو ڕۆشنبیرییە گشتییەکان، کە ئەوەندەی بۆیان ڕەخسابێت هەولێیانداوە چیرۆکێکی منداڵان چ خۆماڵی یان وەرگێڕدراو بڵاو بکەنەوە. ئەمانەش هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ پەرەسندنو بەرەو پێش چوونی ڕەوتی چیرۆکی منداڵان لەم قۆناغەدا.

٤- پرۆسەیەکی بەرفراوانی وەرگێڕان، بەتایبەتیش دوای ساڵانی (١٩٩٧) کاتێك باش بوونی بارودۆخی ئابوری سەقامگیری ناوچەکە، فاکتەری گرنگ بوون بۆ ئەم پرۆسەیەو چەندین چیرۆکی بیانی وەرگێردرانە سەر زمانی کوردی لەلایەن نوسەرانەوەو لە گۆڤارو ڕۆژنامەکان یان لەشێوەی کتێبو ناملکە بڵاوکرانەوە، دەتوانین بڵێین ئەمە یەکێك بوو لەو سیمایانەی، کە چیرۆکی منداڵان لەم قۆناغەدا بەخۆیەوە بینی لەهەمان کاتیشدا، فاکتەرێکی گرنگ بوو بۆ پەرەسەندنی چیرۆکی هونەری منداڵانی کوردی دوای ڕاپەڕین و، هاندانێك بوو بۆ نوسەرە تازە پێگەیشتووەکانی منداڵان، کە زیاتر ئاشنای تەکنیەکە نوێیەکانی هونەری چیرۆکی منداڵان بنو، لەژێر تیشکی ئەم تەکنیکانەش چیرۆکەکانیان دابڕێژن. لە گرنگترینیشیان ڕەچاو کردنی هەندێ ڕەگەزی تەکنیکیو هونەری وەکو، وێنەو نیگار، ڕەنگ، جۆری فۆنتی بەکارهاتوو، شێوەو قەبارەی کتێب و ناملکە چیرۆك ئامێزەکان و بەرگی دەرەوەیان... تاد، کە پێویستە لە هەموو کتێب و ناملکەیەکی چیرۆکئامێزی منداڵان بەدی بکرێت، نمونەی هەندێ لەو کتێب و ناملکە چیرۆکانەی، کە لەزمانەکانەوە بۆ کوردی وەرگێڕدراونو تیایاندا ئەو ڕەگەزە تەکنیکیانەی باسکران زۆر بەوردی و ڕێكو پێکی ڕەچاو کراون وەکو:

(هــەور يارييــەكان نابــارێنێ)[٦٢]، (قوتــەی پــشت قــەڵغان)[٦٣]، (مانــشێتی هەواڵەكان)[٦٤]... تاد.

بێگومان كتێبخانەی هیچ میللەتێكیش نییـە لەجیهانـدا، كـە تـەنها بریتـی بێـت لــە بەرهــەم و نوســراوی ڕۆڵــەكانی و، وەرگێــڕان بەشــێكی گرنگــی پێكنــەهێنابێ، پێـچەوانەی ئــەم حاڵەتــەش واتــە ڕەتكردنــەوەی هــەموو ئــەو شـتانەی كـە هاوچـەرخن و، دوورخـستنەوەی منداڵەكانمانـە لـە پێـشكەوتنە شارســتانیەكان، ڕۆشــنبیرییە داهێنــەرەكان، ئــەدەبی منــداڵانی جیهــانیش، هۆیەكی سروشـتیە بـۆ منـداڵان لـە تێگەیـشتنی تـەواو بـۆ جیهـان، بـەڵام بـەو مەرجەی سنورێكی دیاریكراو بۆ دابونەریتە ئەدەبیەكانی كومەڵگاكانی ترەوە دابنرێـت، بـە تایبـەتیش ئـەو داب‌و نەریتانـەی لەبـەكارهێنانی چیرۆكەكاندا ڕەنگ دەدەنەوە، هەروەها هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەی هـەموو ئـەو شـتانەی، كـە دژایـەتی بـەهاو داب‌و نەریتـە كۆمەڵایەتیـەكان دەكـەن، ئەمـەش تـاوەكو سەرنجی منداڵان بۆ لای خـۆی ڕانەكێـشێت، پێویـستە وەرگێـر چاودێری ئـەو شـتانە بكـات، چـونكە چـیرۆك خـۆی یەكێكـە لـەو جـۆرە ئەدەبیانـەی زوو سەرنجی منداڵان بۆ لای خۆی ڕادەكێشێت و كاریان تێ دەكات.

بۆیە باشترین ڕێگا چارەسەریەك بـۆ ئـەم كارە ئەوەیـە، كـە هەمیـشە ئـەو چـیرۆكانە لەلایـەن لێژنەیـەك و كۆمـەڵێك كەسـانی پـسپۆر لـەم بـوارە شـی بكرێنــەوە و هەڵبــسەنگێنرێن و لەگــەڵ دەقــە بنچینەییەكانیــشدا بەرامبــەر بكرێن. {١٥٢: ١٠٨}

ڕۆستەم باجـەلان، یەكێكـە لـەو كەسـانەی، كـە هـەوڵی لـەم جـۆرە كارانـەی داوەو، چـیرۆكەوە وەرگێردراوەكـانی لەگـەڵ دەقـە بنـچینەییەكاندا بەرامبـەر

---

[٦٢] لەیلا سایا، هەور یارییەكان نابارێنێ، وەرگێڕانی لە عەرەبییـەوە: توانـا ئیـسماعیل، لـە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥ز.

[٦٣] میــشال ئێنــدە، قوتــەی پــشت قــەلغان، وەرگێڕانــی لــە ئەلمانییــەوە: ڕەزا حەمــە، لــە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ‌و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٤ز.

[٦٤] جۆ ویندسور، مانشێتی هەواڵەكان، وەرگێڕانی، نوری سەعید قادر، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەڕێوەبەرێتی گشتی هۆشیاریی منداڵان، خانەی سمۆرە بـۆ ڕۆشـنبیری منـداڵان، سـلێمانی، ٢٠٠٤ز.

یەك كردووەو، پێی وایە " **وەرگێڕانی بەرهەمی منداڵان لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر كارێكی ئاسان نییە، ئەو نوسەرەی ئەم كارە ئەنجام دەدا دەبێ زمانزان بێو شارەزاییەكی تەواوی لە بنەماكانی هونەری وەرگێڕاندا هەبێو لەدوایشدا ئەوە بزانێ ئەم كارە هونەرییە ڕۆشنبیرییەكی گشتی لەنێوان منداڵان پەیدا دەكا، بەمەش جگەر گۆشەكان زیاتر لە یەكدی نزیك دەبنەوە**" {٩٢: ١٨٨}.

ڕۆستەم باجەلان خۆزگەوە دەخوازێ، كەوا نوسەرو چیرۆكنوسان كاتێك بەرهەم و چیرۆكی منداڵان لەزمانەكانەوە وەردەگرن، بۆ نموونە لەزمانی ئینگلیزی، ئاماژە بەسەرچاوە ئینگلیزییەكە بكەن، چونكە هەندێ لەو چیرۆكانەی كراون بە كوردیو، لە زۆربەی زمانەكان وەرگیراون چیرۆكی میللین و خاوەنو دانەرە ڕاستەقینەكانیان دیارنین، بەدرێژایی ڕۆژگار و لەگەڵ پێویستی سەردەم و ژینگەلەكەی گۆڕانیان بەسەردێت، شتی لێ دەقرتێو شتی تری دەخرێتە پاڵ. بۆیە نمونەی لەم جۆرە چیرۆكانە نەك هەر تەنها سود ناگەێنین بەڵكو زۆرجار زیانیش بە جگەرگۆشەكان دەبەخشن، بۆیە وا چاكە سەر لەنوێ دابرێژرێنەوە و وەكو خۆیان وەرنەگێڕدرێن. {٩٢: ١٨٨}.

ئەم پرۆسەی وەرگێڕانە نەك تەنها بواری ئەدەبو چیرۆكی منداڵان، بەڵكو چەندین زانست و بواری تریشی گرتەوە، كە بواری سایكۆلۆژیا یەكێك بوو لەم بوارانەی كە لەدوای ڕاپەڕین بایەخی زیاتری پێدراوە ژمارەیەكی زۆر كتێب لەم ڕووەوە نوسراون و لەزمانە جۆراو جۆرەكان وەرگێڕدرانە سەر زمانی كوردی و بڵاوكرانەوە، ئەمەش بووە مایەی هۆشیاربوونەوەی خێزانەكان و لایەنە پەروەردەیی و فێركارییەكانی تایبەت بە منداڵان، كە لەمەو دوا چیرۆك و ئەدەبی منداڵان بە هەند وەربگرن و بەچاوێكی پڕ بایەخ سەیری بكەن، لەپێناو پەروەردەكردنی منداڵان بەشێوەیەكی زانستی و ڕاست و دروست، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی چیرۆكنوسانی دوای ڕاپەڕین زیاتر بایەخ بە چیرۆكی منداڵان بدەن و بەرهەمەكانیان زیاتر بكەن.

٥- بەهۆی فەراهام بوونی ئازادی لەلایەك و پێشكەوتنی بوارەكانی تەكنەلۆژیا، تەلەفزیۆن و سەتەلایەتەكان ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لەزیاتر ئاشنابوونی چیرۆكنوسانی دوای ڕاپەڕین بەلایەنە

پــەروەردەیی و دەروونیــەکانی منــداڵان، ئەمــەش مــەودای هــزرو بیرکردنـەوەی فراوانترکـردن و، توانیـان بەشـێوەیەکی ڕاسـت و دروسـت مامەڵە لەگەڵ ئـەو بابەتانـە بکەن، کـە منـداڵان پێویـستیان پێیـەتی و سوودی لێ وەردەگرن.

لەلایـەکی تریـشەوە ئـەو ئـازادی و سەربەسـتیەی لـە بڵاوکردنـەوە و چـاپ کردن هەبوو، گشتیان فاکتەربوون بۆ چیرۆکنوسانی دوای ڕاپەڕین، کە لەکاتی نووسـینی چیرۆك بـۆ منـداڵان توخمـە سـەرەکییەکانی چـیرۆکی منـداڵانیان فــەرامۆش نــەکردووەو، هەوڵیانــداوە بەشــێوەیەکی ڕێــك و پێــك لــەنێو چیرۆکەکانیاندا بەرجەستە بکەن.

ئەگەر چی ئێمـە نـاتوانین هەرچی چیرۆکی منـداڵانی ئـەو ماوەیـە هەیـە وەریبگـرین بـەڵام بەشـێوەیەکی گـشتی بـەپێی ئـەو نموونانـەی کـە لەباسـی یەکــەمی بەشــی دووەمــدا وەرمــانگرتن‌و، گــرنگترین ڕەگــەزو توخمــە سەرەکیەکانی چیرۆکی منداڵانمان لەسەر پراکتیزە کردن، بۆمـان ڕوون بـووەو کــەوا نوســەرانی دوای ســاڵانی ١٩٩١ لــە نوســینی چــیرۆك بــۆ منــداڵان سەرکەوتووبوونەو بەشێوازێکی زانـستی‌و هونەریانـە مامەڵەیان لەگـەڵ هـەر یەکــە لــە (بیرۆکــە، ڕووداو، گرێــچن، کەسـایەتییەکان، گێڕانــەوەو وەسـفو دیـالۆگ، کـەش‌و هـەوای کـات‌و شـوێن، پێـشەکی‌و کۆتـایی هێنـانی چـیرۆك) داکردووە.

٦- بەهۆی بوونی سانسۆر نەبوونی ئـازادی لـە دەربڕینـی بـیروڕادا، زۆربـەی نوسـەرانی چـیرۆکی گـەوران بـەر لـە ڕاپـەڕین، پـەنایان دەبـردە بـەر چـیرۆکی منـداڵان بـۆ دەربڕینــی ئـەو شـتانەی لـە ناخیانـدا پـەنگی خواردبوو، چونکە ئـەو کاتـە چـیرۆك و ئـەدەبی منـداڵان تـا ڕادەیـەك و بەو شێوەیەی ئەدەبی گەوران سانسۆری لەسەر نەبوو، بەڵام لـە ڕاسـتیدا ئەم جۆرە هەوڵانە کەم تازۆر چیرۆکی منداڵانیان شێواند و ئەو جیهانـە ناسـکەیەی کـە خــاوەنی بــوون لێــی ســەندنەوە، بەتایبــەتی کاتێــك چیرۆکنوسان سیمبول و هێمایان بـەکاردەهێنا، هـەر بۆیەشـە **"نوسـە رو چیرۆکنوسانی بەر لەڕاپەڕین ئەو زمانەی بەکاریان هێناوە وشەی ئاوای تێدایە کە زۆر... دوورە لە فەرهەنگی منـداڵان"**. {٧٦: ٤١}، بـەڵام دوای ڕاپەڕین، بەهۆی ڕزگاربوونی میللەتی کورد لەو بارودۆخە نا هـەموارەو،

ئـازادبوونی بـیروڕا، چیرۆکنوسـی گـەوران وازیـان لـە چـیرۆکی منـداڵان هێنـاو چـیرۆکی منـداڵانیش لـەم شـێواندنە ڕزگاریـان بـوو، ئەمـەش فاکتـەرێکی گـرنگ بـوو کـە چیرۆکنووسـی ڕاسـتەقینەی منـداڵان بێنـە کایەوەو، ئەوانەی دەیانەوێ تەنها بۆ منداڵ بنووسن.

کەواتە خاڵێکی تر لەو سیمایانەی کەوا چیرۆکی منـداڵانی دوای ڕاپـەڕین پێـی ناسـراوە، بریتییـە لـە بـەکارهێنانی زمـانێکی سـادەو سـاکاری دوور لـە ڕەمــز و هێمــا و ئــاڵۆزی لەلایــەن چیرۆکنوســانەوە، واتــە هــەوڵ دراوە چیرۆکەکانی ئەم قۆناغە لەسەر بنەمای ئەو وشـەو دەسـتەواژانە دابڕێـژرێت، کە لەفەرهەنگی زمانی منداڵانەوە نزیکن و لەگەڵیاندا دەگونجێت.

٧- لەدوای ڕاپەڕین چەند هـەوڵێکی گـرنگ درا، ئەگەرچـی هـەموویان تاکـە کەسی بوون، بۆ پەرەپێدان بە بـەهرەی منـداڵانو هانـدانیان بـۆ ئـەوەی بتوانن، بەخۆیان گوزارشت لە ئەدەبی خۆیان بکەنو چیرۆك بـۆ خۆیـان بنووسن دەتوانین نمونەی ئەم حاڵەتـەش لـەکتێبی وەك (نامـەی منـاڵان بـۆ خـوا)[٦٥]، (لـە منداڵـەوە بـۆ منـداڵ)[٦٦] بەرجەسـتە بکـەین، چـونکە ناوەڕۆکی ئەم دوو کتێبە بریتین لەو نووسینو بەرهەمانەی کە منداڵان خۆیان گوزارشتیان لێ کردوون، واتە ناوەڕۆکی ئەم دوو کتێبە دەربڕینـی خوود ئارەزووەکانی منداڵانن، دەتوانین بڵێین ئەمەش یەکێکـە لـە سـیما هەرە گرنگەکانی، کە ئەدەبو چیرۆکی منـداڵانی کـورد لـەدوای ڕاپـەڕین بەخۆیەوە بینی، چونکە لە ڕاستیدا ئەو نوسـەرانەی دەیانـەوێت بـچینە نێو جیهانی منداڵانو نوسینەکانیان بۆ ئەوان تەرخان بکەن، بـۆ ئـەوەی زیاتر لەڕاسـتیە زانـستیەکان نزیـك ببنـەوەو، سـوود لـە فـۆرمو نـاوەوەی جگـەر گۆشـەکان وەربگـرن، بەتایبـەتی ئەوانـەی داهێنـەرو لێهـاتوون، دەتوانن لەڕێگەی بەرهەمی منداڵانەوە (واتە ئەو بەرهەمانـەی منـداڵان خۆیان دەیاننوسن) لە حەزو ئارەزووەکانی منداڵان تێبگـەنو بیکـەن بـە

---

[٦٥] کۆکردنەوەی: ستیورات هامپلو ئیریك مارشال، نامـەی منـاڵان بـۆ خـوا، وەرگێڕانـی لـە فارسیەوە: ئـازاد بـەرزنجی، لـە بلاوکراوەکـانی دەزگـای چـاپو پەخـشی سـەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

[٦٦] ڕۆستەم باجەلان، لە منداڵەوە بۆ منداڵ، چاپخانەی میدیا، هەولێر، ٢٠٠٤.

بنەمایەك بۆ دارِشتنی ئەو چیرۆكو بەرهەمانەی پێشكەشی منداڵانی دەكەن.

لەم بارەیەشەوە رۆستەم باجەلان دەڵێ: **"من بەش بەحاڵی خۆم سوودێكی زۆرم لە ئیقاعی فۆلكلۆری نوێو بەرهەمی نوێی لە منداڵەوە بۆ منداڵ وەرگرتووە، لەم رووەوە گەیشتومەتە ئەم قەناعەتەوە، كە هونەری (مەتاتی) سەروەری سەردەم فۆرمە تەقلیدیو نوێخوازیەكانە، چونكە پەیوەندییەكی رۆحی بەدۆخی ناوەوەی نوسەری منداڵو گەورەو هەیە، ئەم هونەرە وێرای ئەوەی كە رەسەنایەتی لە بوونی خۆی لوول داوە، رەگەزی راستگۆییو زەمەنیش لەدەست ناداو بەزمانی سەردەم قسان دەكا"**. {٩٢: ١٩١}

٨- ئارەزوویەكی قوڵی كەسانی ئەكادیمی و ئەدەبیانیش لە توێژینەوە و باسكردنی ئەدەب و چیرۆكی منداڵان، بۆیە سەیر دەكەین لەدوای راپەرین هەندێ كتێب و وتاری جۆراو جۆر لەرۆژنامە و گۆڤارەكان، هەروەها یەك دوو نامەی ماستەرو دكتۆراش لەم بوارەدا هاتنە كایەوە، هەروەك لە باسی دووەمی بەشی یەكەمدا ئاماژەمان پێ كردن. چیرۆكنوسانی منداڵانیش تا رادەیەك ژمارەیان زیاتر بوو، بۆیە كتێب و نامیلكەی چیرۆكئامێزیش زیاتر روویان لە بڵاوكردنەوە كرد. ئەمە لەكاتێكدا، بەر لەراپەرین جگە لەدوو كتێبەكەی (محەمەد رەشید فەتاح) و (محەمەد رەحیم رەمەزان) لەبارەی چیرۆك و ئەدەبی منداڵان، هیچ توێژینەوەیەكی تری ئەوتۆ لەبارەی چیرۆكی منداڵان بەزمانی كوردی، لەشێوەی كتێب و نامیلكە یان نامەی ماستەر و دكتۆرا بەرچاو ناكەون. زۆربەی چیرۆكنوس و شاعیرانیش بە چاوێكی كەم سەیری ئەدەبی منداڵانیان دەكردو پێیان وابوو هیچ هونەر و داهێنانێكی تێدا نییە! ئەگەرچی لە راستیدا هەموو كەس ناتوانێت چیرۆكی منداڵان بنووسێت، چونكە جیهانی منداڵ جیهانێكی تایبەتمەندە و پرە لە شتی سەیر و سەمەرە و خەیاڵ، گەرانەوەی مرۆڤ یاخود نوسەر و چیرۆكنوسان بۆ ئەم جیهانە و چوونە نێوی كارێكی ئەستەمە، بۆیە ئەوەی بۆ منداڵان دەنوسێت و لەبارەی ئەوانەوە دەدوێت، دەبێ شارەزاییەكی قوڵی لەلایەنە تەكنیكی و هونەرییەكانی ئەدەب و چیرۆكی منداڵاندا هەبێت و، زانیارییەكی فراوانیشی لەبابەتی

دەرونزانی منداڵەوە هەبێت، نوسەری منـداڵان دەبێـت خـاوەن خـەیاڵ و فانتازیایــەکی فــراوان بێــت و قــوڵ بێتــەوە نــاو جیهــانی منــداڵان و بەهەشتیان بۆ دروست بکات، ئەگینا هـەرگیز ناتوانێـت هـیچ بـە منـداڵ ببەخشێت.

٩- چـیرۆکی منــداڵان لــەدوای ڕاپــەڕینی ١٩٩١، لەگــەڵ بەخــشینی چـێژ و خۆشــگوزەرانی بــۆ منــداڵان، ئامــانجێکی تــری هــەڵگرتبوو ئــەویش، بەهێزکردنی لایەنی پـەروەردەیی و دەروونـی لـەڕووی گەشـەی ژیـری و زماندا، هەروەها زۆرکردنی زانیاری لە لای منداڵاندا، شارەزایی بەخشین لەزۆربـەی لایەنـەکانی ژیانـدا، ئەمـەش لەڕێگـەی شـارەزا مامەڵـەکردنی هەندێ لە چیرۆکنوسانی دوای ڕاپـەڕین لەگەڵ ئـەو ڕەگـەز و تەکنیەکـە تایبەتمەندیانەی، کە پێویستە لە چیرۆکی منداڵاندا ڕەچاو بکرێ.

چـونکە پێـشکەشکردنی کتێبـی چیرۆکی بـۆ منـداڵان، کـە خـاوەنی وێنـەو نیگاری سەرنج ڕاکێش‌و ڕەنگاو ڕەنگ بێـت، لـە هـەمان کاتـدا لەسـەر بنـەمای نـاوی ئـەو وشـەو شـتانە دابڕێـژرێت کـە لـەجیهانی منـداڵ‌و دەورەبەرەکەیـدا بوونیـان هەیـە، بـە واتایـەکی تـر بـەزمانێك دابڕێـژرێت، کـە لەگـەڵ گەشـەی ژیـری و قۆنـاغی تەمـەنی منداڵەکـەدا بگونجێت، لەسـەرووی هەمووشـیانەوە زانینـی چـۆنیەتی مامەڵـەکردنی چیرۆکنووسـی منـداڵان لەگـەڵ ڕەگـەزەکانی ڕووداو، کەسایەتی، ژینگەی دەوروبەری منداڵ، بەباشترین هۆکار دادەنرێت بۆ پــــەروەردەکردنی منــــداڵان و گەشــــەکردنی لایــــەنی ژیــــری و زمانیــــان. {١٧٦: ٣٦ - ٤٦}

هەندێ لە نامیلکەو کتێبی چیرۆکی منـداڵانی کـورد لـەدوای ڕاپـەڕین ئـەم سیمایەیان بەخۆوە هەڵگرتبوو، هەر بۆ نموونە کۆمەڵە چیرۆکی (مـەدالیا)[٦٧]، کـە (٧) کورتـە چـیرۆکی فێرکـاری بـۆ منـاڵان‌و مێرمنـاڵان بـەخۆوە دەگرێـت، هەروەها کۆمەڵە چیرۆکی (ژیـان خۆشـە)[٦٨]، کـە چـوار چـیرۆکی پـەروەردەیی

---

[٦٧] بڕوانــە: عــەزیز ئــالانی، مــەدالیا، (٧) کورتــە چــیرۆکی فێرکــاری بــۆ منــاڵان، لــە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیر، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٢ز.

[٦٨] بڕوانە: زانا ڕەئـوف، کۆمەڵـە چـیرۆکی (ژیـان خۆشـە)، چاپخانەی وەزارەتـی کـشتوکاڵ، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥.

چێژداره بۆ مناڵان، چیرۆکی (چۆلکه و مار)[٦٩]، یش بەهەمان شێوە لەو جۆرە چیرۆکانەی دوای ڕاپەڕینەکە لەسەر شێوازی هونەرەکانی تەکنیکی و ڕەگەزە بنەڕەتیەکانی تایبەت بە چیرۆکی مناڵان داڕێژراوەو، جگە لە چێژ بەخشین لایەنی پەروەردەیی و دەروونی لە ڕووی گەشەی ژیری و زمان بە مندالان دەبەخشن.

کەواتە لێرەدا لەبەر ڕۆشنایی ئەو سیمایانەی باسمانکردن، دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی چیرۆکی منداڵانی کورد لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پێشکەوتنەی لە ئاستی پێویست نییە بە بەراوردکردنی لەگەڵ نمونەی چیرۆکی منالانی هەندێ وڵاتانی پێشکەوتوو لەم بوارەدا. ئەمەش بەهۆی بوونی چەند کەمو کوڕیەك، کە شتێکی ئاساییە چونکە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبیو هونەری نییە، کەمو کوڕی تێدا نەبێت، جۆری کەم و کوڕیەکانیش لە نوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی دیو، لە چیرۆکێکیشەوە بۆ یەکی دی دەگۆڕێ، هەندێ لەو کەم و کوڕیانەش وەکو:

١- ئەگەر چی چەند نوسەرێکی لاو دوای ڕاپەڕینیش هاتنە مەیدان، بەڵام تا ئێستاش ئەوانەی چیرۆکی منداڵان دەنووسن ژمارەیان کەمەو لە پەنجەکانی دەست تێپەڕناکەن.

٢-ژمارەیەکی نەبێت، زۆریان زانیاریەکی کەمیان لەبارەی پەروەردە و دەرونزانی منداڵ هەیە، هەر بۆیەشە ژمارەیەکی کەم لە چیرۆکنوسان لەسەر بەرگی کتێب یان نامیلکە چیرۆکئامێزەکانیان، یاخود لە پێشەکیدا توانیویانە بەپێی ئەو چیرۆکەی دایانڕشتووە، ئاماژە بەوە بکەن، کە بۆ کام قۆناغی تەمەن نوسراوە. هەر بۆ نموونە، کاکە باس لە پێشەکی چیرۆکی (ڕەنگارە)[٧٠]، ئاماژەی بەوە کردووە، کە چیرۆکەکانی ئەم نامیلکەیە تایبەتە بەو منداڵانەی لە سنوری (١٢ - ١٥) ساڵان دان کە دوا قۆناغی تەمەنی منداڵێتییە... هەروەها لەیلا سیمایی لەسەر بەرگی

---

[٦٩] بڕوانە: ئاکۆ غەریب، چۆلەکەو مار، بەڕێوەبەرێتی گشتی هوشیاری منداڵان، خانەی سمۆرە بۆ ڕۆشنبیری منداڵان، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٣.

[٧٠] بڕوانە: کاکە باس، چیرۆکی (ڕەنگارە)، دەزگازی SIL بۆ چاپ، سوید ١٩٩١، ل٣.

